دیوانی عاصی



ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی

عەزیز گەردی



سەرجەمی بەرھەمی عاسی

١

دیوانی عاسی

١٨٨٥ - ١٩٧٥

ئامادەکردن و پێشەکی و فەرھەنگۆکی

عەزیز گەردی



بۆ بلاوکردنەوەو راگەیاندن

نــــاوی کتێــــب: دیوانی عاصی
ئامــــادەکردنی: عەزیز گەردی
بڵاوکردنــــەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن/ هەولێر
خــــــە ت: نەوزاد کۆیی
نەخــــشەسازی : جمعە صدیق کاکە
بــــەرگ : أمین مخلص
نــۆرە و ســاڵی چــاپ: یەکەم ١٤٢٨ك — ٢٠٠٨ز
تــــیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٩٤٩) ساڵی ٢٠٠٦ دراوەتێ



بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com



مەلا مستەفای کوڕی مەلا ڕەسوڵی

ناسراو بە (عاصی)

١٨٨٥ ـ ١٩٧٥

پێشەکی

عاسیی شاعیری ناسراوی کۆیی یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکییەکانی سەدەی بیستەمان و لە شیعرەکانی دا هەموو دەستوورە باوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی پەیڕەو کردووە و لەو چوارچێوەیەشدا تایبەتێتی خۆی پاراستووە چ لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەو ڕستەو چ لەو بابەتانەی بەشیعر مامەڵەی لەگەڵ کردوون. عاسیی شیعرەکانی، چەند دانەیەکی کەم نەبێ ئەوی تری هەمووی بە کێشی عەرووزی نووسیوەو بەزۆریش پەیڕەوی یەکێتی سەروای کردووە. لەپاڵ غەزەل و قەسیدەکانی دا، چەند پێنجینە بەندێکی نووسیوەو شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیکی و هاوچەرخی خۆیشی کردووە بە پێنج خشتەکی. عاسی بە شیعر گوزارشتی لە رووداوو هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی کردووە. بەبۆنەی یادی حاجی قادر و پەردەلادان لەسەر پەیکەرەکەی شیعری نووسیوە، هەروەکو بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و بەهار شیعری هەیە. جگە لەوەی کە هەندێ نامەی شیعریشی هەیە بۆ خزم و دۆست و برادەران و هەندێ جاریش گلەو گازاندەی بۆ لێپرسراوانی

ئەوسا بەرز كردۆتەوە. عاسى شيعرى دڵدارى (غەزەل) و شيعرى نيشتمانى و كۆمەڵايەتى و داشۆرين و ستايش و پياهەڵدانى هەيە.

عاسى، باوك و باپيرانى بە بنەچەكە دەگەڕێنەوە بۆ گوندى (خرابە)ى لاى (تەقتەق)ى سەر بە قەزاى كۆيە. لەوێ زەوى و زارى خۆيان هەبووە. عاسى لە يەكێ لە دەسنووسەكانى دا باسى باوك و باپيرانى دەكات و دەڵێ خەڵكى (خرابە) بوون و ئێستاش مەرقەدى مەلا ئەبووبەكر لەوێيە. ئەو مەلا ئەبووبەكرە باپيرى عاسى بووە. پاشان باسى موڵكايەتى زەوييەكانى ئەو گوندە دەكات و لە شوێنێكى ترى دەستنووسەكەدا دەڵێ ئێستاش سەنەدى تاپۆمان هەيە بەناوى مەلا ڕەسووڵ كە باوكى ئێمەيە. زەوييەكيان بەناوى داربەسەرەو زەوييەكەى تر بەناوى بەرى ئاشييە و يەكێكى تر بەناوى سەركەندانە.. ئەوەش باس دەكا كە ئێستاش كۆنە ئاشێك لەوێ ماوە پێى دەڵێن ئاشى مەلا عەباس. پاشان باسى چەند بەراوو باخى هەنجيرى خۆيان دەكا لەوێ و دەڵێ ئێستاش ماون.

عاسى لە باسى ڕەچەڵەك و بەرەبابى خۆى باس دەكا كە خۆى ناوى مستەفايە و كوڕى مەلا ڕەسووڵى كوڕى مەلا ئەبووبەكرى كوڕى مەلا عەباسى كوڕى مەلا محەمەدى كوڕى مەلا عوسمانى كوڕى مەلا ئەحمەدە و بەپێى تۆمارى بارى كەسێتى لە ساڵى ١٨٨٥ لەگوندى خرابە لەدايك بووە.

عاسى سەرەتا لاى باوكى دەستى بەخوێندن كردووە و لە خوێندن دا تا (جامى) چووە. ماوەيەكيش لەكۆيە لاى مەلاى گەورە خوێندوويەتى و پاشان

چۆتە گوندی سەرگەلوو و لای مەلا ئەحمەد تاکتێبی شەرحی شەمسی خوێندووە.

لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی، لەبەر بێ دەرامەتی وازی لە خوێندن هێناوە. ماوەیەك لە (تەلان) و (سارتکە) ژیاوە، پاشان گەڕاوەتەوە کۆیە و لە مزگەوتی قامیش لای مەلا ئەحمەد بیلاوەیی دەستی بە خوێندن کردۆتەوە. بۆ خوێندن چۆتە سلێمانی و بیارەش، بەڵام نەزانراوە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبێ. عاسی هەرچەندە لەوەناکا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبێ بەڵام لە زۆر شوێندا مەلایەتی کردووە وەکوو (خرابە) و (کانی کوردە) و (کانی بی) و (تەلان) و (قەمچۆغە) و (شیواشۆك) و (بانەگوڵان) و (بۆگد) و (کۆیە). لەکۆیە لە مزگەوتی گەرمکی مەیدانی خوارێ مەلایەتی کردووە. عاسی جگە لە مەلایەتی، لەکۆیە و قەڵادزێ دوکانداریشی کردووە.

عاسی دەستەپیاو بوو، نە زۆر قەڵەو و نە زۆر لاواز، نە زۆر کەڵەگەت و نە زۆر کورتەباڵا بوو، پیاوێکی نوکتەپەرداز و قسەخۆش و رووگەش و دەم بە خەندە بوو. کەواو سەڵتەی مەلایانەی لەبەر دەکرد و مەندیلی لەسەر دەناو یەمەنی سووری لەپێ دەکرد. میانەی لەگەڵ خەڵکی کۆیە خۆش بوو. سەردانی دەکردن و ئەوانیش لە مزگەوت بەخزمەتی دەگەیشتن. دۆستایەتی لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆی هەبوو وەکوو: عەونی و قانیع و بێخود و راجی و سافی و ئاژگەیی و...

عاسی، هەرچەندە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم کەوتبووە ناو سالأنەوە، لەگەڵ ئەوەش دا چالاکانە بەشداری جم و جوولّی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیری شاری کۆیەی دەکرد. ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی/ لقی کۆیە و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر بوو.

عاسی لە تەمەنی چواردەساڵی ژنی هێناوەو دوای ساڵێك کوڕێکی لێ بووە و ناوی ناوە حەمەدەمین، هەروەها رەعنە و خەدیجە و رەسووڵیشی لێ بووە. حەمەدەمین کە گەورە بووە چۆتە بەر خوێندن و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و ماوەیەك مەلایەتی کردووەو پاشان لەبەر نەخۆشی کارکەنار بووەو عاسی باوکی لەجیاتی ئەو مەلایەتی کردووە، کە لە مزگەوتی گەرمکی مەیدانی خوارێ بووە. مامۆستا مەلا حەمەدەمینی کوڕی عاسی چەند منداڵێکی لەپاش بەجێ ماوە کە هەموویان پێ ڕاگەیشتوون و هەیانە لەژیاندا ماوەو هەشیانە چۆتە بەر دلۆڤانی خودێ. کە ئەمانەن: عوسمان و رەسووڵ و فاروق و فەیسەڵ و سەعدیە و زیبا.

عاسی لە ١٩٧٥/٩/٢٤ لەکۆیە کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاك سپاردراوە.

بەرهەمەکانی عاسی:

عاسی کۆمەڵە دەستنووسێکی جۆراوجۆری لەپاش بەجێ ماوە بریتین لە سێزدە دەفتەری گەورەو بچووك و چەند لاپەڕەیەکی پەرت و بڵاو و پەرپووت، ئەم دەستنووسانە بەرهەمی جیاجیایان تێدا نووسراوە.

١- کۆمەڵە شیعرێکی زۆری کوردی و هەندێ شیعری فارسی و چەند شیعرێکی کەمی عەرەبی کە لەم دیوانەدا ئامادەکراون.

٢- وەرگێڕانی گوڵستانی شێخی سەعدی لە فارسییەوە بۆ کوردی. لە وەرگێڕانەکەدا حەکایەتەکانی بە پەخشان وەرگێڕاوەو لەکوێ سەعدی بەشیعر نووسیبێتی ئەویش هەر بەشیعر کردوویەتی بە کوردی و شیعرەکانی بە فارسی سەعدی و کوردییەکەی خۆی نووسیوە.

٣- وەرگێڕانی سێ مەکتووب لە مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ لە فارسییەوە بۆ کوردی. یەکێکان لەبارەی دەستنوێژە، دووەمیان لەبارەی هەندێ موعجیزاتی پێغەمبەرەو سێیەمیان لەبارەی ناسینی خودایە.

٤- چرای دڵان بریتییە لە (٢٢) بابەتی جۆراوجۆر. وەکوو ژیانی چەند پێغەمبەرێك: حەزرەتی یونس و حەزرەتی سلێمان و حەزرەتی جەرجیس و حەزرەتی مووسا، لەگەڵ (أصحاب الرس) و (أصحاب الكهف) و (أصحاب الاخدود) و هەندێ بابەتی وەکوو: ئەو پێنج مەخلوقەی بێ داك و باب خەڵق بوون، باب عومری چل ساڵەو کوڕ عومری سەد ساڵە و ئەو چوار پێغەمبەرە

دوویان له ئەرزن و دوویان له ئاسمانن، لەگەڵ باسی چەند کەسایەتییەکی وەکوو: ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و خەتیبی بەغدادی و عەلقەمە و رووداوی دوای وەفاتی حەزرەتی ئەبووبەکر.

٥- تەرجەمەی مەولانا خالید قدس الله سره العزیز، بریتییه له ژیاننامەیەکی کورتی مەولانا بەفارسی و هەڵبژاردەیەکی شیعره فارسییەکانی.

٦- چەند پارچە پەخشانێکی هونەری کە بەشێوازێکی ئەدەبی بەرز و رێك و رەوان لەبارەی بەهار و نەورۆز نووسیویەتی.

عەزیز گەردی
هەولێر- گەڕەکی مەلایان
٢٠٠٥/١١/١٥

غــــەزەل

(١)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفوونی مەحزووف)

سـەیری بکـە چـۆن زوڵمـی رەقیـب عـومری بـە بـادا
جـەرگی منـی بـەر پەنجـەیی سـەد جـەورو جـەفا دا
یـا رەببـی رەقیـب ، هـەروەکو روت رەش بـوو لـە دونیـا
شـەرمەندەیی مەحـشەر بـی لـە دیـوانی خـودادا
وەك ئـاگری بەردایـە دەروونـی منـی بێـچار
بـڕوا بـە جـەفای ئـاگری قـودرەت بـە هـەوادا
مـەحوی سـتەم و حیلـەیی شـەیتانی لـەعین بـێ
سەرگەشـتەوو بـێ دیـن وشـەرەف بـێ لـە عیبـادا
لـەم بەینـە کـە رشـتوویە وەکـوو خـوێنی سـیاوەحش
ئافـاقی زەمـین غەرقـە لـە گێـژاوی فەسـادا
وەك غـارەتی شـادی لـە دڵـم کـردووە رۆیـی
سـەرمایەیی تاعـاتی بفـەوتێ لـە عینـادا
(عاصـی) بەتـەمای راحـەت و هـەم رازی نـەجاتی
خـاك بـە لـە دەری حـەزرەتی مـەحبووبی خـودادا

* * *

(٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

دەڵێم وێڵ بم بە وەکوو دەروێش بە چۆڵ و دەشت و سەحرادا
بڕۆم وەك شێتی سەرگەشتە بە سەییاحی بە دونیادا
عەساو کەشکۆڵ وخەرقەو دەف موهەییا کەم بە یەك دەفعە
وەکوو مەجنوونی خێڵی حەی بڕۆم بە شوێنی لایلادا
لە شەرق و غەرب و بەحروبەڕ هەتا دەمرم بناڵێنم
وەکوو پەروانە عەوداڵ بم بەدوای شەمعی دلاّرا دا
عەجەم تاڕۆم هەموو تەی کەم بە ئەحواڵی پەرێشانی
سەرم رووت کەم بکەومە دوای بە شام ومیسرو بەغدادا
مەکەن لۆمەم قرار ناکەم لە هیجرانی ئەگەر بمرم
سەرو ژوورمە لە مەوجی غەم وەکوو ماسی لە دەریادا
کوڵنگی عیشق حازر کەم لە بێستوون کەندنی دڵبەر
خەریکی وەسڵی شیرین بم لە گوڵزاری شەهنشادا
برۆ و زولف و موژەو خاڵی کە چاویان کردە سەر عەسکەر
لە بۆ عەقڵ و دڵ و دینم ئەویش ئەمری بە یەغما دا
دەنووسم دەردی دڵ ئیمڕۆ لە مەیخانەو سەراو بازاڕ
بەیانی فیکرو ئەحواڵم لە رووی عام و گەداو شادا
درۆ ناکەی ئەگەر (عاصی) سڕی عیشقت لە دڵدایە
تەفەککور کە لە رەمزی عیشق لەناو یوسف زلێخادا

❊ ❊ ❊

(٣)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفوونی مەحزووف)

ئـــەی پرتـــەوی چـــەهرەت لەتەماشـــایی بەســـەردا
ڕۆژێکـــی درەخـــشانە کـــە شـــەوقی بەقەمـــەردا
گـــوڵزاری جـــەمالی کـــە دڵـــی کردمـــە بولبـــول
بـــەو شـــێوەیی دڵ شـــیوەن و شـــین خاکـــە بـــە ســـەردا
ئـــەو دڵبـــەرە ڕەعنایـــە لـــە حوســـنا کـــە بـــەبێ شـــك
ســـەد یووســـفی میـــسری بـــە تـــەواوی لـــە کەمـــەردا
مـــن غـــەرقی خـــەیاڵم کـــە لـــە دونیـــا چـــییە نەســـلی
ئـــەو گەوهـــەرە یەکدانـــە بـــو نەمـــدی لـــە بەشـــەردا
بـــێ لوتفـــە لەگـــەڵ عاشـــقی دڵـــزارو حـــەزینی
شەســـت تـــیری فیراقـــی هەمـــەدەم وا لـــە ســـوپەردا
موشـــتاقە بـــە پابووســـی ئـــەتۆ دڵ لـــە موحـــەڕڕەم
بـــێ هوودەیـــە عـــومرێ کـــە نەفـــەوتێ لـــە ســـەفەردا
چـــەند خۆشـــە لـــە زســـتانی فـــیراق نـــەخلی مـــرادم
وەك فەســـڵی بـــەهار میـــوەیی وەســـلت بـــە ســـەمەردا
بـــێ ڕەحمـــە برینـــدارە جگـــەر خوێنـــە بـــە قوربـــان
ســـەد حەیفـــە کـــە دڵ غەرقـــە لـــە خوێنـــاوی جگـــەردا
(عاصـــی) کـــە لـــە دەرگـــاهی ئـــەتۆ دوورە بـــە قوربـــان
بـــساوەڕ بکـــە خنکـــاوە لـــە گێـــژاوی خەتـــەردا

❊ ❊ ❊

(٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەخزووف)

سەیری چەند بەدبەختە موفتی مەسئەلەی تەحریرەکا
مەستی مەیخانە حەقیقەت یەك بە یەك تەکفیرەکا
پێی بڵێن واز بێنێ توخودا لەم نەزانی وجەهلییە
عیلمی عیشقی وەك نەدیوە سەعیی بێ تەئسیرەکا
ساقی بێنە تۆ لە ڕەغمی مونیکرانت بادەیێ
عاشقی دانا دەزانێ دڵ بە مەی تەعمیرەکا
دەفعەیێ مفتی بفەرموو بێرە مەیخانە ئەتۆ
وەك سلێمان پیری ئێمە ئینس و جن تەسخیرەکا
با دەبێکی پڕ شەرابی وا بەدەست بۆ عاشقان
فورسەتە خۆ بادەنۆشی حەق لە دڵ تەسویرەکا
ئیمڕۆ بەزمە وا گوڵێکی دایە بەرپێچی سەری
لەو گوڵستانە خەریکە گوڵ بەرووی تەنویرەکا
سەیری حاشیەی پەرچەمی کە گەر دەزانی دەرسی عیشق
هەستە مەست بە تا بزانی (والضحی) تەفسیرەکا
رووکە مەیخانە بە جارێ ڕێی حەقیقەت وا لەوێ
جوببەوو خەرقەو عەمامە وەسلی تۆ تاخیرەکا
تالیبی بۆ گەنجی مەعنا (عاصی) جێت مەیخانە یە
پیاڵەیی پڕ مەی بنۆشە حوکمی سەد ئیکسیرەکا

❊ ❊ ❊

(٥)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

خودایا بەختی بەرگەشتەم لە سەرچی ئەم غەمـــەی هێنـــا
لـــە گـــوڵزاری جـــەوانیما دڵـــم چـــوو زەمزەمـــەی هێنـــا
کە چوو دوێنێ لە مەیخانە کـە بـەزمی سـاقییانی دیـت
بە عیشقی خاڵی گوڵڕەنگی خـرۆش و هەمهەمـەی هێنـا
لە گۆشەی سینە تائێستا خەریکی کەیف و عوشرەت بوو
بە یادی وەسڵی دڵبەر چوو کە چی ئەم پەڕکەمـەی هێنـا
لـە ناکـاودا ملـم گـرت و گـوتم ئـەی دڵ مـەڕۆ جـارێ
لـە رەغمـا چـوو لـە مەیخانـە رەبـاب وسـینەمەی هێنـا
شکاتی کرد لەلای دڵبەر دەکـا مـەنعم لـە عیـشقی تـۆ
بە ئیمزای پیری مەیخانە کـە جـەلبی مەحکەمـەی هێنـا
لە پیاڵەی چاوی فیکـریم و بـەیادی وەسـڵی نۆشـم کـرد
لە بەختی نەقسی من ساقی رەزیل بوو کەم کەمەی هێنـا
کە چوومە خزمەتی ساقی بە عەزمی جوابی ئیـستینتاق
ئەمن گریام لە تاوی دڵ ئەویش چوو جـامی مـەی هێنـا
تەنافی زوڵفەکەی دانا لە سەر رێی عاشـقی مـەد هـۆش
گوتی هاتی لە بۆ کوشتن کە تـێ فکـریم قەمـەی هێنـا
ملت کەچ کە گوتی (عاصی) تەماشای شیری ئەبرۆم کـە
نیشانەی مەرگە ئەم بەزمە کـە لێـی دا خاتیمـەی هێنـا

(٦)

مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن
مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن
(موزاریعی هەشتی ئەخرەب)

ساقیم کە دی لە رەقسا دڵم شتابی هێنا
بە یادی جامی چاوی مەیلم شەرابی هێنا
ئەی عاشقی خەرابات هەنگامی کەیف و بەزمە
سەرحەڵقەیی مەینۆشان پیاڵەی شەرابی هێنا
سەرخۆش و بادەنۆشم موتریب بژەن نەی وو چەنگ
واعیز ئەتۆ وسکت بە موتریب رەبابی هێنا
کە چوومە ناو مەیخانە بێ ساقی ووشەراب بوو
موژدەی ئەدامێ ساقی وا پیر جەنابی هێنا
ساقی بهێنە بۆ من یەك جورعەیی لەبالەب
رژا شەرابی عەیشم بەختم خەرابی هێنا
قازی مەڵێ حەرامە شەراب و بادە نۆشی
مفتی لە سەر حەلاڵی فەتوای کیتابی هێنا

زاهید لە کونجی میحراب نەزان و بێ خەبەر بوو
دەرهەق بە بادەنۆشان زەجر و عیتابی هێنا
ئیمرۆ کە هاتبو وا هات بۆ خۆی ببێتە ساقی
بۆ مەجلیسی مەینۆشان مەززەو کەبابی هێنا
گەرتالیبی مەیخانەی (عاصی) رەباب وبادە
بۆ جەرگی پارەپارەت ساقی قولابی هێنا

* * *

---

(١) ئەم غەزەلە لە رووی کێشەوە (موزاریعی هەشتی ئەخرەب)ە لە هەندێ لاوە لەنگی و ناتەواوی تێدایە . لە هەندێ دێردا(مفعول) بە تەواوی نەهاتووە بۆتە (فعول) ، وەکوو دێری یەکەم وچوارەم وپێنجەم وشەشەم و حەوتەم .
هەروەها لە دێری چوارەمدا (ناومەیخانە) کێشەکەی تەواو نییە (کەچوومە ناو مەیخانە) کێشەکەی لەنگە . ئەگەر بکرێ بە: (مەیخانە چوومەناوی ...) کێشەکەی راست دەبێتەوە .

(٧)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەكفووفی مەحزووف)

ئـەی لـەعلی دو كولّمـت لـە جـەمالت چـو سـورەبیا
شـــەوقی بەچـــەمەن داوە چـــەمەن بۆتـــە موســـەللا
وەك مـــارە لەســـەر گـــەنجی روخـــت زولفـــی ســـیاهت
یاســـاغە لەبـــەر حەلقـــەیی ئـــەو بێمـــە تەماشـــا
ئـەم رووحـە كـە نەقدێكـە بـە سـەد حیـشمەتی نـادەن
مەغـــشووشە لـــەبازاڕی عیـــشق بۆتـــە موقـــەببا
بـــاوەڕ بكـــە ملیـــارێ كـــە فـــەوتاو و ڕزیـــوە
هەر سەر لەسەر ئـەو عیـشقە لـە ژێـر خـاكی تەمـەننا
دڵ بۆتـــە هـــەدەف بـــۆ ســـەری پـــەیكانی خـــەدەنگت
دەســـترێژە لەئـــەم لاوە دەكـــەن غـــارەتی ئـــەولا
دەڕوا لـــە هـــەوا ســـۆزی هەناســـەم لـــە فیراقـــت
وەك ئـــاهی ســـەحەرخیزە هـــەتا عەرشـــی موعـــەللا
(عاصی) بە هـەوای عیـشقە مـەڵێن عارەبـە قوربـان
ئێرســـێكە بـــەجێ مـــاوە لـــە دوای ئـــادەم وحـــەووا

* * *

(٨)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

ئـــەی پرتـــەوی ڕەنگـــت کـــە درەخـــشانی وەڵاتـــە
لێــوت بـــە مەســـەل چـــاهی زەنـــەخ ئـــاوی حەیاتـــە
یـــاران ئەمـــە تـــەعریفی جـــەمالی ئـــەوە دەیکـــەم
کـــوڵمی گوڵـــە چـــاوی قەدەحـــە لێـــوی نەباتـــە
وەختـــێ کـــە ســـەبا زولفـــی لـــە ســـەر کـــوڵی وەلاخـــست
عالـــەم هـــەمو هوشـــیارە دەڵـــێن قـــەدرو بەراتـــە
ئـــەی دڵبـــەری زیبـــا وەرە ئیمـــڕۆ بەتەماشـــا
چـــەند ســـەر بەتـــەمای وەســـڵی ئـــەتۆ وا لەمەزاتـــە
دەی لابـــە لـــە ســـەر ڕۆژی جـــەمالت شـــەوی زولفـــت
ڕووحـــم ســـوپەری چـــاوی بـــەدو تـــیری قەزاتـــە
نەقدێکـــە لەگۆشـــەی نـــەزەرت حـــەددی نیـــسابە
ڕوحمـــێ بکـــە ئـــەم بەندەیـــە لایـــق بـــە زەکاتـــە
بـــەو خاڵـــە لەســـەر کەعبـــەیی ڕووتەکـــە دەخـــۆم ســـویند
بـــاوەڕ بکـــە دائـــیم دڵـــە کـــەم مـــەیلی لەلاتـــە

ئـــەی رووگـــوڵ و پەرچـــەم رەش و ئـــەی شـــەمعی دڵارا
دڵ شـــێتە لـــە تـــاوت وەکـــو پەروانـــە لـــە دواتـــە
هـــەر چـــەندە کـــە (عاصـــی) زەدەیـــی تـــیری برۆتـــە
هیـــشتا کـــە لـــە دوای کوشـــتنی ئـــەم جـــا بەتەماتـــە

* * *

(٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

دڵ لـەدووریت رووحـی شـیرین غـەرقی گێـژی حەسـرەتە
چـاو لـە رێگـای چـاوەنۆڕی پـڕ لـە تـۆزی قەسـوەتە
کەی دەبیـنم ئـەی خودایـە مـن بـە چـاو دووچـاوی ئـەو
چـاوی بـازە پڕلـە رازە جیلوەگـاهی هیممەتـە
ئـاوی سەرچـاوەی مەحەببـەت وا لـە دڵما ژیایـەوە
چـوونی نـاو گـوڵزاری وەسـلی موشـکیلێکی زەحمەتـە
چـاوەکەم چـاوم بـەجارێ بوونـە چـاوەی خـوێنی گـەش
چـونکە جـەرگم وارزیـوە سـەیری ناکـەی لـەت لەتـە
خـۆ بـە رەسمـی بەندەگیمـە نامەکـەم واهاتـەلات
جەوهەری ئیخلاسە مەعنای گەر چی خۆی بێ قیمەتـە
بـێ ئومیـدم بـۆ تەماشـای خـەتت و خـاڵی روومـەتی
پاسـەوانی گوڵـشەنی رووی عەسـکەری سـێ دەوڵەتـە
زولفی رووسـە پەرچەمیـشی وەك فەڕەنگـە بـۆ هوجـووم
تیپی ئەگریجـەی کـە چینە سـەیری چـەند بـێ مروەتـە

روومەکــە بــازاڕی عیــشقی کــەلکی مــوفلیس نــاگریٚ
چــونکە بــیٚ مایــە لەوێــدا موبتــەلای ســەد نەگبەیــە
عاشــقی ڕێبــازی راســتە بــۆ ویــسالی حــەق یــەقین
ژیان لەگەڵ عیشقا کــە نــەڕوا بــۆ موســلمان وەحــشەتە
بــیٚ تــەبیبی وەســلی دڵبــەر پەشمــە لوقمــانی حــەکیم
زوو عیلاجی دەردی خــوت کــە چــاری دڵ هــەر ســەفوەتە
زۆر گوتن قورئان بە کەلکە (عاصی) بەسیە بــیٚ شــعوور
رووله ڕێگای راست و حەق کــە تــا نــەمردووی فورســەتە

٢٠جمادالاول ١٣٩١ - ١٤ تەمووزی ١٩٧١

❊ ❊ ❊

(١٠)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

سەبا هەستە بچۆگوڵشەن بڵێ عاشق خرۆشانە
بڵێ غونچە تەبەسسوم کا لەوەی بولبول کە میوانە
گوتی عاشق لەبۆ گوڵشەن بە نەشئەی وەسڵەوە با بێ
لە بن خەیمەی گوڵان یەکسەر لەبی غونچە بەخەندانە
لە لایەك سەروی رەعنایە لەلایەك لالەوو نەسرین
لەلایەك بەزم و غەوغایە لەلایەك موردو رەیحانە
لەلایەك زەمزەمەی ساقی لەلایەك شۆری مەینۆشان
لەلایەك دەنگی موتریب بێ لە مەدهۆشانی مەیخانە
لە دەوری گوڵشەنا دائیم هجوومی زولف وئەگریجە
حەساری باغی روی داوە دەڵێی ئینگلیزو یۆنانە
لە دامێنی گوڵستانی کە باغی سێوی سینەم دیت
بەسوخمەی ئاڵی داپۆشی گوتی ئەم گەنجە پەنهانە
کەسێ مەحرەم نەبێ بۆ عیشق ویسالی نابێ بەم گەنجە
ویسالی ئەو گوڵستانە بەزمگاهی شەهیدانە

بە خاری گوڵ کەسێ جەرگی نەبێ لەت لەت لەوی مەنعە
لە زومرەی موفلیسان دوورە نەتیجەی شۆری مەستانە
کەچونکە رووحی پێ نادا بە پیاڵەی چاوی گوڵڕەنگان
تەماشای دەردی (عاصی) کەن وەکوو بولبول پەرێشانە

* * *

(١١)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

فیــــدای باڵـــای بڵنـــدت بم دەڵێـــی ســـەروی گوڵـــستانە
بـــە ســـەرگەردی جـــەماڵت بم دەڵێـــی خورشـــیدی تابانـــە
ئیـــشارەت کـــە لـــەبۆ کوشـــتن بـــە پەنـــچەی شـــێوە زیوینـــت
بڵێ‌هـــات مەوســـیمی مـــەرگت ســـبەینێ جـــەژنی قوربانـــە
لەبورجی زولـەتی زولفـت کـە شـەوقی رووت تولـووعی کـرد
موئـــەززین بـــانگی عیـــشقی دا وەرن وا رۆژی دیوانـــە
قەزییـــەی مانیعولجەمعـــە لـــەڕووی تـــۆدا چـــە قـــەوماوە
قەمـــەر مەعلوومـــە وا دیـــارە لەناوەنـــد بـــورجی میزانـــە
نـــەخۆش و دەردەداری تـــۆم ، کـــەوا گـــوڵ ســـورمە ، رووم تێکـــە
ببیـــنم ســـێوی دوو کوڵمـــت نموونـــەی بـــاغی ریزوانـــە
بڵـــێن عاشـــق وەرە ســـەیری ئـــەوا هـــات ســـوخمە چیـــناوی
بـــە دوگمـــە قـــوفلی دا ســـینەی دەڵـــێ ئـــەم گەنجـــە پەنهانـــە
قەزییـــەی ئیتتیفـــاقی بـــوو تـــرازا بەنـــدی سەرســـینەی
گـــوتی (عاصـــی) تەماشـــاکە دەڵێـــی بـــەفری کـــەلی خانـــە

نەخۆش بووم بۆ شیفا پێم گوت کەرەم فەرمووکەبۆتی کەم
گوڵی ئەو جووتە سێوانەچزەی سەر خۆش و مەستانە
کە دەستم گەییە سەر سینەی بە غونچەی لێوی سەرمەست بووم
گوتم گەر دمکوژی فەرموو گوتی ئەم جارە ئیحسانە
گوتم خۆخاڵی سەرکوڵمت زیارەتگاهی عوشاقە
دڵی نەشکاندم و فەرمووی حەیاتبەخشی شەهیدانە
کە لێوم نایە سەر کوڵمی گوتی (عاصی) بدە رووحت
وتم پێشکەش بە ئەبرۆت بێ دەڵێی شێری خوراسانە



(١٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

لــەدەنگی ئەلویــداعی دڵ هــەموو عالــەم پەرێــشانە
لەهــەر لایــێ تەماشــاکەی ســەدای نــاڵین و گریانــە
هــەموو عالــەم لــە ناڵینــە وەکــوو نــاڵینی یــەعقووبی
دەڵــێن وا یوســفی ئێمــە ئــیرادەی دەشــتی کەنعانــە
دەڵێی چــاوم لــە تــاوی ئــەو گەیــشتە حــاڵی(وابیــضت)
بــە تــاوی ئــاگری دووری هــەموو هــەر ســینە بریانــە
عەجەب ئەخلاق و لوتفی ئەو بە عالەمدا کە شامیل بوو
لە ژێر سایەی ئەوا گشت کەس شموولی لوتف و ئیحسانە
عەزیزی ئێمــە بــوو قوربــان عــەزیزێ بــوو مــەقامی تــۆ
موبــارەك بــێ خوداحــافیز ئــەوەش هــەر لــوتفی ڕەحمانــە
لە ئەوسافی ئــەوا(عاصــی) کــە فیکــری قاســیرە ئیمــڕۆ
زبــانی لــەنگ و ڕاوەســتا خــەریکی دەردی هیجرانــە

❊ ❊ ❊

(١٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

ڕوو گـــوڵی گـــەردن مینـــایی هـــات بـــە عیـــشوەو لارەوە
مـــــــورغی دڵ کەوتۆتـــــــە داوی وا بەناڵـــــــەو زارەوە
چـــاو غـــەزالی لەنجـــە کـــۆتر قـــەد نـــەمامی عەرعـــەری
بـــەس بـــە عیـــشوە ڕابـــووره بـــەو کـــەوای گوڵـــدارەوە
عالـــەمت خـــستۆتە زیللـــەت تـــۆ بەعیـــشقی چـــاوەکەت
مـــن کـــە مەســـتی چـــاوی تـــۆ بم چـــم بەســـەر خومـــارەوە
پەرچـــەمت هاتۆتـــە سەرســـەفحەی جـــەماڵت چـــین بـــە چـــین
گەوهـــــەری گـــــەنجی جـــــەماڵت وا بەدەســـــت ڕەشمـــــارەوە
کـــافری موتڵـــەق ببینـــیّ کەعبەتـــەینی ڕوومـــەتت
بـــۆ تـــەواف ئیحـــرام دەبەســـتیّ چـــی بەســـەر زوننـــارەوە
مـــوعجیزەی ڕووی تـــۆ ببینـــیّ دینـــی مووســـا تەرکـــەکا
دێتـــە ســـەر دینـــت یـــەهوودی چـــی بەســـەر ئینکـــارەوە
موددەتێکـــە دەرســـی عیـــشقت ئیـــستیفادەی لـــیّ دەکـــەم
ئێـــستەکەش فـــەننی ویـــساڵت هـــات بەچـــەند ئەســـرارەوە

ئــەو قەزییــەی وا لــە رووتــا زەحمەتــە حــەللی بکــەن
فــەهمی ئــەفلاتوونی تێکــدا وا بەچــەند تۆمــارەوە
حیکمــەتی لوقمــان چــە فایــدە تــیری موژگانــت ببــێ
ســەد حــەکیمی حــازیق ئیمــڕۆ و، بــەپای ئــازارەوە
مورغی فەهمی چەند موسەننیف کەوتـە داوی عیـشقی تـۆ
دەنگــی نالــەی جــەرگ و دڵیــان دێ بەدەســت شمقــاڕەوە
هەرکەســێ عیــشقی نــەبێتن ئــەهلی دڵ واوا دەڵــێن
پێــی مــەڵێن ئینــسانە بــەڵکوو نەقــشە بــەو دیــوارەوە
(عاصی) ڕووح تەسلیم نەکەی تۆ عیشقبازی چۆن دەکـەی
گــەر هــەوا خــواهی ویــسالی چــت بــە ســەر گــوڵزارەوە



(١٤)

(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)
(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)
(هەزەجی هەشتی تەواو)

ئـەوا دەوریـان لـەدڵ داوە غـەم وحەسـرەت لـە هەرلایـە
میسالی من لەگـەڵ دڵبـەر وەکـوو مـەجنوون و لەیلایـە
پەرێـشان و پرێـشانن دڵ و جـەرگم بـە غـەمزەی ئـەو
تەماشای چاوی مەسـتی کـەن شـەرابی مـەرگی تێدایـە
جەمال وگەنجی حوسنی ئەو لە دڵ یاسـاغە سـەیری کـەن
چلۆن رەشمـاری دوو زوڵفـی لـە گـەردنی زیـوی ئالایـە[1]
بەرەو مەغریب کە وەستابووم لە ناکاو رۆژ لەوێ دەرکەوت
کە تێفکریم گوڵی من بوو بەرەو مەشـریق کـە وەسـتایە
کە چاوم کەوت بە دووچاوی غەریقی بەحری حـیرەت بـووم
ئیلاهـی ئـەم پـەری زادە چـلۆنی بێنمـە سـەر رایـە
سوپای ئەگریجەوو زوڵفـی وەکـوو چـین و فـەرەنگ هـاتن
دڵیـان بـردم بـە یەخـسری کـە نوختـەی خـاڵی دانایـە
فیدای بالاوو لەنجەت بێ دڵ ورووحـم ، گـوتی (عاصـی)
بکە رووحت بە پێشکەشمان ئەگـەر وەسـلت لـە دڵدایـە .

*　*　*

(١) (گەردنی) دەبێ زۆر بە سووکی بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە دروست دەربچێ.

(١٥)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی)
(مەکفووفی مەحزووف)

مەحموودی جەمالت کە ئەدا لافی ئەمارەت
چەند جوانە لەوێ خاڵی ئەیازت بە وەزارەت
مژگانی بەجارێ کە دەکەن هێرشیی تیر
دەیبەن بە حەزینی دڵەکەم وا بە ئەسارەت
ئەو پەرچەمە رەیحانە کە پەرژینە لە گوڵشەن
مومکین نییە بۆ بولبولی دڵ بێتە نەزارەت
زوڵفی وەکو زنجیرە لە پێی عاشقی بێچار
گەردەن کەچە بۆ شیری بڕۆت دڵ بە حەقارەت
وەرە ئەی دڵبەری رەعنا مەکە قەتڵم بە بڕۆت[١]
دڵ بێ بە فیدای پەنجەوو ئەو لێوی جغارەت
(عاصی) نییە هۆشی چییە شایستەیی مەدحت
خۆت حاکمی تەحسینی لە سەر تەختی سەدارەت

* * *

١ ئەم لەتە کێشەکەی جیایە. کێشەکەی.

(١٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

هاتمە دەرگەت دڵبەری من[١] چونکە تۆی مەحموودی راست
کعبەی لوطفی ایازت قیبلەی مقصودی ماست
من لە ترسی تیری دوژمن هاتمە قاپی غیرەتت[٢]
دشمن خونخوار دلرا نفس چون نمرود ماست
زوعفی کردم جەوری زاڵم غەم دڵی داگرتووم
غرق از موج ندامت فکر بس[٣] نابود ماست
شاهی خووبان سەد دەخاڵەت وام لە گێژاوی گوناه[٤]
ایکە عفوت[٥] التفاتی از دری معبود ماست
عالەمێ بێزارە قوربان وا لەدەست گریانی من
نالە درسینە چو ایسد[٦] ابر نیسان دود ماست

---

١ لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە : (پادشاها)
٢ لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (من لەخۆفی تیری دوژمن هاتمە دەرگانەی ئەتۆ)
٣ لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (رذالت ،قامت)
٤ لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (لەناو دەریایی بی غەم)
٥ لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (لطفت)
٦ لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (باشد)

مــــن لـــــەتاوی دەردی دووری دائیمـــــا هەرناڵەمـــــە
زخـــم از شمـــشیر هجـــرت دم بـــدم [1] موجـــود ماســـت
گـــەر دەپرســـی دەفعـــەییێکی حـــاڵی (عاصـــی) ناتـــەوان
مفتخـــر بـــر چـــرخ گـــردون بخـــت بـــس مـــسعود ماســـت

* * *

[1] لەدەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە : (هر زمان)

(١٧)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

سەد ناوی خودا بێ لە دو ئەبرۆیی هیلالت
نەققاشی ئەزەل جەدوەلی کێشا لە جەمالت
پەروانەیی رووی تۆیە دڵم تۆ بکە بڕوا
رووحی کەدەکا پێشکەشی شەمعی خەت و خاڵت
حاشا نییە یەك ئەووەل و سانی کە ئەتۆ بی
مەعلوومە لە نەوعی بەشەرا نەبووە میسالت
حوکمی نییە هیچ کەس لەسەر ئیقلیمی دڵی من
غەیری ... ئەتۆ چونکە ئەتۆش حوسنە جەلالت [1]
باوەڕ بکە پەروا نییە (عاصی) لە فیراقت
دائیم کە دەسووتێ لە دڵا شەمعی خەیاڵت

* * *

[1] ئەم لەتە بڕگەیەکی کورتی لە دوای ووشەی (غەیری) کەمە .

(١٨)

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
(هەزەجی هەشتی تەواو)

کــە مــن خێــرم نــەبوو قوربــان لــە ئاموشــۆیی دیوانــت
خــودا حــافیز ئــەوا رۆیــم لــە بــۆ زینــدانی هیجرانــت
ئەگەر چە من لە لام خۆش بوو بە دڵ ئەمما ئــەتۆ قوربــان
لەلات عار بوو منی بێکەس کە جارجــار ببمــە میوانــت
ئەگەر یادی منت کرد تــۆ مــەڵێ زۆر بــێ وەفــا دەرچــوو
وەفــادارم وەفــادارم قەســەم بــەو مــاهی تابانــت
خەتای تۆ قەت نەبوو جانا رەقیبی سەگ سیفەت وای کرد
وەکوو بولبول کەمەحرووم بم لە غونچەی لێوی خەندانت
نەخۆشــێکم گــەلێ بێهــۆش خــەریکی فیکــری دەرمــانم
کە مەئیوس بووم لە غەم خواری وتەداوی لوتفی لوقمانت
لە دەستی بەختی سەرگەشتە ئەوا وێڵ بــووم بــە دونیــادا
بە دڵ توخدا دوعــا فــەرموو لــە بــۆ بەنــدەی پەرێــشانت
نەتیجەی قەت نەبوو بۆ من ئەوەندەی داری ســەبرم چــاند
مــەئالی بوومــە مــەنفووری هــەموو ئــەتباع وخوێــشانت
غــەریب و بێکــەس و عــاجز برینــدار و دڵ ئــاوارە
گەلێ شــوکرم ئــەمن جانــا موهــاجیر بــووم لــە دەربانــت
بەتەن هەرچەندە لێت doورە بە دڵ هەر حــازرە (عاصــی)
لە هــەرجێ دابنیــشم مــن مــنم مــەدح و ســەنا خوانــت

* * *

(١٩)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

دڵت بردم بە یەکجاری بە نەشئەی خەتتی رەنگینت
مەتاعی عەقڵ و هۆشت برد بە غونچەی لێوی شیرینت
دڵت خستوومە ناو چاهی زەنەخدان وئەسیرت کرد
پەرێشانە بە زنجیری دو گیسووی زوڵفی چین چینت
زیارەتگاهی عوششاقە هەمیشە وەك حەجەر خاڵت
فیدایی کەعبەیی رووت بم ئەوا هاتوومە سەردینت
لە هیجرانت ئەوا مردم کەوا پەشمینە رووم تێ کە
تەماشای گوڵشەنی رووت کەم ببینم کوڵمی لەعلینت
لە هەرلایێ ئەوا هاتوون سەفی عاشق لە بۆ دیتن
منیش هاتووم ئیشارەت کە بە کوشتن چاوی شاهینت
فتوای کوشتن بدە قوربان بڵێ جەللادی چاوت بێ
بکا با تیرەبارانم بە دوو ئەبرۆیی قەوسینت
مەسیحادەم لە پاش مردن وەرە سەرقەبرەکەم جارێ
منیش سەجدەکونان هەستم بە یادی عیشقی دێرینت
بڵێ وا هاتە پابووسم شەهیدی تیغی عیشقی من
بفەرموو با خەڵاتی کەن لە گەنجی سینەیی صینت
لە مەحشەر گەر بڵێن (عاصی) نیشانت کوا شەهیدی تۆ
لە هەرجێ را ئەبوێرم من بە شاهید پەنجەیی خوینت

❊ ❊ ❊

(٢٠)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

ئــەوا فــەرهادی مــەيلی دڵ بــە يــادی زەوقــی گوڵــچينت
لە بێستوون كەندنی هيجـرە بــە هيــوای وەســلی شــيرينت
لــە ئيقليمــی دڵــم قوربــان بــە دايــم خوســرەوی لوتفــت
سوپای خستۆتە دوای حەسرەت لە موڵكی شەوقی ماچينت
بــە شــەوقی شــەمعی رووی تۆيــە دڵــم پەروانــەيی زارە
سەروســينەم بــە جۆشــە مــن بــە تــاوی عيــشقی نارينــت
هــەوام كەوتۆتــە لاف لێــدان لەگــەڵ ئاسمــانی هەفتەمــدا
كە نووسيبووت سەلامی مــن بــە پەنجــەی شــێوە زيوينــت
تەمەننام وايــە ئــەی جانــا كــە تــەيری مەقــسەدت دائــيم
ببێتــە ســەيدی ئومێــدت بــە قــووەی دەســتی شــاهينت
خودا قەت ئاموشۆت نەبڕێ لە جادەی عيــززەت و تــەوفيق
بــە دائــيم هــەر درەخــشان بــێ ســتارەی بــەخت و ئايينــت
منم (عاصی) لە خــوام مەتلووبــەو و داوايــە ئــەی جانــا
لــە مــەودای شــيری بــەدگۆيان عەدالــەت ببتــە پــەرژينت

* * *

(٢١)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

لەجەوزا و سونبولە و میزان لە بورجی جەدْی و دەلْـوو وحـووت
قەمـەر دەرکەوت لەگەڵ عەقرەب لە ناو میحرابی دوو ئـەبرووت
لـە رۆژی نـووری روخـسارت قەمـەر بـووە موقتەبـەس جانـا
کـە لێـوت زوهرەیـە قوربـان منـیش خۆمـشتەریم بـۆ رووت
عەتاریـد خـاڵی سـەرلێوت کـە مەرێخـە زەنەخـدانت
لە عیشقی چاوەکەی مەسـتت زوحـەل وا هاتـە ژێـر ئـەبرووت
سـەفی عاشـق ئـەوا هـاتوون دەسـوورێن وەك بەناتوننـەعش
بە سینەی ریش و ئاهی سـەرد لـە دەورەی قـوتبی خـاڵی رووت
منـیش هـاتووم لـە بـۆ کوشـتن بفـەرموو بمکەنـە قوربـان
لە دوای مەرگیش سەری (عاصی) فیدایی دەست و هەم بازووت

* * *

(٢٢)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

دووبارە ئەوا دەردی غەمم بۆتە جەفادەر
ئاوێنە لەگەڵ روویی ئەتۆ هاتە بەرابەر
هەرچەندە لەرووی نیشتووە وا گەردی خەجالەت
پێی خۆشە لەبەر خەجلەتی خۆی بشکێ سەراسەر
عاجز مەبە سەروو کە لە بالاتە بڵندتەر
مەعلوومە کە بێ عەقلە کەوا بۆتە هەواگەر
گەربێت و لەگەڵ لێوی ئەتو غونچە بپشکوێ
مەمنوونە بەئەو لوتفە ئەگەر ببنە برادەر
عاشق بووە بۆ رووییی ئەتو گوڵ وەکو بولبول
مەنعی مەکە (عاصی)کە دەروون بوو بە سەماوەر

❋ ❋ ❋

(٢٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

سەروبالا لێو عەقیق دندان سەدەف [1]
من لە بۆ مژگانی تیرت وا دڵم کردە هەدەف
باوەسییەت بێ بەتیرت گەرئەمن چوومە فەنا
دەچمە ناو زومرەی شەهیدان با نەخۆن بۆ من ئەسەف
چوونە ژێرخاکی فەناوە زۆر بە ناڵەی عیشقەوە
موفتەخیر بوون بەو برینە عاشقانی (ماسەلەف)
توخودائەی سەروی دڵبەر بامنیش مەحرووم نەبم
تا لە مەیدانی حەشردا من لە گەڵ وان ببمە سەف
دڵ فیدات بێ شاهی خووبان بمکوژە خوێنم نییە
با نەڵێن بێ هوودە ڕۆیی عومری(عاصی) بوو تەلەف

❊ ❊ ❊

[1] لەتی یەکەم لە باتی چوار (تفعیلە) ، سێ تەفعیلەیە . (فاعلاتن) ێکی کەمە .

(٢٤)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجى هەشتى تەواو)

وەكـوو بولبـول لەگـەڵ گوڵـدا بـەبێ خـارى جەفاناكـەم
لەگەڵ دڵبـەر چ دڵـدارى بـە بـێ شـەرت و وەفـا ناكـەم
كەدڵبەر دوێنـێ واى فـەرموو سـبەينێ جـەژنى قوربانـە
چـلۆن بـەو موژدەيـە جانـا ئـەمن سـەيرو سـەفا ناكـەم
گـوڵم ئيمرۆكـە وەعـدى دا گـوتى وەك خـار وەرە بـەرپێم
بەهاى ئەو لوتفە ئەو كردى بەغەير ئەز رووح ئەدا ناكـەم
بە فـەتواى پـيرى مەيخانـە خـەريكى مەزهـەبى عيـشقم
وەكوو زاهيـد لـە رووى عالـەم رياكـارى و حـەيا ناكـەم
بە تـيرى عيـشقە مـن جـەرگم فـوارەى خـوێنى لێ دەڕژێ
برينـێ قڵمـژەى دڵبـەر بـە سـەد لوقمـان دەواناكـەم
خوتـەن بـۆ قيمـەتى چـاوت حەقيقـەت فيكـرى نادانـە
ئەمن سەوداى يەك لەنجـەت بـە ماچين و خـەتا ناكـەم
ئەوا رووحـم لـە مەيدانـە ئەگـەر وەسـلت ببـێ ئەسـلى
بزانە عاشقە (عاصى) كـە سـەوداى بـێ بـەها ناكـەم

❊ ❊ ❊

(٢٥)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەكفووفی مەحزووف)

هێنامییــــــه ئــــەم دەرگەیـــــه ئیمڕۆكـــــه نەســـــیبم
هەرچـــەندە كــــه بـــێ ســـەبرو دڵ ئـــارام و شــــەكیبم
ســـارێژو قـــەپاتی بكـــەی ئـــەی خوســـرەوی شـــیرین
بـــۆ دەردی دڵـــی خەســـتە كـــەوا بوویـــه تـــەبیبم
دڵـــــڕیش و جگـــــەرپارە وو مـــــەفتون و زەبـــــوونم
ئـــاوارەوو ســـەر ئاســـیمە بـــێ عیـــشق و غـــەریبم
تـــێ بـــــەربووە ئـــــاگر بەتـــــەواوی لـــــه دەروونم
بـــەدناوی كـــه كـــردم لـــه جیهـــان جـــەوری رەقیـــبم
بـــێ عـــیلم و شـــەرەف كەوتمـــه زینـــدانی جەهالـــەت
وەك ســـــاحیری بەدبەختـــــه رەقیـــــب داویـــــه فـــــریبم
هاتوومەتـــه ئـــەم دەرگـــه بـــه عینـــوانی دەخالـــەت
هەرجێگەمـــــه ئـــــەم قاپییـــــه تـــــا رۆژی حەســـــیبم
(عاصـــی) بـــه هیـــوای فیكـــری نەجاتـــه لـــه جـــەنابت
تـــۆش وا مەكـــه لـــەو لوتفـــه كـــه بـــێ بـــەهرە بـــەری بم

* * *

(٢٦)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

ئەگەر ئاوێنە تەشبیە کەم بە روویی تۆ ئەمن رووت بم
هیلاکی دەردی دووریت و کوژاوی تیغی ئەبرووت بم
بە غەیری تۆ بە دڵداریٚ بدەم گەر دڵ ، وەفادارا
بە دوو زوڵفی تەنافینت لەگەڵ سێدارەدا جووت بم
بە بیٚ دوو چاوی مەستی تۆ ئەگەر مەست بم بە بادەو مەی
بەناکامی لەوەسڵی تۆ هیلاکی چاوی جادووت بم
لە دڵ نارِویٚ ئەنیسی من ئەگەر بێت و لە فیکرت کەم
حەڵاڵ بیٚ بمکوژە خوێنم فیدایی دەست و بازووت بم
لە دووری تۆ ئەگەر شادبم لە شادی دوورو بێبەش بم
بە حوکمی قودرەتی باری کە مەنفی هیندو بێرووت بم
ئەگەر بیدەم بە جەننەت من غولامیی کۆیی تو جانا
لە مایەی وەسڵی تۆجانا بە دائم رووت و نابووت بم
بەرابەرکەم لە گەڵ لێوت ئەگەر لە علی بەدەخشانی
منی (عاصی) لە هیجرانت بە قوربان رووت و نابووت بم

❊ ❊ ❊

(٢٧)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

وەرە ئەی شۆخی پەرچەم ئاڵ غەزالی چاو بە خوممارم
بە لەنجەت ئاهویی چینی ئەتۆ ئەی سەروی گوڵزارم
هەزارانی وەکوو مەجنون لە سەودای عیشقی تۆ شێتن
بە ئۆمێدی وەفای لەیلا منیش لەو حاڵە بەشدارم
بە پەنجەی ئاڵی خوێناویت ئە تۆی عاشق کوژ و دڵبەر
منیش هاتووم لە بۆ کوشتن گەلێ لەو عومرە بێزارم
ئەلا ئەی مورغی خوشخوانی گوڵستانی وەفا فەرموو
بە هەر نەوعێ دەکەی قەتلم نەبێ باکت بە ئازارم
بە ئومێد دانەیی خاڵت ئەسیری داوی زوڵفت بووم
بە پەیمانی موژەت بۆیە بڕاوە جەرگی خونخوارم
دوای مردن دەڵێم مەمشۆن لە کفنیش لێم گەڕێن یاران
شەهیدی تیغی دوو ئەبرۆی غەزالی چاو بە خوممارم
لە ژێر شمشێری ئەبرۆتا کەچە خۆ گەردەنی (عاصی)
بلێ جەللادی چاوت بێ بکا قەتلی دڵی زارم

* * *

(٢٨)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

قەمەر هاتۆتە سەر ئیکلیل بە ئومێد فیکر و تەدبیرم
لە عیلمی جەفرو هەم حەرفا خەریکی بەست و تەکسیرم
لە رەمل و زیج و زایرجە لە قەبزی خارج و داخل
لە بەیتی نەسرەتی داخل (نقی الخلد) ە زنجیرم
لە ئەفلاکی عیشقبازی دڵم بۆتە زوحەل سەیری
منیش وەك مشتەری جارێ لە دەوری زوهرە تەئخیرم
قەمەر یارە لە رەغمی من دەچێتە مەنزلی بەلدەت
لە سەر (سعدالسعود) م دی نیشانەی بەخت و تەئسیرم
چ جێگەی لۆمەیە یاران کە ئەو قوتبە دڵم جەدیە
نیشانەی قیبلە ناسینمە مەکەن ئینکارو تەکفیرم
بە دائیم بۆ ویسالی ئەو خەریکی رابیتەی ویفقم
لە حەولی مەعریفەی سرڕام لە سەر کوبرا وو تەسغیرم
موتالای فەننی جەفرم کرد لە بەست وکەسر وئیزماری
نەتیجەی وەسڵی پێدام و مەگەرما هیممەتی پیرم

که جەمعی کەعبی حەرفم کرد لە بۆ تەئسیری ئەو رەمــزە
کە تــیٚ فکــریم بــووە ئەســـسی جــەنابی پــیری دەســتگیرم
گوتم بەسیە ئــیتر (عاصــی) چــییە ئــەم لاف و دەعوایــە
کە تۆ جەهلی مورەککەب بی مەڵیٚ مونــشییی ئیکــسیرم

* * *

(٢٩)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

مـــەحموودە خــەتی حوســنی جــەماڵت بـــە قیاســم
بـــۆ دوڕڕی مـــەعانی وەکــو غـــەوواس و هەیاســم
هاتۆتـــە تەبەســـسوم بـــە ســـەبا غونـــچەیی فیکـــرم
ســـەرتا بـــە قـــەدەم فەرشـــی غـــەزەل بۆتـــە لیباســم
کەوتوومەتـــــە ژێربـــــاری غـــــەم و دەردی فیراقـــــت
بـــاوەڕ مەکـــە لـــەو دەردە چ دەرچـــوون وخەلاســم
بـــاکم نییـــە عالـــەم هـــەمو بـــەدگۆ وو عەدوومـــە
ســـەرحەڵقەیی ئـــەم عیـــشقە بـــەدڵ واکەدەناســم
ئـــەی شـــاهی جیهـــان دڵبـــەری رەعنـــایی زەمانـــە
موحتـــاجی بـــە دەرمـــانی وەســـل جـــەرگی پەلاســم
بـــێ نەقـــدی ویـــساڵت لـــە جیهـــان نیمـــە رەواجـــێ
بـــێ زەوق و ســـەفا بـــێ دڵ و هـــەم عـــەقڵ و حەواســم
(عاصـــی) م وکەمـــەر بەســـتەوو کـــەمتر لـــە غولامـــت
جێـــی فـــەخرە کەلـــەمَ دەرگەیـــە زەببـــاڵ وکەناســم

* * *

(٣٠)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەولو)

زەمانێکە ئەسیرت کرد بە خاڵی رووت دڵ و دینم
فیدای گوڵزاری حوسنت بم خەریکی زوڵفی چین چینم
نیقابی پەرچەمت لادە لە سەربەدری جەمالی خۆت
زیارەتگاهی عوششاقە کە رووتە کەعبەیی دینم
وەرە دڵبەر بکە رەحمێ لە رێ خوا دەفعەیێ قوربان
بە شەوقی شوعلەیی کوڵمت بدە ئارام و تەسکینم
دڵم تەیرێکی زیرەك بوو بە داوی زوڵفەکەت گرتت
بە دانەی خاڵی بەرچاوت کەکێشات رووحی شیرینم
سروور و شادمان بوو چوو بە نەشئەی پەرچەمی ئاڵت
بەیادی وەسڵی دێرینت خەریکی شیوەن و شینم
مەڵێن چاهی زەنەخدانت شیفا بەخشی دڵی ریشە
خوسوسەن من زەدەی خۆتم بەدائیم دیدە پڕ خوینم
کلاّولاری کەوا پەشمین لەسەر چی عاجزی لیمان
لەرێ خوا مەرحەمەت فەرموو بە لەنجە بێرە باڵینم

له وەختی نەزعی ڕووح جانا وەرە بەینێ تەماشات کەم
ببینم خاڵ و ئەگریجەت لە باتی دەنگی یاسینم
وەسییەت بێ ئەگەر مردم لە کەعبەی رووت بکەن رووی من
بەرەسمی عاشقانی خۆت بفەرموو وەعزو تەلقینم
نەکیر گەر هات و لێی پرسیم گوتی عاشق چییە دینت
دەڵێم مەعشووقە دەیزانێ لەگەڵ ئەودا کە هاودینم
بەپەیکانی موژەت جانا ئەگەر (عاصی) بە کوشتن چوو
لە مەحشەر شاهیدە یەکسەر لیباس و زامی پڕخوینم

* * *

(٣١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

جێژنی قوربان هات و قوربان مــن خــەریکم غــەم دەخــۆم
دەســت دەبــەم بــۆ ســەر تــەعام و وادەزانم ســەم دەخــۆم
ئێــشی دەردی دڵمــه جانــا وا منـــی خـــسته فغـــان
خــوێنی جــەرگی خۆمــه دائــیم مــن بــه زارو دەم دەخــۆم
ئەلبیـــسەی جێـــژنم ببینـــه حەســـرەت و ناڵاندنـــه
(راحــة الحلقــوم) بخــۆم و عــەینی هەرشــەڵغەم دەخــۆم
زەوقـــی تێکـــداوم بـــه جـــاریٚ لـــەززەت وخۆشـــیم نـــەما
قووتی ڕووحم بۆته میحنەت قووتی دڵ کـەم کـەم دەخـۆم
بۆیـــه نـــابووت و زەبـــوونم ڕەنـــگ و ڕووم وا زەرد بـــووه
بولبول ئاسا غەم لـه وەسڵی غونـچەیی نـەو دەم دەخـۆم
دەردی مـــن پەنهانـــه قوربـــان چـــاکه ئـــەمجا پێـــت بڵـــێم
زەهـــری جـــەوری دوژمنانـــه مـــن لـــه بـــاتی جـــەم دەخـــۆم
تۆی تــەبیبی دەردی (عاصــی) ســەد دەخالــەت چــارەییٚ
ژیانی مـــن کـــەڵکی نـــەماوه میحنـــەتی مەرهـــەم دەخـــۆم

❊ ❊ ❊

(٣٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەل هەشتی مەقسوور)

بۆ ئومێدی زینـدەگانی قـووتی غـەم جـەم جـەم دەخـۆم
کەوتمە داوی پەرچەم و هەم زولفی پـڕ خـەم خـەم دەخـۆم
سەد کە دایـم مـن خـەریکی عـەیش ونـۆش و عوشـرەتم
بۆیـە بـێ تەئـسیرە جانـا میحنـەتیش دەم دەم دەخـۆم
جێـژنی قوربانـە سـبەینێ وەختـی وەسـلە بـۆ تـەواف
شـەربەتی دیـداری یـارو چـاوەیی زەم زەم دەخـۆم
مەیلی وەسل و دەردی دووری کردییە (ضـیق الـنفس)
چیم لە ژیانە بۆ نـەجاتی دەسـت هەناسـەم سـەم دەخـۆم
یار ئەگەر چە جار بـە جـاریش خـۆی نیـشانی مـن ئـەدا
بـۆنی گـوڵزاری کەناکـەم بـەو دەماغـەم غـەم دەخـۆم
قـسمەتی رۆژی ئـەزەل بـوو(عاصـی)غـەمناکی ئـەتۆ
ئەزیەت و جەورو جەفا وو میحنـەت و هـەم هـەم دەخـۆم

❊ ❊ ❊

(٣٣)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

لە ئامووشۆیی خزمەت تۆ تکا ئاوی حەیا قوربان
وەکوو دێوانە وا ڕۆیم منی سەرگەشتە سەرگەردان
نەسیبی من ئەزەل وابوو کە هەر دێوانە بم دائیم
وەکوو مەجنوونی خێڵی حەی خەریك بم من لە سەر هەردان
مەفەرموو بێ وەفا دەرچوو لە سەر عەهدی قەدیم ماوم
لە بەربێ لوتف و مەیلی تۆ گرفتارم بەچەند دەردان
لە ئەو ڕۆژە وەکوو گرتم بەدەست و دەم کە دامانت
لە عەرسەی قیامەتیش قوربان نییە قەت فیکری دەست بەردان
لە بەینی تۆوو من یارەب ڕەقیب هەرکوێرو ڕوورەش بێ
پەراگەندەی وڵاتی کرد منی موخلیس وەکوو جەردان
ئەوائەی گوڵ ئەمن ڕۆیم خودا حافیز لە خزمەت تۆ
ئەتۆش جارجار دوعا فەرموو لەبۆ بولبول وەکوو مەردان
خەیاڵی وەسڵی باڵای تۆ بەتاڵ نابێ لە لای (عاصی)
هەتا ئەو ڕۆژە دەینێنە کەلێنی قەبرو دووبەردان

* * *

(٣٤)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

وەجهـــی چـــییه وەك ســـینەمە بریانـــه دڵـــی مـــن
مـائیـــل بەغـــەم و شـــیوەن و گریانـــه دڵـــی مـــن
لـــەم دەشـــتە کـــە ســـەحرایی فیراقـــە بـــەدەوامی
دائـــیم لـــە غـــەما زارو پەرێـــشانە دڵـــی مـــن
وەحـــشەتکەشی کێوانـــە لـــە بـــەر میحنـــەتی دووری
وەك مـــامزی تـــەنها کـــە لـــە هەردانـــە دڵـــی مـــن
واحـــوجرەیی ســـینەم هـــەمو پـــڕ فەرشـــە لـــە حەســـرەت
ســـەیری بکـــە ئـــەی غـــەم خـــەمی میوانـــە دڵـــی مـــن
بـــێ هوودەیـــە دەرمـــانی تـــەبیب دیققـــەتی دختـــۆر
کـــوژراوی مـــوژەی تـــیری جەوانانـــە دڵـــی مـــن
ئـــالوودەیی خوێنینـــە لـــە بـــەر خـــوێنی سرشـــکم
لـــەم مەوجـــە کـــە دەریایـــە چـــە نادانـــە دڵـــی مـــن
لـــەو حیکمەتـــە وازبێنـــە کـــەنازانی لـــە دەردم
فـــەوتانی بـــە دەرمـــانی تەبیبانـــە دڵـــی مـــن

کەوتۆتـــە شـــلێوە لەهـــەوا ســـۆزی هەناســـەم
خۆفەســـڵی بـــەهاری هـــەمو زســـتانە دڵـــی مـــن
(عاصـــی) چـــییە واتیـــژە سرشـــکت وەکـــو رێـــشین
نـــاڵینی دەڵێـــی زەلـــە کەناڵانـــە دڵـــی مـــن

❊ ❊ ❊

(٣٥)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

بــەم دەردە کــە عیــشقە چــییە حەیرانــە دڵــی مــن
هــاوارە تــەبیب بــێ تــو بــە دەرمــانی ســەری مــن
گــەر هــات و لــە حەققولقــەدەما رووحــی بــوێتن
پــێم خۆشــە ئەگــەر بیخەنــە دامــانی ســەری مــن
جــانم ســوپەری تــۆبی لــە بــەر تــیری بــەڵاتا
گــەردەن کەچــە گــەر دەیکەیــە قوربــانی ســەری مــن
حاجــەت نییــە ئــەم دەردە کــە هیجرانــە بــەدەووا
یــەك لــەحزە ویــسالی بەســە لوقمــانی ســەری مــن
(عاصــی) کــە زەدەی تــیری فیراقــە لــە ویــسالا
بێــزارە دەڵــێ بــۆ نییــە فــەرمانی ســەری مــن

* * *

(٣٦)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

دائـــیم بـــە جـــەفا شـــێوەیی گریانـــە دڵـــی مـــن
ســـووتاوی گـــڕەی ئـــاگری هیجرانـــە دڵـــی مـــن
وەك تـــەیری ستەمدیدە لـــە دەســت میحنـــەتی هیجـران
حەپـــسی قەفەســـی ســـینەیی بریانـــە دڵـــی مـــن
بـــۆ تـــیری غـــەمی فرقـــەتی تـــۆ بۆتـــە نیـــشانە
دائـــیم بەتـــەمای هـــاتنی دەرمانـــە دڵـــی مـــن
وا غەرقـــە لـــەناو بـــەحری غـــەم و گێـــژی قەســـاوەت
جێـــی مەرحەمـــەت و هیممـــەتی پیرانـــە دڵـــی مـــن
مـــەیلی لـــە قـــەدەم بۆســـییە هـــەم خـــاکی دەری تـــۆ
بـــۆ وەســـڵی تـــو غـــەمخوارو پەرێـــشانە دڵـــی مـــن
مـــەفهوومی عـــەریزەم هـــەمو بـــۆ ڕەســـمی دەخالـــەت
ئومێـــدی بەســـەر حەلقـــەیی پیرانـــە دڵـــی مـــن
وەختـــی کـــەرەم و ڕەحمـــەت و ئازادییـــە قوربـــان
گەرمـــەیل ئەکـــەی لایـــەقی قوربانـــە دڵـــی مـــن

سەرگەشـــــتەووبێ بەهرەووهــــــەم پــــیرو پەرێـــــشان
رەنــــگ زەردە لــــە ژێــــر پـــەردەیی عیـــسیانە دڵــــی مــــن
(عاصــــــی) م وجەفادیــــــدەوو بــــــەدناوو غــــــەریبم
قابیــــل بــــە ســــەفاو رەحمــــەت و ئیحــــسانە دڵــــی مــــن

* * *

(٣٧)

کێشی بڕگەیی (١٤ = ٧/٧)

ئـەی یـاری سـەروو قامـەت گـەردن شووشـەی بلـوورین
ئەبرۆکـــەمانی چـــاوڕەش ئـــەی رووگـــوڵ ونـــازەنین
دەم غونـچەیی پەرچـەم ئـاڵ ئـەی شـۆخی نـەو رەسـیدە
چـــاو بـــادەیی مەیخانـــە ســـوخمە زەردی گوڵگـــوڵین
روومـــەت سـێوی زوڵــف رەش دڵ بــێ فیــدایی لەنجــەت
کــراس کــەتانی ڕۆمـــی موبـــارەك بـــێ مـــەکر چـــین
زوڵفـــت لەگـــەڵ ئەگریجـــەت وەك عەســـکەری فـــەرەنگی
لەگـــەڵ خـــاڵی حەبەشـــتا هاتوونـــە ســـەر فەلەســـتین
ســـینە بـــاغی مـــەراغی بۆچـــی لـــە مـــن بـــەداغی
بـــەو قامـــەتی بەیـــداغی غارەتگـــەری عـــەقڵ ودیـــن
لێـــو ئـــاڵی چـــاو خومـــاری فـــەرموو ددان مـــرواری
ئـــەی ئـــاهوویی تاتـــاری هەســـتە لـــە پـــێ کـــە لاپـــچین
وادەچـــمە ژووری مزگـــەوت دەکـــەم دوعـــایی وەســـڵت
لەگـــەڵ ســـۆزی هەناســـەم ئـــەتۆش بفـــەرموو ئـــامین
بـــۆ وەســـڵی دڵبـــەری خـــۆی (عـاصـــی) ئـــەوا دەگریـــا
بیکـــەی بـــە قـــسمەتی ئـــەو یـــارەب غەزالـــەی ماچـــین

(٣٨)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلان
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

غەزالەی چین ئەوا هاتووە بە زولْف و پەرچەمی چین چین
لە دڵ دەعوا دەکا بڕوا لە دەورەی گوڵشەنی ماچین
بەتاڵانیان ئەوا بردووە حەواس و عەقڵ و هۆشی من
فیرارم کرد لەگەڵ دڵما لە دەست عیشوەی ئەگەر دەرچین
دەروونم پڕ لە گریانە هەناسەم ساردە ئەی یاران
لە دیدەم سەیری چۆن دەڕژێ سەراپا ئەشکی رەنگ خوونین
وەرن ئەی قەوم و خوێشانم ئەوا هات مەوسیمی مەرگم
وەسییەت بێ مەبن غافڵ لەدەنگی شیوەن و یاسین
ئەگەر حەزکەن عیلاجی من لە ئەو دەردە گەلی یاران
دەکەم وامن دوعای وەسڵم بە عام ئێوەش بڵێن ئامین
وەرن ئەو رووگوڵە سەیری لە حەق من چەندە بێ رەحمە
لە رەغمی من گوڵی رووی کرد بە زولْف و پەرچەمی پەرژین
توخوا روومەت گوڵی نازك بدەپێم وەعدەیی وەسڵت
لە هیجرانت دڵی (عاصی) دەسووتێ هەروەکوو بەنزین

* * *

(٣٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی مەشتی مەحزووف)

مژدە ئـەی دڵ بەسـتی دووری وا بـە وەسـلم کـردە تـەی
موتریبی خۆش لەهجە فەرمووڵێدە عوودو چەنگ و نـەی
وا خـەریکی سـەرفی رووحـم گـەر بـە قیمـەت وەرگـرێ
مامڵەتم کردووە بە شاهید مـن لـە دڵبـەر جـووتێ بـەی
شەمعی شادیم پـێ کـراوە کەوتنـە جونبـوش جـان و دڵ
تـەن وەکـوو تـەییارە قوربـان هاتـە گـەڕ پەروانەکـەی
جێژنی وەسل ئەی موغـەننی لـەیل وەعـدەی دابـە مـن
مەجنون ئاسا نایفرۆشم قـەت بـە دووسـەد خێڵـی حـەی
چاوی مەستی مەسـتی کـردم بەوشـەرابی عیـشقی رووی
چونکە چـاوی مەسـتی مەسـتی دا بـەبادەو پـیرو مـەی
بۆچی کوێرنابی لـە تـاوان ئـەی رەقیبـی سـەگ سـیفەت
چونکە سەگ مەرگی چە فایدە زیندەگانیت تـا بـە کـەی
حەڵقە گۆشی عیشقە (عاصی) تێبگەن بـا خـاس وعـام
قەت غـولامیی یـار نـادەم مـن بـە تـەختی چین و رەی

* * *

(٤٠)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

ساقی بدە ئیمڕۆکە بە دڵ شیشە شەرابێ
مەدهۆشە دڵی خەستە لە بۆ دەنگی ڕەبابێ
عاشق دەبێ بۆکوشتنی مەعشووقە نەناڵێ
بێ گریە وو ناڵان و فوغان دەنگ و سەدا بێ
هەر ڕۆژە بە سەد نەعێ دەکا عیشوەوو نازێ
ئەو دڵبەرە ڕەعنایە هەتا ڕووحی فیدابێ
ئەو تیرە لە جەرگی منی دا زەحمەتە یاران
بۆ دەردی منی خەستە چە دەرمان و شیفابێ
تك تك ئەتکێ خوێنی جگەر ئیمڕۆ بە دڵما
وەك ئەشکی سەحەرخیزە بە ئۆمێدی جەزابێ
مەجنوونم و سەرئاسیمە بێ عەقڵ و حەواسم
ساقی وەرە پڕکە بینە بۆم شووشە شەرابێ
(عاصی) لە کەمەندی سەری زولفت کە بناڵێ
کوژراوی خەندەنگی موژەت و تیری بەلابێ

* * *

(٤١)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

بیحەمـــدیللا ئـــەوا رۆیـــی دلا زســـتانی غـــەمخواری
گەلی عاشق لە گەڵ بولبول دەچـن بـو سـەیری گـوڵزاری
بەهارە مەوسیمی مەستی لە کۆیی وەسـلی گـوڵ ئەنـدام
نەسـیمی سـوبح دەیهێنـێ لـە گوڵـشەن بـۆنی دڵـداری
گوڵستانی هـەموو سـەحرا بیـساتی عیـشقە هـەر لایـێ
سەدای ناڵینی عاشـق دێ لـە دەوری گـوڵ بـە هوشـیاری
تەماشای باغی دڵبەرکەن چلۆن غـەم لێـوە سەرتاسـەر
بڵـێن بـا بولبـولی دڵ بـێ نەترسـێ هەرگوڵـە خـاری
توخـوا دڵبـەر ئـەوا هـاتم بـە ئومێـد غونـچەیی لێـوت
لە تۆ سەد رەنج و میحنەت بێ لە من قوربـان وەفـاداری
ئەگەر چی تەرکی کۆی تۆم کرد بە تەن ئـەمما درۆ ناکـەم
دڵـم پەروانەیـە دائـیم لـە دەوری شـەمعی روخـساری
بە پیاڵەی چاوی هەر مەستم لە خـاڵی رووی ئەگـەردوورم
ملـم ئێـستاکە هەرقەیـدە بـە داوی زولفـی رەشمـاری

ئەوا هاتم جەفا فـەرموو بـە هـەر نـەوعیّ ئـەمن رازیـم
کە چونکە نەبووە قەت نـابیّ ویـسالی گـولّ بـەبیّ خـاری
لە ساحەی عیشقی تۆ گۆیە سەری (عـاصی) ، وەرەدلّبــەر
بە گۆچانی ئەسـەف لیّیـدە ئـەتۆ لـەو ئـەمرە موختـاری

* * *

(٤٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

ئیلاهی شیشەیی عومرم بە بەردی میحنەتی دووری
شکا پڕژا بە یەکجاری شەرابی کەیف و مەسرووری
تەوەللا بوو دڵی بولبول لە باغی سینەیی بریان
خودا حافیز گوڵم ڕۆیی بە جێما خاری مەهجووری
کە ئای و ئۆیی سینەم دێ لە دەست دەردی فیراقی یار
لە ڕەقسایە دڵی زارم وەکوو دەروێشی شێخ نووری
ئەتۆ ڕۆیی ئەمن چ بکەم چییە دەرمانی دەردی دڵ
گوتی بمرە لە هیجرانا بە زەخمی تیری ڕەنجووری
سپای ئەگریجەکەی کردی هجوومی حوسنی بێ میسلی
دەڵێن ئیمڕۆکە ڕۆژ گیرا بە زوڵف و پەرچەمی سووری
کە سۆفاری برۆی خەم کرد بە عەزمی کوشتنی عاشق
گوتم قوربان وەها نابێ هەتاکەی فکری مەغرووری
گوتم فەوتا دڵم جانا بە خوێنی جەرگی پڕ ئاهم
گوتی (عاصی) عیشقبازی قەدیم هەروایە دەستووری

*** *** ***

(٤٣)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەولو)

بە چاوشاهێنی ئـەی دڵبـەر لـە سـەییادی وەکـوو بـازی
لە عـاشـق دڵڕفێنـی تـۆ لـە ولکـەی حوسـن مومتـازی
فریبـت دا بەیـەك چـاوت دڵـی سـەد عـاشـقی وەك مـن
بەیەك نەشئەت سەری فتنەی عمـوومی کـوردوبن غـازی
لەدەست دووچـاوی عـەییارت دڵ و دیـنم چـلۆن دەرکـەم
سەرم کەوتـە خـەمی زولفـت نییـە دەرچـوون و دەربـازی
لەولکـەی عاشـقانی تـۆ ئـەمن تـاقم وەکـوو تاقـە
دەخیلـت بم وەرە جانـا ئـەتۆش مەیکـە بـە فـەنتازی
بەچاوی مەستی تـۆ مەسـتم دەکـەم حاشـا لـە مەیخانـە
ئەگەر چی دوێنێ سەرخۆش بوون لەوێدا مفتـی وو قـازی
ئەگەر مەیلت هەبێ قوربان رەقیبی سەگ سیفەت هیـچە
سەروماڵم لە بۆ ئـەو بـێ ئـەتۆم مەقـسوود و دڵخـوازی
کە چونکە دەنگی ناڵەت دێ بـەتیری دڵبـەرت (عـاصـی)
هەمیشە مـائیلی عیـشق و رەبـاب و سـینەمە و سـازی

* * *

(٤٤)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تولووعی کرد مەلەك تەلعەت خرۆشان ئـەهلی ڕووحـانی
مونـەووەر بـوو هـەموو عالـەم بـەڕوویی مـاهی تابـانی
سنۆبەر قامـەتێ واهـات مەلایـەك سـوورەتێ دەركـەوت
جەمالی جەزبی عەقڵی كرد هەمووی خستنە پەرێشانی
عەجەب لەو سـوورەتە یـاران قەڵـەم تەسـویری كێشاوە
لـە نەقـشی دووبـرۆی شـێتن هـەزارانی وەكـوو مـانی
كەلەعلی لێوی پشكووتن وەكـوو غونچـە سـەلامی كـرد
هەموو دڵ بوونە بولبول بۆی نەما كـەس زەوقـی جـارانی
بەپیاڵەی چاوی سەرمەست بوون وگوتیان بـابی كەنعانـە
كەسێ یەعقوبی غـەم ریـزە ئـەوا هـات یووسـفی سـانی
بـە چـەتفەی زەردی داپـۆشـی سـەراپا خـاڵ وئەگریجـەی
برینی خـستە جـەرگی مـن بـە ئـەبرۆو تـیری مـژگانی
دڵـم نـاڕوا لـە دەرگـاهی شەهنـشاهی جـەمالی ئـەو
ئەسـیری كـردو پابەسـتە بـە تـای زوڵفـی پەرێـشانی

دڵ و عەقڵی بەغارەت برد بەگۆشەی چاوتەماشای کرد
نیقابی چەفیەکەی لادا لە سەر خورشیدی تابانی
لە بەرچاوی حەسوودانت گوتم قوربان وەهانابی
گوتی(عاصی) نییە باکم منم عوسمانی عوسمانی .

❊ ❊ ❊

(٤٥)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

وەرن سەیری پەریزادە چلۆن ئەو عیشوە دەنوێنێ
بە گۆشەی چاو تەماشاکا حەیاتی ئێمە دەستێنێ
کە ئەلفی قامەتی سەروی لە لەوحی دڵ مونەققەش بوو
حیجابی زولمەتی کفرم بە شوعلەی حوسنی دەدڕێنێ
دڵم تەیرێکی عاشق بوو لە دەوری گوڵشەنی روویا
بە دائیم هەروەکوو بولبول بە زارونالە دەخوێنێ
لە سەجدەی تاقی دوو ئەبرۆی چەلیپایی سەری زولفی
سەنەم ناسانی گومڕاهی لەناو بتخانە دەرفێنێ
مەکەن ئینکاری ئەم فەننە وەرن ئەی مفتی وو قازی
شەهیدە عاشقی بێ دڵ کە دڵبەر خوێنی بڕژێنێ
بە وێنەی فەرقەدان ئیمڕۆ لە دەوری قوتبی خاڵی رووت
دەسووڕێ رووحی من دائیم چ وەختێ چاوی هەڵبێنێ
مەگەر غەوواسی مەعنابێ لە بەحری شیعری تۆ (عاصی)
بە چەند جوهدو مەشەققەت بێ کە دوڕڕی فیکری دەربێنێ

* * *

قەسیدە

(١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی مەشتی مەحزووف)

(لە جامیعەی سلێمانی ، بۆ خۆشەویستم (دلاوەر سابیر ئیسماعیل) هەولێری لەگەڵ عوسمان بوونە ڕەفیق بۆ دەرس پێ گوتن. تەلەبەن ولە داخلیدا پێکەوەن. هەردوو لا ئەلحەمدولیللا موسڵمانی باشن وقورئانخوێن ونوێژکەرن)

خۆشەویستم نووری دیدە ئەی دڵاوەر مەرحەبا
نەونەمامی تازە ڕسکاو کاك دڵاوەر مەرحەبا
پارچە جەرگی کاکە سابیر لێت موبارەك مەنسەبت
خۆشەویستی خۆشەویستم ئەی دڵاوەر مەرحەبا
عاقڵ وهەم خوا پەرست و زیرەك و خۆش خوڵقەکەم
ساحیبی عەهدو وەفاکەم ئەی دڵاوەر مەرحەبا
تۆش ڕەفیقی کاکە عوسمان بۆ مەحبەبەت لای ئەمن
مەرکەزی سیدق و سەفا بن هەردوو لاتان مەرحەبا

چـاوەڕێی لـوتفی خـودا بـن دیـن و دنیاتـان دەبـێ
هـەر ئـەدەب بـێ باشـیعارتان دووبـرا بـن مەرحـەبا
فیلحەقیقـە زاتـی حەققـە پـشتیوانی حەقپەرسـت
قۆڕ بەسەر بێ بـاکی ئەحمـەق مـەردی خـوابن مەرحـەبا
هەر دوعـا گۆتانـە (عاصـی) والـە قـاپی بـێ شـەریك
رەببی مـەحفوز بـن لـە فتنـە تـا قیامـەت مەرحـەبا .

١١ی ڕەمەزانی ١٣٩٢ - ٩/١٠/ ١٩٧٢

* * *

(٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی مەشتی مەحزووف)

ئالـەتی جـەنگیم هەڵـستا جونبـوش وجەولانـە کـا
بـۆ ئۆمێـدی تۆڵەسـاندن ئـارەزووی مەیدانـەکا
هەریەچەشـنی سـوورە ماسـی وا لـە دەریـای شـەهوەتا
روو لـە بـیری تـەنگی ئێـوەی خانـەدان و جوانـەکا
دووسـەدو هەشـتام فـڕێ دا والەشـینی شـیرە کـەم
تـێ بگـەن گیانـە لـە ئێـوە ئیـددیعای کالآنـەکا
لنگـی رووتـی وا کـەدیتن هـەروەکوو شووشـەی بلـوور
روو لـەرووی چـەخماخی کـاف و گەنجینـەی پەنهانـەکا
هەڵمـەتێکی بـۆ دەبـاتن وەك پڵنگـی چـنگ بـەخوێن
پەردەکـەی ئـەدڕێنی یەکـسەر دەرکەکـەش وێرانـەکا
سـات بـە سـات هـەر چـاوەنۆڕی لـوتفی ئێـوە وادەکـا
هـەروەکوو بەرخۆڵـە دائـیم ئـارەزووی نـاو ڕانـە دەکـا
چـونکە برسـی و بـێ مـرادە چـەند زەمانـە رووحەکـەم
وا لەبـەربێ ڕێ و جـێ یـی حـەز لـە نـاو زندانـەکا

بـــۆ دەوای دەردی دەروونـــــی تالـــــەوێ بڕشـــــێتەوە
تـا قیامــەت بـۆی دەگریــە و رووحــی خـۆی قوربانــەکا
شـــێری نێــرە وا لەبێـــشەی عیـــشقی ئێــوە دائیمـــا
بـــۆ بەهانـــەی ئیـــستراحەت یـــادی چـــوونەلانەکا
وەك کەسـێوی کـوڵمی دیـتن هـەم هـەناری مەمکـەکان
هـــەروەکوو منـــداڵی ســـاوا دەم بـــەدەم گریانـــە کـــا
(عـاصی) شێت بوو وا لە تاوتان ئێـوە رەحمێکتـان نـەبوو
ماچـی سـێوی کـوڵمی ئێـوە دەردی ئـەو دەرمانـەکا

* * *

(٣)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفوونی مەحزووف)

وەسفی لەیلەتولقەدر

ئـــەی دڵ شـــەوی بێدارییـــە ئەمـــشەو لـــە جـــەلالا
مەعلوومـــە تەجـــەللا لـــە هـــەموو دەشـــت و جیبـــالا
وا مـەوســـیمە ئەمـــشۆکە کـــە بـــێ حـــەزرەتی جبریـــل
پەخـــشانی خەڵاتـــە لـــە تـــەرەف رەببـــی تـــەعالا
پڕنـــــووره دەورودەشـــــت و زەمـــــین وا بەمەلایـــــەك
بـــۆ ئـــەهلی زەمـــین هـــاتووه رەحمـــەت لـــە میـــسالا
واز بێنـــە تـــو ئیمـــشەو لـــە خـــەوی غەفڵـــەت و مەســـتی
نەفـــست وەکـــو دوژمـــن لـــە گـــەڵت وا لـــە قیتـــالا
خـــامۆش مەبـــە لـــەم قـــەدرە ئەگـــەر تـــالیبی قـــەدری
خـــەملّیوە کـــە جەننـــەت بـــە گـــوڵ و عەنبـــەر و لالا
وەختـــێ کـــە نـــەما تاقـــەتی ئیزکـــاری ئیلاهیـــت
سەرمەســـت مەبـــە هـــەر قـــودرەتی حـــەق بێنـــە موتـــالا

فیکــریٚ بکــه ئــەی دڵ گــەهی بــۆ ســەنعەتی بــاری
بــاوەڕ بکــە ئــەجرت هەیــە بــیللا لــە خــەیاڵا
ئیمــشەو کــە شــەوی رەحمەتــە ئــەو دەرگــە گوشــادە
سەربەست بە لـە ئـەم قاپییـە (عاصـی) لـە سـوئالا .

* * *

(٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

حەسـرەتا بـۆ دینـی ئیسلام قـەدرو تەحسینی نـەما
مـەنهیاتی شـەرع و قورئـان حەیفـە پـەرژینی نـەما
چی بە سـەرهات تـێ بفکـرن ئـەی گـەلی ئیسلامەکان
ئاسمـانی عیززەتـی دیـن مـاه و پـەروینی نـەما
دەرك وئیـدراکمان نـەماوە رۆژەکانمـان هـەر شـەوە
کارەبـای جـادەی نـەجاتمان روون و بـەنزینی نـەما
سەد ئەسەف بۆ قەومی ئیسلام وای لەخۆی کرد حەسرەتا
هەیبـەت و سـامی نـەماوە بـازو شـاهێنی نـەما
چـونکە پـشتی کـردە دیـن و جوولەکـە پـشتی شـکاند
شـێرەکانی سەفـشکێنی دوژمنـی دینـی نـەما
خۆبـە خـۆ لێـك بوونـە دوژمـن هـەر خـەریکی یـەکترن
دڵ تـەوەللا بـوو بـە جـارێ فیکـری ئـایینی نـەما
شا سـوار بـوو قـەومی ئیسلام بوونـە پیـادە بیلعومـوم
شا کە خۆی مـات بـوو یەقینـە سـوارو فـەرزینی نـەما

کــەس غــەمی دینــی نــەماوە کەوتنــە دونیــایی دوون
دڵ لــە ژێــر پــەردەی قەســاوەت چــاوی دوربینــی نــەما
ئــەو دڵــەی پڕنــوورو ســەفوەت مەعنــەوییاتی هــەبوو
وا ئــەویش کەوتوّتــە شــیوەن غــەیری نــاڵینی نــەما
چــارەوو ئیــسلاحی ئێمــە وا لــە دەســت توّیــە ، خــودا
دڵ نــەخوش و بــێ قــەرارە ســەبرو تەســکینی نــەما
قــوّڕ بپیّــوە کــاکی (عاصــی) تــاکو مــاوی هــەر بڵــێ
داخــی جــەرگم دینــی ئیــسلام شــەوق و تــەزیینی نــەما

* * *

(٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

لە سەر داواکردنی عەبدوڕەزاق و دلشادی کوڕی حاجی نەجیم تاهیر چەلەبی ئەم مەرسییەم نووسی بە ناوی ئەولادانی، خوسووسەن کوڕی گچکەی کەناوی سامانە . لەرۆژی (٤٠)ی لە پاش وەفاتی خوێندرایەوە لە مزگەوتی گەورەی کۆیسنجق . لە ئاخیرەوە سێ شیعری عائیدی خۆمە)

مەرحـــەبا میـــوانی بـــاوکم رۆژی یـــادی رەحلەتـــە
سەد ئەسەف بۆ خانە خوێتـــان وا لــە حــوجرەی وەحــشەتە
چاوەکەم یـا خـوا بـەخێربێن پـێ لەسـەر چـاومان بنـێن
خـــاوەنی ئـــەربابی خدمـــەت وا لـــە رەوزەی جەننەتـــە
هـــاتنی ئێـــوە شـــیفایە بـــۆ هـــەموو دەردی دەروون
چـــونکە بـــۆ ئیمـــەی برینـــدار دەفعـــی دەردو میحنەتـــە
وا لەخزمـــەت رادەوەســـتین فـــەرمو گـــەورەو گـــچکەتان
لـــوتفی ئێـــوە ئـــەی عـــەزیزان دیـــارە مایـــەی حورمەتـــە
بابـــەگیان میوانـــەکانت چـــاوەڕێی دیـــداری تـــۆن
رووحەکەم تەشـریف بفـەرموو زووکـە قوربـان فورسـەتە

رۆڵــەکانت چــاوە نــۆڕن تــۆش وەرە دیققــەت بکــە
تــابیینی چــاوەکانیان پــڕ لــە ئەشــکی حەســرەتە
دۆســتی ئــەربابی وەفــابووی بۆیەعالــەم خــاس وعــام
بــۆت بــە ئــازارو پەرۆشــن گفتوگۆیــان رەحمەتــە
بــۆ ســەخاو تــەبعی ســەلیمت رەحمــەتت بــۆ دێ هــەزار
میهرەبــانی و دڵنــەوازیت شــەوقی نــووری وەحدەتــە
پاشی تۆ ئەی بابی رووخــۆش کــێ بــی غــەمخواری ئــەمن
دڵ بە کێ خــۆش کــەم بــەقوربان مۆشــکیلێکی زەحمەتــە
خوات لەگەڵ ئەی کاکــە حــاجی کۆچــەکەت یەکجارییــە
وەعــدە بــۆ دیــداری یــەکتر عەرســەگاهی قیامەتــە
داغی جــەرگم دۆســتی دڵ ســاف ئــەی نــەجیبی بــا وەفــا
بــێ ئــەنیس و بــێ رەفیقــی لــەو هــەواری غوربەتــە
نــۆ ســەدو حــەفتاوو دوو بــوو کــاتی دەرچــوونت لــەژیان
چواردە بوو کــانوونی ســانی جومعــە بــوو ئــەم هیجرەتــە
(عاصــی) راوەســتاوە عــاجز دڵ پەرێــشان ومــەلوول
غــــەمزەدەی ونبــــوونی تۆیــــە دەردەداری فیرقەتــــە



(٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

داد لە دەست مەئمووری ئینگلیز چۆن لـە لایـان سـوننەتە
زولمـی رەعیـە و بـێ نـەوایان وا لـە ناویـان عادەتـە
پێی دەڵێی مـن زۆر فـەقیرم ئـەی جـەناب بـۆ ڕیـێ خـودا
پێـت دەڵـێ سـکتر بـە ئەحمـەق بیـدە ئـەمری حوکمەتـە
دەرهـەقی رەعییـە و فـەقیران خـۆفی خوایـان قـەت نییـە
ناوچـەوانیان بیلعومـوومی دائیمـا پـڕ سـەتوەتە
بـەعزەکیان چەرچـی زەعـیفن فێـری دۆڵمـەو هـەم پلاو
ئێستەکەش دەست کورت و نابوت پاك هەناویان لەت لەتە
وەك سـەدوکەل گەرلەشـوێنێ بـۆنی شـیویان بـۆ بـچێ
هـەر لـەوەختی نیـوەڕۆوە ئاغـە مـەیلم خدمەتـە
پاشی مەغریب شـبهی چـاوەش فـێس شـڕو چـاکەت دڕاو
سوورە سوور و دەسـت بـە فـانۆس هـەولی چـایەو دەعوتـە
بـاب و باپیریـان بـڕاوە کـورد زمـان بـوون خـاس وعـام
ئێستە تورکن تـابڵێن هـەر ئـیش بـە دەسـتی حوکمەتـە

ویـــردو ئـــەورادیان بـــە جـــاریٚ بەحـــسی ئـــەغنام و زەكـــات
شـــەو لـــە خـــەویان دەســـت دەهێـــنن وا دەزانـــن ریـــشوەتە
بەعزەكیان كۆنن لـــە زولـمـــا میـــسلی رێـــوی قەمـــچوغە [1]
حیلـــــەبازو خوانـــــەترس و زاڵـــــم و بـــــیٚ مروەتـــــە
بـــۆ تـــــەوازوع زۆر خـــــەریكن دەرحـــــەقی كەبتانـــــەكان
لـــەفزی ســـاحیب چـــاك دەزانـــن چـــەند رەوان و ســـیحەتە
مردنـــی پـــیٚ خۆشـــترە نـــەك پێـــی بلـــێن هێـــدی فـــنش
بیٚ مـــەعاش گـــەر ســـەد توجـــاربی هـــەر لـــەلایان زەحمەتـــە
بـــۆ تەشـــەببوس شاربەشـــارو دیٚ بـــەدیٚ عـــەوداڵ دەبـــن
ئەی خودا چیت كردلە گەڵ مـــن چـــۆن بـــڕام لـــەم نیعمەتـــە
نـــانی كەســـبیان لاحەرامـــە عـــارە پێیـــان كاســـبی
رووت و قەرزار و تەهی دەست سەیری كـــەن لـــەم نەگبەتـــە
گـــەر لـــەبازاڕ دو كـــولێرەی فـــرت و فیٚڵیـــان دەســـت كـــەویٚ
بـــانگی حـــەمالی دەكـــاتن بیبـــەوە بـــەو قیمەتـــە
بۆچی نایبەی خۆت بە گـــورجی بـــیٚ عـــەقڵ بـــۆ وادەكـــەی

[1] قەمچوغە گوندێكە لە ناحییەی سورداش لە تەنیشت دوكان . وا دەگێڕنەوە كابرایەك راوچی بووە كەوڵە رێوی لەماڵی هەڵاوسیوەو رێویەك فێرببوو شەو دەچووە ناودیٚ مریشكی دەخوارد. بەرۆژ دەهاتەوە لەناو كەوڵە رێوییەكان خۆی هەڵدەواسی . هەتا رۆژێك مشتەری هات. كابرا كە چوو تەماشای كرد كەوڵێك زیادە لە حسابی خۆی كە دەستی دانیٚ رێوییەكەی دیتەوە كە ئەوە زیندووە ، گرتی سەری بڕی ، ئیتر مریشك خواردنی شەونەما . (عاصی)

ئانــــەدان بۆچـــی بـــە حـــەمال ئیحتیـــاجی زەحمەتـــە
عیبـــی یـــوك عـــادت مـــزی هـــر بویلـــە در [1]
احتیـــاج مـــز اصـــلا یـــوکتر سـایه نـــزدن دولتـــە[2]
ئـــەی درۆزن بـــۆ قرۆشـــێ کێـــچەکانت گانـــەدەن
ســـویلەمم یالانـــە جـــانم ســـویلرم بـــن صـــحتە[3]
(عاصـــی) وازیێنـــە لەوانـــە هـــەر دوعـــای ئیسلاح بکـــە
دەرحـــەقی خـــۆت و ئـــەوانیش خـــوا بەفـــەزل و رەحمەتـــە

* * *

[1] تورکی
[2] تورکی
[3] تورکی

(٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

بــۆ کەســێکی پــڕ شــعوورو ئــەهلی زەوق و دەیققەتــە
تــێ دەگــا گــەر شــاری کۆیــە یــەك نموونــەی جەننەتــە
گوڵــشەن و گــوڵزارە دەوری فەســلی هــاوین و بــەهار
پــایزان بازاڕەکــانی پــڕ لــە خــوانی نیعمەتــە
واریــداتی چەشــنی بــاران ســادیرە وەك تەرزەیــە
ئاخ لەبۆ یەك مەردی غــەمخوار بــۆ ئــەدای ئــەم خزمەتــە
دەورەکــەی وەك لانــی شــێرە پــشتی هێلانــەی پڵــنگ
پیــاوی عــاقــڵ تــێ دەگــاتن زەحمەتیــشی رەحمەتــە
زۆر سەخی تەبع و رەشیدن هەر وەکوو حاتــەم هــەمووی
رۆژی لیقــەومان تەماشــا گــشت شــیعاریان هەڵمەتــە
عــاقــڵ و هۆشــدارو زیــرەك قــسمی منــداڵی هــەمووی
نێرو مێــی هــەردوو شــەریفن غایــەیان هــەر عیــسمەتە
گــــردی بــــاواجی نموونــــەی کێــــوی لبنانــــە بــــرام
مەرقــەدی ئەییوبــە ســولتان پایتــەختی هەیبەتــە

دڵنــــەوازن بــۆ غــەریبان ئــەهلی ئینــسانن هــەموو
شــێری مەســتن ڕۆژی قــەومان ئارەزوویــان هەڵمەتــە
(عاصــی) وازییێنــە عــەزیزم بێکەســە تــۆ شــارەکەت
بۆیــە دائــیم کــونجی ســینەت پـڕ لــەداخ و حەســرەتە

*   *   *

(٨)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

لەوەختی شێخ مەحموود لە ئەشکەوتی جاسنەی دابوو، ئینگلیس بە تەیارە بوردومانی دەکرد ، ئەمن لە دێی سارتکە بووم. هەموو رۆژ ئاگاداربووم تەیارە دەهات. لەتاوان ئەوەم نووسی

فەلـەك شـینە لەبـەر شـیوەن مەلـەك پـڕ زارە لـەم زارە
زەمین سەوزە بـە تـۆوی غـەم لـە بـەر ئـەم هـات و هـاوارە
کەوا نەسلی رەسـوولە لـلا غـەریقی بـەحری حەسـرەت بـوو
خودا ، کەشتی نـەجات بـابێ لـە بـۆ ئـەم شـۆخە سـەردارە
بنێرە نـوورحی لـوتفی خـۆت سـەفینەی شـادی هەڵبەسـتێ
لـە سـەرجوودی سـلێمانی قرارگیربـێ کـە ئـەم جـارە
کەرو سیك و سەگ و سۆجەر ، تەیارە وقونبولەو شەست تـیر
هەمووی خڕبوونەوە یەکسەر لـە سـەر ئـەم شـاهە نـازدارە
دەخیل ئـەی دەوڵـەتی ئیسلام هەتاکـەی مـات و بێـدەنگی
کەمـەحموود چـەندە مەغـدوورە بنێـرن تـۆپ و تـەییارە
مەلا و دەروێش و سۆفی و شـێخ ، غەزایـە بۆچـی وەسـتاون
مـەزاتـە جەننەتولئـەعلا بـەروح هەرکـەس خەریـدارە

لەولکەی میللەتی ئیسلام کەریم بەگ سادیقولوەعدە
دەتوانم شاهیدی بۆ بدەم لە ریزی قسمی ئەبرارە
عەلی شێری خودا کوانێ قەلاکەی خەیبەری رووخاند
کە شێخ مەحوودی کاکە حەمەد گرفتاری سەگی هارە
قوماندان عەسکەرو زابت ، سەرم قوربانی سەرتان بێ
مەترسێن دوژمنی دینمان هەمووی مەیموون و سەگسارە
بە روپیەو نۆت و ئانەو فێلْ کڕی غیرەت بە یەکجاری
سیلاحی دینی دەرهێنا لە دەست ئیسلامی بێچارە
دەخاڵەت ئەی عەشایرها بکێشن غیرەتێ ئێوەش
کە شایەد نوتفەیی ئەحمەد نەجاتی بێ لە ئەم غارە (١)

* * *

[1] لێرە لەتێکی زیادی نوسیبوو : (بناغەی عوشرەتی تێکدا بە بۆمباو تۆپ وتەییارە)

(٩)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تەماشاکەن دڵی ریشم کە چەند سالارو شەهسوارە
لە مەیدانی غەم و حەسرەت خەریکی قۆشمەوو غارە
ئەسیری نەفس و شەیتانە تەماعە زیکرو ئەفکاری
لە خەڵوەتخانەیی حیرسا خەریکی ناڵەوو زارە
ئەگەرچی عومری رۆیشتووم لە دەوری ساڵی هەشتایە
لە بۆتوولی ئەمەل ئێستاش دەڵێی منداڵی پێرارە
ئەوەند مەغروورو بێ باکە چە ئاگای لێ نییە عومری
لە سەرجادەی حەیاتی خۆی لە سەییارەی ئەجەل سوارە
خەیاڵی لێ بکە بێ هۆش کە ئەووەل مەنزیلت کوێیە
دەروونی قەبری تاریکە ئەویش گوڵزارە یا نارە
کە هاوناوی حەبیبی تۆم ئیلاهی مەرحەمەت یارەب
بە تیری جیفەیی دونیا جگەرپارە و برینـدارە
چ فیکرێکە ئەوا (عاصی) ئیتر بەسیە حەیا بگرە
خەریکی رێی نەجاتت بە لەحیلەی نەفسی ئەمارە

❊ ❊ ❊

(١٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

بۆ حەفلەی حاجی قادر

(شەوی حەفلەکە ، لە پاش خوێندنەوەی وتارو هەڵبەستەکەم ، کە چاوم بەرێك و پێکی حەفلەکە کەوتو زۆربە تەرتیب رازایەوەو زیاد لە مەقسوود جوانتر هاتە بەرچاوم کەوتمە فیکری ئەوەی کە گفتوگۆیەکی تر لە گەڵ حاجی قادر بکەم و ئەو هەڵبەستە وەکوو نووسراوە بە دڵما هات وچۆی کرد هەتا سبەینێ نووسیمەوە .)

سەربڵند کە حاجی قادر سەیری جێی حەفلەت بکە
بووە نمونەی باغی جەننەت فەرمو تۆش عوشرەت بکە
تۆ لە ئەستەنبول کە مردووی لێرە زیندوو بوویەوە
ئافەرینی ئەهلی کۆیەی با وەفاو مروەت بکە
وا لەپێناو شوهرەتی تۆ هاتنە مەیدانی سەخا
رەسمی ئیخلاسی بە جێ هات شوکری چەند نیعمەت بکە
بۆسروورو دڵنەوازی دەم بەخەندە رووکە گەل
مەرحەبای میوانەکان و هاوبەشی میهنەت بکە

سـەیری ئـەم گوڵزارەناکـەی بـۆ ئـەتۆ رازایـەوە
لاوەکانمـان بوونـە غیلمـان مـەیلی یـەك شـەربەت بکـە
بێـرە سـاحەی حەفلەکـەی خـۆت تـابیبنی حورمـەتت
سەیری شانۆ و مێزوکورسی و رەسمـی پـڕ هەیبـەت بکـە
پیرو جوانمان هاتـە سـەیری ، مامـە حـاجی هەسـتە پـێ
باش تەماشای تەخت و بەخت و زینەت و شـەوکەت بکـە
حوورو غیلمان و قوسـوورە ، چـاو بڵندکـە مامـە گیـان
بۆ شعووری قـەومی کۆیـە هـەر دوعـای عیـززەت بکـە
زۆر بـە دیققـەت بـۆ تەماشـا چـاو بڵنـد کـە چاوەکەم
دەم بەخەندە و پێکەنین بـە روو لـەرووی جەننـەت بکـە .
سازوسەمتوورو موغـەننی شـیعری پـڕ مـەعناو بەسـۆز
فەرمو گوێ بگرە بە قوربان روو لە رووی میللـەت بکـە
نـاوی تۆیـان کـردە بەیـداغ والـە لوتکـەی چـیایەکان
بای مەحەببەت ڕایدەژێنێ تـۆش دوعـای نەسـرەت بکـە
ئـەم مەکینـە یـادی تۆیـە واشـەوی کردۆتـە رۆژ
فـەرمو ئـەژمارەی گلـۆپی کارەبـای نـەدوەت[1] بکـە

[1] نەدوەت : مناداة الله . (عاصی)

بــۆ تــەرەققی شــاری کۆیــە تــا فەلــەك دەورانــەکا
روو لــە میحرابــی دوعــاوو بارەگــای وەحــدەت بکــە
زۆر رجایــە کــاکی کــوردی ئــەم رەوشــتە تێــك نەچــێ
کورد بە تــا دونیــا دەمێنــێ خــاك و دیــن خزمــەت بکــە
من لە خوام داوایــە حــاجی لێــت ببــووریٚ هەرچــی بــوو
ئیددیعای روتبەی شەهادەت تۆش بە رێی غوربەت بکــە
(عاصــی) حەیرانــە لــە وەسفت چــەندی بیلّــێ زیــاتری
سەد ئەســەف کــەلکی نــەگرتی چاوەڕێی ڕەحمــەت بکــە

١٢ ی (جمادالاول)ی ١٣٩١ ٦ ی تەموزی ١٩٧١ ٢٣ ی حوزەیرانی شەرقی

❊ ❊ ❊

(١١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

ئـەی خودایـە تـاکو مـاوم سـست و بـێ تـەقوام مەکـە
بیکـە خـاتری فـەخری عالـەم کـوێرو نابینـام مەکـە
تـەن زەبوونـەو پـیرو بـێ هێـز، بـێ نـەواوو دەردمەنـد
موستەحەققی رەحمـەتی تـۆم بـێ بـەش و هیـوام مەکـە
چـونکە نـاوم مـستەفایە ئومـەتی خەیرولئـەنام
شەرمەساری زاتـی خـۆت و هـەم رەسـووڵە لـلام مەکـە
شـاهیدی مـن تـۆی خودایـە بێ شـەریکت پـێ دەڵـێم
تۆش خـودا مـەحروومی رەوزەی حـەزرەتی تاهـام مەکـە
زۆر پەشـێمانم لـە فیعـل وکـردەوەی ناپـاکی خـۆم
لـێم ببـوورە یـا ئیلاهـی روورەش و رسـوام مەکـە
خـۆت دەزانیـت چـەند مەراقمـە زیـارەتی بەیتولحـەرام
بـێ تـەوافی کەعبـەتوللاو زەمـزەم و مینـام مەکـە
بیکە خـاتری دینـی ئیـسلام رێـم بـدە بـۆ مەککـە بـێم
بێ سەوابی چوونی عەمرە و هـەم سـەفاو مـەڕوام مەکـە
نـووری چـاوم لێ مەسـێنە یـا سـەمیع و یـا بەسـیر
ئـەی خـودا دووبـارە دەیڵـێم کـوێرو نابینـام مەکـە

بـۆ بـەجیٚ هێنـانی ئـەمرت بـەڵكو بـیٚ قـووەت نـەبم
روورەشـی رۆژی حیـساب و بـیٚ وەفـای دنیـام مەكـە
مەمكە ژێر دەست و ئەسیری نـەفس و شـەیتانی لـەعین
غـەرقی گێـژاوی عـەزابی ئـاگری (لظّـی) م مەكـە
خـۆ دڵـیش بـیٚ هێـزە چـاوی دەرك و ئیـدراكی كەمـە
بـیٚ موبـالاتم لـە زیكـری ئیـسمەكەی ئـەڵلاٚم مەكـە
تـا حـەیاتم مـاوە یـارەب عـەقلٚ وفیكـرم تێـك مـەدە
شێت وسەرگەردان و بـیٚ هـۆش وێلـی ناودونیـام مەكـە
دیـار بـە دیـاری پێكـەنینی غونـچەیی سوبحی ئەمـەل
تووشی حیرسی هـیچ و پووچـی بولبـولی شـەیدام مەكـە
وەختی نـەزعم پـێم كـەرەم كـە فـەزلی حوسـنی خاتیمـە
بـیٚ نـسیبی نیعمـەتانی جەننەتولمـەئوام مەكـە
لێـوە شـاوەی سەرزەنـشتی ئـەولیاو چـاكان نـەبم
هـەم خەجاڵەتمەنـدی شـاهی یەسـریب و بـەتمام مەكـە
مەمخە نـاو كـوورەی جەهەننـەم شـان بـە شـانی كـافران
سەرنەوی و چاوشۆڕی قەومی جوولەكـەو تەرسـام مەكـە
(عـاصی) رووی كردۆتە قاپیت هەر دەگریەو هـەر دەڵـیٚ
تووشی دەردی بـیٚ عیلاجـی و عیللـەتی سـەودام مەكـە

* * *

(١٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەولی)

گــەلی یــاران چــریکێك دێ حەقیقــەت دەنگــی ســترانە
زرارە ئەســڵەحەی هــەڵگرت شــەڕێکی کــرد دلێرانــە
هــەزاران ســەنگەری تێکــدا شــکاندی لەشــکری ناحــەز
گەلێکیشی ئەسـیر کـردن کـە جێیـان چەشـنی زیندانـە
دڵی خاڵی لە عیشقی حـەق حەقیقـەت ئیـشی نائەهلـە
ئیتاعــەی حــەزرەتی (الله) خــەڵاتی ئــەهلی ئیحــسانە
ئەگــەر چــی عیــشقی ئەگریجــە لــە ئــاگر تیــژترە یــاران
لە سەر رێگای خەتەر لادە کـەجێگات قەسـری عەدنانـە
لە رێگای دینی حەق(عاصی) چە جارێ لای نــەدا یــاران
خـــــەڵاتی عیززەتـــــی دایـــــە [1] ....

* * *

[1] ئەم لەتەی کۆتایی لە دەستنووسەکەدا ئاوها بە ناتەواوی ماوەتەوە.

(١٣)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

بە فرمێسکی پەشێمانی بکە تاعەت گوناهی زووت [١]
تەماشای هەوری ڕەش ناکەی کە قەترەی چەند سپی و جوانە
هەموو عومرت لە دەست ڕۆیی قسەی نەرمت نەبوو هەرگیز
لەئەم بێ خولق و ڕووگرژیە چ بوو نەفعت ئەتۆ گیانە
حەیات بۆچی نەکرد جارێ حەیاتیشت لە دەست دەرچوو
ئەتۆ نەتبیست نەبی فەرمووی حەیا شوعبێکی ئیمانە
وەکوو کەشتی شکاو دنیا لەناو بەحری حەوادیسدا
کەبۆ خۆی حالی ئەوها بێ تەلەب کاری پەشێمانە
دەخیلت بم لە بۆ نانێك مەڕێژە ئاوی ڕوخسارت
کە ئاوی ڕووت لە جێی خۆی ما بزانە ئاوی حەیوانە
ئەگەر عەقڵت لە دەست دەرچێ بەلایە نەفسی ئەممارەت
لە دوای ویش (عاصی) وریابە لەوی پیستر کەشەیتانە
لە بەرباوو بڕی نەفست چراغی دڵ پەنادە زوو
هەمووی پێچ و پەنایە ڕێت هەمووی هەرچاڵ و زندانە

---

[١] ئەم قەسیدەیە دێڕی یەکەمی،کە موسەررەعە،سڕاوەتەوە.

ئیتر قەت مەیدە دەست نەفست لغاوی ئیختیاری خۆت
چەرێی چاکت نیشان نادا ئەمە هەر نەسسی قورئانە
بە زەیتی زینەتی دنیا دڵ و رووحم وەها سووتان
سەراپا بوونە خاکستەر عەجەب لەم دەورو دووکانە
وەرە بن سێبەری عیززەت بکە کەسبی قەناعەت تۆ
کڵاوی بێ نەوایی خۆت لەوێدا تاجی سوڵتانە
ئەگەر مەردی بەمەردانە بچۆناو بەحری هوشیاری
بە چاوی دڵ تەماشاکە خەزێنەی دوڕڕومەرجانە
شعوورت تێك مەدە عاصی لە کیس خۆتی مەدە مەرد بە
دەبێتە شاهیدی فەزلت هەموو ئەم رەمزو بورهانە
دڵی رووناك و باتین بێن چە چاوی زاهیری ناوێ
هەموو مینابی گەر خانوو چە پێویستی کولانکانە
دڵی هوشیار لە ئەم بەحرە وەکوو کەشتی جەنابی نووح
لەسەر جوودی ویسالی حەق ئومێد و عەزمی وەستانە
وەرە (عاصی) ئەتۆ مەرد بە بچۆ زندانی خامۆشی
لەوێ مەعلووم دەبێ بۆ تۆ کە فەوقی قەسری شاهانە

* * *

(١٤)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

ئەوەش بۆ موئەززینانی وەختی بانگی سبحەینان بیخوێننەوە بۆ موسڵمانان

موسڵمانان لە خەو هەستن ئەوا وەختی هەڵستانە
تەماشای فەجری سادق کەن لە ئاسمانا چراخانە
مەلەك سەف سەف ئەوا هاتوون لە دەرگەی مەعبەدی ئیسلام
بزانن کێ موهەییایە کە وەختی ئەمری یەزدانە
دەخیلە ئەی برای دینی لە خەوهەستن بەیانی دا
لە خزمەت حەزرەتی باری خەڵات پەخشانی غوفرانە
ئەوەی هەڵناسی مەعلوومە لە رەحمەت بێ بەشە بیللا
لە قیامەت بێ بەش و رووڕەش گەلێ رسواو پەرێشانە
ئەوەی بێباکە لەم وەختە ئیتاعەی حەق نەکا مەعلووم
بزانن ئەو کەسە دائیم ئەسیری نەفس وشەیتانە
تەفەککور ئایە قەت ناکا لە حاڵی خۆی لە دوای مردن
لە تۆڵەی ئەم خەوەی ئێستا عەزابی قەبری زندانە
رجاتان لێ دەکا (عاصی) بە خۆتان خۆش مەکەن شەیتان
خەوی ئێستا بە بێ باکی وەزیفەی جوولەکەو دیانە

❊ ❊ ❊

(١٥)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

لەو وەختە کە بەرقیە هات فەیسەڵی ئەووەل بووە مەلیك ، خوتبە بەناوی ئەو بخوێندرێتەوە ئەوەم نووسی

لــە تــاریخی چـلودوودا کــە ئـاخیر مــانگی زســتانە
بەرۆژی جومعە ئیمڕۆکـە کـە هەشـتی مـانگی نیـسانە
خرۆشـا عالــەمی ئیـسلام بـەهاری شـیوەنە یــاران
کەتێلـچی وای خەبــەر داوە بــە مــەئموورانی تێلخانــە
خەلیفەی عالەمی ئیسلام نـەما تـەخت و جـەلالی ئـەو
لە سەر مینبەر بکەن ئیفشا مەلیك فەیسەڵ کە سوڵتانە
تەحـەییور بـوو دڵـی زارم سـەرم دەرناچـی لـەم رەمـزە
لـەلایێ شـیوەن و شـینە لـە لایــێ بـەزم و سـەیرانە
لە لایێ ئەشکی خوێن دەڕژێ لەدیدەی عالـەمی ئیـسلام
لـە لایــێ دەنگـی موتریـب دێ لـە نـاو بـازارو چـاخانە
گەلەکیان خوارو گەردەن کەچ تەمەننای روپییەیە دیکـەن
بە ساحیب ساحیبی کافر لە نـاو مـەئموور شـەڕی نانـە

ئومـــووری دوژمنـــی دینـــه لـــه هـــەرکۆلآنی دەبیبـــنم
درۆو بوختان و حیلەو فێـلّ لـه هـەر لایـێ کـه ئیعلانـه
موناجات کەن گـەلی ئیـسلام لـه قـاپی قـازیی لحاجـات
سـەدای (لاتقنطـوا) یادکـەن کـەلامی زاتـی یەزدانـه
له پاش عوسرەت یـەقین یوسـره دەلیلـه ئایـەتی قورئـان
کلیلـی دەرگـەیی خۆشـی حەدیـسه سـەبری ئینـسانه
له بەرچـی عـاجزی (عاصـی) درۆ بـێ چـارەیه قوربـان
لەدەست حیزان گەلێ حیـزه خوسـووس ئێـستا پەرێـشانه

* * *

(١٦)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

موسـڵمانان تەماشـاکەن لـە بەرشـیوەن فەلـەك شـینە
کـە کـاتی تەعزیـەو ناڵـەی شـەهیدانی فەلەسـتینە
نەقـەوماوە هـەتا ئیمـڕۆ چ کاتێـك جێژنـە بـەم چەشـنە
لە خاکی چوار حوکومەتدا سـەدای گریـان و هـەم شـینە
لە شام و میسرو ئەردەندا لەگەڵ قەومی عیراق هـەر چـوار
لە حەسرەت خزم وئەو لادی هەمووی فرمێسکی خوێنینـە
لـە بـاتی موسـیقاو شـایی لـە خـاکی غوربـەتا ئیمـڕۆ
لە ناو خوێناوی خاك و خـۆڵ خـەریکی مـەرگ و گەوزینـە
غـەمی گـەورەم ئـەمن یـاران کـەوا ئـەولادی کوردسـتان
ئەسـەف ئـەو بەچـکە شـێرانە ئەسـیری دەسـتی رێوینـە
هـەتا مـابم لـەبیر ناچـێ لـە پێنـاوی کەسـیك فـەوتان
کە دەرحـەق میللـەتی کـوردی وەکـوو دەعبـایی کیوینـە
لە تاوی میللەتی ئیـسلام لـە دەسـتی جوولەکـەی ناپـاك
لـە هـەر ئاسمـان تەماشـاکەی مەلـەك گریـان و ناڵینـە

تو خوا ئەو دایك و بابانە چلۆن دەژیەن بە ئەو حاڵە
کە پارچەی جەرگی نازداریان ڕەزیلی دەستی بێ دینە
وەرن ئەی میللەتی ئیسلام بەناوی دینەوە هەستن
عەرەب یا کوردو یاتورکە ئەوەی یەك دینوئایینە
ئەگەر بێت و پەلامارتان لەسەر بەیتولموقەددەس بێ
بە قورئان جووی دەفەوتێنن کە چونکە غایەتان دینە
بە چاو زۆرچاك تەماشاکەن سەراپا خۆ لە قوڕبگرین
یەهوودی ئاگری سوورە موسلمان چەشنی بەنزینە
نیە چارتان بە هیچ جۆرێ بە غەیرەز قووەتی دینی
ئەگەر خوا پشتیوانت بێ مەترسن دوژمنی دینە
هەموو ئینگلیزو ئەمریکا لەگەڵ رووس و لەگەڵ جوودا
بەرابەر هێزی دینی تۆ ئەوانە گشتی خوێڕینە
لە دەرحەق ئێوە ئەی ئیسلام هەموویان خائنی بەدخوون
خەریکی خاکەکەی تۆنە ئەگەر غەربیی و شەرقینە
دەماغتان بێنەوە سەرخۆ ئیتر بەسیە لە حەق لادان
ڕەزیل بوونتان لە دەستی جوو عەزیزم تۆڵەیی دینە
لە ئادابی دیانەتدا بە نێرومێوە لاتان دا
حەیات و هەم حەیاشمان چوو حەیا گەنجێکی زێڕینە

لــه شــێوەی پیــاوەتی لادان لــه شــێوەی کوردییــەت دووره
ئیتر ئەی کورده تۆ بۆچــی بــه شــوێن ئــەو شــێوه کەوتینــه
تەماشای رەسمی شەترەنج کەن لەسەر دەستووری کوردییەت
ئەوانــه گــشتی هەرداشــن کــه کــوردیش شــاه وفەرزینــه
ئەوەی ئەسبابی راستی بێ بەکوردی پێی گوتن (عاصــی)
بەوردی دیققەتی لێ بکــەن لــه تــاو ئێــوه چــه غەمگینــه

* * *

(١٧)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

پاڕانەوە لە خوای تەعالا بۆشیفای چاوەکانم چونکە گەلێ بێ هێزبوون

لە قاپیت عاصی وەستاوە لە ترسان جەرگی پڕخوێنە
دەزانی چی دەوێ یارەب دڵی ئەو پیرە مەشکێنە
دەڵێ من بێکەسم بێکەس عیلاجی بێکەسان هەرتۆی
خودایا مەرحەمەت فەرموو بەرەحمەت ئیشی پێك بێنە
کە خۆت فەرمووتە داوا کەن لە قاپی بارەگای رەحمەت
بە حەققی فەخری ئینس وجان جەلای چاوم مەفەوتێنە
خودایا چاوی یەعقووبت بەیەك پارچەكراس چاكرد
وەسیلەی من کە قورئانە ئیلاهی لێمی مەستێنە
شیفا بەخشی حەقیقی تۆی شیفای هەردووکی بۆ بێنە
سوئالت لێ دەکەم یارەب بە حەققی حورمەتی قورئان
دەوای قودرەت بە ناوچاوما بەقەترە فەرموو بڕژێنە
هەتا ماوم بە هەردوو چاو تەماشای خەتتی قورئان کەم

خـــودا قورئـــان تـــەبیبم بـــێ ئـــەتۆش تەئـــسیر ......[1]
گەلێکم حەز لـە رووناکیـە خـودا تاریـك نەکـەی چـاوم
پڕیـــشکی نـــووری تەوحیـــدت بـــە ســـەر دڵمـــا بپرژێنـــە
ڕەزیلیشم نەکـەی یـارەب بـە هـیچ نـەوعێ هـەتا مـاوم
دڵ و جیـــسموهەموو قـــەلبم بـــە بـــێ هێـــزی مەرەنجێنـــە
بە حەققی فەخری عالەم کەی قبووڵی کەی دوعاو نووزەم
بـــە ســـاغی دیـــن و دنیامـــا نیهایـــەی عومرەکـــەم بێنـــە
لە سوورەی نوورە فەرمووتـە کـە نـووری ئـەرزو ئاسمـانی
بەدەن شایانی میشکات بـێ دڵـیش شووشـێکی خاوێنـە
لـــە تـــۆم داوایـــە یـــارەببی چ کـــەم نابـــێ لـــە نـــووری تـــو
بـــە زەڕڕێکـــی لـــە ئـــەو نـــوورە گڵـــۆپی دڵ بئایـــسینە
لە قەبرا بەڵکو روناك بێ بە قـووەی کـەهرەبای قـودرەت
خـــودا دووبـــارە وا دەیڵـــێم دڵـــی ئـــەم پـــیرە مەشـــکێنە
لە بەر خاتری دو ئیسمی خۆت سەمیع و هەم بەسیر یارەب
نـــەگوێم کەڕکـــە خوداوەنـــدا نـــە چاویـــشم بفەوتێنـــە
لـــە دڵمـــا نـــووری ئیمـــانم ببێتـــە کەوکـــەبی دوڕڕی
ســـەفا قـــەلبی دەوێ (عاصـــی) بەوێنـــەی بـــەرقی ئاوێنـــە

٢٢ ی ربیع الثانی ی١٣٩٣ ، ٢٦ /٥/ ١٩٧٣

* * *

١- وشەی کۆتایی ئەم لەتە نەنووسراوە.

(١٨)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تەماشای چەرخی چەپگەرد کەن بە زیدی چەرخی گەردونە
ئەوەی شایانی عیززەت بێ ئەوێستا سووك و مادوونە
هەواو دەستووری نائەهلە بناغەی حورمەتی تێك دا
وەتەن شێواوو پڕ حەسرەت ئەهالی زار و مەفتوونە
لە چۆل و دەشت و هەم چیادا تەماشای خوێنی کوردی کە
لە گەڵ فرمێسکی باب کوژراو دەڵێی رووباری جەیحوونە
حەرەس قەومی کە وەختی هات بەلینگی رووت و بێ دەرپێ
لە راستی کوردی بێچارە دەڵێی مەڕوان و مەئموونە
خیلافی ئەمری یەزدانە هەموو رەفتار و ئەفکاریان
ئیدارەو حوکمی بێجێیان خیلافی شەرع و قانوونە
ئەگەر چە راستە دووپێنە بە وەحشەت فەوقی چوار پێنە
بە عەقڵ و سوورەت و سیرەت هەمووی سەگسار و مەیموونە
زەرەرمان هیچ نەکرد ئێمە کە چونکە تێگەیشتین باش
بڕینی پەنجەیی کورتی کە چەند پڕ ئێش وکەسکوونە
بە هیوای تۆڵە وەرگرتن کە سەرفی ڕووحی شیرین کەین
ئەوا فەرهادی سەردارمان خەریکی کێوی بێستوونە

ئەگەر فیرعەونی میسریش بێ زەریف با تێ بگا بۆخۆی
سیلاحی کوردی ساحیب حەق عەسای مووساوو هارِوونە
دەبێ هەر خۆی بخنکێنێ لە گێژی بەحری حەسرەتدا
لە دەستی چوو کە خاکی کورد هەمووی هەر گەنجی قاروونە
سەرت دەرکە هەتا ماوی بەرێگای فورسەتا رِاکە
شیمال هەرموڵکی کوردانە ئەتۆش چارت بەلاچوونە
زەریفی تێ بگە یابەوەکوو حەڵقە لە گوێتی کە
میسالی نیشتمان و کورد وەکوو لە یلاوو مەجنوونە
وەتەن خاوێن و بێ غەم بوو بە زوڵمی ئێوە چڵکن بوو
لە بۆ شۆرینی برِنەومان گەڵی باشتر لە سابوونە [1]
ئەگەر حەسرەت دەخۆی بۆ نەوت برِۆ هەندێك بە سەرتاکە
بەکارنایە درۆ و تەفرە بەرِاستی وەختی دەرچوونە
لە شوومی زوڵم و بێ رەحمی لە دەرحەق نیشتمان و کورد
بناغەی هێزی ناحەقتان بەرەو رووخان و تێکچوونە
بیحەمدیللا کە ناوی کورد بەناوی ئەو کەسەی دەرچوو
بەغیرەت کێوی ئەلبورزە بە هیممەت پیرە مەگرونە
منیش هاوناوی ئەو زاتەم وەلاکین شوهرەتم (عاصی)
بەتیشکی رۆژی سەرکەوتن قەریحەو زهنەکەم روونە .

* * *

[1] لە پەراوێزدا نووسراوە : (لە بۆ شوشتنی گوڵەی برِنەوگەڵێ باشتر لە سابوونە).

(١٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

لەوەختی مەلا عەلی هاتەوە نەخۆش بووم ئەوەم نووسی

وەك بــە خۆشــی کەوتــە بــەرگوێم وابــرام هاتۆتــەوە
بــێ درۆ بــاوەڕ بفــەرموو چــاوەکەم روون بۆتــەوە
سەیری لەم کاتە نەخۆشی چی لە من کرد سـەد ئەسـەف
نەیــدەزانی فەســڵی گــوڵ هــات بولبــولم هاتۆتــەوە
مــژدە بــێ دیــداری ئێــوە عــومری تــازە کردمــەوە
شەربەتی وەسڵی کە نـۆش کـرد بـاش بـەخۆ کەوتۆتـەوە
بەختی بەرگەشتە ئەگەرچــی روو بــەرووی خـواری دەچـێ
سەد شوکر وەك سەروی رەعنــا ســەربەخۆ راســت بۆتــەوە
چــەرخە خــۆی وا بــا ئــەداتن قــادری قــودرەت نمــا
لوتفی خـوا دڵمـی بـە ئـاوی مەرحەمـەت شووشـتۆتەوە

سـورمەیی خـاکی قـەدەمتان روونـی کـردووە چـاوی دڵ
گەر چی بـێ کـەیف و زەعیـف بـوو قـووەتی گرتۆتـەوە
چـاوەکەم ئێـوەم سـەلامەت قـەت ئەجـەل چـاری نییـە
بـۆ بەسـەرهاتی زەمانـە زوو قەڵـەم وشـك بۆتـەوە
فیلحەقیقە من کە (عاصی)م قەت لە تۆ عاصی نەبووم
زوو بـەداوێکی مەحببـەت بـاش دڵـم بەستۆتەوە

١٩٧٥/٥/١٤

* * *

(٢٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

ئەم شیعرانە لە تەئریخی ١٣٤٠ ی هجری دامنابوو
لە لام نەمابوو . وا نووسیمەوە .
ئەو وەخت مەکتەب تازە پەیدا ببوو

بەسـیەتی ئـەی قـەومی کـوردی بـا وەتـەن نەبڕێتـەوە
ئـاگری ئاسـاری میللـەت چـاك وەیـە نەکوژێتـەوە
بـۆ خەزێنـەی عـیلم و عیرفـان جەهلـە ڕێگـەی گرتـووە
دەرکـی دیـوانی شـەفاعەت بـۆ لـەکورد نەکرێتـەوە
ڕووحـی دنیـا خـاکی کـوردە باعیـسی ژینـی هـەموو
چـاکە دەرگـەی عـیلم و عیرفـان بـا لـەناو بکرێتـەوە
خۆڵەمێـشی خـاکی ئێمـە بۆتـە جەوهـەر بـۆولاّت
حەیفە بـا ئـەو مەعدەنانـە قـەت لـە کـورد نەشـرێتەوە
بـا چـوغەی شمـشیری غـیرەت وا بەدەسـتی ئێمـەوە
سەد دەخیل ئەی قەوم و میللەت با لە دەسـت نەکرێتـەوە
خـاکی ئێمـە ئـەی ڕەفیقـان دارو بـەردی گەوهـەرە
جێـی ژیانـە وەك بەهەشـتە جـەهلی تیـا دەخولێتـەوە
هـەر دوعـاگۆتانـە(عاصـی) بـۆ وەتـەن بـووە جانفیـدا
شـیعری خۆشـتان بـۆ دەنێـرێ ئـەو دڵـی دەکرێتـەوە .

* * *

(٢١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

نامەکەی وەختی فیراقت هات بە ئەشکی خوینەوە
ئاگری عیشقت لە دڵما وا بەتەك بەنزینەوە
چاوەڕێی وەسڵی ئەتۆیە تەن بە جارێ دامرێ
کاتی وەسڵم من مەراقە چیم بە ماددەی ژینەوە
وا لەچینی زوڵفی تۆدا پێ لە کۆتی عیشقی تۆم
چینی ئەگریجەی ئەتۆم بێ چم بە سەر ماچینەوە
بەینی ئەبرۆت سەجدەگاهی عاشقی دڵ خەستەیە
غونچەیی لێوت دەمی دا وا بەسەر پەرژینەوە
من کە چاوم هەر لە تۆیە تۆش بە عیشوە رووکە من
تا نیساری مەقدەمت کەم رۆم بە قوستەنتینەوە
سوخمە ئاڵی قەد سنۆبەر لێم بپرسە دەفعەیێ
پێم بڵێ حاڵت چلۆنە تۆ بەدەم ناڵینەوە
چاو ڕەشی ئەبرۆ کەمانی بۆ بە کوشتن حەز دەکەی
شاهیدم موژگانی خۆتن بەو بڕۆی قەوسینەوە

شـــاهیدێکه ڕۆژی مـهحـــشەر بـــۆ شــەهیدیم وەك بــه چــین
من بــەرەنگی زەردی خــۆم و تــۆش بــه پەنجــەی خوینــەوە
عالـــەمت کـــردووە بـــه عەبـــدولافی ســـالاریت هەیـــه
بـــــەوکلاوەی لاری خـــــۆت و چـــــاوی خومارینـــــەوە
بـــۆ شـــەرارەی نـــاری عیـــشقت شـــاهیدت بـــۆ بێنمـــه ڕوو
وەك هەناســـەم گەییـــه زولفـــت پەرچـــەمت لەرزینـــەوە
ســـەیری نەشـــئەی دڵبـــەرم کـــەن وا بەلەنجـــه کەوتـــەڕێ
بـــەو کـــەوای گوڵـــداری زەردو قۆنـــدرەی لاپـــچینەوە
مـــن بەدەســـتی عیـــشقی تـــۆوە رووگـــوڵی گـــەردەن بلـــوور
بولبـــولێکم زۆر پەرێـــشان وام بـــە چـــنگ شـــاهینەوە
بـــۆ تـــەوافی کەعبـــەیی رووت هـــاتووم مـــەنعم مەکـــه
جێـــژنی قوربانـــه ســـبەینێ بمکـــوژە مەمژینـــەوە
تیری عیشقت دا لـــه جـەرگم مـــەوجی خـــوێنم گەییـــه دڵ
خوێن لە هـــەردوو لا بـــە دائـــیم تـــك بـــه تـــك ئەتکێنـــەوە
کوشـــتەیی تیغـــی برۆتـــە بـــێ کفـــن بیـــشارنەوە
تابڵێن (عاصـــی) شـــەهیدە خـــوێنی گـــەش بـــه برینـــەوە

* * *

(٢٢)

(به موناسه‌به‌تى نه‌ورۆز داوايان كرد شتێك بنووسم . منيش به‌ناوى به‌خێرهاتنى قائيمقام وئامير فه‌وج چه‌ند شيعرێكم به عه‌ره‌بى و كوردى نووسى له ١٣٩٢ ى هجرى و له ١٩٧٢ ى م)

ئه‌مه‌ش هه‌ڵبه‌ستى كورديمه

چه‌ند زه‌مانه كورد ده‌ناڵێ به‌م شرينقه‌و به‌نجه‌وه
چوو له ده‌ستيان نيشتمانيان گشت به غه‌زنه‌و گه‌نجه‌وه
كه‌وتنه به‌رده‌ستى ئه‌وانه‌ى خوێنى جه‌رگيان فڕده‌كه‌ن
ره‌نجه‌ڕۆ بوون تاكو ده‌مرن به‌و نه‌خۆشى و ره‌نجه‌وه
شێرى عيززه‌تمان ئه‌سيره وا له‌چنگ رێوى نيفاق
گورگى بێگانه ده‌مانخوا وا به پيرو گه‌نجه‌وه
ئافه‌رين بۆ كوردى پێشوو بوونه يه‌كدڵ بۆ هوجووم
سه‌يرى كاوه چۆن زوحاكى خسته گێژو مه‌وجه‌وه
ته‌فره‌قه بۆته ره‌وشتمان فيكرى سه‌ركه‌وتن به‌چى
ببنه‌يه‌ك سه‌ف با نه‌فه‌وتێن به‌و ده‌ماغى گه‌وجه‌وه

هـــەروەکوو دیـــواری پـــۆلا ببنەیـــەك پارچـــە هـــەموو
چـیت لــە نـــاکۆکی و مـــەراق و پرتـــە پـــرت و منجـــەوە
رۆژی نـــەورۆزە عـــەزیزان ئـــەووەلی فەســـڵی بـــەهار
کـــاتی شـــایی و هەڵپەڕینـــە زۆر بـــە لارو لەنجـــەوە
فەرمو با هەستین بـچین و سـەیری نـاو باغـان بکـەین
شـــۆڕەبی بـــسکی دەلـــەرزێ روو بـــەرووی ئەگریجـــەوە
غونـچە دێتـە پێکـەنین و بولبـولیش ئێـشك چـییە
بـەڵکو ئیمـڕۆ خـۆی ببینـێ لێـو بـە لێـوی غونـچەوە
بۆنی بـەیبوون و هەڵاڵـە و سـوورە گـوڵ تێکـەڵ ئـەبێ
نێرگـس و لالـــە و بنەوشـــە بـــەو گڵـــووکی قنجـــەوە
یەککـەتی بـوو کـەولی کـاوەی کـردە بەیـداغی نـەجات
خـــوێنی ناپـــاکی زوحـــاکی کـــردە کۆنـــە کونجـــەوە
تـۆش لــەباتی بــەزم و شـــایی چـاکە عیـبرەت وەرگـری
داری فیتنـــە هەڵقـــەنێنن زوو بـــە ریـــشەو پنجـــەوە
سـاڵ بـە سـاڵ وا دێتـە بەرچـاو هێرشـی کـاوەی دلێـر
گۆشـتی گورجیلـەی زوحـاکی وا بـە نـووکی پەنجـەوە
پـێم بڵـێن کـوردی عـیراق کامـەی لـە کـاوەی کـەمترە
ئـاخ خـەریکی داش بـە داشـن وا بـە فـەردو زەوجـەوە

شـێری مەسـتی ئێمـە ئیمـڕۆ کـاکی کـورد ، بەرزانییـە
خـۆش تەبیعـەت نـەرم وناسـك بەولـەتیفی ولەهجـەوە
وەك پلّنگـی چـنگ بـە خوێنـە شـێری نـەڕ دێنێتـە داو
ئـەو سـەرۆك وپـشتیوانە بـەو قـەڵات و بورجـەوە
چـەپلە لێـدەن هـەردولاتان دەنگـی (فلیحیـا العـرب)
بـا بـچێتە مێـشکی عالـەم تـا بـە چـین و زەنجـەوە
روولە خوا کەن قەومی کـوردی دینـە ئێـوەی بـردە پـێش
رووکەنـە ڕێگـای هیدایـەت زوو بـە پیروگەنجـەوە
سەد ئەسەف مووخی دەماغمـان بۆگـەنی کـرد تەفرەقـە
(عاصـی) تـا مـاوە دەگریـێ بـەو شـرینقە و بەنجـەوە

لە کۆیە نووسراوە

* * *

(٢٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

ئـەی مریـدان سـەد بەشـارەت شـاهی شـاهان هـەر ئـەوە
شـــاعەلائەددین بناســـن قـــوتبی دەوران هـــەر ئـــەوە
هــەر کەســیٚ غەوواســە ئێمـڕۆ بێتــە دەریـای کـۆیی ئـەو
گەوهــەری مەقــسەد دەبینــیٚ بــەحری عیرفــان هــەر ئــەوە
جێی نەجاتــە ئــەی موسـلمان کۆسـپەکەی دەرگـاهی ئـەو
بـۆ پـەناهی بـیٚ نـەوایان غـەوس و سـولتان هـەر ئـەوە
پێــی بلّــێن هــەر چــی ئەسـیرە کەوتــە زینــدانی خــەتا
دوژمنی نەفـسی خەسـیس و کەیـدی شـەیتان هـەر ئـەوە
مورشــیدی هــەر پێــنچ تەریقــەت شەهــسواری ئــەولیا
مەزهــەری ئــەلتافی حــەقق و نــووری ئیمــان هــەر ئــەوە
ســاحبی (ضــمنیة الکــبری)یــە ئیمــڕۆ تــیٚ بگــەن
چـونکە (غـوث المـستمدین) بـۆ مریـدان هــەر ئـەوە
هـــەر کەســـێکی دەردەدارە زاهـــیرو بـــاتین حـــەکیم
بێتە دەرگـەی بـۆ نـەجات بـوون ئیمـڕۆ لوقمـان هەرئـەوە

بۆ نەتیجـەی مەزرەعـەی دڵ تـۆوی تەوحید بێتـە دەست
بەرقی نـووری خـۆری رەحمـەت ئـەبری نیسان هـەر ئـەوە
تـۆ دەزانـی جێـی نەجاتـە ئاسـتانەی شـا عـەلاء
کەعبـەیی موقسوودە بـۆ دڵ کـانی ئیحسان هـەر ئـەوە
فـەخری دینـی مـستەفایە جیلـوە بەخشی ئـەهلی دڵ
جێنـشینی نەقـشبەندو غەوسـی گـەیلان هـەر ئـەوە
زیلجەناحەینـە بـەوەللا مەرجـەعی فتـوا بـە حـەق
واریـسی فـەیزو زیـاوو شـاهی عوسمـان هـەر ئـەوە
مەزهـەری لـوتفی خـوداوو خۆشەویـستی حەزرەتـە
پـەیڕەوی فەخرولئـەنام و ئـەمری سـوبحان هـەر ئـەوە
هـەر ئـەوە غەوواسـی بـەحری عیلمـی بـاتین بـێ خیلاف
مورشیدو مـوفتی وو غـەوسـی جیـنن و ئینسان هەرئـەوە
ئـەی دڵـی پەروانـە گـەرتۆ تـالیبی نـووری وەرە
روویـی ئـەو زاتـە ببینـە شـەمعی رەخشان هـەر ئـەوە
(عاصی) رووت کردووە لە دەرگەی حەزرەتی غەوسوززەمان
جێـی نەجاتـە دابنیـشە چـاری عیـسیان هەرئـەوە

* * *

(٢٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلى هەشتى مەحزووف)

فورسـەتە ئـەی کـورد دەخیلـە قـەت نەکـەن بکـشێنەوە
ئینتیقـامی دیـن ونـامووس زوو بـە زوو بـستێننەوە
بـەو خودایـەی لامەکانـە بـێ خـودا هـیچ نـاکرێ
ببنـە حیزبـوللا عـەزیزم قـەت لـە یـەك مەپـسێنەوە
پـشتیوانتان گـەر خـۆدابێ کـێ هەیـە خـۆی راگـرێ
خـوا لـە قورعـان وەعـدی داوە ئایەتـە بخوێننـەوە
ئیـشتراکی و مارکـسی بـۆ دینـی ئیـسلام ئـاگرن
بـۆ خـودا تێکۆشـە ئـەی کـورد هـەردو لابکوژێنـەوە
ئـەو کەسـەی فتـوای کـە داوە پیـاوو ژن تێکـەڵ بـبن
دیـارە بـێ نامووسـە بۆخـۆی زوچـنە بیـشکێننەوە
ژاری وەی بـابی نیفاقـە جـەرگی کـوردی وارزانـد
زوو بـە بـەردی یەککـەتیتان مێـشکی ئـەو پڕژێننـەوە
سەیری تاریخ و کتێب کەن هـەر نیفاقـە کـوردی کوشـت
(عاصـی) جـەرگی پـڕ برینـە چـی تـری مەکولێننـەوە

❊ ❊ ❊

(٢٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

چەند زەمانە من نەخۆشم وا بەداخی کوردەوە
بەختی سووتا بوو لە شەترەنج یەك کەڕەت نەیبردەوە
ژووری غەمخانەی ئۆمێدم ئەم هیوایەی قەت نەبوو
تا چرای سوبحی سەعادەت هات و ڕوونی کردەوە
حەیدەری کەڕڕاڕی کوردان هاتە جۆشش غیرەتی
عەزمی پاکی هاتە ناودڵ دەرکی دەعوای کردەوە
تۆپ ودەببابەو تەیارە کەوتنە گرمەو ناڵە ناڵ
ئەو پڵنگی چنگ بە خوێن بوو هات و دەستی کردەوە
وەك عەسای مووسابوو بڕنەو ساحیری کردنە ئەسیر
بۆیە فیرعەونی زەمانە کەوتە بەحری زەردەوە
تۆپی فتبۆل هاتە مەیدان تیپی مەغروور تێشکا
شوکرولیللا مامەپیرە شەش بەهیچ لێی بردەوە
ئەو هەموو کوردە هەژارەی تاکو ئێستا مردبوو
هەروەکوو عیسایی مریەم گشتی زیندوو کردەوە

هیممــەتی بــەرزی ســەرۆك و كوشــتنی پێــشمەرگەكان
گەردنیان كەچ كــرد بەبەعــسی بــەو دڵــەی وەك بــەردەوە
گەر مەراقتە كــاكی گــوێگر فیكــریێ لــەم رەمــزەی بكــە
تــێ دەگــەی ئــەم نــاوە بــەرزە كــێ بــوو پەیــدای كــردەوە
زوو بــچۆ بــن كێــوی غــیرەت ســەیری بــەرزایی بكــە
نوختەییێكــە بــۆ ئیــشارەت كــێ بــو نــەردی بــردەوە
ببنەیــەك پارچــە دەخیلــە روو لــە خــوا كــەن زوو بــەدڵ
كــانی زێــڕو چــەند مــەعادین وا بــە دەســتی كــوردەوە
خزمەتی دین و وەتەن كــەن تــا لــە دەســتتان دەرنەچــوون
پشتیوانتانن گەر خــودا بــێ چیت بــە كێــو و هــەردەوە
(عاصی) هێشتا هەر نەخۆشە چونكە كورد دووپارچــەیە
ترســـی تێـــك چـــوونە دەگریـــا وا بـــەدەنگی زەردەوە

* * *

(٢٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

لەبیارەی بووم ، شێخ چووە ئەحمەدئاوا
بەگزادەیەکی هەورامی داوای بەشی دەکرد لە ئەحمەدئاوا
شێخ زۆرمایەوە
منیش زۆر ئارەزووی شێخم هەبوو. ئەوەم نووسی:

چـــاوەڕێی ڕێگـــای تـــەبیبم بـــەڵکو ئیمـــڕۆ بێتـــەوە
تـــا برینـــی دەردی هیجـــری زوو بـــە زوو چـــابێتەوە
جۆشـــشێکی خـــستە نـــاو دڵ ئـــاگری هیجرانـــی یـــار
خـــۆ بـــە ئـــاوی زەڵـــم و ســـیروان زەحمەتـــە بکوژێتـــەوە
عـــەرزو حاڵێـــك بابنووســـین بـــۆ زیائـــەددین عومـــەر
بـــەڵکو فرمێـــسکی لـــە چـــاوی غیرەتـــی بەربێتـــەوە
ئـــەو کەســـانەی بوونـــە بـــاعیس ئـــەم فـــیراق و زارییـــە
بـــا چـــرای عـــومری عـــەزیزی تـــا ئەبـــەد بکوژێتـــەوە
بەشقی موویی [1] روویی زاتی فەخری عالەم ئـەی خـودا
چـــاوی کـــوێر بـــێ دەســـتە ئـــەژنۆ نوتفەشـــی ببڕێتـــەوە

---

[1] چونکە (١٠) مووی مەحاسینی شەریفی حەزرەتی ڕەسولەللا (ص) ئەوا ئەڵێن لە بیارەیە ، لە مەرقەدە، لە پشت سەری حەزرەتی زیائەددین . (عاصی)

هەرکەسێ لەم خانەدانە فیکری زوڵمی گەربێ
غەرقی تۆفانی غەزەب بێ تا ئەبەد بخولێتەوە
گەر چە من (عاصی) م وئەمما خاکی پایی دڵبەرم
داغی ئەم دەردە لە دڵدا زەحمەتە رەش بێتەوە

*   *   *

(٢٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

بە موناسەبەتی رۆژی مەولوودی فەخری عالەم
(صلی الله علیه وسلم)
لە ساڵی ١٣٩٣ هـ و ١٩٧٣ م

موژدە بێ بـۆ قـەومی ئیـسلام بـەحری تەوحیـد ژیایـەوە
دەرکـــی ئـــاگر داخـــراوو جەننـــەتیش رازایـــەوە
رۆژی ڕێژنـــەی لـــوتفی خوایـــە ئومـــەتی خەیرولئـــەنام
بـــەحری رەحمـــەت کەوتـــە جونبـــوش واشـــەپۆلی دایـــەوە
ســـەیری بەیـــداغی بەشـــارەت بـــۆ مـــەقامی خاتـــەمی
شـــادمانی ئەیلـــەرێنێ نـــووری لێ ئەتکایـــەوە
ئـــەرزو ئاســـمـان پـــڕ لـــە نـــوورە رۆژی کـــەیف و شـــادییە
غونـــچەکەی بـــاغی نوبـــووەت ســـەد شـــوکر پـــشکوایەوە
کـــاتی تەبریکـــە موســـڵمان حـــەزرەتی رووحولئـــەمین
هاتـــە بـــانی کەعبـــەتوللا وا بەچـــەند ئاڵایـــەوە
بۆتـــە خاتـــەم بـــۆ نوبـــووەت ئەحمـــەدی خەیرولبەشـــەر
نـــووری تەوحیـــدی بـــە قـــووەی مەعریفـــەت هێنایـــەوە

مرحبـــا اهـــلا وســـهلا یـــا امـــام الانبیـــا ء
خاتـــەمی لایـــەق بـــە تۆیـــە بـــەم بلّنـــدی و پایـــەوە
کـــاتی پەخـــشانی خەلاّتـــە بـــۆ موســـلّمانی موتیـــع
دەرکی رەحمەت کەوتە سەرپـشت نـووری دیـن ئایسایەوە
هاتە دونیـا فـەخری عالـەم سـەیری بـۆ تـەبرێکی ئـەو
چـەند هـەزار ئـالآو مەلایـەك وا بـەرووی دنیایـەوە
سـەیری سـام و هەیبـەتی کـەن رۆژی مـیلادی ئـەوی
تاقی کیـسرا کەوتـە رووخـان گـشت بـە تـاق و پایـەوە
بـۆ بلّنـدی حورمـەتی ئـەو هـەم بـەناوی مـوعجیزە
دووکـەلّی فـارس خـلاس بـوو ئاگرەکـەی دەکوژایـەوە
ئـاوی سـاوا بـوو بـە دێـم و ئـەو بوحـەیرە وشـکە بـوو
ئـاوەدانی لێ خـەلاس بـوو وا لـە هەرچـوارلایەوە
سوورەتی (اقرأ) لە قورئان وەك کە جبریـل تێـی گەیانـد
سـەحفەیی تـەورات و ئینجیـل یـەك بەیـەك پێـچایەوە
حوکمی قورئان بوو بە دەستوور بۆ ئەجیننەو هەم بەشـەر
حەمـدولیللا فیکـری تەوحیـد سـەرلەنوێ واژیایـەوە
داری بانگ کردو کە هاتیش مەیلی سـەجدەی بـۆ دەکـرد
کـۆترە باریکـە لـە ئەشـکەوت دوژمنـی گیّرایـەوە

یــەك منــاڵ بــێ داك و بــێ بــاب قــووەتی پێغەمبــەری
خــوای قوڕەیــشیانی لــە كەعبــە ســەرنگوون بەردایــەوە
یەعنی جورمی لات وعــزا هــەم مــەناتی تێــك شــكاند
بــوو بــە ئیــسلام پیــاوی عاقــڵ زوو لــە كفــرا كــشایەوە
خوا لە سوورەی نوون لە قورئان مــەدحی ئــەخلاقی دەكــا
سەیری بــەحری عیلمــی ئەوكــەن حیلمــی لێ دەخولایــەوە
دوژمنی گــەورەی ئــەوی بــوو وا ئــەبوو جــەهلی لــەعین
شــیری تیــژی عیززەتــی دیــن زوو ســەری پــێ نایــەوە
یــا رەســوولەللا بــە قوربــان چاوەشــی تــۆم كــوا خــەڵات
خــۆت دەزانــی بــۆ شــەفاعەت چــەند بــە دڵ پاڕایــەوە
شوهرەتی خۆم كــردە (عاصــی) ســەد هــەزارجار تۆبــەبێ
دڵ پەشــیمانە بــە راســتی بــۆ حــەیا بایدایــەوە
زۆر خــەریك بــوو تــاكوو پیربــوو وا لەگــەڵ دنیــایی دوون
فائیــدێكی وەرنــەگرت و چــەند بــە چــەند چەوســایەوە
پــیر و بــێ هێــزو زەبوونــە مــستەفای (عاصــی) دەڵــێ
ئــەی تكاكــاری گوناهكــار رووبكــە بــەم لایــەوە

* * *

(٢٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

بە موناسەبەتی مەولوود کە لە مزگەوتی گەورەی کۆیە بەسەرپەرشتی مەلایەکان کرا ، منیش ئەوەم نووسی و خوێندمەوە موقابیل بە خەتمی پێغەمبەر. ئەگەر ئەو غەزەلە کەم بوو ئەمما گەلێکم زیاد کرد، بە موناسەبەتی مەولوود

گوڵشەنی خەتمی نوبووەت هەر گوڵێکی گرتووە
سەیری بۆن و جەوهەری کەن کائیناتی گرتووە
گەوهەرێکی شەوچراغە ئەووەل و سانی نییە
شەوقی دینی شەرق و غەرب و ئاسمانی گرتووە
دانە دوورڕێکە بە شکڵی ئادەمی هاتە وجوود
نووری تەوحیدە لە جیلوەی مەعریفەت پەیدا بووە
چوونی سەرئەوجی نوبووەت بۆ مەقامی خاتەمی
ئینتیخابی لوتفی حەققە ئیختیاری کردووە
سەیری کەن پەرگاری قودرەت حوکمی نەققاشی ئەزەل
سوورەتێکی چۆنی کێشاوە سەوقی کوێشی کردووە

کردییــــە خەیروڵخــــەلایق بردییــــە عەرشـــــی عــــەزیم
جبرەئیلـــی کـــردە دختـــۆر شــەرحی ســینەی کـــردووە
چەند لـە پـێش خـەلق و وجـودی ئـادەمی بـابی بەشـەر
بۆ نەجات کردییـە شـەفیع و تـا لـە نەکبـەت دەرچـووە
وا مــەزانن شــەوقی رۆژە جلــوە بەخـشە بــۆ زەمـــین
زەرڕە نوورێکـــە لـــە رووی ئـــەو ئیقتیباســـی کـــردووە
هــەم مــەزانن کۆچـی دوایـی ئـەو لـە دنیـا مردنـە
وا لـە سـایەی عەرشـی ئـەعلا تـا قیامـەت نووسـتووە
یــا رەســـوولەللا تەماشـــا ئوممـــەتت میـــوانی تـــۆن
جێــژنی مـــیلادی ئەتۆیـــە گوێزەبانـــەی کـــردووە
کۆمــەڵی ئیـسلامە هــاتوون پێکــەوە کـورد و عــەرەب
قـــووەتی دینـــی ئەتۆیـــە پـــشتی یـــەکیان گرتـــووە
تــا لــەدەعوای خاتەمیــدا تــێ بگــەن بــا خــاس وعــام
خــوا لەقورئانــدا بــە خاتـــەم شـــوهرەتی دەرخـــستوە
جێژنــەتان پــیرۆز هــەمووتان ئوممــەتی خەیرولئــەنام
خــوا قبـــووڵی کــا بەرەحمــەت رێـی سـەوابتان گرتـــووە
سەد دەخیل ئەی شاهی لەولاك تۆش بفـەرموو مەرحـەبا
چونکە رێز گرتن لـە میـوان خـۆت پەسـندت فـەرمووە

چـۆن رەوایـە مـن لـە قاپیـت دەرکـرێم بـێ بـەهرە بم
چونکە عـومرم مـن لـە هەشـتا زیـاتریش تێپـەڕ بـووە
بـەو شـەقامی دینـی تـۆدا تـاکو ئێـستا هاتمـەرێ
خـوا دەزانـێ لام نـەداوە بـەڵکو قـاپیم تـەڕ بـووە
ئەوکەسەی مەدحت کـە کـردووە ئـەو شـەفیعە مـستەفا
مـستەفای موختـار لـە دەرگـەت مـستەفایەك کـەوتووە
پـڕ گونـاه و رووڕەشـێکە رووی نییـە بێتـە حـزوور
قـەد خەمیـدەو تـەن زەبوونـە پـیرو بـێ تاقـەت بـووە
دەسـتی مـن دامێنـی عـەفوت چـاوەنۆڕی مەرحـەبام
نەك بڵـێن بـێ بـەش لـە لوتفـت دەرکـراو خـوێڕی بـووە
چـەپڵە لێـدەن ئـەی موسـڵمان رۆژی رێژنـەی رەحمەتـە
نـووری فەخرولعالەمینـە تەلعـەتی وا کـردووە
بـاری شـانی زۆرگرانـە چـونکە نـاوی (عاصـی)یـە
وا لـە قاپیـت رووم لـە ریـزەی خـوانی لوتفـت کـردووە

❊ ❊ ❊

(٢٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

مەرسییەی مەلا بەهائەددینی برازام
لە (١٥) ی ربیعولئەووەلی سەنەی ١٣٧٤ ،
رێکەوتی ١٩٥٤/١٢/١١ وەفاتی کرد لە دێی (کارێزە) ی ناوشوان .
وا لە خاڵخاڵان ناشتراوە . خودایە عەفووی بکەی

قــــووەیی نـــوقم نـــەماوە فیکـــرو هۆشـــم کـــەم بـــووە
ئـــاگری مــــەرگی عـــەزیزە وا لــــە جــــەرگم بـــەربووە
گـــەر دەپرســـن بۆچـــی ئێـــستا ســـینەکەم وێرانەیـــە
قونبولـــەی فرمێـــسکی چـــاوم بۆردومـــانی کـــردووە
نـــووری چـــاوم قـــووتی رووحـــم هێـــزی ئەنـــدام و دڵـــم
نەوجـــەوانی جوانـــە مـــەرگم کۆچـــی دوایـــی کـــردووە
ئاخـــەئاخی وەختـــی نـــەزعی حەســـرەتا مـــامم نـــەهات
بۆتـــە خـــۆرە وا لـــە جـــەرگم زۆر بـــە ناســـۆر کـــەوتووە
یـــادی دەرناچـــێ لـــە قـــەلبم مـــەنزەرەی روخـــسارەکەی
دڵ وەکـــوو ئاوێنـــە عەکـــسی قـــەددوباڵای گرتـــووە

بـــای ئەجـــەل هـــات و لـــەناکاو مەدرەســـەی پێـــچایەوە
حوجرەکـــەی تەدریـــسی ئێـــستا تـــۆزی غـــەم لێـــی نیـــشتووە
یەك هەزارو سێ صەد و حەفتاو چوار بوو کۆچی کرد (١٣٧٤)
چـــۆتە خاڵخـــالانی پـــیرۆز تـــا قیامـــەت خـــەوتووە

* * *

(۳۰)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

یــا رەسـوولەڵلا لــە دڵـمــا ئیــشتیاق پەیــدا بــووە
مەزرەعــەی ســەبرم بـە جـاریٚ ئــاگری تــیٚ بــەربووە
وا مـەحەببـەت ئیـستیلای کـرد پـیٚم تەسـەڵلا نـادریٚ
بــاغی ئومێــدی ویــساڵم تــازە غونــچەی گرتــووە
سـەد ئەسـەف وا حەسـرەتا رەوزەی مەدینـەم هەرنـەدی
چــارو بێــچار هــەر دەنــاڵم دڵ لــە دەســتم دەرچــووە
سینە گەر بێت و بـسووتیٚ قـەت عـەجایب تـیٚ مەگـەن
وا چــراغی ئیــشتیاقم بــۆ ویــساڵت پــیٚ بــووە
کــەی دەبــێتن بــچمە رەوزە تــا بڵــێم ئۆخـەی ئــەوا
مــستەفای (عاصـی) لــە قــاپی مـستەفادا کـەوتووە

❊ ❊ ❊

(٣١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

یـــا ڕەســـــوولەڵلا دەخیلـــه مـــن دڵـــم غەمخانەیـــە
ئـــاگری فیتنـــه هەڵایـــسا عالـــەمیش پەروانەیـــە
بای غەزەب هەنـدە بـەهێزە عالـەمیش پـووش و پـەڵاش
حەســـرەتا چـــاك و خـــەراپی ئـــەو لـــەلا یەكـسانەیە
قـەترە فرمێـسكی هـەتیو و ئـەهلی مـەزلووم و فـەقیر
دوور نییـە ئاسمـان كـە ڕەش كـا پێـی بڵـێن خمخانەیـە
بـێ شـعوور و بـێ دەماغـە هەرچـی دەیبینـی دەڵێـی
گـشتی سەرخۆشـە بـە جـارێ مەسـتی نـاو مەیخانەیـە
گـەر نییـە ئیمـدادی عالـەم ئـەی ئومێـدی ئوممـەتت
عالـــەمی ئیـــسلام نەخۆشـــە فیتنـــە وەك جۆلانـــە یـــە
گەرچـی ئێمـە موسـتەحەققین یـا حەبیبـەڵلا دەخیـل
چەند زەعیفـەی پیـاو كـوژاوو بـێ كـەس و وێرانـە مـاڵ
چـــەند منـــاڵی وا بـــەدواوە بـــێ پـــەناو هێلانەیـــە
وا فەلـەك كەوتۆتـە ناڵـە هـەم مەلـەك زۆر عـاجزن
گـوێی لـە ناڵـە و نـووزە نـووزی دەنگـی ئـەو گریانەیـە

تــۆپ و دەببابــە لــە ئــەرزو قونبولــەی تــەییارەکان
روو لـــە هـــەر جێگـــا دەکـــاتن ســـاعەتەن وێرانەیـــە
کەس بە کەس رەحمی نـەماوە چـی لەگـەڵ یـەکتر بکـەن
لای حەلالــە قــەتل و ســووتان ســەیری لــەم پەیمانەیــە
یـــا رەســـوولەللا دەخیلـــە تـــۆ عـــیلاج و چـــارەکە
بـا لـە دەسـتمان دەر نەچـێ دیـن بـەو هـەواو پیلانەیـە
حوکمی قورئان و حـەدیس و شـەرعی ئیـسلامی هـەموو
رەغبــەت و قــەدریان نــەماوە دیــن و دونیــا ئانەیــە
تــۆی تــەبیبی دەردی (عاصــی) یــا رەئیــسەلئەنبیاء
زوو تــەداوی کــە دەخیلــە ئێــشەکەی دورخانەیــە [1]

* * *

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (گەربکەی دەرمانی دەردی چاری ئەم دەرمانەیە).

(٣٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

سـەیری ئـەم کۆیـە لـە ئێـرە وەك سـەرای شـاهانەیە
ساحیبیـشی قـەول و فیعلـی هـەردو هـەر مەردانەیـە
ئـەو لـە گـەڵ دیـوانی شـادا نـسبەتی چـۆن بـاوەڕە
چـونکە قوببـاد لێـرە ئیمـڕۆ خـادیمی دەرگانەیـە
قەسـرو تـەختِ و بـاغ و بـەختی وەك سـلێمان دائیمـا
مەرجـەعی خـاس وعـەوام و ئـەقریبا و بێگانەیـە
تـەختی ئیقبـالی فەریـدوون بۆتـە فەرشـی بـەختی ئـەو
جـامی جەمـشید جەوهەرێکـە مەعـدەنی لێرانەیـە
تـاجی کـەیکاوس مەسـینەی قاوەجـاغی مەجلیـسی
بۆیـە بـۆ شـەمعی جـەمالی (عاصـی) وەك پەروانەیـە

* * *

(٣٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

جەوابی جێژنە پیرۆزەی
مەلاسەید محەمەد لە هەولێر

لـوتفی عامـه وا بـه قوربـان خاسـسی زولقوربـا نییـه
لێـت موبـارەك جێـژنی قوربـان مەوسـیمی قوربانییـه
زۆر بـه فـەخرو کامـەرانی دەسـتەکانت مـاچ دەکـەم
خـۆم بـچووکی تۆمـه قوربـان مـن سـەرم قوربانییـه
سـەر دەنێمـه ژێـری پێـت و بـەردە بـازی رێگەتـه
فـەخره بـۆمن هـەردو چـاوم مننـەتی تێـدا نییـه

* * *

(٣٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەل هەشتی مەحزووف)

کەس وەکوو تۆ یا ئیلاهی بێ کەس و هەمتا نییە
کەس وەکوو من پڕ خەتاوو خام و بێ تەقوا نییە
موفلیس و مەحزون و بێکەس روو لە قاپی کێ بکەم
خۆ لە قاپی تۆ زیاتر هیچی تر مەئوا نییە
تاکو دەمرم گەر فیرار کەم من بە تەبیارەی هەوا
ناگەمە جێگەو پەنایێ غەیری تۆ مەئوانییە
رۆژو شەو سەرفی خەیاڵم من لە فیعلی خۆمە کەم
هیچ کەسێ وەك تۆ خودایا رەحمەتی بێ پا نییە
خۆت ئیلاهی پێت نیشان دام ناوی رەحمان وڕەحیم
یارەحیم ئیرحەم بیحالی دیارە چیتر خوا نییە
هەرچی نووسیومە لە دەفتەر وەسفی حاڵی خۆمە من
مەقسەدم ئیزهاری حیلم و شوهرەتی بێ جانییە
نیمەکارێ موقتەزابێ بۆ رەزاو و رەحمەتت
میسلی من لەم عەسرەیارەب رووسیا و رسوا نییە
(عاصی) هەرچەندە لە فیسقا غەرقە ، ئیمانی هەیە
غەیری تۆ بۆ کەس خودایی مومکین و بڕوا نییە

* * *

(٣٥)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

شەهنـــشا بـــووم لـــە وەختێکـــا ئەوێـــستاکەش گـــەدام یـــارەب
لە گەڵ ئەو حاڵەشـــا سـەیری ئەسـیری دەســت هـەوام یـارەب
حەتا پەنجاوو سێی هیجری ئەمن چەند حورڕ و سەربەست بووم
کەچـی وا بوومـــە عەبــدێك و بەســی درهـــەم کـڕام یـارەب
چـرای شـــەوقم لـــە بـــەینیَ کـا بـە قـــووەی کارەبــای فیکــرم
دەئێـــستا وو ئەمێـــستاکەش عـــەوامێکم نـــەفام یـــارەب
دەزانی چۆن لە دەورێکـا کـە سـاحیب ئـەمر و نـەهیی بـووم
بە پەنجەی ئەمرونە هیی غـەیر بـە دائـیم وەك کـەلام یـارەب
بـە گـەنجی عیـززەتێکم بـوو ئەسـەف لـەم عـومری ئاخیرمـا
موقـــەددەر سـەوقی وا کـــردم ئـــەمن بوومـــە غـــولام یـــارەب
هەمیشە مات وگەردەن کەچ کەمەربەستەم لـە بـۆ خزمـەت
بە هەیئەت گەرچـی ئینـسانم موقـەببای بـێ بـەهام یـارەب
لـــە جنـــسی دائـــیرەی ئینـــسان نییـــە دڵـــدارو یـــارێکم
لـە دۆسـت و خـزم و بێگانـە ئـەمن هـەر بـێ وەفـام یـارەب

دەمــــاغم خاڵییــــە دائیـــم لـــە هـــۆش و عـــەقڵ و ئیـــدراکا
وەکوو پووشـــی جەبـــەل دائیـــم چـــە بـــێ قـــەدرو بـــەهام یـــارەب
لـــە گێـــژی زیللـــەتا غـــەرقم شـــکاوە لەنگـــەری هۆشـــم
لـــەخاکی حەســـرەتا ئیمـــڕۆ ئـــەوا بوومـــە نـــەمام یـــارەب
بـــە دەردێکـــی گرفتـــارم سەوابیـــشم خەتایـــە مـــن
ئەگـــەر چـــی بـــێ وەفـــاش نیمـــە وەلێ هـــەربێ وەفـــام یـــارەب
لە ژێر خەیمـەی نەدامەتـدا لـە نـاوجێی میحنـەتا کـەوتووم
لـــە ئەجزاخانـــەیی رەحمـــەت بـــە ئومێـــدی دەوام یـــارەب
ئـــەتۆ عیلمـــت هەیـــە گـــەرمن تەکـــەببور پـــەروەریم نـــەبووە
هـــەتا ئێـــستا بڵـــێم بۆیـــە بـــە زیـــەت موبتـــەلام یـــارەب
نـــەماون داك و بـــابی خـــۆم هـــەتا دڵیـــان بـــسووتێ بـــۆم
چە کەس رەحمێ بـە مـن ناکـا ئـەتۆی پـشت و پـەنام یـارەب
لـــە مایـــەی دیـــن و ئیمانـــا زەرەردارم نەکـــەی بەسمـــە
حـــەیاتم نـــاوێ گـــەر بژیـــەم بـــە قـــووتێکی حـــەرام یـــارەب
دڵـــم وەك شووشـــە پـــڕژاوە بـــە بـــەردی میحنـــەتی تەعنـــە
زەلەی زیللـەت شـعووری بـرد لـە ژێـر بـاری خـەتام یـارەب
بە حـەققی خوایـەتی خـۆت و بـەرەوزەی مـستەفای موختـار
نـەجاتم دەی لـە ئـەم حاڵـە نەچـی مـاددەی حـەیام یـارەب

بــه فرمێــسك و دڵۆپــەی چــاوی شــەوخیزانی وا مــوخلیس
بکــەی دەرمــانی دەردی دڵ کــە چــونکە بــێ نــەوام یــارەب
لــە تەعنــەی یــارو ئــەغیارە ئەمانــەم وا بەدڵــدا هــات
هــەزار دەفعــە خــودا تەوبــە بــە هــەرحاڵێ ڕەزام یــارەب
کــە چــونکە بوومــە هاونــاوی ڕەســوولی ئــەووەل وئــاخیر
بــسێنی ئینتیقــامی دڵ کــە (عاصــی) م موســتەفام یــارەب

* * *

(٣٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

مەرسییەی شێخ عەلائەدینی بیارە قدس سرە کە لە (١٣٧٣) وەفاتی فەرمووە لە بیارەی شەریف

کۆچی کـرد ئیمـڕۆ لـە دونیـا وا لـە جەنبـەی رۆژهـەڵات
شەهـــسواری عەرســـەگاهی دینـــی فـــەخری کائینـــات
نـــائیبی فـــەخری ریـــسالەت مەزهـــەری ئـــەلتافی حـــەق
مورشـیدی رێگـەی هیدایـەت مەسـدەری ئـەعلا سـیفات
هەوری نەکبەت هاتە ئاسمان ئـاوی حەسرەت هاتـە خـوار
ســـوورەتی تۆفـــانی کێـــشا وا لەســـەر جوملـــەی وڵات
ئەشکی دیدەی چەرخی گەردوون خاك بە سەرخۆیدا بکـات
روو لەکوێ کەم؟ روو لە کوێ کەم؟ کێ بەیار بگرم بەدڵ ؟
چـــاوەنۆڕی لـــوتفی کـــێ بم تەربییـــەی رووحـــم بـــدات
پادشـــاهی پـــایی تـــەختی نەقـــشبەندی شـــاه عـــەلا ء
ئیستیقالەی کرد لە دونیـا تـەرکی کـرد روتبـەی حـەیات
رووی لـــە عوقبـــا کـــرد و رۆیـــی بـــۆ حـــەیاتی جاویـــدان
پادشـــاهی زولجـــەلالیش قەســـری عولیـــای کـــرد خـــەڵات
٥

* * *

(٣٧)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

دیاری جێژنە پیرۆزە

هـەموو عـومرت هـەتا مـاوی دەقیقـە و زەڕڕە وو سـاعات
هەمووت هەر جێژن و خۆشی بێ بە بێ دەردو غەم و ئافـات
گوڵی مـەقسوودی خۆت بۆن کەی لە ناو باغی ژیـانی خـۆت
ئەمانەش هەر موبارەك بن لـە ڕووح و جیسم و هـەم بـاڵات
لـە بـۆ ئـەم عـەرزی تەبریکـەت وەکیلـی بەندەیـە کـاتم
بە ئومێـدی قبـووڵ کـردن بـە شـەوقی موخلیـسی واهـات
فەرامۆشـیان نەکـەی قوربـان ئەوانـە موخلیـسی خـۆتن
لـە یـادت دەرنەچـن گـەورەم غـولام و بەنـدەیی دەرگـات

* * *

(٣٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

چێژنە پیرۆزە
بۆ قایمقامی کۆیسنجق
حیکمەت زەهاوی

سالّ و مانگ و ڕۆژو جومعە هەم شەوو لەحزەو سەعات
نیو دەقیقە نیو هەناسە تا بە نیو زەڕڕەش دەگات
گشتی بۆ تۆ جێژنەبێت و لێت موبارەك ئەی جەناب
کە هەرەبای عیززو شەرەفتان دائیما شوعلەی بدات
بەخت و ئیقبالّ هەردو ببنە کارتی (ایا مك سعید)
عەشرەتی عوشرەت لە دلّتا تەپلّی شاهی لێ بدات [1]
کامەرانی و کەیف و سیححەت ببنە نێچیری هیوات [2]
شادمانی ئیقتیباسی شادمانیت لێ بکات
گومگومەی سەرتاوەجاخی دیوەخانت تاجی کەی
جامی جەم فنجانی دەستت قەیسەریش قاوەی بدات
ڕۆژی جێژنە بەزم و خۆشی و شادمانی عالەمە
جێژنی (عاصی) لوتفی تۆیە ئەی بەگی عالی سیفات

* * *

---

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا ، نووسراوە: (دەولّەتی عیززەت لە دلّتا ....) .
[2] لە دەستنووسێکی دیکەدا ، لەباتی (هیوات) نووسراوە (دلّت).

(٣٩)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولان
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولان

(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەقسوور)

مانگی ڕەمەزان ڕۆیوە جێژنی ڕەمەزان هات
هەر کوردی جەفا دیدە کەوا تووشی خەتەر هات
قەومێکە جگەر پارە بە سەر پەنجەیی ئەغیار
ئیمڕۆکە پەراگەندەیە کەوتۆتە وەڵات
تەییارە خەتیبە ، لە هەوا تۆپە موئەززین
هەر دۆشکەیە دەسڕێژی ئەکا گوللە بە چوکلات
ئەلغامە لە جێی تۆپی بە شارەت کە ئەتەقێ
دەببابە ئەلوورێنی دەڵێ کوردە ئەجەل هات
تیزابە لە جێی شەربەت و شەکراوە پڵاومان
هەرساتە لە ناو ئێمە کە پەخشانی ئەکات
دەست ڕێژە لە هەر لاوە بە هەر نەوعە چەکێکی
سەدجاشە کە نامەردە هجوومی کە دەکات
فورسەتە تۆش هەستە لەخەو وەکو شێر
ترست نەبێ لەو جاشە کەرەی ئەهلی یی وڵات

سـەیری بکـە چـۆن دوژمنـی تـۆ هەڵدەپـەڕێ
دوو جێژنەیـە ئیمڕۆکـە لـەلای ئـەهلی خـەرافات
ئـەلئان پـڕە ئـەو دەشـتە لـە چـەند لاشـەیی جاشـی
گـورگ و چـەقەڵ و رێوییـە ئـەو لاشـەیە ئـەخوات
(١)

....

نێزیکـە کـە (عاصـی) لـە خەفـەت ئێـوە بفـەوتێ
بوونەتـە چـەند فرقـەیی بـێ هـۆش و جونـات .(٢)

* * *

١- ئەم لەتە لە ئەسڵدا نەنووسراوە.
٢- ئەم هۆنراوەیە زۆر لەتی لەنگە.

(٤٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

ئاغــــە توخـــودا لات ڕەوایـــــە دەربـــەدەر بم بـــۆ وڵات
ئەشکی خوێنم بێ لـە چاوی دوور لـە بایزاغـاو قـەڵات
یـــاخو مـــەنفی بم لــە کۆیــە هەجەلیـــسم بێتــە غــەم
عیـــززەت و شـــادیم نــەمێنێ مـــن لەگــەڵ زاری وەفـــات
یانــە مـــەحرووم بم بــە جـاریێ مـــن لــە ئـــەربابی وەفـــا
هەروەکوو دەروێــش خــەریك بم کوچــە کوچــە بــۆ دێهــات
وێــڵ و ســـەرگەردان و عـــاجیز دوور و ئـــاوارە لـــە یـــار
بــچمە کێــوو هــەردو چۆلی میـسلی زەبتیـە بومــەکات
گەر ئەتۆ پێـت خۆشـە قوربـان زیللـەتی غوربـەت بخـۆم
من قبوولـمـە ئـەمری عالیـت ئەیکەمــە تـاجی خـەڵات
عــەرزو حاڵیـــان داجـەنابت دائـیرەی مەکتـەب لـە مـــن
ئیتتیفاقیان کـرد و بیـستم هاتنـە خزمـەت بـۆ شـکات
مـــن مریـــدی شـــای بیــارەم عــەرزو حـاڵم دا بــە ئـەو
هــەر دولامـــان بــێ قـسوور بـین ئایـا هـات و یانـەهات
غــەیری ســـوڵتانی بیـــارە قـــەت پـــەنای دیکــەم نییــە
ئەوتەبیبــە بـــۆ عـــیلاجم تـــا بـــرینم کـــا قـــەپات
من کە (عاصـــی) م پاسـەوانی جێنـشینی شـا عومــەر
قەت قبووڵ ناکا ڕەزیل بم ، ئاغە مـەعلووم بـێ لـە لات

❊ ❊ ❊

(٤١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

١٩٧٢ لە یەکی ئایاری کرێکار
ئەبوو بەکر حاجی عەبدوللا حەللاق
داوای کرد کە شتێکی بۆ بنووسم
خۆی بەناوی کرێکاران بیخوێنێتەوە
ئەوەم نووسی :

ئێمـــــە تیپـــی ئیـــشگوزارین هـــەم کرێکـــاری ولاّت
هــەر لــە رۆژئـــاواوە یەکـــسەر تـــا دەگاتــە خۆرهــەلاّت
هەرچی پێك هاتووە لە سایەی دەســت و بــازووی ئێمەیــە
سازی کــردووە وا بەچــاکی ئەسـلیحە و قــۆنگرەو قــەلاّت
ئێمـــە پالّپـــشتی ژیـــانین بـــۆ هـــەموو پێویـــستەکان
کــردەوەی دەســـتی کرێکـــار بۆتـــە هـــۆی خۆشـــی ولاّت
چونکە ماندووین ئێمە فەخرین بۆ جنــووب و بــۆ شــیمال
وا عیراقمان کــردە گــولّزار بــێ غــەم و بــێ هاتــە هــات

بۆچـــی وا بـــێ بـــەش بمێـــنین ئێمـــە مەنـــسەبمان نـــەبێ
بـــۆ نەچـــینە ریـــزی عالـــەم بـــۆ نـــەمانبوو قـــەت نـــەجات
وا لـــە مەیـــدانی خـــەباتا شـــان بـــە شـــانتان دێینـــە پـــێش
روو بەرووی ناحەز دەوەســـتین بـــۆ هـــەموو وەختـــی خـــەبات
بـــۆ لـــە ســـفرەی خـــوانی مـــیری ئێمـــە بەشـــدارمان نـــەبێ
حەیفـــە بۆکـــۆنگرەی کرێکـــار بـــێ رەواج و بـــێ ســـەبات
وا لـــە باخـــچەی ئیـــستراحەت عالـــەمێك مەســـتی گوڵـــە
بۆچ بە فیکری دڵنەوازی کـەس بـە غـەمخوارمان نـەهات
ئیمـــڕۆ جـــەژنی بـــەزم و خۆشـــی وا بـــەناوی ئێوەیـــە
عالـــەمیش هاتۆتـــە زیـــارەت جێژنـــە پـــیرۆزەت دەکـــات

❊ ❊ ❊

(٤٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

ڕۆژی یازدەی مانگی ئازار بوو بە خۆشی و هاتەهات
موژدەبێ ، ئێزگە لە بەغدا وا بەیانی خۆش ئەدات
زۆر بەخۆشی دەستی پێکرد ئەلموهیب ئەحمەد حەسەن
حازرین بۆ بەندەکان و حەللی جوملەی موشکیلات
قەومی کوردی ببنەیەك دڵ بێ غەرەزبن سەیری کەن
چۆن لە سەر بورجی نەجاحەت ڕۆژی هیواتان هەڵات
هەوری ڕەحمەت هاتە ئاسمان بوو بە بارانی سروور
ئەمن و ئاسایش پەیا بوو حوکمی زاتی وا ئەدات
قەت نەما فەرق و جودایی بوونە یەك کورد و عەرەب
بوغز و کینە هیچ نەماوە خاس و عام با تێبگات
ئێمە گشتمان هەر برابووین ڕۆڵەیی یەك نیشتمان
دوژمنی بەدگۆیی ئێمە با لەداخان گیان بدات
بۆ هەموو تەنگانە دائیم پشتیوانی یەکترین
دەستی دەبڕین هەرکەسێکی دەست درێژکا بۆ وڵات

مــوڵكى خۆمانــه عــيراق و ئەجنــەبى لێ دەردەكــەين
دوژمنــى ديــن و وەتــەنمان قــورِ بــە ســەرخۆيدا بكــات
گوێ لە من كەن كاكى كوردى چون بــەبێ فــەرقى دەڵــێم
فــى طريــق العــدل ســيروا لــيس بــأس فــى اللغــات
فــــاعلنوا رســــم الاخــــوة يــــا رؤوســــاءالعرب
خاليــا عــن كــل غــش صــادقا كــل الجهــات
تيغــى دوورەنگيــى ، بزانــه چــۆن رەگــى جــەرگى بــڕين
رەنگ و رووتان لێ بــڕا بــوو شــوكرو لــيللا بــوو نــەجات
مرحبــا اهــل الجنــوب ليــث غابــات العــراق
نحــــن نمــــر بالــــشمال والجبــــال الراســــيات
نــبطش بطــشا شــديدا نحفــط ارض الــوطن
ديــن الاســلام شــعار نــصرنا حــسن النيــات
ئينتيــزارى لــوتفى خــوا بــن روو لــه قــاپى ئــەو بكــەن
فاعبــــدوه ان تحبــــوا راحــــةً في كائنــــات
واتقــوا يــوم الجــزاء وانــصروا ديــن الهــدى
ان تريــــدون النجــــاة في الحيــــاة والممــــات
دوژمنى دين و وەتەنتان قەت بــه خۆتــان خــۆش مەكــەن
بەڵكو (عــاصى) دڵ رەحەت بێ با خەفەت چيتر نەخوات

❊ ❊ ❊

(٤٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٣٧
ئەوەم نووسی :

مــوژدە بــۆ ئــەربابی ئیمــڕۆ وا بــەهار تەشــریفی هــات
دەســت کەنــە شــایی و زەماوەنــد ڕۆژی هیــوا وا هــەڵات
ڕۆژی تــازەی ســاڵی نوێیــە عــادەتی کــوردی دلێــر
کــاتی خۆشــتر وا لەپێــشە غــەم لــە دڵمــان دەردەکــات
ئینقیلابــی کــرد بــە زســتان جەیــشی نــەرۆز سـەیری کـەن
تیــپ بــە تیــپ هــەروا خەریکــە نیزەبــازی وا دەکــات
خیــوەتی هەڵــدا بــەهارو چــاوی ســەرمای واشــکاند
بەفری سەر چیای لێ بە جێ ما هەند بە گورجی و زوو هەڵات
گــوڵ نــەجاتی بــوو لــە زســتان بــەرگی تــازەی کردەبــەر
لەشــکری غونــچە و ڕەیــاحین بولبــولیش کەوتــە خــەبات
مورغی خۆشــخوانی تەبیعــەت هاتــە نەغمــە و چەهــچەهە
وا لەســەحراو چــیاوو گــوڵزار فەرشــی خۆشــی ڕادەخــات

ئیتتیحادیـان کـرد بـه گـورجی لەشـکری رێکـی و بـەهار
تیپـی فیتنـە و فەسـلی زسـتان دەربـەدەر بـوون بـۆ وڵات
ئاسمـان گریـا لـەناکاو سـەیلی فرمێـسکی رژانـد
خـاکی تینـوو رۆڵـەکانی کەوتنـە خەنـدە و هاتـەهات
روو لـە میحرابـی تەشـەککور وا مەلـەك سـەجدەی دەبـەن
کورد لـە نـاو گێـژاوی فیتنـە حەمـدولیللا بـووی نـەجات
سـەیری بەیـداغی دەماغیـان وا لەبـەرزایی ئومێـد
کـاکی بـەرزانی چـەقاندی بـۆ ئـەهالی رۆژهـەڵات
چـونکە نـاوی مـستەفایە بۆیـە بـەرزە هیممـەتی
خادیمـە بـۆ دینـی ئیـسلام حـوکمی شـەرعی وادەکـات
قـەت نـەما فـەرق و جـودایی تێکەڵـە کـورد وعـەرەب
بـوغز وکینـە هـیچ نـەماوە خـاس وعـام بـاتێ بگـات
بـۆ هـەموو تەنگانـە دائـیم پـشتیوانی یـەك دەبـین
دەسـتی دەبـڕین هـەر کەسـێکی دەسـت درێـژکا بـۆ وڵات
بـا بـژی کـوردی عیراقـی شـێری نـاو بێـشەی شـەرەف
دەنگی (فلیحیـا العـرب) بـێ تـا لـە دنیـا دەنـگ بـدات
بـە عـزە شـیعرێکم قەدیمـە مـن بـە ئـەلفازی عـەرەب
تـێ بگـەن بـا گـەورەکانیان کـورد کـە داوای چـی دەکـات

فـــاعلنوا رســـم الاخـــوه یـــا رؤســـاء العـــرب
خالیـــاًعن كـــل غـــش صـــادقاً كـــل الجهـــات
وەرنـــە مەیـــدانی ســـەداقەت داكـــی و بـــابی دوبـــراین
نحـــن اكـــراد الـــشمال لـــیس بـــأس في اللغـــات
مرحبـــا اهـــلا وســـهلا لیـــث غابـــات الجنـــوب
نحـــن نمـــر بالـــشمال والجبـــال الراســـیات
نـــبطش بطـــشا شـــدیدا نحفـــظ ارض العـــراق
دیـــن الاســـلام شـــعار نـــصرنا حـــسن النیـــات
فـــافهموا اهـــل الـــشمال واعلمـــوا اهـــل الجنـــوب
غـــیر دأب الاتحـــاد لا ســـبیل للنجـــاة
مـــا رایـــتم مـــا رایـــتم في النفـــاق بیـــنكم
كـــم قَتَلْـــتُم كـــم قُتلْـــتُم كـــم فتـــی ذاقـــوا الممـــات
نـــارەزان گـــەر بـــەو قـــسانە لـــێم ببـــوورن كاكـــە گیـــان
هەربڵێن خەڵفاوە (عاصـی) ســەیری فیكـری چۆن دەكـات



(٤٤)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلان
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

لە وەختی پێش رابیتەی مورشید
ئەوە بخوێنەوە

وەرە ئـەی دڵ موهەییابـە ئـەوا نـووری هیدایـەت هـات
بـڕۆ ئـەی نەفـسی ئـەممارە شەهنـشاهی ویلایـەت هـات
لـە سـینەی خەسـتەخانەمدا برینـی قەسـوەتت دەرخـە
جەنابی شاهی مورشیدمان حەکیمی پـڕ دیرایـەت هـات
بە چاوی مەعنەوی ئەڵئان دەکا کەشفی هـەموو ئەسـرار
خوسووسەن بۆ تەداوی تـۆ ئەوائـەهلی سـەعادەت هـات
نـەبێ باکـت لـە ئـازاری حـەکیمی حازیقـە بـیللا
شیفابەخشی هەموو دەردە بە دەرمـانی سـەلامەت هـات
بـە دەسـتی نەفـسەوە (عاصـی) خـەریکی زارو ئـازاری
ئیمامولواسیلین ئەی دڵ لە سـەر رەسمـی عیـادەت هـات

* * *

(٤٥)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن (فعولن)
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن (فعولن)
(هەزەجی شەشی تەواو(مەحزووف))

چومە خزمەت مەلا محەمەد ئەمینی. چووم حەیدەری لەوێ حازر نەبوو لەگەڵ بەعزێ رەفیق چووبوونە پیاسەی منیش ئەوەم نووسی

بەخۆشـــی هـــاتم ئـــەی گـــوڵ ببمـــە خـــارت
ئەســەف قوربــان کــە مــەحرووم بــووم لــە دیــدارت [١]
خـــودا حـــافز لـــە گـــەڵ ئـــەربابی دینـــت
نەکـــەی دنیـــا بکەیتـــە یـــاری کـــارت
لەگـــەڵ ئـــەربابی نـــا ئـــەهلا بـــە جـــارێ
دەخیلـــت بم نەفـــەوتێ هـــۆش وئـــەفکارت [٢]
ئەگـــەر وابـــێ لـــە ســـێ لاوە گرفتـــاری [٣]
لەدەست شەیتان ونەفس وهەم رەفیقـی بـەد شـیعارت [٤]
رەفیقـــی بـــەد لـــە شـــەیتان پیســترە بـــێ شـــك [٥]
کـــە چـــونکە دوژمنـــە بـــۆ دیـــن و کـــارت

دەخیلـــــە خـــۆت بپـــارێزە بـــە جیـــددی
لـــە قـــەول و کـــردەوەی بـــەدکاری یـــارت
بـــە راســـتی خـــۆت نـــەپارێزی بـــە قوربـــان
دەبیتـــە گاڵتەچـــی بـــۆ یـــارو ئـــەغیارت (٦)
تـــەداوی ئـــەو برینـــەت زەحمەتـــە زۆر
بەغەیرەز فکری پـارێزت بـەوەللا قـەت نییـە چـارت (٧)
کـــەوا بـــوو خـــۆت تـــەبیبی حـــاڵی خـــۆت بـــە
بـــە گـــورجی تـــێ بکۆشـــەو لابـــە ئـــازارت (٨)
موتـــابیق کـــە هـــەموو فیکـــرت لەگـــەڵ نـــاوت (٩)
ئـــەمین بـــن تـــا لـــە قـــەول و فیعـــل و ئـــەتوارت (١٠)
وەکـــوو (عاصـــی) مەبـــە بـــێ هـــۆش و بـــێ بـــاك
مـــەدە دەســـت کـــەس دەخیلـــە رازو ئەســـرارت (١١)



---

١ :ئەم شیعرە پێی کۆتایی لەتەکانی لە نێوان (مفاعیلن) و (فعـولن) دان . هـەموو لەتـەکان سـێ تەفعیلەیین، تەنیا دوو لەتیان چوار (تەفعیلە)ە.

ئەم هۆنراوەیە زۆربەی لەتەکانی لە سەر کێشی (مفاعیلن مفاعیلن فعولن)ـە. لەتەکانی (١، ٢، ٥، ٦، ٨، ٩، ١٠، ١١) تەفعیلەی کۆتاییان بۆتە(مەفاعیلن). لەتەکانی (٤، ٧) هەریەکە چوار پێیە بەلام لەتی(٤) کۆتاییەکەی (فعولن) و لەتی (٧) کۆتاییەکەی (مفاعیلن)ـە.

(٤٦)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

موبـارەك بـێ بـەدڵ خۆشـی عـەزیزم جێـژنی قوربانـت
بەرەو خۆشی تەرەققی بـێ بـە دائـیم عـومر و عینوانـت
لە خوام داوایە تا مـاوی لـە گـشت دەردو بـەلا دوور بـی
چ گـەردی گەردشـی دەوران نەنیـشێ قـەت لـە دامانـت
گەیشتە دەستی من بێ شـك ژمـارەی دوو لـەبن سـفرێك
نـەبێ خـاڵی هـەتا مـاوی بـە دائـیم دەسـتی ئیحـسانت
لـە دڵمـا نەقـشی وا بەسـتووە ئـەتۆ بۆیـە نەقـشبەندم
زبـانی تەعنـە كۆتایـە لـە دەرحـەق لوتـف و ویجـدانت
لە فیكرم ناچی مەعلوومـە هـەتا مـابم لـە رووی خاكـا
نەشـێوێ گوڵـشەنی بـەختت نـەرەنجێن بـاغ و بوسـتانت
نەسیمی سوبحی خـۆش حـاڵی ببێتـە پانكـە بـۆ رووحـت
شەرارەی سـۆبەیی رەحمـەت تەسـەللای فەسـڵی زسـتانت
دڵـت جانـا نـەرەنجێتن لـە شـیعری بـێ سـەروپێما
لە جەولانگاهی ئیخلاسی كە (عاصـی) هاتـە مەیـدانت

* * *

(٤٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

ئەی وەتەن هەرچەند کە ئیمڕۆ زیللەتی تۆم دێتە یاد
بوویە بەردەست و ئەسیری دائیرەی ئەهلی عیناد
بوویە ڕێباز و گوزەرگای دوژمنی بەدخواهی خۆت
ئەی وەتەن داغی گرانم میللەتت بوونە کەساد
زۆر خەریکم لەم ژیانە من کە ئیستیعفا بکەم
چونکە بۆخۆم وادەزانم عومری زووم ڕۆیی بەباد
بووی بە شەربەت ئەجنەبی دێن وا بەکەیف ئەتخۆنەوە
زەهری میحنەت بۆتە قووتی کوردەکانی بێ مراد
ئەو کەسانەی تاکو ئێستا خزمەتی کوردیان دەکرد
ئێستە بوونە ئیش بە دەست و بوونە جەمشیدو قوباد
باغی تۆ بێگانە هاتوون بوونە گوڵچینی ئەتۆ
بۆیە (عاصی) قوڕ دەپێوێ قەتعییەن ناکا زیاد

* * *

(٤٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی مەشتی مەقسوور)

تێ بفکرن لەم قسانە زۆر بە دیققەت قەومی کورد
تێکچووە ئیقبالی کوردی گەرنەکەن زوو دەست و برد
بووینە حیزو ژێر چەپۆکەی وەحشیانی بێ شعوور
شوهرەتی بەستووە لە عالەم میللەتی کوردی کە مرد
جەهل زیندانە عەزیزان هەرکەسێکی تێی کەوێ
چاکە ئێمەش عیلم و سەنعەت بۆنەجات بیانکەینە پرد
زەهری ناڕێکی ، بەرێکی و یەککەتی گەر نەیکوژن
هەر بزانە دوژمنی دین غارەتی ناموسی برد
گەر هەموو ئیسلام ببێتە پشتیوانی یەکتری
کەللەیی دوژمن ، بەمستێ دەیکەنە توتیایی ورد
چونکە دەرحەق یەك حەسوون بوونە چارۆکەی حەمام
هەرچی هات کێشایە بەرخۆی وەك زەمانی یەزدی جورد
با خەریك بین ئەی براکان لەم ئەسیرییە بێینە دەر
گوێ نەدەینە فیکری بەدگۆی کافرێکی کەللە گرد
چونکە بۆ خۆی کوردە (عاصی) وا بە کوردی پێت دەڵێ
زۆر ئەمانت نیشتمان بێ مەیدەیە بەدخواهی کورد

* * *

(٤٩)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەقسوور)

ئـــەی کەعبـــەیی دڵ مورشـــیدی دیـــوانی نەقـــشبەند
عـــەتتاری گوهەربـــەخش بـــە میزانـــی نەقـــشبەند
غەوواســـی مـــەعانی لـــەبنی بـــەحری حەقیقـــەت
شەهـــسواری ویلایـــەت شـــەهی مەیـــدانی نەقـــشبەند
داینـــاوە لـــە مەیـــدانی شـــەرع گـــۆیی تەریقـــەت
مەعلوومـــە لـــە دەســـت تۆیـــە کـــە چەوگانی نەقـــشبەند
ئیکـــسیرە لـــە خـــاکی دڵـــی وێرانـــەیی مەحـــسووب
جیلـــوەی نـــەزەری غونـــچەیی بوســـتانی نەقـــشبەند
ســـەرحەڵقەیە بـــۆ حورمـــەت و تـــەرویجی شـــەریعەت
جێـــی فـــەخرە لـــە بـــۆ جوملـــەیی پیرانـــی نەقـــشبەند
(عاصـــی) کـــە لـــە گـــوڵزاری دەری تۆیـــە بـــە قوربـــان
قەیـــدی بکـــە تـــۆش بولبـــولی خۆشـــخوانی نەقـــشبەند

* * *

(٥٠)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

بە نووکی خامە نەقشت کرد کەناری کاغەزی زەڕتار
بە جەدوەل سوورەتت کێشا سەلاحی من بەچەند پەرگار
لە ناو سێ پەنجەیی زیوت قەڵەم رەشماربوو زەهری رشت
نەتیجەی زەهری شەککەر بوو مەفادی حەرفی جەوهەردار
سەدەف حەرفی موجەوهەر بوو بە مەعنا دورڕو گەوهەر بوو
لە تەعما شەهدو شەککەر بوو لە ئەئسیر شیری جەوهەردار
کە غونچەی لێوی تۆ پشکووت لە گوڵزاری نەجابەت تا
دڵی بولبول خرۆشی کرد کە گەنجی لوتفی بوو ئاشکار
بە قەد دوو قاتی پیتی ئەو هەمە من عەرزی ئیخلاسی [1]
دوعاگۆیی و سەلام ناردن ئەوا دەرچوو لە چەند میلیار
زەخیرەی بەختی (عاصی) بوو سەلام و لوتفەکەت جانا
لە ئەوجی ئاسمان دەخشێ کڵاوی فەخری من سەدبار

* * *

[1] لە پەراوێزدا نووسراوە : (لەیادی بەندە دەرناچێ بە چاوی دڵ هەموو وەختێ).

(٥١)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەقسوور)

تاکەی لـە خـەوی غەفڵـەتی ئـەی کـوردی سـیـە هـ چـار
بـــێ ئـــیش و پەراگەنـــدەوو مـــەحزوون و خەفـــەتبار
بێگانـــە لـــە هـــەرلاوە کـــە ئـــالاوە لـــە لاقـــت
فـــەوتاوی بـــە مـــەودایی رم و خەنجـــەری ئـــەغیار
تـــێ بفکـــرە چـــون زەهـــری نیفـــاق جـــەرگی رزانـــدی (١)
کردۆتـــە شـــەڕ و فیتنـــە بـــە دەســـتوور و بـــە رەفتـــار
ئـــەم میللەتـــە بێـــچارە بـــە جێمـــاوە لـــە عیرفـــان
بێ سەنعەت و بـــێ حورمـــەت و بـــێ عیـــززەت و غـــەمبار
کەوتوویەتـــە ژێـــر بـــەحری غـــەم و مـــەوجی نەدامـــەت
بـــێ فیکـــرو پەراگەنـــدە لـــە ســـەحراوو لـــە ئـــەقتار
داخـــوازی بکـــەن لاری وەتـــەن بکـــرێ ســـیناعەت
ئـــەولادی زەفـــەر بێتـــە وەتـــەن عـــارفی هوشـــیار
چـــارەی نییـــە (عاصـــی) کـــە لـــە تـــاو ئێـــوە دەگریـــا
بـــێ هـــۆش و ســـەرەفگەندە وو بـــەدناوو گرفتـــار

* * *

---

(١) ئەم لەتە دەبێ خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ وشەی یەکەمی بکرێ ، نەوەك لەنگ دەردەچێ ، دەبێ بخوێنرێتەوە: (تێ \ بف \ ك \ رە)

(٥٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

گـولّ نـەجاتی بـوو لەزسـتان بـەرگی تـازەی کـردە بـەر
لەشـکری غونـچە و ڕەیـاحین بولبـولیش هاتـە خەبـەر
مـورغی خوشخوانی تەبیعەت هاتە نەغمە و چەهچەهە [1]
وا لە ناو گـوڵزاری سـولحا تـاجی عیـشقی نایـە سـەر [2]
ئیتتیحادیـان کـرد بـە جـاریّ لەشـکری ڕێکـی و بـەهار
تیپی فیتنـەو فەسـلی زسـتان دەربـەردەربوون بـیّ ئەسـەر
ڕۆژی یـازدەی مـانگی ئـازار کـورد چـە ئـازاری نـەما
بوو بەیەك ڕەنگ هەرچی کـوردە وەك پڵـنگ و شـێری نـەڕ
ئـەم سـکەندەر شـێوە یـا خـوا هەربـژی بـۆ کوردەکـان
کەڕڕو فەڕیان هەر زیاد بـیّ حیـشمەت و ئـاڵاتی شـەڕ [3]

---

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا ، لەباتی (تەبیعەت) نووسراوە (وەتەنمان)
[2] لە دەستنووسێکی دیکەدا ، لە باتی (تاجی عیشقی..) نووسراوە (بەرگی یەك ڕەنگی لەبەرکرد.)
[3] ئەم لەتە لە دەستنووسێکی دیکەدا بەم جۆرەیە (کەڕڕو فەڕڕی هـەر زیـادبیّ حیـشمەت وفـەزڵ وهونەر)

ئاسمـــان گریـــا لـــه ناكـــاو ســـه‌یلی فرمێـــسكی رژانـــد[1]
ئـــه‌رزی تینـــوو و رۆڵـــه‌كانی كه‌وتنـــه خه‌نـــده ده‌شـــت و ده‌ر
روو لـــه‌میحرابی ته‌شـــه‌ككور وا مه‌لـــه‌ك ســـه‌جده‌ی ده‌بـــه‌ن
كـــورد له‌ناوگێـــژاوی نه‌كبـــه‌ت وا ســـه‌ری هێنایـــه ده‌ر
ڕووحی دڵنه‌رمی لـــه لایـــه‌ن ئـیش به‌ده‌ســـتان هاتـــه دی[2]
میحـــوه‌ری بـــوغزو عـــه‌داوه‌ت وا بناغـــه‌ی هاتـــه ده‌ر
وه‌ك له سه‌رچـاوه‌ی لـه تافـه‌ت ئـاوی عـه‌فوی هـه‌ڵقولاّ[3]
بو به‌یه‌ك تیپ قه‌ومی كـوردی خـاوه‌نی فـه‌زڵ و هونـه‌ر[4]
حه‌مدولیللا خواستی (عاصی) زۆر بـه چـاكی هاتـه‌دی
نۆســه‌دو حـه‌فتاوو یـه‌ك بـوو هـه‌م هـه‌زاری بێتـه سـه‌ر

١٩٧١

* * *

---

[1] له ده‌ستنووسێكی دیكه‌دا له‌باتی (له‌ناكاو) نووسراوه به‌(جارێ).
[2] له ده‌ستنووسێكی دیكه‌دا ، له‌باتی (ئیش به ده‌ستان)، نووسراوه (گه‌وره‌كانمان).
[3] ئه‌م له‌ته له ده‌ستنووسێكی دیكه‌دا به‌م جۆره‌یه: (وا له سه‌رچاوه‌ی له تافه‌ت ئاوی عه‌فوی هه‌ڵقولـێ).
[4] ئه‌م له‌ته له ده‌ستنووسێكی دیكه‌دا به‌م شێوه‌یه‌یه : (تۆوی یه‌كگرتن له ناو كورد گه‌ییه ئه‌فلاكی هونه‌ر) .

(٥٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

تابەکەی نووستن بە غەفڵەت بەرگی بێباکی لەبەر
رووح خەریکی ئەلویداعە ئەی بەدەن خاکت بەسەر
دەفعەیێك فیکرت نەکردو عیبرەتێکت وەرنەگرت
هەر بەرێگای بێ شعووری عومری خۆت وابردەسەر
حەزرەتی قابیز لە دواتە دێت و دەقولبابەکا
هەستەکاتی ژیان تەواو بوو رووحی شیرین دێتەدەر
نووکە نووك و پرتە پرتی عائیلە و ماڵ و مناڵ
کەلکی تۆ ناگرن بزانە چی دەکەی ئەینەلمەفەڕ
پشتیوانی تۆ عەمەلتە گەر ئەتۆ چاکەت هەبێ
وەر بە بەدکاری ژیابی وای لە مەیدانی خەتەر
خاك وخۆڵە ژێری لاشەت فەرشی قەعری قەبرەکەت
چەند گەزێکە تۆ لیباست مەل مەل و باقی هەدەر
پاشی چەند رۆژێ دەبینی دەبییە قاوەڵتی کرم
رەنگ و روخسارت دەبینی داخۆ چی هاتووە بەسەر

ئـەو زبـان و چـاوە جوانـەت سـەیری کرمـی ڵـی ئـەدا
مووخی ئێسقانت دەخـوٚن و نـامینێ قـەت هـیچ ئەسـەر
ئەو خودایەی تۆی دروست کرد زیکر و فیکری ئەو بکـەی
تـۆش دڵـت بەردایـە دونیـا لـەم هەواڵـە بـێ خەبـەر
حـاڵی دونیـا هەروەهایـە بـێ وەفایـە تـێ بگـە
روو لە خواکـە قـوڕ بپێـوە بـێ دەمـاغی هـەش بەسـەر
تـازە دونیـا بۆتـە گوڵـشەن تـۆش دڵـت هـەر بولبولـە
زۆر لە خۆت وریابە (عاصی) سەختەرێگات بـۆ سـەفەر

❊ ❊ ❊

(٥٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

قەوم و میللەت تێ بفکرن نیشتمان چی هات بەسەر
بەردی بنچینەی وجوودم وا خەفەت هێنایە دەر
خاك و بەردو دارو ئاوی ئەورووپای و ئەجنەبی
چەند هەزار نەوعە مەعادین وا لەوان هێنایە دەر
لەم هەموو ئافاقی دونیا چونکە کورد ئێکی نەگرت
سەیری کەن مادوونی خۆیان دەردی چۆن هێنانە سەر
تا بەکەی رازین بە زیللەت لەم مەقامە کاکی کورد
چاو لە دەستی ئەجنەبی بن بێ مراد و قوڕ بەسەر
شوهرەتی وابوو لە دونیا ئەورووپا بەحسیان دەکرد
فیلحەقیقەت بۆ شوجاعەت قەومی کوردە شێری نەڕ
وا بزن مشك وپشیلەو پیستی ماری ئێمەیە
ئەو بە قووەی عیلمی سەنعەت دەیکەنە ئالاتی شەڕ
کلکی ریوییە چورچی ئێمە کەوڵی فەخرە بۆ ئەوان
پێستی سەگ کەوڵی دەڵەکمان زینەتی ئەهلی کفر

ئـــەم هـــەموو دەرمانـــە وادێ گیـــای وڵاتـــی ئێمەیـــە
دەیکـــڕین لـــەو دوژمنانـــە وا بـــەزێڕی سەربەســـەر
بۆچی غەم ناخوا لە ئێوە (عاصـی) وەك سـەیری دەکـا
ئۆتۆمـــۆبیلی کـــە هێنـــا ئـــەو لـــە بـــاتی نێرەکـــەر

*　　*　　*

(٥٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

مەرحــەبا ئــەی کاکــە ئەحمــەد پــشتیوانی پــڕ هونــەر
پیــشتیوانت بــێ لــە قیامــەت ئەحمــەدی خەیرولبەشــەر
قــەت نــەبینی دەردو میحنــەت تاکومــاوی ڕووحەکــەم
هەربەخۆشــی و شــادمانی ژیــانی خۆشــت بەریەســەر
وا لـــەباغی لـــوتفی ئێـــوە چـــاوەڕێی هیوادەکـــەم
زەوقــی شــیرینی بــچێژم تــا لــەمیوەی خــۆش خەبــەر
بـــەوگڵۆپی کارەبایـــەی حوســـنی خولقـــت چـــاوەکەم
شــەوق و ڕوونــاکی بفــەرموو ئــەم دڵــەی واپــڕ خەتــەر
ڕێی ئومێدی ڕوونە (عاصی) بــەو چــرایەی وەعــدی تــۆ
تــۆش بــە قادرمــەی نــەجاتا بــچیەسەر کورســی زەفــەر

❋ ❋ ❋

(٥٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

هەند حەسوودە چەرخی گەردوون دەرحەقم کەوتۆتە شەڕ
ئاشی بەدبەختی بە ئاوی نەکبەتی خستۆتە گەڕ
سواری ئەسپی غەم بو دڵ تەعقیبی بەختی بەد ئەکا
شاهیدا بێدار ببیتن لەو خەوی ئاشووب وشەڕ
بردمیە گێژاوی غوربەت دوور و ئاوارە لە یار
رووتی کردم چەرخی چەپگەرد وەك مەلی بێ باڵ و پەڕ
هۆشی لێ گرتم بە غارەت لەشکری غەم بێ تەقە
دایە بەر تۆپی مەرارەت تێکی داوە بەخت و فەڕ
دەفعەیەك بێدار بە ئەی بەخت دەستی من دامانی تۆ
با لەگشت جێگا نەناڵم وەك هەتیوی بێ پدەر
بەسیە هوشیار بە دەخیلە عەقڵ و جەوهەر بێ بەهان
گەر فەرەیدوون بێ بە جەوهەر هەرکەمێ بێ سیم و زەڕ
(عاصی) تۆ هۆشت لە خۆبێ تەخت و بەخت بێ فایدەیە
بۆچی غەم خواردن لە دونیا ئاخە ئاخ و چاوی تەڕ

❊ ❊ ❊

(٥٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

(ئەم تەشەککور نامەیەم نووسی بۆ خزمەت قائیمقامی کۆیسنجەق (عەلی سلێمان بەهار) کەلەساڵی ١٩٧٠ هاتە کۆیە و دەستی بە خزمەت کردنی کردو بازاڕو چەند کۆڵان و مەیدانی خوارێی کۆنکریت کرد کە بەمەزبەلە دەچوو . ئەم شیعرانەم تەقدیم کرد) لە جێگایەکی دیکەی دەستنووسەکانیش ئەم پێشەکییە بۆ شیعرەکە نووسراوە:
(ئەم تەشەککورنامەیە لە لایەن مەلا مستەفا(عاصی) بۆ خزمەت قایمقامی کۆیە کاك (عەلی سلێمان بەهار کە ساڵی ١٩٧٠ هاتە کۆیەو دەستی کرد بە خزمەت کردن و رازاندنەوەی شارەکە بە جۆرێك ئەگەر بەرامبەر بکرێ لەگەڵ پێشوودا نموونەیەکە لە لبنان و پاریس. منیش لەبەر ئەو خزمەتەو ئەو لوتفەی کە بەبێ داواکردنی من، بەزەیی بە حاڵی مندا هات و گڵۆپێکی لە رێبازی تاریکەکە خست–خودا چاوو دڵی ڕووناك بکا– ئەوەم نووسی و لە دوای ئەوەش ویجدانی پاکی خستییە فیکری ئەوەی کە ئەو مەیدانەی لە ناوەندی شاردایە هەتا ئێستا مەزبەلە بوو،عەزمی بەهێز کردو دەستی کرد بە کۆنکریت کردنی بازاڕو کۆڵانەو مەیدان و کردنی بە لەوحەی بلوور. لە پاك و خاوێنیدا لاسای شارەکان دەکاتەوە،بەڵکو زیاتر، خودا دڵ و دەروونی و رووحی خاوێن بکاتەوە بە لوتفی خۆی و لە دنیاو قیامەت ئەهلی نەجات بێ و ئومێد وایە لە قاپی خودا لە ئیتاعەی ئومووراتی ئیلاهی ناجیح و پێشکەوتوو بێ و واجیباتی شەریعەتی ئیسلام بە تەواوی موحافەزە بکات و بە جێیان بێنێ ئینشائەللا،هەتا لە مەیدانی قیامەت سەربڵندو بە حورمەت بێ.ئیتر بە خودای دەسپێرم.ئەم تەشەککورنامەیە بە شیعر عەرزتان دەکەم).

هیمەتی قایمەقامی سینە پاك و پڕ شعوور[1]
هات شەوی بۆ کردمە ڕۆژ و ساحەشی کردە بلوور
شێری ناو بێشەی دیرایەت مهرەبان و دڵنەواز
سەر بڵندو ئیش گوزارو چاو نەترس و زۆر جەسوور
فەخرە بۆ کۆیە بێنێ تالە مێژوو دەرکەوێ
مەزبەلەی کردن بە گوڵشەن چەشنی دەشتی شارەزوور
نایەتە عەددو حیسابیش قیمەتی ئەوخزمەتە
گەر قەڵەم بیخاتە دەفتەر دێتە ملیار و کلوور
کاك عەلی بۆ شاری کۆیە وەك سلێمان هاتە دەست[2]
شارو دەورەی کردە گوڵزار وەك بەهاری مێرگەسوور
کارەبای لوتفی بەکار خست ناوی تاریکی نەما
ڕەهگوزەرمان ئەم بەرە و بەر بوو بە ڕۆشنگاهی نوور
قوڕ بەسەر قوڕ چی بەسەر هات قوڕ بەسەر خۆیدا بکات
کەوتە ژێر بەردو چەمەنتۆ بوو بە جێگای مارووموور
جاددە وو کۆلان و بازاڕ هیچ گرێ و قۆرتی نەما
کوێر بە بێ گۆچان و دارەدەست پیا دە چن[3] نێزیك و دوور

---

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا لە باتی (شعوور)، نووسراوە(مشوور).
[2] لە دەستنووسێکی دیکەدا لە باتی (بۆشاری)، نووسراوە(ڕووی کردە).
[3] لە دەستنووسێکی دیکەدا لە باتی (پیا دەچن)، نووسراوە (ڕوودەکا).

دارو بـەردی خـاکی کۆیـە شـوکری لـوتفی ئـەو دەکـەن
کردییـە لبنـان و پـاریس تـێ بگـەن ئـێران و تـوور
رۆسـتەمی مەیـدانی غـیرەت سـواری رەخـشی عیززەتـە
وا لەچـنگی خزمەتایـە بـۆ بینـاو قەسـرو قوسـوور
دەم بـە خەنـدە لەهجـە شـیرین عاقـڵ و سـاحیب شـعوور
گەردی گەردش هـیچ نەنیـشێ قـەت لـە گـەردوونی دڵـی
هەر لـە شـەوقا بـێ سـتارەی بـەخت و ئـایینی بـە نـوور
(عاصـی) تـا مـاوە بەراسـتی هـەر دۆعاگۆتـەو دەڵـێ
ببنـە پارێزگـاری رووحـت غەوسـی بەغـدا و پیرمەسـوور

❊ ❊ ❊

(٥٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

دەوڵەمەند و ئەهلی دونیا قەت مەکەن فیکری غروور
وا ئەجەل کەوتۆتە شوێنتان دائیما نێزیك و دوور
ڕۆژی دوێنێ چوو لە دەستت بۆ سبەش مەعلووم نیە
فورسەتە ئیمڕۆ خەریك بە بۆ نەجات ڕۆژی نشوور
چاوی عیبرەت دانەوێنە سەیری بەرپێی خۆت بکە
بوونە خاکی ژێری پێت و ساحیبی قەسرو قسوور
باغ و باغچە و میوەجات و زینەتی دنیا نەما
بارەگای پاشاو وەزیران بۆتە جێگای ماروموور
ڕێی پەشیمانی گوناحان بگرە تا ماوی ئەتۆ
دڵ بەزیکری خوابشۆوە بیکە یەك پارچە بلوور
لاپەڕەی مێژوو ببینە سەیری دنیا و گەورەکان
تاقی کیسرا عیبرەتێکە بۆ کەسی ساحیب شعوور
یانەخۆ فیرعەون و نەمروود کەوتنە داوای خوایەتی
وەك سەگی تۆپیو کەڕۆین وا بەرێگەی ژێر و ژوور

بۆ سبەینێ ڕۆژی قیامەت تا بە ڕووسووری بچی
سەربڵندو بێ ترس بی بۆ حیساباتی حزوور
خۆت بپارێزە عەزیزم تۆ لە تەعنەی دیان و جوو
نەك وەكوو یەك بن لە سووتان پێكەوە بچنە تەنوور
حەزرەتی فەخری ریسالەت بۆ ئەتۆ عاجز دەبی
تۆش حەیاكە كاكی (عاصی) بەسیە گریە و لوورە لوور
زۆر بەوردی تێ بفكرە چت بەسەر دێ چاوەكەم
تا لە سەر خۆیە دەماغت خۆت بكە عەبدی شەكوور
تۆ لە باتی فەرش و وەرتە سۆبەوو هەم كارەبا
بەردی سەرسەنگ و تەنیشتە دیوەخانی تۆ قبوور
(عاصی) تۆش عاقڵ بە بەسیە گاڵتەچی شەیتان مەبە
تاكوو ڕووحت دەردەچێتن بیكە ویردت یا غەفوور(۱)

* * *

[1] لە دەستنووسێكی دیكە دا ، دێڕی كۆتایی بەم شێوەیە هاتووە :
(عاصی بەسیە بێ حەیایی زۆر لە خۆت وریابە تۆش
بیكە ویردی سەرزمانت یارەحیم و یا غەفوور).

(٥٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

يـــا رەســـوولەللا فيـــدات بم ســـەروو بـــالآ روچـــراغ
يـــا حبيبـــى منـــذ جئـــت مـــا عليـــك الا الـــبلاغ
بـــر شكـــستى در تولـــد طـــاق كـــسرى از شـــكوه
بۆنى روى تۆ بوو كـه جەننـەت جملـه بـوو گـولزارو بـاغ
في زمـــان شمـــس وجهـــك في الرســـالة طلعـــت
بـۆ دلّـى ئـەهلى ضـەلالـەت تـۆ وجـوودت بـوو بـەداغ
مانجـــامن قهـــر ربـــى غـــير مـــن تـــشفع لهـــم
منكيرانـــت درقيامـــت جملـــه دارنـــد روى زاغ
(عاصـــى)ا از كيـــد نفـــست تـــا بكـــى ايمـــن شـــوى
مەسئەلەى مەشهووره قوربان پيّستى سەگ نـايبى دەبـاغ

❊ ❊ ❊

(٦٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسور)

مـــژدەبێ بـــۆ عاشـــقانی غـــەمزەدەی غوســـــەی تـــەریق
داخیلــــی بەدروحونـــــەینن بـــــۆ شـــــەهیدانن رەفیـــــق
لەم غـــەزای دەریـــایی عیـــشقە جـان فیـدابوون تـــێ بگـــە
رۆژێ قیامـەت خوێنی جەرگیان دێتە خــوارێ وەك عـــەقیق
شـــــاهیدی رۆژی جـــــەزایان پەنجـــــەیی مەعـــــشووقەیە
جەرگی کـــردوون پارەپـــارە خـــستیە نـــاو دەریـــای عـــەمیق
هەســـتە ئـــەی مفتـــی بفـــەرموو بـــا کفنیـــان بۆنەکـــەن
تا لەعەرسەی حەشـــر دیـــار بـــن تـــەن شـــەهیدانی تـــەریق
بـــۆ ئیـــشارەی تـــیری دڵبـــەر (عاصـــی) جـــەرگی گرتـــووە
چـــاوەڕێی خوێنـــە بڕێـــژێ دڵبـــەری شـــەهلا شـــەفیق

❊ ❊ ❊

(٦١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

لە ٢٥ ی شەوالی ١٣٩٧ ئەوەم نووسی .
لە بیارەی بووم .
حەزرەتی شێخ عەلائەدین چوو بووە ئەحمەد ئاوا
زۆرم ئارەزووی ئەوکرد

مــن بــەعینوانی گــەدایی هاتمــە دەرگــەت بــۆ ســوئال
کەوتمــە زنــدانی فیراقــت بــێ نــەواوو بــێ مــەجال
چونکە دڵ کوێرە لــە ڕێگــەی مەعریفــەت دوور کەوتــەوە
دائیمــا هــەر ئینــتیزارە چــاوەڕێیە بــۆ ویــسال
گەر لــە مــەغریب بــۆ دڵــی مــن ئافتــابی رووت هــەڵێ
دیــارە تەوبــەی مــن قبووڵــە بــێ خــیلاف و بــێ جیــدال
روو لە کێ کەم بۆ تەشەککی بچمە کوێ ئەی شاهی من
یا لە دەست جەوری فیراقــت چــۆن بنووســم عــەرزو حــاڵ

جێــژنی قوربانــه بــه قوربــان بــێ چــراو بــێ نــووره دڵ
فەقری دڵ مــەجبووری کــردم لام نــەما عــەقڵ و کــەماڵ
شــاهی مــن عــادەت وەهایــە شــا کــە جێژنانــەی بــدەن
دڵ گــەدایی دەرکــی خۆتــە تــۆش شەهنــشاهی جــەلال
چــونکە (عاصــی)م و خەجاڵــەت وا پــەنام هێنایــە لات
چــاوەیی ئــاوی حەیاتــە بــۆ منــی ئاشــفتە حــاڵ

❊ ❊ ❊

(٦٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلى هەشتى مەحزووف)

دايە دەست بازوويى قودرەت وا قەزا تيغى ئەجەل
لەشكرو هێزى ژيانى يەك بەيەك كردن فەشەل
دەست و چاوو لاق و ئەژنۆ سست وبێ تاقەت بوون
گشت زەليلى دەردى پيرين وەك ئەسيرى (فى المثل)
هەندە بێ هێزو زەبوونن غيرەتيان تێدا نەما
دەشت و سەحرايان لە بەرچاو بۆتە هەوراز و جەبەل
چت لە ئێمەو چت لە خۆت كرد پێم دەڵێن ئەى نابەكار
ئێمە بۆچى خەلق بووين و چۆن بە ئێمەت كرد عەمەل
نەفسى خۆت كردە رەئيس و ئێمەشت كردە غولام
تا لەجێى گەنجى عيبادەت رێى هەوات كردە بەدەل
خاك بە سەر ئێمە لە دەست تۆ قورِ بەسەر تۆش ئەى نەفام
چۆن بچينە رووى مەولا شەرمەسارو پرِ زەلەل
وازى لێ بێنە لە دونيا دوژمنێكى خۆى نييە
روو لە مەولا كە لە مەولا موخليسانە بێ خەلەل

ئـەم عـەجووزە شـێوە قەحپـە تـازە خـۆی کردۆتـە بـووک
تـۆوی حیرسـت پـێ نەچـێنێ نەچییە نـاو داوی ئەمـەل
عـومری خـۆت بێنـە ژمـارە بێنـە بەرچـاو کـردەوەت
گەوهەری گەنجی ژیانـت سـەرفی چـت کـرد بـەد عەمـەل
ئەی دەماغ و کەللە خاڵی چت لە خـۆت کـرد بـێ شـعوور
بـۆ تیجـارەت نەقـدی خـالیس هـەر ڕەواجـە نـەك دەغـەل
عوجب و مـەغروری و تەکەببور هەم ریاو بـوغز و حەسـەد
سـەیری شـەیتانیان پـەیا کـرد مەزهـەری کفـرو جـەدەل
ئەشهەدو بیللا لە دونیـا بـێ حـەیا بـووی (عـاصـی) یـا
بـێ وەفـابووی دەرحـەقی حـەق ڕووڕەشـی پـیس و زەغـەل

* * *

(٦٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

لە ساڵی ١٩٤٢ چوومە کەربەلا
بۆ تەداوی رەعنای کچم
لای دکتۆر (رەفیق تاهیر چەلەبی).
لەوێ ئەوەم نووسی . زۆر عاجزبووم

دەربەدەر بووم من لە دونیا کەوتمە ناو شیعەو عەجەم
بێ حەواس و فیکرو هۆشم دڵ مەلوول و پڕ لە غەم
دائیما وەك گێژ دەسووڕێم بێ زمان و بێ رەفیق
کەربەلا دامێنی گرتم بوو بە دڕکی پڕ ئەلەم
چون لە دڵما بوو بە حەسرەت ئەم بەهارەی شاری کۆ
جەننەتە ئێستاکە دەوری گشت بە غونچەی تازە دەم
وا لە هەر چوار دەوری شاری مێرگەکان رازانەوە
نەرگس و نەسرین و لالە هەم بنەوشەش وا لە چەم
ئەی رەفیقی میهرەبان و وەی تەبیبی حاڵ زان
زوو بدە توخودا نەجاتم خوا نەجاتت دا لە غەم

چــڵکنی و گــەرماوو کــێچ و میحنــەتی دووری وەتــەن
لەشکریان کردووە لە رووحم هــەروەکوو جەمــشیدی جــەم
کــێچ دەڵــێ خوێنــت دەخــۆم و چــڵکنی پیــستی رزانــد
شیددەتی گــەرما بــە جــارێ بــۆ دەمــاغم بــوو بــە ســەم
را دەبــوێرم مــن لەگــەڵیان گــەر دڵــم ســاکن ببــێ
جــەرگی ســووتاندم بــە جــارێ خــۆ برینــی جەرگەکــەم
ئــاگری دووری هەمیــشە قرچەقرچــی خــستە دڵ
تێکی دا نەیهێشت بە جارێ هــیچ بناغــەی عــومرە کــەم
غــەم دەخــۆم و زەجرەنۆشــم مــن لــە شــاری کەربــەلا
بیــست و دووڕۆژە حیــسابی حەســرەتم ناکــا قەلــەم
چارە هەر تەسلیمە (عاصی) چــی بکــا موختــارە خــوا
چت لە دەست دێ هەســتە بیکــە رامەوەســتە زۆر و کــەم

❊ ❊ ❊

(٦٤)

(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)
(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)
(هەزەجی هەشتی تەواو)

موسـلمانان چـە رەمزێکـە دڵـم بێـدارە مـن ئیمـشە و
بە یادی چـاوەکەی سـاقی دڵـم هوشـیارە مـن ئیمـشە و
سەبا مژدەی بە دیتن دا لە بـۆ گۆڵـشەن کـە دێ بولبـول
لە زومرەی عاشقان بێ شك دڵـم سـەردارە مـن ئیمـشەو
هەموو کەس بۆنی یاری خۆی لـە لا رەیحانـە یـا نـەرگس
لە سایەی کوڵەکەی ساقی گـوڵم دڵـدارە مـن ئیمـشە و
گەلێ کەس کەسبی عیشقی کرد لە بازاڕی حوسـن ئـەمما
لەسەر دووکانی رەمزی عیشق دڵم عەتتارە مـن ئیمـشەو
هەموو کەس گەرچی وەك (عاصی)گرفتاری ئەتۆن لێکن
لە مەیدانی عوبوودییەت دڵـم شەهـسوارە مـن ئیمـشەو

❊ ❊ ❊

(٦٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

بەناوی خەوف و رجا نووسیومە
لەخودا داوادەکەم لێی قبول کردبم
بە رەحمی خۆی

یا ئیلاهی چوو لە دەستم ژیانی دونیا و سیحەتم
زۆر دەترسێم من لە قەهرت هەم بە هیوای رەحمەتم
چونکە بۆخۆم خۆم دەناسم تاعەت و چاکەم نەبوو
ئایەتی (لا تقنطوا)شت بەرزی کردووە هیممەتم
روورەشی رۆژی حیسابم گەرنەکەی رەحمێ بەمن
قابیلی هەر نەوعە زەجرم لێوەشاوەی زیللەتم
ئیقتیباسی روومە رەش بوو دەفتەری ئەعمالەکەم
نووری ئیمانە عیلاج کا ئەم دڵەی پڕ قەسوەتم
رێی نەجاتم زۆر بەترسە نەفس و شەیتان رێگرن
شیری تەوحیدە سیلاحم بۆ دیفاعی وەحشەتم
خۆت دەزانی لوورە لوورمە وەك سەگی برسی خودا
گەه لە ترسی ناری دۆزەخ ، گەه لە شەوقی جەننەتم

هەرچی هـەم هـەر عەبـدی تـۆم و ئوممـەتی پێغەمبـەرم
وا لـــەناو گـــوڵزاری ئیمـــان نەغمـــەخوانی وەحـــدەتم
بەحری بـێ پایـانی رەحمـت گـەر بـە عـەفوو مـەوجی دا
زوو بـە زوو مـەحوو دەکـاتن نوختـەیی زێـی زەحمـەتم
گەر کلیلی لوتـف و عـەفوت دەرکـی رەحمـەت هـەڵگرێ
مـن بـە ئومێـدی لیقـاتم نـەك بـە هیـوای جەننـەتم
گەرچـی بـەدکارم خودایـا مـن ئۆمێـدم قایمـە
چـونکە هاونـاوی شـەفیعی (عاصـی) یـانی ئوممـەتم
مـستەفایە نـاوی عەبـدت ئیـسمی فـەخری عالەمـە
لێوە شاوەی لوتف و عەتفم گەرچی (عاصی)یە شـوهرەتم

* * *

(٦٦)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

موددێکـــە کـــە سەرگەشـــتەوو حـــەیران و حـــەزینم
ئـــاوارە وو سەوداســـەرو هـــەم گۆشـــە نـــشینم
تاریکـــە دڵـــی خـــستە لـــە ژێـــر هـــەوری قەســـاوەت
لـــوتفێ بکـــە ئـــەی جلیـــوەدەهی روویـــی زەمیـــنم
ئـــەی تـــوررەیی ســـەر لەوحـــەیی ئیـــدارك و یـــەقینم
خنکـــاوە لـــە گێـــژاوی غـــەزەب ئوممـــەتی بێـــچار
رەحمـــێ بکـــە ئـــەی مـــوهبیتی جبریلـــی ئـــەمینم
بـــێ تاقـــەت و بـــێ تاعـــەت و بـــێ پـــشت و پـــەناهین
ئـــەی فـــەخری ریـــسالەت وەرە ئـــەی حـــەبلی مـــەتینم
ئـــەی قائیـــدو ســـەر لەشـــکرو ئـــەی شـــاهی نوبـــووەت
وا کـــاتی مـــەدەد هـــاتووە بـــۆ ئێـــشی بـــرینم
مـــن پـــیرو ســـتەمدیدەوو بـــێ هێـــزو زەبـــوونم
واشـــیری ئەجـــەل هـــاتووە بـــۆ گـــەردەنی ژیـــنم

(...) جۆشــــشی ئــــەم شۆڕشـــە وەك ئـــاگرە قوربـــان [1]
ئـــەی شـــافیعی دیـــوانی جـــەزاو ڕەهبـــەری دیـــنم
دەفعێکـــی لـــە ڕوی لوتفـــەوە ئـــەی شـــافیعی (عاصـــی)
کافیە گەر مەیل بفەرمووی بە خـودا قیبلـەیی دیـنم [2]

[1] ئەم لەتە دێرە لەنگە . لە سەرەتاوە بڕگەیەکی درێژی کەمە.
[2] ئەم لەتەدێرە پێی سەرەتای (کافیە)ی زیادە. ئەمە لەعەرەبیدا (خزم)ی پێ دەگوترێ.

(٦٧)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

دەخیلـەك یارەسـوولەللا بگـە فریـام بـە جـێ مـاوم
حەقیقەت رووڕەش و (عاصی)م و لـیکن مـستەفا نـاوم
بـە ئۆمێـدی خـەڵاتێکم لـە لایـەن مـەخزەنی لوتفـت
کـە چـونکە پـیرو ئوفتـادەم گـەلێ پێویـست و دامـاوم
لـە نـاو مزگـەوتی مـاڵی خـوا ئـەوا حەفلـەی ولادەتتـە
مەلـەك خزمەتـچیە ئیمـڕۆ منـیش هەربۆیـە وەسـتاوم
پـەنا بـۆکێ بـەرم قوربـان ئەگـەر تـۆ نەبییـە پـشتیوان
لە دەست نەفس و لە دەست شەیتان گرفتاری دوسەد داوم
ئەوا عومرم هەموو رۆیی لە دەست دونیـا حەیاشـم چـوو
لە دوای نێـچیری بـێ شـەرعی وەکـوو تـاژی بەهەشـتاوم
لـە دامێنـت نـەوەك بـەربێ دەخیلـە دەسـتی ئومێـدم
بکـە چـارەی برینـی دڵ کـە عـەقڵ و هۆشـی تێکـداوم
هـەواوو جیفـەیی دنیـا بـەبێ شـك یـا رەسـوولەللا
حـەیاتی مەعنـەویان بـردم ئەمـەل وارووحـی کێـشاوم
لە تاریکی شەوی غەفڵـەت سـەرم دەرناچـی بـۆ هـیچ لا
تەبیبـی حـاڵزانی مـن عیلاجێـك بـۆ دڵ و چـاوم

قوڕی کویٚ کەم بەسەر خۆما ئەگەر خۆت نەبییە غەمخوارم
ئەمن هەر ئوممەتی تۆمە بە گوێرەی ئولفەت وناوم
سەگی دەرگاهی خۆتم من دەخیل خوێڕیم مەکە قوربان
سەگی دەرگاهی تۆ بێتن لە مەحشەر شوهرەت و ناوم
لە حاڵت بۆنەپرسیم تۆ گەلێکم زگ بە خۆم سووتا
بە پەیکانی موژەی تۆیە کە چەندین وەختە پەیکاوم
سەرم دانا لە بەر پێتا لە باتی بەردەباز قوربان
بە سەرگەردی بنی پێت بم وەرە داینێ لە سەرچاوم (۱)
بە چاوو دیدەیی گریان بە عومری زۆر و دڵ بریان
لە قاپیت کەوتووم قوربان ببینە ڕەنگی شێواوم (۲)
ئەگەر چی ڕووت و بێ مایە پەنام بۆ تۆ ئەوا هێنا
لە قاپی عیززەتی تۆمە گەلێ بێ کەسم وداماوم (۳)
لە مەیدانی شەفاعەتدا دەلوورم وەك سەگی برسی
سەگی دەرگانەکەی خۆتم عیلاجێك تا نەسووتاوم
کەڕێت عاسێ یە ئەی (عاصی) نەوەك عاسێ بی وریابە
نەکەی دامێنی قەت بەردەی بڵێ من شێت و خەڵفاوم

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا لە باتی (وەرە داینێ)، نووسراوە (بفەرموو بیخە).
[2] لە دەستنووسێکی دیکەدا لە باتی (ڕەنگی)، نووسراوە (حاڵی).
[3] لە دەستنووسێکی دیکەدا ، ئەم لەتە بەم جۆرە هاتووە :(لە دەرگەی غیرەتت وەستام گەلێ موحتاج و داماوم).

(٦٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

مەست وسەرخۆش و خەجاڵەت بێ دڵ و دێوانە خۆم
دڵ لە دەست دەرچووی خەیاڵی بادەیی مەستانە خۆم
بێ شعوور و خودپەسەند و هەرزەگۆ و دونیا پەرست
لێوەشاوەی سەرزەنشتی ئەقریبا و بێگانە خۆم
گەرچە زاهیر وادەبینن دائیما مزگەوتە جێم
سینە پڕ بوغز و حەسادەت تالیبی ئەفسانە خۆم
سەد ئەسەف عومرم تەواو بوو رووم لە تەقوا قەت نەکرد
بێ زەخیرەو مایە پووچ و دڵڕەش و وێرانە خۆم
بێ دڵ و ئیدراك و سەفوەت بێ وەفا دەرحەق بەحەق
گێژو بێ فیکرو دەماغ و بێ مەی ومەیخانە خۆم
سەرفی عومرم کرد لە دونیا تۆوی چاکەم قەت نەچاند
بێ تەمای فەرمانی تاعەت ڕەنجەڕۆو بێ مایە خۆم
شەمعی بەزمارایە دڵ بوو جیفەیی دونیایی دوون
دین و دڵسووتاوی دونیا عەینی وەك پەروانە خۆم

ئـەی موسـڵمانان دەخیلـە ئێـوە وەك مـن قـەت مەکـەن
رووت و سەرگەردان و مـەحرووم وا لـەرووی جانانـە خـۆم
روو لە مـەولا کەن بەڕاستی نـەك وەکـوو مـن بەدرەوشـت
ئـەی وەکـوو تـەیری کەسـیرە بـێ نـەواو هێلانـە خـۆم
روو لە کوێ کەم روو لە کـوێ کـەم یـا ئیلاهەلعالـەمین
وا لـە بـەردەرگاهی عـەفوت روو رەش و بـێ یانـە خـۆم
دەنگـی دەقڤولبابـە یـارەب وا لـە قـاپی رەحمـەتت
بانگ دەکا (عاصی) مە هاتووم بێ وەفـاو پەیمانـە خـۆم

* * *

(٦٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

سەیری کەن حەق چۆن بزر بوو چەشنی بەرد کەوتۆتە گۆم
بێ ڕەواجە چەند لە دونیا نەقسە هەروەك نۆتی ڕۆم
وەك هەتیو بێ داك و بابە وێڵ و سەرگەردانە حەق
کەس نییە بیباتە لای خۆی ڕووت و برسی و خوارو کۆم
مەجلیسێ گەر حەق بەیان کەن هەندە مەهتووکن ئەوان
وەختی چوونە ناو عەوامان مل کەچن ئەو میسلی دۆم
بەحسی حەق فەوتاوە یاران کەس نییە یادی بکا
نا حەقیان کردۆتە فانۆس پێ کراوە شبهی مۆم
هەر دەناڵێنێ هەمیشە دەردەدارو نائومێد
وا دڵی فەوتا ڕەواجم سەد دەخیل هاوار لە خۆم
بوومە پووشی بێ ڕەواج و کەتمە بەر بای ناحەقی
بردمیە سەحرایی زیللەت بۆ فەنا هەروا دەڕۆم
(عاصی) چت داوە لە عالەم حاڵی خۆت ئیسلاح بکە
حەق چ دەربەستە لە عالەم گەر هەموویان بنە ڕۆم

❊ ❊ ❊

(٧٠)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

له رێگەی عیشقه ئیخلاسی مەحببەت شەرته بۆ ئیمان
به دەرسی عیلمی تەوحیده نیزامی مەعریفەت ئاسان
دڵی خاڵی لە عیشقی حەق وەکوو مارە لە سینەتدا
بە زەهری وەك نیفاق مەعلووم هەموو جەرگت دەکا بریان
بە جادەی عیشقبازیدا بە وەسڵی حەق دەگەی جانا
ڕییا تێکەڵ بە تاعەت بێ بە شیرکی دادەنێ قورئان
خەریکی ڕێی مەحەببەت بە چرای عیشقت لە دڵدا بێ
لە تاریکی ریابازی نەجاتت گەر دەوێ قوربان
درۆیە دڵ بە بێ عیشقی بە دڵ ناوی بەری بێ مێشك
کەداری گوڵ نەبێ بۆنی دەچێتە ڕیزەیی شیلان
نەتیجەی تاعەتی بێ عیشق نیفاقە تێ بگەن یاران
هەوای عیشقی نەبێ گەر دڵ لە دەست نەفست دەبێ وێران
بینای مەردی بە نامەردی بە نامەرد دامەنێ مەرد بە
بە مەردی بێت و گەر بمری دەزانی حاڵی نامەردان

بــە زیــددی حــەق نەســووتێنی گڵــۆپی کــەهرەبای دینــت
لە جادەی حەق نەکەی لادەی ملت دەشکیٚ وەکــوو شــەیتان
مەحەببەت گەرنەبیٚ دەپسیٚ بە بــیٚ شــك وایــەری وەســڵت
لە تاریکی شەوی غەفڵــەت دەبــی حــەیران و ســەرگەردان
بــە قــووەی قونبولــەی تــەقوا بڕووخێنــە قــەڵای نەفــست
لە شــاری عاســیمەی دڵتــا نــەوەك دەرچــیٚ چــرای عیرفــان
موقەییەد بە لە دڵ (عاصی) لە دەستت دەرنەچیٚ یەکسەر
نەوەك تووش بی لە ناکاوا نەخۆشی و عیللەتی وەك ران (١)

❊ ❊ ❊

---

[1] لە قورئان دەفەرمویٚ ((کلا بل ران علی قلوبهم)) (عاصی)

(٧١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

ڕۆژی تێکۆشـــانە ئیمـــڕۆ ڕاپـــەڕن ئـــەی کوردەکـــان
بـــا لەدەســـتتان دەرنەچـــێتن گـــەنج و خـــاکی نیـــشتمان
ببنـــە یـــەك پارچـــە بـــە مـــەردی ڕووحـــی کێـــشاون نیفـــاق
پشتی یـەك بگـرن لـە مەیـدان هـەروەکوو شـێری ژیـان
چونکە یەك دڵ بوون لە گەڵ یەك پشتی یەکیان بەرنـەدا
وا بە چاو دیتان نەتیجـەی جوولـە جـوولی جوولەکـەکان
لـــەم نەخۆشـــخانەی نیفاقـــا بەســـیە نووســـتن وەرنـــەدەر
یەککەتی یێکـەم پزیـشکە بـێ شـرینقەو فـەحس و ژان
ئالـــەت و دەرمـــانی نـــاوێ بـــێ عەمـــەلیات نـــاجیحن
شـــەربەتێکە یـــەك دڵێتـــان بـــۆ دەوای گـــشت دەردەکـــان
تەفرەقـــەش بۆخـــۆت دەبینـــی چـــەند لەســـیلیش پیـــسترە
جەرگ و گورجیلەت دەخواتن کـاکی کـوردی بـێ گومـان
چەند هەزار سـاڵە خـەریکی هـەر نیفـاق جـەرگی بـڕی
بوویـــە حیـــزو ژێـــر چـــەپۆکی بەدرەوشـــت و ناکەســـان

میللـەتێکی وا نـەفام بـێ بـۆ شـیفاش دەرمـان نـەخوا
تـا قیامـەت حـاڵی وایـە بـێ نـەواو هـەم بـێ نیـشان
دوژمنـی گـەورەی هـەمووتان هـەر نیفاقـە تـێ بگـەن
ئێـوە جـەرگی ئـەو خـراب کـەن وەك پلنگـی چیایەکان
تـۆزە رووحێکتـان کـە مـاوە بـا ئـەویش نەڕواتـە دەر
فێری دەرسی یەککەتی بن تـاج لـە سـەرنێن وەك کـەیان
سەیری ناکەن چەندە ملوێن میللـەت و قـەومی عـەرەب
ئایەتەلکورسـی دەخـوێنن شـەو لـە ترسـی جوولـەکان
کاکی خۆم عەیبە بە قورئـان ئێـوە جووشـتان تـێ نـەبێ
نەبنـە سـاحیب نـاو لـە دنیـا نەچـنە ریـزی حوکمـەتان
هەرچـی نامـەردە دەری کـەن نیـشتمان بـا پـیس نـەکا
چـونکە زوڕناچـی بەلاشـن بـۆ هـەموو بێگانـەکان
دیـن هـەوێنی ئیتتیفاقـە ئـەو قـسەشتان پـێ بڵـێم
دینـی ئیـسلام بـۆ سـیلاحی پـێش رەوی ئیـسلامەکان
بەسییە (عاصی) واز بهێنە چیکە خـۆت مانـدوو مەکـە
تەفرەقـە وا گـوێی بڕیـون بوونـە عەبـدی عەبـدەکان

* * *

(٧٢)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلان
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

لە گەڵ مەئمووری ئەوقافی کۆیە نیزاعێکمان هەبوو .
حیکمەت زەهاوی قائیمقام بوو ،
عەریزەم تەقدیم کرد بۆ حەل کردنی ،
لە دوای چەند وەختێك مەئموور بەدرۆ ئیقناعی کرد .
منیش ئەو شیعرانەم بۆ نارد لە ١٣ / ٣/ ١٩٤٠

عەریزەم نارده خدمەت بەگ لە تاوی دەردی بێ دەرمان
لە بۆ نوسخەی تەداوی دڵ ئەوم دانا وەکوو لوقمان
گوتم ئەی دڵ لە تۆ مژده ئەوا تووشی تەبیبێك بووی
عیلاجی تۆی لە لاسەهلە فریبم دا بە چەند بورهان
سەرەو ژێر بوو گوڵی بەختم بەقاناکەم بکا تەئسیر
لە سووئی تالعم سەهلە بڕووخێ گەر هەموو ئاسمان
گرەومان کردو دڵ فەرمووی نەتیجەی پێت بڵێم چۆنە
بە فلسێ نایکڕن شیعرت ئیتر وازبێنە بێ ویجدان
زەکاووجەوهەرو عەقڵت هەمووی پەشمە بەهاناکەن
دەبینم هەرچی زانایە هەمووی کەوتۆتە ناو کۆڵان

تەماشای حاڵی خـۆت ناکـەی ڕەواجـی نەقـدی ئەشـعارت
لە بازاڕی قبووڵ کـردن عومـوومی قەڵپـە نـەك نوقـسان
ئەوانـەی تـۆ کـە نووسـیبوت ڕەواجیـان یـەك درۆ بـردی
سکەی شیعرت شکا یەکسەر لە مولك و مەنتیقەی کوردان
بە دیققەت گوێ ئەگەر بگری لە ناڵەی شـیعرەکانی خـۆت
ئـە گریـەی تـاکو مـاوی تـۆ لـە ئیـشی گەردشـی دەوران
کە شیعری تۆ لە هیچ جێگا بە پووڵێ نـایکڕن ، (عـاصـی)
هـەوایی شـاعیری دانــێ وەکـوو وەحـشی بـچۆ هـەردان

* * *

(٧٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلى هەشتى مەقسوور)

بۆخزمەت جەميل ئاغا.
وەختێك پۆليس دەهاتنە بازاڕ
بەر دوكانەكانيان بە عالەم دەماڵى .
رۆژێك پۆليسێك خۆى تووڕە كردو وتى :
ئەتبەم بۆ سەرا ، منيش ئەوەم نووسى

ئاغە توخودا لوتف فەرموو تۆلەرێى حەبيى مەنان
دەفعەيەك بۆ سەيرى عالەم بێرە بازاڕ ئەلئەمان
حالّى عالەم زۆر خراپە وا لەدەست جەورو ستەم
پاك جگەرمان بۆتە زووخاڵ ناڵەناڵەى كاسبان
دووكەڵى ئاهى فەقيران گەر فەلەك بيگرێتە خۆى
نوورى رۆژى وا دەفەوتىٚ رەش دەبىٚ سەتحەى جيهان
وا عەمامەى ئەهلى عيلم و ريشى سەبيد هەردەمىٚ
بوونە گێسك وا لەبازاڕ پيس بوون هەردووكيان
وەختى چێشتەنگاو هەميشە دێنە خوارىٚ بيلعوموم
سەر لە ئەرزو دەست بە لەرزو قون تلوور پيرو جەوان

وا لیباسمـــان پـــاکی فـــەوتا هەنـــدە فلـــچەی لێ بـــدەین
بۆتـــە جـــێ زبڵـــی حەمامـــچی سەرکەشـــیدەی حاجیـــان
حەیفە بـــۆ ئـــەهلی کەسـابەت ببنـــە جێگـــای زۆر و غـــەم
یا خو مەحکووم بن بە ناکەس ئـــەهلی عـــیلم و خانـــەدان
وەختی پـــۆلیس دێنـــە بـــازارِ لافـــی زابـــت لـــێ ئـــەدەن[1]
کەس نییە لێوی هەڵێنێ غـــەیری فـــەرموو، بـــێ گومـــان
بە عزەکیان قەرزاری بەنـــدە وەختـــی گەینـــە راستـــی مـــن
ئەمری شیددەت زۆر دەکەن لێم دێمـــەخوارێ دەرزەمـــان[2]
پێم دەڵێن گـــەر زوونەکـــەی حـــازر بـــە جـــەبرەن بـــۆ جـــەزا
من لە تـــاوی فـــەقری حـــاڵم دێمـــە لـــەرزو خەســـتەجان[3]
دەیکەمـــە تـــۆزو غوبـــارو پـــێم دەڵـــێن هێـــواش مـــەلا
چت نەهێشت دووکانی عالـــەم رزقەکـــەت کـــردین نیهـــان
ئینتیـــزارم بـــۆ جـــەنابت مەرحەمـــەت کـــەی دەرحـــەقم
ئـــەهل و میللـــەت زۆر رەزیلـــن وا بـــە ئـــەمری ناکەســـان
من دەڵـــێم مـــادام وەهایـــە قـــەرزی (عاصـــی) بـــا نـــەخۆن
لوتفی تۆشـــی بـــا لەگـــەڵ بـــێ نەچـــمە ریـــزی موفلیـــسان

❊ ❊ ❊

---

١) لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە (لـێ دەدەن).
(٢-٣) لەدەستنووسێکی دیکەدا ئەوەی هێڵی لەژێر کێشراوە، لەم دوودێرەدا جێگۆرکێیان پێ کراوە.

(٧٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

وان لە گێژی بـەحری جـەهلا وەرنـە دەر ئـەی گەنجـەکان
عیلمــە پــاپۆڕی نــەجاتتان تــێ بکۆشــن ڕۆڵــە گیــان
نـەك لــە ڕێبــازی ژیانــا تووشــی کۆسـپەی غــەم بـبن
عیلمـە لەنگـەر بـۆ سـەفینەت هـەم قەڵاتـە بـۆ ژیـان
عیلمــە ئەتخاتــە هــەواوو چـەندە چوســتە سـەیری کـەن
چــۆن بەیــەك لــەحزەت ئەباتــە عاســیمەی بێگانــەکان
عیلمــە زێــڕو عەقڵــە تیــزاب جەوهــەرت بـاش دەردەخـا
چــونکە میقرۆبــە عــەزیزم نــاوی بــێ عــەقڵی و نــەزان
خۆت بە سەرخە تۆ بە عـیلم و بـاش بـەڕێی عــەقلا بـڕۆ
هەربە ئەو دوانەش بە دەرکـەوت حیکمــەتی لوقمانــەکان
ڕۆڵـە بـێ عــەقڵی بــە پـارە قـەت نەکـەی بکـڕی ئـەتۆ
تــا لــەژێر بەیـداغی عیلمـا بـاش بـژی ئـەی نەوجـەوان
هەر لە سەر کورسی شەرەف بە عیلم و عەقڵت مایە بــێ
نــەك بــەبێ عــەقڵی بکەویــە قــوژبن و کۆڵانــەکان

گەر لـەرێی تـاریكی جـەهلا تـۆ چـرای عیلمـت هـەبێ
عــەقڵی كامــل پــاتری بــێ دەچــیە ریــزی گــەورەكان
تۆ شعوورت گەر تــەواو بــێ بــاش تەماشــا كــە بــە چــاو
وا لــە بەرچــاوتە بــە قوربــان واریــداتی عیلمــەكان
فورســەتە زووتــێ بكۆشــن بــا لــە دەســتان دەرنەچــێ
ببنــە لۆمــەی لۆمــەكاران یانــە بــەدناوی جیهــان
عیلم و عەقڵت هەردو هیچە گەر ئیتاعــەی خــوا نەكــەی
كوێری دەشتی مەحشەری تــۆ تــێ بگــە ئــەی نەوجــەوان
غەیری چاكە و هەم سـەلاحت سـوودی نـابێ چـاوی مـن
دەتخەنــە زنــدانی ئــاگر بــێ كــەس و بــێ پــشتیوان
گــەر بــە دڵتــانیش نــەبیتن لــێم ببــورن كــاكی مــن
مــن شــعوورم هەروەهایــە چــونكە (عاصــی)م لاوەكــان

* * *

(٧٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

مەرسییەی نافز جەلال
وەزیری زەراعە

شێری نــاو بێــشەی شــەجاعەت خۆشەویــستی کوردەکــان
ئــەی گــوڵی بــاغی شــیمالی پــیر عــەقل ونەوجــەوان
شێری جەوهــەرداری قــەزبێن پێــشڕەوی مەیــدانی جــەنگ
چاونەترسی چنگ بــە خوێنمــان ئــەی پڵنگــی چیایەکان
مەرکــەزی عەهــدو وەفامــان دەرحــەقی قــەوم و وەتــەن
بۆچی کۆچــت کــرد لــە ناومــان نــەو نــەمامی خانــەدان
ئــــەم سرشــــت و ئیزدیحامــــە هیممــــەتی بەرزانییــــە
ئــەی ئومێــدی کــوردی ســۆران مەئمــەنی بــەرزانیان
رووکە مەجلیس سەیری چاویان پڕ لە فرمێسکە لە بــۆت
هاورەفیقانــــت ببینــــە عــــاجزو دڵ پــــڕ لــــە ژان

بۆ دەروونــی قــەومی کۆیــە تــیری حەســرەت کەوتــە کــار
داخــی جــەرگی تــاکو مــردن هــەر بەئێــشە بــێ وچــان
خوات لەگــەڵ بــێ کاکــە نــافیز چــاری قــودرەت نــاکرێ
رۆژی دیدارت بــە قوربــان کەوتــە قیامــەت بــێ گومــان
تۆ سەلامەت بوی کە دەرچووی خۆ لــە نــاو داروسســەلام
چت بە سەر هــات هــەردو چــاوم وا لــەدێی داروڵئــەمان
بــوو بــە داروڵفتنــە بــۆ تــۆ ســەد ئەســەف وا حەســرەتا
نووکی شمشیری ئەجەل بوو یــەك نەفــەس نەیــدای ئــەمان
بولبــولی خۆشــخوانی رووحــت چــاوەکەم بۆکــوێ فــڕی
تیری قودرەت جەرگی شەق کرد داخی جــەرگم کاکــەگیان
شــەوقی دیــوانی وەزارەت مەســدەری حــیلم و شــەرەف
میهرەبــان و خــۆش تەبیعــەت خوســرەوی شــیرین زبــان
فــەخرە بــۆ مێــژوویی کــوردی باســی چــاکەو غیرەتــت
میحنــەتی تەئریخــە ئــەمما کۆچــی ناوەعــدەت لــە ژیــان
عالــەمی کــوردی عیراقــی دیــدە گریانــە لــە بــۆت
ناوی تــۆ نەقــشە لــە دڵیــان چەشــنی تــوررەی شــایەکان
یەك نەفــەس چــاوت هەڵێنــە ســەیری رەســمی تەعزیــەت
چەند بە ناسـۆرە لــە تــاوت قــەومی کــورد پــیرو جــەوان

شۆڕشی خـستۆته نـاو کـورد ئـەم پـەژارەی مـەرگی تـۆ
دوور و نیزیـك زۆر بـە داخـن ئـەقریبا و بیگانـەکان
بوو بە چل رۆژ کۆچـی دوابیست تـێ بفکـره کـاکی خـۆم
هاو جەلیـست بوونـە میـوان هەسـته وەك شـێری ژیـان
دەم بە خەندە رووکه مـەجلیس بـۆ دوعـا خـوازی لـەوان
هـەم لـە ئـەهلی کۆیـه گـشتی هـاورەفیق و خزمـەکان
ویغفـرالله[1] دەنووسـم دەرحـەقی تـاریخی تـۆ
خـوا رەحیمـه لێـت ببـووری بـچییه نـاو بـاغی جینـان
(عـاصی) تـا مـابێ عـەزیزم تـۆی لـە بـیرەو هـەردەڵێ
لێـی ببـووری یـا ئیلاهـی لـەم شـەهیدەی نەوجـەوان

١٨ تەمووزی ١٩٧٢

* * *

١ -(ویغفرالله) به حیسابی ئەبجەد دەکاته (١٣٩٢) که مێژووی کۆچ کردنەکەیه.

(٧٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

مەرسییەی مەلا ئەمین شکاك
١٣٩٥

بیست و حەفتەم مانگی ڕۆژوو کەوتە گریە ئاسمان
بۆ مەلامین هاتە جونبوش چەرخەکانی دوودمان
ئەو نموونەو جەوهەرێك بوو بۆ هەموو کوردی شیمال
حەسرەتا تیغی ئەجەل هات لەحزەیەك نەیدا ئەمان
شێری ناوبێشەی دیانەت پەیڕەوی شەرعی شەریف
تابیعی ڕێگەی هیدایەت هەم ئەمینی نیشتمان
سەد ئەسەف دەرچوو لە دەستمان مەخزەنی حیلم و شەرەف
یەعنی خەتتاتی لەتیف و نیك خولق و عالی شان
یەك هەزار و نۆسەد و حەفتاوو چواری زایینی
کۆچی دوایی کرد لەدنیا ئیستیقالەی کرد لە ژیان
ئەو لەبیب وخوڵق خۆشە خوای لەگەڵ بێ تێپەڕی
داخەکەم بۆ ئەو نموونە چوو لە کیسی کوردەکان

سوئالم کرد له فیکری خۆم له بۆ تەئریخەکەی هیجرەت [1]
(بـالغنی الکـریم)[2] بـاش بـە ئەبجـەد بـوو بـەیان
وا لەخوای داوایـە (عاصـی) لێـی ببـورێ گـشت گونـاه
بیبەنـە خولـدی بـەرین وپێـی بلـێن جەننـەت مـەکان

* * *

ئەوەش بۆ کێلەکانی مەلا ئەمین شکاك

بیـــست و حەفتـــەمینی مـــانگی رەمـــەزان
مـــەلامین ئیـــستیقالەی کـــرد لـــە ژیـــان
گـــەر لـــە تـــاریخی دەپرســـی تـــێ بگـــە
(بـــالغنی الکـــریم) بـــە ئەبجـــەد بووبـــەیان
خـــودا لێـــی خـــۆش ببـــێتن لـــەو ئەمینـــە
پێـــی بلـــێن خەتتاتـــەیی جەننـــەت مـــەکان

* * *

[1] ئەم لەتە کێشەکەی جیایە. ئەمەهەزەجی هەشتی تەواوە: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
[2] (بالغنی الکریم) بەحیسابی ئەبجەد دەکاتە(١٣٩٤).

(٧٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

بە موناسەبەتی ڕۆژی (١١) ی ئەیلوول
کە دەستیان بە (ثورة) کرد و
ئاگریان لە چیایەکان کردەوە . بۆ تێگەیشتن

ڕۆژی یازدەی مانگی ئەیلول بـوو بـە جێژنـەی کوردەکـان
ئـاگری شـۆڕش هەڵایـسا شـەوقی دایـە ڕووی جیهـان
وا لەدیار ئەم جێژنە سەیری هـەروەکوو غیلمـان و حـوور
سـەف بـە سـەف وەسـتاوە تیپـی لوئلوئـو مەرجانـەکان
چەند بەڕێزن ڕیز بـە ڕیـزن وەك گـوڵ وغونـچەن هـەموو
ڕەنگـی ئـاڵ و بـۆنی خـۆش و بولبـولێکن نەغمـەخوان
پیـاوی چـابن ببنەیـەك دڵ پـشتی یـەکتر بەرمـەدەن
واریـداتی خـاکی خۆتـان مەیدەنـە بێگانـەکان
فیلحەقیقـەت ئێـوە شـێرن سـەد ئەسـەف ڕێـوی نیفـاق
گـشتی واکردنـە ئەسـیرو بـێ شـعوورو هـیچ نـەزان

زۆر بــه مەردانــه عــەزیزم خــاکی خۆتــان پــاس بکــەن
بــچنه مەیــدانی نەبــەردی وەك پڵــنگ و شــێرەکان
گەر شیعارتان یەککەتی بیٚ ئـەهلی مێـژوو فەخرەکـەن
سەیری کـەن بەیـداغی ئێـوە وا لـە لوتکـەی چیایەکان
رایــدەژێنیٚ لــەو بڵنــدە بــای زەفــەرتان دائیمــا
نــاوی خۆتــان زوو بەدەرخــەن تــازە لاووگەنجــەکان
پــرچ و بــسکی تازەعــادەت هەیبــەتی ئێــوەی نەهێــشت
ئۆتوماتیکتــان لــە دەســت بــیٚ روو بــەرووی بێگانــەکان
رەسمــی شــیرو خەنجــەرو تــۆپ و تفــەنگتان بــا هــەبیٚ
ببنــە شــێر و نرکــەتان بــیٚ وەك پڵــنگ بــن رۆڵــە گیــان
دۆشکەیەك پەیدا کــە دۆشــەك کــەڵگی ئیمــڕۆی نــاگریٚ
هەروەکوو دووپــشکە رەشــکە راکــە ســەر دەببابــەکان [1]
خــۆت بکــە بــازو شــەهێن و دوژمنــت لاکێــشکەبیٚ
گورج بــە گورچیلەی دەرێنــە بیکــە عیــبرەت بــۆ زەمــان
لــەم نەخۆشــخانەی نیفاقــا بەســیە نووســتن وەرنــە دەر
یەککەتی بێکــەم پزیــشکە بــیٚ شــرینقەو فــەحس و ژان

---

[1] لە پەراوێزدا نووسراوە :(بۆ دژی جەو تێبکۆشە رووی بکە باڵندەکان) .

ئالـــەت و دەرمـــانی نـــاوێ بـــێ شـــکە گـــەر نـــاجیحن
شـــەربەتێکە یـــەك دڵیتـــان بـــۆ دەوای گـــشت دەردەکـــان
تەفرەقـــەش بـــۆ خـــۆت دەزانـــی چـــەند لەسـیلیش پیـــسترە
جەرگ و گورچیلەت دەخواتن کـاکی کـوردی بـێ گومـان
تـــۆ کـــە نـــاوت هاتـــە نـــاو نـــاو غیرەتـــی بەرزانییـــە
تۆش وەکـوو شـێرانی بـەرزان روو بکـە رووی جەبهـەکان
چەند هەزار ساڵە خـەریکن هـەر نیفـاق جـەرگی بـڕین
بوونە عەبدو ژێـر چـەپۆکەی بـەد رەوەشـت و ناکەسـان
تـــۆزە رووحێکتـــان کـــە مـــاوە بـــا ئـــەویش نەڕواتـــە دەر
فێـری دەرسـی یەکـدڵی بـن دەبنـە سـەردار وەك کـەیان
هەرچـی نامـەردە دەری کـەن نیـشتمان بـا پـیس نـەبێ
چـــونکە زۆرناچـــی بەلاشـــن بـــۆ هـــەموو بێگانـــەکان
چونکە یەکدڵ بوون لە گەڵ یەك پشتی یـەکیان بەرنـەدا
وا بە چاو دیتان نەتیجـەی جوولـە جـوولی جوولەکـەکان
دیـــن هـــەوێنی ئیتتیفاقـــە ئـــەو قـــسەشتان پـــێ بڵـــێم
دینـــی ئیـــسلام بـــۆ سـەلاحی پێـــشڕەوی ئیـــسلامەکان
کـــاکی کـــوردی زۆر بـــە دیققـــەت ئـــەم قـــسانە وەرگـــرن
رووکەنـــە دەرگـــاهی مـــەولا زۆر بـــە دڵ ئـــەی لاوەکـــان

قەت هەوێن نابی هیواتان بێ شیعاری دینی حەق
هەر شکاوو تێ شکاون مەچنە دوای شەیتانەکان
پشت بەخوا بەستن بەڕاستی دەبنە سەرکەوتوو هەموو
گەر خوداتان یاریکار بێ دەبنە شابازی جیهان
خوا پەرست بن گەر بەراستی خواروپەست نابن ئەبەد
دەبنە رۆستەم بۆ شەجاعەت دەچنە ناو تەئریخەکان
گوێ لە فیکری چونکە ناکەن وەختە (عاصی) شێت ببێ
دوای نەمانی قوڕ دەپێون چوو لە دەستمان پەندەکان
چیت لە بسك وپرچی لوولە ، لوولە تۆپت وا لە پێش
رووی لە کەللە وناوچەوانتە نەوجەوانی کەللە پان
تۆ لە باتی رشك و ئەسپێی بسك و پرچت لاوی کورد
ئەسپ و رەشاشێ پەیا کە بۆ نەجاتی نیشتمان
دەفعەیێکی زۆر بە دیقەقەت سەیری ئاوێنەی بکە
خۆت بە چاوی خۆت دەبینی چوویە شێوەی کیژەکان

* * *

(٧٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

وەختی بۆردومان کردنی شیمال
بە تۆپ و تەیارە و دەبابە
لە خوا پاڕامەوە چاکی بکا

گرمــــەگرمی تـــۆپ وســـاروخ شـــیوەنی منـــداڵ و ژن
کوڕ دەڵـێ ئـەی دایـە هـاوار ، داك دەڵـێ هـاوار لـەمن
دەنگـــی پەروانـــەی تـــەیارەو قرچەقرچـــی دۆشـــکەکان
هـــیچ پـــەناو پێـــچی نـــەماوە بـــچنە کـــوێ تـــا دەربـــچن
زیـــڕە زیـــڕی چـــەرخی دەببابـــەش لـــە ســـەر خـــاکی وەتـــەن
روولە کوێ کەین یا ئیلاهی دێتە دوامان کـون بـە کـون
قونبولـــە و تیـــزاب و بۆمبـــا جـــەرگی ســـووتاندین خـــودا
قـــەت پـــەناو قـــۆژبن نـــەماوە لوتـــف و رەحمـــی تـــۆ نـــەبن
بـــا لـــە فرمێـــسکی هـــەتیوان هەڵخلیـــسکێ ئـــەی خـــودا
مـەنگەنەو هەم تۆپ و تایەی لەت لەت و سەد پارچە بـن

يا هەناسەی ساردی ئاهی روولە رووی مندالّ كوژاو
بالّ و پەروانەی بسووتیّ میّكەكان با دەرنەچن
ئیّمە مندالّین خودایە بیّ گوناە و بیّ پەناین
قووت و قووەتمان نەماوە ئەی خوداوەندی مەزن
ئیّمە وەك قسمی فەقیرین چەشنی گەنم و جۆی فەریك
بووینە قاوەلّتی كلۆو و كیسەلّە و خۆراكی سن
مژدە بێ ئەی كاكی (عاصی) ئاهی مەزلووم كەوتەكار
خۆی و تەییارەی كە سووتا و خانمە فەندیش بیّوەژن .

* * *

(٧٩)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
(هەزەجی هەشتی موسەببەغ)

هەوام بالاترە ئیمڕۆ لە چەرخی عەقرەب و پەروین
سەفام ڕووناکترە قوربان لە قەلبی زاهیدی خودبین (١)
بەخزمەتکاری ڕاناگرم نەکەیکاوس نەکەیقوبباد
غولامێکم ئەوا کەوتووم لە دەرگەی شێخ عەلائەددین
بە عەبدی ناکرم ئیمڕۆ ئەمن تەیموور و بەهمەن شا
بە ڕێوی ناکرم شێرو بە عەنقا نامەوێ شاهین
بەشوانی نامەوێ یاران دوسەد شازادەیی سالار (٢)
بە گاوانی چە عەد ناکەم نەوەك ڕۆستەم نەوەك ڕووبین
بە جوتیاری حیساب ناکەم بە هیچ دەم شاهی ئەفراسیاب
بەقاترچیشی نازانم هەموو شازادەکانی چین
گەدای دەرگانەمە قوربان لەخوانی جوودی من حاتەم
بیحەمدیللا کە مەعدوودم بە مەنسووبی عەلائەددین
بە وەرزێر نامەوێ فەرهاد کە بێستوونی لە عیشقا کەند
بە مووری نامەوێ خوسرەو بە جارییە ناکرم شیرین
منی (عاصی) لە گەڵ شێرا هەمیشە پەنجە بازیمە
کە دەستم گەییە دامێنی سەفابەخشی دڵی غەمگین

* * *

[١] لە دەستنووسێکی دیکەدا لە باتی (زاهدی)، نووسراوە (عابدی).
[٢] لە دەستنووسێکی دیدا لە باتی (سالار)، نووسراوە (تەهران).

(٨٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

ئەم شیعرانە جەوابی دووبرای خۆشەویستە
لە کەرکوکەوە نامەیان بۆناردبووم :
تەها و عابدین

مەرحەبا ئەهلەن وە سەهلەن یا ئەخینەلعابدین (١)
نامەتان زوو گەییە دەستم ئەی برای دونیاوو دین
وەك کە قاسید دایە دەستم نامەکەی ئێوە گوتی
تحفة الاحباب هذا ینتج حب المتین (٢)
قد فهمت محتواها حینما طالعته (٣)
گەوهەرێکی ناو سەدەف بوو لەعل و مەرجانی سەمین
نور قلب الحزین ضوء مصباح السرور
وەك کە دیتم ناوی ئێوە وا بە ئیخلاس و یەقین

---

١ - ڕاستییەکەی: (یا أخانا العابدین).
٢ ڕاستییەکەی: (الحب المتین) .
٣ ڕاستییەکەی: (طالعتها) .

نامـــــەرا چـــــون برگـــــرفتم حالــــت دلتنگـــــیم
هەروەکوو وەحیبیـــی ســـەمابوو کەوتمـــە رەقـــس و پێکـــەنین
دڵ بـــــەیادی ئێـــــوە دائـــــیم پـــــڕ ســـــروورو شـــــادییە
بۆتـــە ویـــردی ســـەرزبانم زیکـــری تاهـــا و عابیـــدین
وەختی گەیمە دەرکی غورفەت پـێم بڵـێ (عاصـی) وەرە
((هـــذه جنـــات عـــدن فادخلوهـــا خالـــدین))

* * *

(٨١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

قەومی کوردی گوێ لە من کـەن زۆربـە فیکرێکـی تـەواو
گەینــە ئامـــانجی هیواتـــان پاشـــی ســـەد ســـاڵی تـــەواو
میـــوەیی ســـەبرو ســـەباتتان خـــوارد لـــە بـــاغی کۆشـــشا
ئافـــەرین ســـەربازی کـــوردی بـــازو شمقـــاڕ هاتنـــەراو
پـــشت دەنـــە یـــەکتر دەخیلـــە فورســـەتە ئـــەی لاوەکـــان
بینـە شـێری چـنگ بـە خـوێن و وەك پڵنگـیش وەرنـە ڕاو
وا لـە تـاریکی پـەژارەی نەکبـەتی شـەڕ قـەومی کـورد
سـەیری سـاحەی نیـشتمانتان حەمـدولیللا بـووە هـەتاو
چەپڵە لێـدەن کـاکی کـوردی هـەربلێن (يحيـا العـرب)
ئەی عەرەب ئێوەش بفەرموون (هەر بژی کـوردی) بـەناو
یـــازدەمینی مـــانگی ئـــازار وا تـــەواو بـــوو تـــێ بگـــە
کـــاتێ ئیمـــزای بەنـــدەکانمان بینـــە بەرمەیـــدانی چـــاو
ڕوو کە ناو دەریای سـەداقەت خـۆت زەریـف بـسمیل بکـە
نییـــەتی دڵ پـــاکی بێنـــە کـــاتی عـــوزرت بـــوو تـــەواو

گــورگی فتنـــە ورگــی بــدڕن پێکـــەوە کــوردو عــەرەب
بیکەنــە دەعــوەت لــە بــۆ ســەگ وەك بــەرازی زگ دڕاو
پیاوی چــابن پیــاوی بــەدگۆ گــووی لــەدەم کــەن هــەردولا
گــوێی و لــووتی هــەردو بــبڕن رووی کەنــە زوورگــەزراو
حەمدوولیللا بەختی کــوردی رووی لــە بــەرزایی کــە کــرد
نوختــەییێکی جەوهــەری هــات نــاوی دەرخــستووە تــەواو
ئەی چەقەڵ تۆڕاکە ناوچــەم چــنگ لــە چــنگی شــێرمەدە
چونکە کەللەت زوو دەهــاڕێ دەبییــە عیــبرەت بــێ هــەناو
دەست دە دووربین زۆر بە دیققەت سەیری جێگای کورد بکە
هــەر پـــەنا بـــەردێك پڵنگێـــك تـــازە وا هاتۆتـــە راو
ئــەو وەکــوو هــەوری بــەهاری دێتــە نرکــە رووبــەرووت
چت لە دەســت دێ هــەردو چــاوم بــەو عــەباو سۆلی دڕاو
چـــاوەنۆڕی لـــوتفی ئێـــوە (عاصـــی) عـــەرزی تۆدەکـــا
با خــەلاس بــێ بــوغزو کینــە باســی کــوردیش بێتــە نــاو

٢/٤/١٩٧٤، ٩ ی ربیع الاول ی ١٣٩٤، ١٩ ی ئازاری رۆمی ١٣٨٩

❊ ❊ ❊

(٨٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

قەومی کوردی روو لە خوا کەن پیرو گەنج و تازەلاو [١]
هاتەدی ئاواتی دڵتان پاشی نۆ ساڵی تەواو [٢]
پیاوی چا بن روو لەدین کەن خوای لە خۆ رازی بکەن
دین و دونیاتان دەبێتن پایەدارو بەرز ناو
ببنە یەك پارچە دەخیلە تەرکی کەن ئەم تەفرەقە
گەر هەمووتان یەکدگیربن هێزی دینیش بێتە ناو
کێ هەیە بۆت بێتە مەیدان خۆی لەبەر تۆ راگرێ
دەست بەجێ رووحی نەکێشن نەیکەنە پۆڕی خوراو
گەر خوداتان پشتیوان بێ روولە رووی دوژمن بکەن
غیرەتی شێرانی کوردی عالەمیش دیتی بە چاو
بێنە بەرچاو حاڵی پێشووت چەند هەزارساڵە ئەتۆ
هەر ئەسیری ئەجنەبی بووی رووت و قووت و بەش خوار

[١] دیارە بەبۆنەی رێککەوتننامەی (١١) ی ئازارەوە نووسیویەتی.
[٢] لە پەراوێزدا نووسیویەتی: (مەیخەنە پشت گوێ عەزیزم بیکەنە سوڵحی تەواو).

(٨٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

بۆ ئامۆژگاری

بە سیە ئەی کوردی بەغیرەت ببنە یەك دڵ دەبنە پیاو
رووکەنە ئادابی دینی شێری مەست بن رۆژی راو
وەك لە سەر کێوی شیمالا رۆژی ئاواتت هەڵات
شەمشەکوێرە بزر بوو زوو لە بەر تاوی هەتاو
تێبفکرن ئێوە ئیمڕۆ چۆن سەرۆکێکتان هەیە
ناوی بەرزانی دەلیلە یەککەمین بازە لە راو
خادیمی دینی موبینە پێشڕەوێکە حەقپەرست
چونکە ناوی مستەفایە چەندە بەرزو لێوەشاو
بازی خۆشپەروازی کوردبن بێ فەرق گەورەو بچووك
کوندە بۆی بەدگۆ لەناوتان بیخەنە زندان و داو
ئەسلیحەی دینتان زیاد کەن دەچنە سەرکورسی شەرەف
سەنگەریشتان ئیتتیفاق بێ و زۆر بە مەردی بچنە ناو
هێزی ئێمە هەر بەدینە روکەنە فەرمانی خوا
قەت نەکەن پشتان لە دین کەن تاکو نەبنە پشت شکاو

بــــێ مبـــالاتی بـــە دینـــە کەوتنـــە دوای بێگانـــەکان
لێ دەدەن زورنـــای بەلاشـــی بـــەو دەمـــاغی ناتـــەواو
دیـن چـرای ڕێگـای نەجاتـە تـۆش بـەدوای نـەفس و هـەوا
گـەر بکەویـە شـوێن ئەوانـە مایـە پووچـی بـەش بـڕاو
لێـوە شـاوەی ئـەو عەزابـەین چـونکە پـشتمان کـردە دیـن
زەهـری نـاکۆکیش بـە جـارێ بۆگـەنی کـردووە هـەناو
سـەد دەخیـل وریـا بـە دینـت بـا لـە دەسـتت دەرنەچـێ
نـەفس و شـەیتان وا لـە دووتـن چەشـنی توولـەی فێـرەڕاو
حوکمی قورئانتان بەجێ هێشت کەوتنەشوێن قانوونی شووم[1]
قوڕ بەسـەر عـەقڵی نـەفامتان بوونـە قـەومی بـاش نـەماو
پیـاوی چـابن ئێمـە کـوردین خـادیمی دینـی مـوبین
ڕروکەنـە ئـەحکامی شـەرعی نـا بنـە ئیـسلام هـەر بـەناو
سـەد ئەسـەف بـۆ ئێـوە یـاران زەنبەلـەی دینتـان پـساند
کاتـژمێری دڵ بـە جـارێ کەوتـە دەسـت شـەیتان تـەواو
بوونـە چـەند حزبـی نـەفام و دوژمنـی یـەکتر هـەموو
تـەرکی نوێـژو تـەرکی ڕۆژوو وا لـە ناوتـان بۆتـە بـاو

[1] لە ژێر: (حوکمی قورئانتان بە جێهێشت)، نووسراوە: (رووکەنە ئادابی شەرعی) .

بەو خودایـەی بـێ شـەریکە و تـۆی پـەیا کـردووە لـە هـیچ
تـاکوو دەمـرن گـەورە نـابن تاوەهـابن نابنـە پیـاو
فیکـری نـاکۆکی فـڕێ دەن ببنـە یـەك پارچـەی مـەتین
زوو لـە نـاو چـاڵی جەهالـەت وەرنـە دەر وەك شـێر بـەتاو
ڕێك وپێك بن گەر لە گەڵ یـەك تـەختی جەمشیدتان هەیـە
تـاجی کـەیکاوس لـە سـەر کـەن چەشـنی قـەڵغان و کـەڵاو
دەبنـە خەسـرەو یـەك بـە یـەکتان نیـشتمانتان شـیرنە
مێشکی ورد کەن چەشنی فەرهاد هـەر کەسێکی بێتـە نـاو
کێـوی ئـەلبورزن بـە غـیرەت ئێـوە بـۆ کـەس نانـەون
داخەکـەم دیلـی نیفـاقن سـووك وپـووك و پـەت کـراو
دەسـتی مـن دامێنـی ئێـوە بەسـیەتی هۆشـتان هـەبێ
واز لـە نـاڕێکی بهێـنن ببنـە قـەومێکی بـەناو
ئـەمریکاو ئینگلیـز و یۆنـان هـەم فەرەنـساو رووسـیا
دوژمنـی دیـن و وەتـەنتن ئـەی خـەواڵووی هـۆش نـەماو
عەیبـە بـۆ بێگانـە دائـیم بوونـە چـاوەش کوردەکـان
روو لـە شـەرعی مستەفا کـەن گـەر گەرەکتـە ببنـە پیـاو
چـونکە بـێ مایـەن لـە نەقـدی ئیتتیفـاق ئـەی چـاوی مـن
دائیمـا بـێ سـام و شـەوکەت مایـە پـووچ و تـێ شـکاو
مەسئەلەی ڕێکی و نیفاقتان بێننـە پـێش چـاو ، تـێ بگـەن

قـەت وەکـوو ئـێکن لـە لـەززەت چێـشتی ترخێنـە و پـەلاو
چـاکە باشـتر بـۆت بـەیان کـەم تـاکو باشـتر تـێ بگـەی
فـەرقی بـەفراو چـەندە زۆرە ئـەو لـە گـەڵ ئـاوی گـەڕاو
بەسـتە ئـەم پەنـدە عـەزیزم فیکـری لێ بکـەن زۆر بـەدڵ
گـەر شـعوورتان تێـك نەچـوو بـێ دەبنـە شـیری تـازە سـاو
نـاوی ئێـوەش وەك سـکەندەر هـەر دەمێنـێ تـا ئەبـەد
هـەم لـە پـێش یـەئجووجی ناحـەز دەبنـە سـەددی دارژاو
هێـزی دینتـان گـەر لـە گـەڵ بـێ دەبنـە یەککـەم نامـەوەر
هـەروەکوو شـاهی فەرەیـدوون دەبنـە سـاحیب تـەخت و نـاو
وا چـەنەم شـل بـوو لـە گـەڵتان داخەکـەم سـوودی نـەبوو
بـێ دەمـاغی بۆتـە دەسـتوور لێـك بـە داخـن دڵ بـەتاو
حـاڵی ئێـوە مـن دەبیـنم چـت بەسـەردێ کـاکی کـورد
لێـدە تـەپڵی بـەد رەوشـتی تـاکو دەمـری نابیـە پیـاو
(عاصی) هەر هێندەی لە دەست دێ دەرسی راستان پـێ بڵـێ
پیـاوی بـاش بـن تـێ بکۆشـن عەیبـە سـستی و خاوەخـاو

* * *

(٨٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

سەیری بازی فیکری من کەن بۆ وەتەن چۆن هاتە ناو
کوندەبۆی هاتۆتە ناوێ ئیمڕۆ بۆیە هاتە ڕاو
کاکی عارەب خۆت و (شت گول) خوات لە گەڵ بێ بۆ جنوب
چونکە (خۆش حەچی) لە ناو کورد چاوەکەم نابێ بەباو
ئێمە کوردین و بە کوردیت پێ دەڵێین هەستە بڕۆ
کەر قوڕو بار سووك بە یا بە فەرموو زوو دەرچوو لەناو
دیار بە دیاری نەوتی کەرکووك هیچیتر چاو چڕمەکە
یەك دو گاڵۆن ئیزنە پڕکەن بیکەنە دەرمانی چاو
کەر دەزانێ شاری کەرکوك خاکی کوردستانە تۆش
تا دەگەیتە چۆلی قورفە قەت نەکەی ئاوڕ بدەی
سواری سەییارەی سەریع بن لێخوڕن یەکجار بەتاو
هەر لە خاکی تورکیاوە تا نیهایەی خانەقین
گشتی هێلانەی پڵنگە فەرخەکانمان وا لە ڕاو
شەوقی ڕۆژی غیرەتی کورد وا بەدەرکەوت بۆ شیمال
گوڵشەنێکە وەك بەهەشتە دوژمنی بڕوا لە ناو

شـێری بێـشەی مەعرەکـەی جـەنگ کـوردە باشـی تێبگـەن
میللــەتێکی حــەق بەدەســتە نەســرەت ئاســاری بــەناو
یابــە گــوێ بگــرە عــەزیزم نــەك بــە کــوردی تــێ نەگــەی
ســـر ســـریعاً یـــا اخینـــا[1] لاتقـــف الا بفـــاو
چـــاکە باڵێـــك ئاشـــکرا بـــێن ئێمـــە مووسلیـــشمان دەوێ
هەرچـــی پێـــی ناخۆشـــە بـــڕوا زوو بـــە زوو دەرچـــێ لـــەناو
چـــت لـــە دارو بـــەردی کـــوردە زیـــخ و قـــوم جێگاتـــە تـــۆ
زوو بـــڕۆ تێیـــدا بگـــەوزەو خـــۆت بـــدە بـــەر خۆرەتـــاو
خـــۆت و خورمـــاو پرتـــەقاڵت ، مێـــوژ و هـــەرمێ دەخـــۆین
گـــوێزو هـــەم بـــادام و قەیـــسی شـــانە هـــەنگوینمان لـــەناو
سووســـە مـــارو وردە ماســـی و هـــەم بـــزن مـــشکت هەیـــە
بزنـــە کێـــوی و شوورومامزخاســـی کوردانـــە تـــەواو
ســـێوە لا ســـوورەی دهـــۆك و نانـــە هـــەنجیرو گـــەزۆ
ســـەیری قـــەزوان و بـــەڕوو کـــەو گێـــوژی پـــڕ تـــام و ئـــاو
تـــۆ لـــە جێـــی هـــەنجیری ژەنگـــار هـــەر کولـــەی عەنبارەکـــەی
دەیخەیـــە گیرفـــان و دەیخـــۆی دەم بـــە دەم هـــەر وەك پـــەلاو

---

١) ڕاستییەکەی: (أخانا).

کورد کولەی ناخوا بــە قورئــان گــەر بــە گوللــەش بیکــوژن
هــەم بــەبێ پــێلاو و دەرپــێش فێــر نــەبوون منــداڵ و پیــاو
قونــــدەرەو شــــەلوالی فاســــۆن عــــادەتی کــــوردی شــــیماڵ
تــــۆش کراســــێکی درێــــژو کۆنــــە نــــەعلێکی دڕاو
فورسەتە زوو خۆت قوتارکە (عاصی) بۆ خوات پێ دەڵێ
عەیبــە تــەفرەو حیلــە بــازی وەعــدمان وابــوو تــەواو

*   *   *

(٨٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

لەو وەختەی کە شێخ مەحموود لە ئەشکەوتی (جاسنە) بوو، هەموو ڕۆژێ تەیارە بووردمانی دەکرد، لەبەر موتەئەسیری ئەوەم نووسی

یارەســـوولەللا چـــە جورمێکـــە کـــەوا ئـــەولادی تـــۆ
کەوتـــە ئـــەحوالی ڕەزالـــەت زومرەیـــی ئـــەولادی تـــۆ
چاوی نوتفـەو نەسـلی تۆیـە پـڕ لـە ئەشـکی حەسـرەتە
هـەروەکوو بـاران دەبـارێ خـوێن لـە چـاو ئـەولادی تـۆ
بێـی لـە هانـای ئـاهی سـەردیان یارەسـوولەللا دەخیـل
شـوبهی ئەسـحابورڕەقیمن ئـەی شـەها ئـەولادی تـۆ
ئەی شەفیعی جەمعی ئوممەت سەدکەڕەت تۆبـە و ئـەمان
بـۆ شـەفاعەت زۆرزەلـیلن ئوممـەت و ئـەولادی تـۆ
بـێ نەواوودەردمەنـدن وان لـە کـەهفی زیللـەتا

حەیـــدەری لوتفــت بنێـــرە بێنـــە دەر ئـــەولادی تـــۆ
هەستە کاکەحمەد بە قوربان تا بەکـەی تـۆ نایـە جـواب
بێ کەسە مەحموود کە ئیمڕۆ غـەرقی غـەم ئـەولادی تـۆ
غەرقی بەحری حەسـرەتی کـرد غـەدری کافرئـەی خـودا
چـاوەڕێی کەشـتی نـەجاتن دەم بـە دەم ئـەولادی تـۆ
بە شقی هـەر چـار یـاری خـۆت و ڕەوزەیـی ڕیزوانـی تـۆ
بێـرە ئیمـداد لوتـف فـەرموو بـێ کەسـن ئـەولادی تـۆ
وا لـە دەسـت زولمـی لـەعینان پـاك فـیارن دەر وەتـەن
دەردی غوربەت زوعفی کردوون تـاك وهـەم ئـەولادی تـۆ
بـەحری لوتفـت بێنـە جونبـوش یـا شـەفیعە لمـوزنیبین
بەلکـە بـێ قـووەت دەبـێتن دوژمنـی ئـەولادی تـۆ
یـا ڕەسـوولەللا شـەفاعەت کـە گونـاه و هـەم خـەتام
سەد کە (عاصی) بم یەکێکم موخلیسی ئـەولادی تـۆ

* * *

(٨٦)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

مەرسییە
بۆ وەفاتی شێخ لەتیف شێخ مەحموود
لەساڵی ١٣٩٢

لە نا و زومرەی مەلەك ئێمڕۆ عەجەب گریان و غەوغا بوو
کە نووری دیدەیی زەهرا بە وێنەی زوهرە ئاوا بوو
دڵۆپەی چاوەیی ئاسمان هەناسەی ساردی غەمخواران
بەهاریان کردەوە زستان فەلەك میزانی گۆڕابوو
لەتیفی جەرگی شێخ مەحموود بەبەرگی مەرگەوە ڕۆیی
بە ئەشکی خوێنی دڵسۆزان زەمین شێواو و شەیدا بوو
زڕەی شیری ئەجەل هات و حەواڵەی دەستی قودرەت بوو
بلەوری گەردەنی لەت بوو کە موددەی ژیانی بەرپابوو

تەماشــای زاتــی کاکەحمــەد بیــساتی تەعزیــەی داخــست
بەریدی مەعنەوی فــەرمووی ئیــشارەی شــاهی لــەولا بــوو
ئەسەف بــۆ رۆژی روخــساری کەپــەردەی مــەرگ داپیۆشــی
سەفینەی بەژن و باڵاکەی کە تێکچوو غــەرقی دەریــا بــوو
ئەمــە چــەند رۆژە میوانــە لــە خدمــەت بــاوك و بــاپیری
کە رووحــی شــیرنی رۆیــی بــە گــوڵزاری بەهەشــت شــابوو
لەبەر فرمێسکی پڕ حەسرەت نەما خاکێك بەسەردا کــەین
بەسەر چوو گوڵشەنی حوسنی کەسەر لەوحەی تەماشــابوو
شــکا پــشتی جەســارەتمان کــە ئــەڵبورزی بلّنــد رووخــا
برووسکی مەرگی وا لێــدا بــە وێنــەی تــووری ســینا بــوو
غوبــاری ماتــەم و حەســرەت ســلێمانی وەهــا داگــرت
ئەمە چەند وەختە بەو نەوعــە کــە رۆژهــەڵهات و ئــاوابوو
پــەژارەی کۆچــی ئــەو زاتــە لــە ئاسمــان ناگــەڕێ ژێــر بــێ
خەفەتبارانە ئیــستاکەش کــە نرکــەی رەعــدی پەیــدا بــوو
قەڵاتی عیززەتی کورد بوو بناغــەی میحــوەری تێــك چــوو
جەلای خورشیدی غیرەت بوو لەسەر ســەرمان کــەئاوا بــوو
لە دیدەی نەسلی کاکەحمەد بەعام فرمێسکی خوێن دەتکێ
ئەسەف چاوی لــەتیف ون بــوو کــە پــەروین و ســورەییابوو

لــەتیف و هــەم رەئــووف و تــۆ خوداوەنــدا ببــووره لێــی
لــە دونیــادا نــەجاتت دا کــە مــەیلی داری عوقبــا بــوو
تەمەننایی لە قـاپی حـەق بـە عـەفوو حورمـەتی بگـری
لە نەسلی حەیـدەرو زەهـرا بـە پـاکی هـات و پەیـدا بـوو
بیحەمدیللا کە تەئریخی لە ئەم چـوار نـاوی خـوا دەرچـوو
غفــوورو هــادی و اللــە ودود بــۆ چــوارەم ئــەسما بــوو[1]
بە خوێنی دیدە دەینووسم لــە لــەوحی دڵ غـەمی مـەرگی
مەڵێن (عـاصـی) ریابـازە لــە دەرحـەق بـاوکم هـەر وابـوو

* * *

[1] بەهای ژمارەیی چوارناوەکە، کەمێژووی وەفاتی شێخ لەتیف دەردەچێ. بەم جۆرەیە:
غفور=١٢٨٦
هادی=٢٠
الله=٦٦
ودود=٢٠
سەرجەم=١٣٩٢

(٨٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

تۆ بە دەست دونیاوە (عاصی) تا بەکەی هەروا دەبی
دیار بە دیاری ئەو کەلاکەی مەست و بێ پەروا دەبی
ژیانی تۆ بەحرە لە دنیا پڕ نەهەنگی دەردو غەم
لاشەکەت پاپۆڕە ساحیل مەرگە لێی پەنهان دەبی
زوو لە دەریای زندەگانیت خۆت نقووم کە بۆ گوهەر
چونکە گەر دەستت بەتاڵ بێ وەك کەفی دەریا دەبی
دیتنی زاهیر غوباری چاوی باتینتە وەرە
خۆڵ بکە ناو چاوی زاهیر زوو بە دڵ بینا دەبی
ئەهلی بڕوا بە بەراستی کردەوەت بێ غەشش و پاك
تۆ لەمەعنای (کات)و (هەنجیر)[1] تیپی موستەسنا دەبی
خۆت مەکە ئەربابی قەومی سەرسەری هۆشت هەبێ
پاشی مردن سەربڵندو کیشوەروباڵا دەبی
رووکە ڕێبازی نەدامەت بۆ ڕەزامەندی خودا
مژدە بێتن لەو شەقامە تووشی عەفوی خوا دەبی

---

[1] یەعنی لە سوورەی(والعصر)و(والتين). (عاصی)

وەك برووسـکە دێـت ودەڕوا ئافتـابی ژیـانی تـۆ
گـەر بـە پـاکی تێـی پـەڕێنی دیارەمـەردی خـوا دەبـی
هـەر پەشـیمانی لـە دوایـە عـومری زۆری بـێ عەمـەل
بـێ زەخـیرە و زادی تـەقوا رووڕەش و رسـوا دەبـی
خۆت مەخە ژێربـاری دنیـا و عەبـدی سـامان و تەمـەع
خـۆت بپـارێزە شـەهیدی تیغـی ئیـستیغنا دەبـی
سـاحیبی ئەشـکی نەدامـەت ترسـی سـووتانت نـەبێ
تـۆ لـە سـەر پـردی سـیراتا تووشـی چـەند دەریـادەبی
گەر هەناسەی سارد و ترسی خوای لە گەڵ بێ بـێ شـکە
هەم لەناو کـوورەی جەهەننـەم موبتـەلای سـەرما دەبـی
شەو لە خەو هەستە بەراستی و روولـە قـاپی حـەق بکـە
کارەبـات بـۆ دێتـە قـەبرو خـۆت چـرای عوقبـا دەبـی
تـۆ لـە ئـەم کاروانـسەرایە تاسـبەی میوانـە بـی
تـەپڵی مـردن لێ دەدەن بـۆت بـێ سـەرو بـێ پـا دەبـی
دووسـبەی تەشـریف دەفـەرمووی بـۆ ئـوتێلی عالـەمی
خـۆت دەزانـی چـەند بەرینـە هۆدەکـەی تێـی دا دەبـی
گـەر بـە زاخـاوی ریـازەت بـاش دڵـت مەسـقەڵ بکـەی
کاکی (عاصـی) مەسـتی خـەمری جەننەتولمـەئوا دەبـی

وەك سەگێکی هارە نەفست دوژمنی رووح و دڵە
زوو پەتی کە ئەو گەلاوە مەردی بێ هەمتا دەبی
باش دەمت پاك کە لە غەیبەت هەم لە بوختان و درۆ
مەستی بادەی حەقپەرستی و رەحمەتی مەولا دەبی
فورسەتە تا ماوی (عاصی) روو لە غەفڵەت قەت مەکە
خۆشەویستی بارەگاهی حەزرەتی ئەللا دەبی

* * *

(٨٩)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

مــەلا تاکــەی خوداوەنــدا دەبــی هــەر رووت و رســوا بــێ
وەکــوو مزگــەوتی گــەرمك بــێ دڵــی وێــران و رووخــا بــێ
ئەسیرو پڕخەفەت دائیم لە دیــدەی ئەشــکی حەســرەت بــێ
میــسالی ژووری مزگــەوتێ دڵۆپــە مــەوجی تیــادا بــێ
منــاڵی رووت وبــێ خــەرجی لیبــاسی چــڵکن و پــەڕتووت
حەســیری ژووری مزگــەوتێ مەگــەر بەونەعــە پــچڕابێ
وەکوو ئــەم تــاقی هەیوانــە دەروونــی شــەق ببــێ یەکــسەر
بــە وێنــەی رایــەڵی حــوجرە چــەمیوو خــوار وچــڕژا بــێ
دڵیان تاریك و پڕ غەم بێ وەکوو جــێ نوێژەکــەی مزگــەوت
مینابەندی لە چــوار دەورەی هــەمووی بــەردو مقــەببا بــێ
رەزیل و سووك و مەهتووك بن لە پێش چاوی هەموو عالەم
وەکــوو دیــواری مزگــەوتان دڵیــان هــەر وردو هــاڕا بــێ
مەلاو مزگەوت و شەرع و دین غەریب و بێ کەســن یــارەب
بــە غــەیرەز تــۆ خوداوەنــدا ئــیتر پــشت و پــەنا نــابێ

ئـــەوی مزگەوتـــە یـــارەببی بـــە نـــاوی مـــاڵی تـــۆ دیـــارە
چ ســــڕڕێکە دەخیلـــت بم کـــە حـــاڵی مـــاڵی تـــۆ وابـــێ
تەمـاشـــای دەرك و بانیـــان کـــەن چ خـــوارو خـــێچ و نارێکـــە
دەشـــوبهێتە دەم و لەوســـی کەســـێکی شـــەپلە لێـــی دابـــێ
مـەلاش غەمخواری مـاڵی تـۆن لـە مزگـەوت شـرتر دائـیم
دەبێ رووت و قەرزاردارب‌ێ وەیـا خـود شـێت و شـەیدا بـێ
ئەوانە وا کەمەر بەستەن لـە بـۆ ئینکـاری شـەرع و دیـن
لە ناو پـاوانی لـەززەت بـێ مـەقامیان تـاقی کیـسرا بـێ
بەرەسمی ئیلتیجـا نووسـیم نـەوەك بـۆرێی تەشـککی حـاڵ
کە چونکە غـەیری قاپی تۆ چـە جـێ جێـی ئیلتیجـا نـابێ
وەرە بـبڕە زمـانی خـۆت بـە مـەودای تیغـی (لایُـسأل)
ئـیتر واز بێنـە ئـەی (عاصـی) قـەدەر چـۆنە دەبـێ وابـێ

❊ ❊ ❊

(٩٠)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

ئـــەو داوە کـــەداتناوە ئەگـــەر بێـــت و وەهـــابێ
ئـــەو مەحکەمـــە بـــا عائیـــدی دیـــوانی خـــودا بـــێ
فیکـــرێ بکـــە لـــەو دەردە کـــە تـــۆ داتـــە دڵـــی مـــن
زۆر حەیفـــە ســـەداقەت بـــە غـــەش و روو و ریـــا بـــێ
وا دیـــارە کـــەمن موســـتەحەقم بۆیـــە وەهـــات کـــرد
وا باشـــە جـــەزای ئـــەهلی وەفـــا جەوروجـــەفا بـــێ
ئـــەم دەردە لـــە دڵمایـــە هـــەتا رۆژی قیامـــەت
وەك فـــەخری ریـــسالەت لـــە حـــزوور زاتـــی خـــودا بـــێ
مـــن غـــەیری خـــودا نیمـــە ئـــیتر پـــشت و پـــەناهی
تۆش کاکە حەمـــەت قـــووەت و هـــەم پـــشت و پـــەنا بـــێ
داوامـــە لـــە ئـــەلتافی خوداوەنـــدی تـــەعالا
تامـــاوە ســـەبەبکاری بریـنـــداری قـــەزا بـــێ
هەرچـــەندە کـــە (عاصـــی)م و لـــە مەولایـــە تەمـــەنام
ئەنـــدامی موعینـــت هـــەدەفی تـــیری بـــەلابێ

* * *

(٩١)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

موحەممەد ئیبنی عەبدوللا ئیمامی کەعبەتوللا بێ
لە دونیا حاکمی فەرد و لە قیامەت دا شەهنشا بێ
کەسێ بێ حوکمی شیری ئەو بە عالەم گەردەنی کەچ کا
کەسێ بێ گەردی نەعلەینی کە دوڕڕی تاجی عیسا بێ
کەسێ بێ حەزرەتی ئادەم کە فەخری پێ بکا دائیم
کەسێ بێتن لە مەحشەردا لیوایی حەمدی ئالابێ
کەسێ بێ جەننەتولئەعلا بە بۆنی ئەو موعەتتەر بێ
کەسێ بێ موهری سەرشانی یەدی بەیزایی مووسا بێ
لە دەرحەق ئەو کەسە چ بڵێم تەقەددوم لەو نەکا جبریل
مەقامی دەعوەتی زاتی لە بالای عەرشی ئەعلا بێ
توخوا پێغەمبەرێك بێتن بە قامك مانگی دوولەت کا
ئیتر چە بلێم لەوەی زیاتر کەسێ بەم نەوعە بالابێ
کەسێ بێ نووری دینی ئەو لە دنیادا پەخش بووبێ
کەسێ بێ عەبدی دەرگانەی لە عیززەت دا شەهنشابێ

کەسێك بێ ڕۆژی قیامەت هات شەفاعەتخواهی (عاصی) بێ
وەهــەم خــەتمی نوبــووەت کــا لــە قورئــان نــاوی تاهــا بــێ
کەسێك بێ ئاسمــان تــەی کــا بەیــەك لــەحزە شــەوی ئیــسرا
بگاتــە قابــە قەوســەین و لــە ســاحەی دەشــتی ئــەدنا بــێ
موســـلمانان مـــەرەنجێنن دڵـــی پێغەمبـــەری خۆتـــان
کەســێك بــێتن ئیتاعــەی ئــەو ئیتاعــەی زاتــی مــەولابێ
لــە زومــرەی ئومــەتی تۆمــە دەخالــەت یارەســووڵەڵلا
چلۆن (عاصـی) لـە قیامەتـدا ڕەزیـل و ڕووت و ڕسـوا بـێ

* * *

(٩٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

(ئەمە بە موناسەبەتی ئەو رۆژە بوو کە مەلیك فەیسەڵ هاتە سەرتەختی مەلەکی و لە کوردان کەسێك نەبوو داوا بۆ کوردان بکات کە ئەوانیش لە خاکی خۆیان گەورەییێکیان هەبێ بەناوی حوکمەتی. منیش لە ئەسەفی ئەوە ئەو شیعرانەم نووسی .)

دڵم دەستی بە شیوەن کرد لــە حەســرەت بێکەسـی کــوردی
لە چنگ تورکان نەجاتیان بــوو ریاســەتیان عــەرەب بــردی
هــەتا دەمــری بناڵێنــە ئــەتۆ ئــەی کــوردی بــێ ســاحیب
تەماشای مەزرەعەی ژیانت چلۆن سەرمای خەفــەت بــردی
لە بەر بێ بــاك و نــارێکی لــە رێگــای چــەوت و تــاریکی
بــە دائــیم وێــڵ و ســەرگەردان درشــت و گــەورە وو وردی
ئەســەف بــۆ خــاکی کوردســتان درایــە دەســتی بێگانــە
ئەتۆ ئەی کوردی خاوەند ماڵ چ بــوو لــەم وەختــەدا مــردی

تەماشای خاکی خۆت ناکەی هەمووی زێڕە لە دەستت چوو
بە قانوونی خەرافاتی لە میرات بێ بەشی کردی
هەتا ماوی گەلێ عەیبە بلێی کوردم لە ناو عالەم
لە خۆت ناگەی لە بەرپێی دوژمنان پردی [(١)]
دەبینی قەومی بێگانە دەلێی شێرن ئەتۆش چۆنی
لە بەربێ ئیتتیفاقیتان گرفتاری دو سەد دەردی
زبانمان زۆر درێژکردو ئەسەفەف دەستمان گەلێ کورتە
رەواجی سککەمان حەیفێ فسۆسی تەفرەقە بردی
لە ناو بازاڕی هەستیدا دەزانی بۆچی بێناوی
لە بانقی یەککەتی ناوخۆ چەکی مایەت نیفاق بردی
بە فیشاڵ و قسەی بێ جێ دەلێی شێرم ئەمان چ بکەم
تەماشای قەڵفەتی خۆت کە بە کەللە هەروەکوو گردی
نەبوو کوردێک ئەوێ رۆژێ بلێ ئێوە خودا حافیز
عەزیزم خاکی کوردستان سەراپا موڵکە بۆ کوردی
بە (امش) و (شتگول) و(شترید) ئیدارەی کوردیەت نادرێ
ئەسەف ئینگلیزی دین دوژمن کە تەسلیمی ئەوی کردی

---

[١] ئەم دێرە رەش کراوەتەوە و دووبارە لە پەراوێز نووسراوەتەوە. سێ تەفعیلەیە، واتە تەفعیلەیەکی لە دێڕەکانیدی کەمترە.

ئـــەدی بۆچـــی ئەوێـــستاکەش شـــعوورێکتان نـــەبوو ئێـــوە
بە هێزی بای نیفاقی خۆت بـــە دائـــیم تـــۆزو هـــەم گـــەردی
بەحیلـــە و قونبولـــەی نەکبـــەت وەهـــا لێکـــی ترازانـــدوون
لە جادەی یەککەتی لایدان عەجەب دووچـــاری ســـەد دەردی
گوتم ئۆخەی لە کوردستان کە ئەولادیان موسەققەف بـــوون
ئەسەف تەختەی سەقافەتیان هەمووی بەربۆوە ســـەرعەردی
رجاتـــان لێدەکـــەم کوڕگـــەل ئـــەمن (عاصـــی)م خەفـــەتبارم
ئەگـــەر تۆزێـــك شـــعوورم بـــوو هـــەوای فیـــشاڵی تـــۆ بـــردی



(٩٣)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

لە خۆت وریا بە ئەی وریا بـە عـەقڵ و دیققـەت و وردی
لە (شت گول) چاکە وازبێنی وەرە سەر لە هجەیی کـوردی
لە خۆشی هەرچی (ماگتلە) وەرە بێـدەنگ بـە ئـەی وریـا
خـەیاڵت بـۆ جنـوب گیانـە خـەیاڵی خـاوە بـابردی
کەلیمەی (وێن چنت) کەڵکی نـەماوە تـێ بگـە..........[1]
بڵـێ کـوردم بڵـێ مـەردم بـە مەردانـە ئەگـەر مـەردی
ئـەتۆش ئـەی کاکـە وریـا بـە نەشـێوێن بـچنە لای دەریـا
[2]
....
بە راستی پێت دەڵێم وریا عەتابـە کـەڵکی کـورد نـاگرێ
وەرە رووحـت ئـەتۆ ئـاو دە بـە حـەیرانی رەسـوول گـەردی
بـۆ رەزای حـەق تێبکۆشـە گـوێ لـە (عاصـی) راگـرە[3]
چـەکەلکی پێـوە نییـە دنیـا ئەگـەر ببیـە ئـەبی وەردی

* * *

---

[1] ئەم لەتە لە کۆتایی دا شتێکی کەمە.
[2] لێرەدا لەتێك کەمە.
[3] ئەم لەتە لە سەرکێشی رەمەڵی هەشتی مەحزووفە.

(٩٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

ئەوەش بۆ رۆژی حەفلەی حاجی قادر نووسیم
ئەگەرچی هێشتا نەکراوە

حــاجی قــادر تــۆ نــەمردووی تــا قیامــەت نــامری
هەرچــی کــوردە تــۆ لــە دڵیــا دائیمــا هــەر حــازری
جەوهــەری تیغــی زبانــت تیــژە وێنــەی زولفــەقار
دولــدولی نــەزمی رەوانــت شــاهیدە بــۆ مــاهری
شــیعرەکانت وەك چــرایە ســەیری ئەدرەوشــێنەوە
بۆیــە یــادت وا لــەدڵمان هــەر دەســووتێ ئــاگری
تــۆ کەشــەهبازی شــکارەندازی عــەقڵ وحیکمــەتی
بــووی بــە صــەرڕافی خەزێنــەی شیعری دورڕوگەوهــەری
مژدە بێ بۆ رووحی پاکـت سـەد هـەزار رەحمـەت لـە تـۆ
کــورد گڵــۆپی نیــشتمانە هــانی تــۆ بــوو پــاتری
بۆتــە لــەیلا بــۆ هــەموو کــورد حوســنی دیــوانی ئــەتۆ
بۆیــە وێڵــی ناوجەبــەل بــوون چەشــنی قەیــسی عــامری

کورد هــەمووی دەروێشی تۆیــە یــادوفیکری تــۆ دەکــەن
رۆژی زیکــری چــەندە خۆشــە زیکــری حــاجی قــادری
دانە دانــە ، دانــە دوڕبــوون وەك ســەدەف بــۆ فکــری تــۆ
رەهنمــای غــیرەت دەکــاتن پــشت بــە پــشت بــۆ شــاتری
دێ لــە کوردســتانی ئێمــە ئیمــڕۆ ســۆزی موخلیــسان
گــشت کەمەربەســتەی هیــواتن وا بــەرەسمی چــاکری
دەنگــی تەبریکــە لــە هــەرلا داروبــەردیش هــەر دەڵــێن
قــەومی کــورد جــەژنت موبــارەك لێــدە تــەپڵی نــادری
خاســەتتەن کۆیــە و وڵاتــی تــاجی فــەخری بــۆ ئــەوان
شــێری نــاو بێــشەی مەلاحــەت شــاهبازی شــاعری
بووبە سەرمایەی جەسارەت شــیعر و مــەعناو جەوهــەری
هاندەری جــەنگ و نەبــەردن خــۆت لــە ســەنگەر راگــری
دەست بنێنــە دەســتی یــەکتر لێــك ببــوورن مەبنــە شــاە
تــاکو ببنــە ســەددی پــۆڵای پێــشی قــەومی کــافری
وەك لە فیکری کورد گەیشتن هێــزی ئیــستیعمار هــەڵات
کلکی نــا سەرشــانی رایکــرد چەشــنی گــۆلکی ســامیری
رووکەنــە قــاپی خــوداو و زۆر سوپاســی ئــەو بکــەن
ئەو نموونە دەست بە دەست هات گەییــە عەســری حــازری
بنــەئێك و دووبــرا بــن چــاوەکەم کــوردو عــەرەب
دوژمنــی دینــە خەریکــە فتنــە بــازی و ســاحری

پـشتی یـەك بگـرن دەخیلـە کـاکی کـوردی بەسـیەتی
چـی بەسـەر هـاتووە شـعوورت ڕێـی حەقیقـەت نـاگری
پشت لە خوا کردن بە قوربان تێی بگـەن هـەر نەگبەتـە
دۆسـتی خـوابن گـەر هیوایـە خـۆ لـە مەیـدان ڕاگـری
دیـن قەڵاتـە هـەردو چـاوم یەککەتیـشە ئەسـلیحە
تۆ کە ئـەو دوانـەت نـەبێتن خـۆت لـە بەرکـەس نـاگری
مامە حاجی کاکی (عاصی) وەك کـە دیتـی جەوهـەرت
وەعـدی داوە تـابمێنێ تـەرکی کـاتن شـاعیری

* * *

(٩٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

ئـەی پـەناهی بـێ نـەوایان شەهـسواری مەحـشەری
وەی شـفیعی عاسـییان و تـوورڕەداری مهتـەری
سـورمەیی بینـایی عالـەم خـاکی تۆیـە ڕەوزەئـت
فـەخری ئینـسان و ئەجیننـە دانـە دوڕڕو گەوهـەری
وەسـفی میعراجـی ئەتۆیـە سـوورەیی ئەسـرا تـەمام
بـووە شـەرەفداری قـدوومت لـەوح و عەرشـی ئەکبـەری
ناوی ڕووی تۆیە لە قورئان خوا کە فەرمووی (والضحی)
نـاوی نـای تاهـا و یاسـین ناسـیخی هەردەفتـەری
خاتـەمی ڕوتبـەی نوبـووەت پێـشی ئـادەم وەسـفی تـۆ
تـۆی لـەناو پێغەمبەرانـدا هـەم ڕەئـیس و سـەروەری
بولبـولی بـاغی جـەلالی ڕووگـوڵی بـالاّ بلـوور
ئافتـابی ڕووی زەمینـی تـۆ عـەجایب ڕەهبـەری
خیلعـەتی لـەولاکی تـۆ بـوو باعیـسی خـەلقی عـەدەم
هەم لە سـایەی تـۆ بـو جوملـە مەسـنەدی پێغەمبـەری

ئینتیـــزاری لـــوتفی تۆنـــه ئـــهنبیاو و ئـــهولیاء

چـهشمهیی دهریـایی رهحمـهت تـۆ کـه سـاقی کهوسـهری

عـــهیبی زۆره (عاصـــی) ئیمـــڕۆ بـــێ رهواج وقیمهتـــه

بـــێ ئومێـــدی لـــوتفی تۆیـــه بـــۆ ئـــهیاغان مـــشتهری

* * *

(٩٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

حەمدو لـیللا کونـدی نەگبـەت وا لـەناو کـوردان فـڕی
بـازو پـیرۆزە کـە هـاتن ورگـی شـوومیان هەڵـدڕی
بـای نەسـیم لـوتفی خـووا بـوو باوەشـێنی کـوردی کـرد
ئـاگری فیتنـە لـە ناومـان گـورگی هـار بـوو دەرپـەڕی
شێری ئاشتی کەوتە شـوێنی رایڕفانـد تـا کلکـی گـرت
ئـاگری بەردایـە عـومری تـاکو توبـا لێـی خـوڕی
رووح و ویجدان وشەرەف هات گەییـە سـەر ئـەوجی مـراد
دەسـتی دا شمـشیری عـەدل و سـاختەکاری گـوێ بـڕی
مـژدە بـێ بـۆ ئـەو رەئیـسە عـومری نـوێی نووسـرایەوە
بەحری حیلمی مەوجی عـەفوی عالـەمی خـستە حـوڕی
بـۆ بـەیانی حـەقق و تۆڵـەی قـەومی بـێ چـارەی فـەقیر
زوو بـەرۆکی زوڵمـی گـرت و تـا بەدامـەن دایـدڕی
شـێری مەیـدانی شـەجاعەت مەلجەئوومـەئوای هـەژار
مشکی نەحسی تێك شکاندو دەست بـەجێ رووحـی بـڕی
وەك زەمانـە بووبـە کـانتین بابـەتی دانـا تـەواو
مـشتەری فەزل وشەرەف بوو قەومـی کورد هـەردووی کـڕی

گـــەورەکانی قـــەومی کـــوردی زۆر رجاتـــان لێ دەکـــەم
ببنەیـــەك پارچـــە هـــەمووتان هەرچـــی رۆیـــی تێپـــەڕی
بـــەزمی شـــایی چـــەند جوانـــە تێکەڵـــە کـــورد و عـــەرەب
زۆر شـــوکر بـــەدگۆی فەســـادیش لـــەو میانـــە دەرپـــەڕی
بـــای ســـروورە رادەژێنـــێ ســـەیری بەیـــداغی نـــەجات
ئاوی ئەمنییەت لـــە ناومـــان ژەنگـــی شـــوومی زوو ســـڕی
هەر بژی با قەومی کـــورد و دەنگـــی (فليحيـــا العـــرب)
بارەکـــەللا چـــۆن زمـــانی بـــەد زمـــانی زوو بـــڕی
فورســـەتە کەوتۆتـــە دەســـتمان ســـەد دەخیـــل خـــۆراگرن
ئەو کەســـە مـــەرد بـــوو لەمەیـــدان زوو نیفـــاقی ســـەربڕی
وازنەهێنن دەست وبـــرد کـــەن پـــشتی یـــەکتر بـــەر مـــەدەن
هێـــزی یـــەکڕەنگی بـــەهێز کـــەن رۆژی رۆیـــی و تێپـــەڕی
لێك ببـــوورن مـــەردی خـــوابن تـــا نیفـــاق سـامتان نـــەبا
چـــاو لـــە یـــەکتر زوو بپۆشـــن وەك پڵـــنگ بـــن بـــۆ دڕی
وەك بەشیری هاتنـــە مەیـــدان هـــەر بەشـیری بـچنە پـێش
واز لـــە دوولایـــی بهێـــنن وەك بـــە خـــوێن خاکتـــان کـــڕی
چـــونکە هـــاودین و زمـــانین حەیفـــە بـــە خـــودا تەفرەقـــە
رووت لـــە زنـــدانی بـــەلا کـــا بـــەدزمانی ســـیخوڕی

هــەر برابــوون هــەربرابن کاکــەگیان کــوردو عــەرەب
بۆچـی کـورد بـێ بـەش بمێنـێ عالـەمی پـێ هەڵپـەڕی
گـوێ مـەدە باسـی ئەوانـە دیـن کـە کـوردی خستەدوا
ئەو کەسەی پشتی لەدین کرد سەیری کە چۆن تێ تڕی[1]
بــا لــەناو تۆمــاری مێــژوو نــاوی ئــەم ڕۆژە بنــێن
جێژنی ئیستیقراری کورد و هـەم عـەرەب تـورك و لـوڕی
خواش مـەرەنجێنن لـە خۆتـان ئەلئـەمان و سـەد دەخیـل
لوتفی خـوا بـوو پـشتی خـستن خـاکی کوردتـان دابـڕی
پــشت بــەخوا بەســتن عــەزیزم ڕەنجــەڕۆن گــەر وانــەبن
شێری خوا بـە هـەردو چـاوم گەرچـی پـیری هـەر کـوڕی
یـا ئیلاهــی هــەر بمێنــێ تــا ئەبــەد ئــەم خۆشــییە
وا لــەناو کــوردی عیراقــا کونــدی نەگبــەت هــەڵفڕی
زۆر بە عیــززەت هــەر بـژی کـورد تـا فەلـەك دەورانـەکا
شــێر و شــێر بەچــچە بمێــنن بــێ خیلافــات و شــەڕی
(عـاصی) تەبعی چەند خەیاتە چۆن لەیـەك پارچـەغەزەل
هەربەئەنــدازەی شــەجاعەت ئــەم کــەوا جوانــەی بــڕی

* * *

[1] یەکەمجار نووسیویەتی: (خوا حەیاتی لێ بڕی) ، پاشان سڕیویەتەوە و ئەمەی نووسیوە.

(٩٧)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

سەفرەی سەفەرم سەفرە سەفەرنابی بە سەفری
زۆر حەیفە کەوا زالم و بێ دیققەت و فکری
دووجەردە لە سەر ڕێتە بەبێ زاد و سیلاحی
وا چاکە هەتا ماوی لە ئەم حاڵەتە بگری
سەرفی بکە هەنگاوی ژیانت بە عیبادەت
بەڵکوو بە ئەربابی سەفا دەرچی وو بڕی
دیققەت بکە لەو سوورەتی قورئانە دەڵێ چی
کە دەڵێ (ان الانسان لفي خسر)
گەر عاقڵی تا ماوی ئەتۆ قورکە بە سەرتا
دەرحەقی بە ئینعامی خودا ناقسی شوکری
واز بێنە لە ئەم حاڵەتی بێ باکییە (عاصی)
واکاتی سەفەر هاتووە وە بزانە لە قەبری .

* * *

(٩٨)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

(لە بۆ ئەو برایانەی کە ئەربابی تەریقەتی قادری و نەقشبەندین ، لە رووی نەسیحەت نەك لە رووی ئینکاری نووسیومە . هەرجارە کە گوێ لە شیعرەکانم بگرن بزانن ئامۆژگارییە یا ئینکارییەو عیبرەت و تەئسیری لێ وەربگرن هەتا رەنج بە خەسار نەبن)

لەرووی نەسیحەت بۆ دەروێش و سۆفی

وەرە سـوّفی تەماشـا کـە بـەریش و کەللـە وەك شـێری
ئـەدی خـۆ نەفسەکەت مێیـە لـەلای خۆشـت ئـەتۆ نێـری
لـەناو بێـشەی ریـاو عـوجبی لـەرێی ئیخلاسـی لاداوی
هـەتا دەمـری بـەبێ ئـیخلاس بـە ئـەو مـەککارە نـاوێری
لە حاڵی خۆت ئـەتۆ جـارێ تەفـەککور گـەر بکـەی ئـەوجا
بەڕاستی تێ دەگەی گیانە کە چەند بـێ کـەڵك و بـێ خێـری
حـەیا ناکـەی لـەلای مورشـید بـە خۆشـت تـۆبلێی پیـاوم
ئەسـیری ئـەو زەعیفـەی بـی دەڵێـی ئیفلـیج و شـەوکوێری

ئەگەر بێت و بە عـەقڵی خـۆت لـە دەردی دڵ بگـەی جـارێ
کـە سـەرتاپا برینـدارە بـە حیلـە و نـووکی شمـشیری
بە خوێنی جەرگە دەست نوێژی هەموو ئەهلی سلووك دەروێش
ئەتۆش پرچە هـەموو مایـەت بـە زەرگ و هەڵپـەڕین فێـری
ئەگـەر تالیـب بەراسـتی بـی سیراتولموسـتەقیم رێتـە
لە ضالّی ومەغـضوبی حیفـزی لـە سـیفرەی نیعمـەتا تێـری
کەسـێ لـەم رێیـە گـەر لادا لـە ئینعـام دوورە وەك ئـەنعام
ئـەتۆ سـۆفی وەکـوو رێـوی ئـەتۆش دەروێـش وەکـوو نێـری
بـە زیکـر و فیکـری مەولایـە عـیلاج و تۆڵـە وەرگـرتن
وەهارێتـە ئەگـەر مـەردی وەهـا بمـری دەڵـێم شـێری
لـە زنـدانی ریـازەت دا پـەتی تـەقوای لـە گـەردەن کـە
مودیری سـجنی ئـیخلاس بـی ئەگـەر حەزکـەی هەڵێـدێری
دڵـت خـستۆتە بـەر دەسـتی زەعیفـەی دوژمنـی دینـت
لە لای خۆت مـشتەری فـەیزی بـە بـێ مایـەش لـە بـاژێڕی
لە جێگەی سەفووەتی قەلب و چـرات بـۆ غورفـەیی تـەوفیق
بە قەسوەت رەش بووە قەلبت لەراستی عەیبی خـۆت کـوێری
بـە جـارێ داتـە دەسـت نەفـست لغـاوی ئیختیـاری خـۆت
بـە دائـیم بۆیـە جاسووسـی لـە گۆشـتی غەیبـەتیش تێـری

بــە بــۆراقی تەمــەع هــەرگیز بــە قودســی قودســیان ناگــەی
تەمات وایــە لــە نــاو جەننــەت لــە گــەڵ جبریلــی رابــوێری
لە پایەی رەفرەفی عــەزمت هــەتا سەرعەرشــی مەقســوودت
لــە رێــی میعراجــی ئامالــت بــە دائــیم هــەر ســەرەو ژێــری
تــەریقت حەققــە بیللاهــی عیلاجــی خــۆت بکــە مــونکیر
گــەلێ وریــا بــە مــامی خــۆم ئــەتۆش کەوتوویــە هەڵــدێری
وەها خۆت دەردەخەی (عاصی) لە ژەنگی مەعسییەت پــاکی
بــە ملیۆنــە ئــەتۆ عــەیبت لــە ســەد هەرچــواری بــژمێری .

* * *

(٩٩)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

(لەوەختی ئەسیر کردنی شێخ مەحموود)

دەزانن بۆ چ موبەددەل بوو جیهان ئیمڕۆ بە زولمانی
غوباری غەم ئەوا پۆشی جەمالی یووسفی سانی
لە دیدەی ئاڵی کاکەحمەد سەراپا ئەشکی خوێن دەڕژێ
برینی خستە جەرگ و دڵ بە جارێ تیری هیجرانی
تەماشاکەن فەلەك چی کرد لە هەرلا مەفرەزەی غەم هات
هوجوومی کردە سەرشادی کە حەسرەت بوو قومانداني
تەماشای چیهرەیی ئاسمان لە بەر شیوەن چلۆن شینە
دەڵێ ڕۆیی لە ناو کوردان سلێمانی سلێمانی
لە هەر لا هەوری میحنەت هات ڕەش و تاریك و پڕ بەرقە
بڵێسەی میحنەتە ئیمڕۆ ئەسەف وا بۆتە بارانی
لە سینەی ئەهلی مەعنا دێ سەدایی یا ڕەسولەڵلا
بە خێر بابێتەوە یارەب جەنابی حەیدەری سانی
وەرن ساداتی کوردستان فیداتان بێ سەری (عاصی)
بکێشن غیرەتێ قوربان کە ڕۆیی ماهی کەنعانی

* * *

(١٠٠)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

(لە گەڵ حاجی حەمەدەمین شەریك بووین . لە قەلعەدزە رۆنێکی زۆرمان بۆ هاتبوو . رەئیسی بەلەدیە ، ناوی نابەم ، داوای یەك دوو حوققە رۆنی کرد ، نەمان دایە. ئەویش ئیعلانی کرد ئەو رۆنە بۆ گەنە نابێ بفرۆشرێ و نابێ لێرەش بڕوا . منیش ئەوەم ناردە خزمەت جەمیل ئاغا .)

رەعییەت باغی شاهانە کە هەردەم میوە دەڕژێنێ
حیمایەتکاری شاهانە بە ئیجراحوکمی بنوێنێ
لە پاسی مێگەلی رەعیە دەبێ وەك شوانی شوانکارە
لە ژێر قاپووت لە سەر گۆچان دەبێ دووچاوی هەڵبێنێ
نەبێ غافڵ لە هەرلایێ وەگەرنە زامنە قوربان
لە شەڕڕی دز لە چنگی گورگ لە ناو گێژاوی دەربێنێ
هەموو دەعبا موهەبیایە لە گۆشتی رەعیە عەودالّە
تەلەش دانێ لە بۆ ڕێوی نەوەك پەرژینی بشکێنێ
لە چوار ئەترافی عالەمدا بکا پەرژینی بەدکردار
لە سەر شوانە بکا حیفزی چەقەڵ ئەولاکە نەڕفێنێ

ئەوانــەی حــاکمی وەخــتن دەبــێ جارجــار بکــەن تــەفتیش
وەگەرنە چنگی قەهری خوا هــەموو ئەنــدامی دەشــکێنێ
دەمێ پۆلیس دەمێ مەئموور دەمــێ ئاغــا دەمــێ نۆکــەر
هــەموو حــازر وەکــوو جــەردە کــڵاوی رەعیــە بڕفێنــێ
منــی بێــچارە بــۆ ئێــرە لــە دەســت زالــم فــیرارم کــرد
ئیتر سەد خۆزگە بۆ جاران لە دەســت ئــەحوالی گــەرمێنێ
لە ژێر خەتتی عەدالەت دا دەبــێ مــل کــەچ ببــێ حــاکم
لە بەردەستی شەریعەتدا دەبــێ خزمــەت بــە جــێ بێنــێ
نــەماوە حالــەتی پێــشووم نــەماوە تاقــەتی رەشــوەت
فــەنا بــوو ئیعتبــاری زووم هــەموو ئەشــیایە دەربێنــێ
لەژێر سایەی ئەتۆ قوربان منی (عاصــی) چــییە تــەدبیر
قرارناکــەم بــە هــیچ نــەوعێ نەکــەی لــوتفی بگــونجێنی



(١٠١)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

بە کوردی پێت بڵێم ئەی کورد لە دونیادا هەتا ماوی
دەبێ ژێردەستی عالەم بی نیفاق وارووحی کێشاوی
بەهێزی یەککەتی سەیری کە جوو چی کرد و چی لێهات
لە حاڵی خۆت بفکرە تۆش کە چەند مەهتووك و بەدناوی
ئەوێ ڕۆژێ ئەتۆ فەوتای بە دوو دەعوای درۆکەوتی
وتت دین کوردی دواخستووە تەماشاکە چلۆن پیاوی
دەخیلە ببنە یەك ئەوجا هەوێنی دینی تێکەڵ کەن
دەبینی حاڵی ئێستای خۆت دەڵێی شیری بزڕکاوی
لە باتی یەککەتی یەکسەر هەمووی لێك دوژمنە عالەم
دەسیسەی ئەجنەبی تۆی کوشت دەڵێی بێ عەقڵ و بێ چاوی
لە جێی قورئان و شەرعی حەق کتێبی ئەجنەبی ناپاك
لە دڵتا بۆتە سەرمەزهەب لە گشت ئەرکانی تۆراوی
تەماشای زیخ وقوم ناکەن کەیەکتر ناگرن هەرگیز
چەمەنتۆی تێکە دەبینی دەبێتە بەردی ڕەنگ ماوی

ئـــیتر بەســـیه بـــه نامـــەردی چ ژیانێکـــه ئـــەتۆ تێـــدای
له خـــۆت ناگـــەی لـــه ســـەر دینـــه کـــەوا بـــێ هێـــزو پـــرژاوی
بـــه قورئـــان پێـــت بڵـــێم کاکـــه هـــەتا وابـــی دەبـــێ وابـــی
نیـــزام و شـــەوکەتت نـــابێ خـــەیاڵت خـــاوه هـــەرخاوی
وەرن دامێنـــی یـــەك بگـــرن فەشـــەل نـــابن لـــه هـــیچ کـــاتێ
خـــودا گـــەریاری کـــارت بـــێ ئـــەتۆ شـــێرانه خوڵقـــاوی
حەقیقەت بوو گوتی (عاصی) ئەتۆش چی پێ دەڵێـی بیڵـێ
ئەگـــەر باوەڕنەکـــەی گیانـــه لـــه گێـــژی فیتنـــه خنکـــاوی

*   *   *

(١٠٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

بــە رەنــگ ورایحــە و لــەززەت نموونــەی جەننەتــە چــایی
وجوودی مــووجیبی کەیفــە ، نــەبوونی حەســرەتە چــایی
بەلاغی نوتقە بۆ عالــەم چــراغی شــەوقە بــۆ مــەجلیس
نــەزەرگاهی دڵــە هــەردەم عــەجایب نیعمەتــە چــایی
لە تاریکی شەوی غەمــدا ســەماوەر شــەمعە هەڵــدەکرێ
هەموو کەس بۆتە پەروانە کــە دەفعــی میحنەتــە چــایی
بەناڵەی سینە دەروێشە بــە ئەشــکی خوینی دڵ ریــشە
بــەدەفعی غەفڵــەت ونووســتن یەقینــە ســەفوەتە چــایی
لە تەکیەو خانەقاو مزگەوت بــە دائــیم رابیتــەی دەکــرێ
دو سەد تــەئویلی بــۆ دەکــرێ حزووری عیــسمەتە چــایی
مەحەببەت پیرو هــەم پیرە هــەتا منــداڵی یــەك ســاڵە
رەفیقــە بــۆ ســەفەر یــاران ئەنیــسی وەحــشەتە چــایی
بەغــەیرەز ئــەرزە لونناســان نییــە غەیبەتکــەری چــایی
خەواسان شاهیدن (عاصی) کە ئەهلی مەدحەتــە چــایی

❊ ❊ ❊

پێنجینەبەند

(١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

بە موناسەبەتی ڕۆیشتنی عالەم.بۆ چیاو دێهاتان و چۆڵ کردنی جێ و ڕێی خۆیان و پشت دانەیەك بۆداوای وەتەن و باران و سەرمای زۆر

یــا ڕەســووڵەڵلا دەخیلــە فــەخری جوملــەی کائینــات
هەوری نەکبەت گشتی داگرت عەرســەگاهی کائینــات
رووکـــە دەرگـــەی بارەگـــاهی کارســـازی کائینـــات
وا شـــەپۆلی بــەحری فیتنــە غــەرقی کــردووە کائینــات
ئــەشــرەفی ئــەولادی ئــادەم یــا ڕەســـولەڵلا نــەجات
سەدئەسەف تێکچوو نیزامی خۆش حــەیاتی کوردەکــان
تیپ بە تیپ مـندالّی مـەعسووم چوونە شاخ و کێوەکــان
وا لــە بــەر بــاران و ســەرما هەردەگریــەن بــێ وچــان
ڕووت و برســین بــێ ئومێــدن پــاکی بێــزارن لــە ژیــان
ئــەی پەنـــاهی بـــێ پــەنایان یارەســـولەڵلا نــەجات

گێژەلوولەی بای نەدامەت گێــژی کــردین خــاص وعــام
گەردەلوولی گەردی حەسرەت لوولی دا ســەحفەی قیــوام
صاعیقەو بەرق و برووسکەی سۆزی سینەی ئەهلی فــام
ئـــاگـــری بەردایــە دنیــا ئــەی حــەبیبی لایەنـــام
کـــاتی ئیمـــداده بـــە قوربـــان یارەســـوولەڵلا نـــەجات

دەنگی گریەو رۆڵە رۆیــە خــەڵکی لادێ و ئــەهلی شــار
سەیری کە فرمێسکی چاویان بۆتە خوێن و دێتــە خــوار
گــشتی شــێواون لــە داخــا هــەر دەلــەرزن بــێ قــەرار
دایە وس بە دەنگی تۆپــە ئێــستا عەســکەر دێنــە خــوار
ئەی ئومێــدی قــەومی بێکــەس یــا رەســوولەڵلا نــەجات

بابە برسیمە بە قوربان ئاخ لە بــۆ یــەك پنجــە [1] نــان
چــاوی بابــت خــوا کەریمــە وا دەچــم بــۆ دێیــەکان
گەر بە رووحیش بێتە دەستم [2] بۆتی دەکــرِم رۆڵــەگیان
مـــن ژیـــانم نـــاوێ بـــێ تـــۆ نامـــەوێ دنیـــاو زەمـــان
ئـــەی تکاکـــاری رەزیـــلان یـــا رەســـولەڵلا نـــەجات

---

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (کەرتە).
[2] لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (دەست کەوێتن).

هەستە ئافرەت نەك بترسێن زوو بگە منداڵەكان
گرمە گرمی تۆپ و بۆمبا قرچەقرچی دۆشكەكان
ناڵەناڵی هەورو باران بیانبەنە ئەشكەوتەكان
تاكو دەتوانی لەگەڵ خۆت ببە بۆیان چێشت و نان
ئەی هیدایەت خواهی عالەم یارەسولەللا نەجات
دایە باوكم كوا لە كوێیە كوا برام وخوشكەكان
ئەحمەد و زاناوو نەسرین چییان بەسەرهاتووە ئەوان
رۆڵە باوكت خوای لەگەڵ بێ دوێنێ عەسكەر كوشتیان
پاشی باوكم بۆچی بژیەم توخودا ئەی دایەگیانَ
ئەی حەكیمی دەرد و ئازار یارەسولەللا نەجات
جەرگی داكت قەت مەگریە رۆڵە توخۆت راگرە
زوو سیلاحی تۆڵە ساندن چاوی داكت هەڵگرە
ئینتیقامی نیشتمان و خوێنی باوكت وەرگرە
دوژمنی قەوم و وەتەنتان مانەوەی وەك ئاگرە
تاجداری تاجی عیززەت یارەسولەللا نەجات
رۆڵە هێزی كوردی ئیمڕۆ چەشنی دەریای بێ بنە
چەندی دیارە ئەو لە جەبهە سێ ئەوەندەش هەر ونە
گشت لە رێگای نیشتماندا ئارەزوویان كوشتنە

رووبـەرووی دوژمـن ئەوەسـتیٚ ژیـانی خـۆی لامردنـە
سـەد دەخاڵـەت شـاهی لـەولاك یارەسـولەللاّ نـەجات

وا دەچـم بـۆ جەبهـە ئـافرەت گـەردنم ئـازا بکـە
گەر ئەمن کوژرام مەگریـە بـەڵکو شـوکری خـوا بکـە
چـاوەدێری بەچـکەکانمان[1] بـاش و بـێ پـەروا بکـە
مـاڵ و سـەروەتمان گەلێکـە خزمـەتیان زۆر چـا بکـە
پـشـتیوانی ئـەهلی ئیـسلام یـا رەسـولەللاّ نـەجات

چەند شـەریف و خانـەدان و مـەردی ئـازاو پـڕ هونـەر
عـاقڵی پڕ هـۆش و غـیرەت شـێری مەسـت و بـەهرەوەر
رۆژی لێقـەومان هـەموویان وەك پڵنگـی کینـەوەر
بـۆ فیـداکاری وەتـەنیان بـوون غـەریب و دەربـەدەر
چارەسـازی قـەومی بێـچار یارەسـولەللاّ نـەجات

چەند کەسانی ئەهلی حورمەت خانەدانی عـیلم و دیـن
وا لە ترسی زوڵمی بێ جـێ یـەك بەیـەکیان دەرپـەڕین
بێ ئیمـام و بـانگ و ئـەوراد مەعبـەدی دینـی مـوبین

1) لە دەستنووێکی دیکەدا نووسراوە: (بەچکەکانم).

غیرەتـــی تۆیـــە هیوامـــان [1] یـــا شـــەفیعەلموزنیبین
خاتـــەمی خـــەتمی نوبـــووەت یـــا رەســـولەللا نـــەجات

جێـــژنی مـــەولوودی کەســـێکە یـــا ئیلاهەلعالـــەمین
خـــۆت کـــە فەرمووتـــە لـــە قورئـــان (رحمـــة للعـــالمین)
رۆژی کـــەیف و شـــادمانی بـــۆ هـــەموو ئـــەربابی دیـــن

سەد ئەسەف بۆ قەومی کوردی موبتـەلای گریـان و شـین
ئـــەی چرای رێگای ســـەعادەت یـا رەســـوولەللا نـەجات

پێـــشی ئاسمـــانی هیوامـــان بۆتـــە ســـاحەی هـــەورو لم
شـــادمانی دایـــە پـــێش خـــۆی هێرشـــی لێـــشاوی غـــەم
زەحمـــەتی بـــاران و ســـەرما ترســـی فتنـــەش دەم بـــە دەم

روو لە کـێ کـەین ئـەی خودایـە ئوممـەتی خەیرولئـەنام
ئـــەی دەلیـــلی رێـــی هیدایـــەت یارەسـولەڵلا نـەجات

هـــەر لەبـــەر خـــاتری قـــدوومی حـــەزرەتی فەخرولئـــەنام
لوتـــف فـــەرموو بـــا خـــلاس بـــێ ئـــەی خـــودایی لایـــەنام
موبتـــەلای دەردو بـــەڵا بـــووین یـــائیلاهی خـــاس و عـــام

عالـــەمی گرتۆتـــە پـــیش خـــۆی ئـــەم بەلایـــە بیتتـــەمام
یـــا محـــەممەد یـــا محەممـــەد یـــا رەســـوولەڵلا نـــەجات

---

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (ئومێدمان).

ئـــەی شەهنـــشاهی نوبـــووەت یـــا ئیمامەلمورســـەلین
سەف شکێنی دوژمنی دیـن شـاریعی ئـەحکامی دیـن
مەهبەتی ســەرداری ئـەملاك یـەعنی جبریلـی ئـەمین
بێـــــرە فریامــــــان دەخیلـــە بەشـــقی رەببولعالـــەمین
فـــاتیحی دەرگـــاهی جەننـــەت یـــا رەســـووڵلا نـــەجات
کاکی (عـاصی) بۆچـی نـاڕۆی چیتە تـۆ لـەم قوژبنـە
ئێـــرە هێلانـــەی نـــەجاتی پیرەمێـــردی وەك منـــە
پـــشتیوانی مـــن خودایـــە مـــن چ بـــاکم دوژمنـــە[1]
ئەی حەبیبی زاتی بێ چوون جەرگی (عاصی) کون کونـە
ئـەی تـەبیبـی ئـەم بـرینـە یـارەســوولەللا نەجات[2]

٢ نیسانی ١٩٧٤

❊ ❊ ❊

[1] لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (خوایە پارێزگاری رووحم من چبکم دوژمنە).
[2] لە پەراوێزدا نووسراوە : (ئەی رەئیس دین ودنیا یارەسوولەللا نەجات).

(٢)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

بـێ شـك بەشـەرێکە کـە موسـەففایە موحەممـەد
خـاکی قـەدەمی جوملـە موسـەللایە موحەممـەد
فـەخری بەشـەرو عالـەمی باڵایـە موحەممـەد
نـووری شـەرەفی عەرشـی موعلـلایە مـوحەممـەد
شـەهسـواری سەری عەرسـەیی عوقبایـە موحەممـەد
مـانگی رەجەبـە هـەم شـەوی میعراجـە بـە قوربـان
یەك لەحزە کە دەرچووی لـە هـەموو زومرەیـی ئاسمـان
بـەو مـژدە مـەلـەك کەوتنـەوە جونبـوش و جـەولان
سەف سـەف هـەمو هـاتن بەئـەدەب جوملـە دەوەسـتان
ئیمـشـۆکـە لەسـەر دەعـوەتی مەولایـە موحەممـەد
هەر کەس دەیـەوێ جەننـەتی بـێ عـەجزو مەلامـەت
بـا بێتـە دەری حـەزرەتی سـولتانی جەلالـەت
مەعلوومـە کـە ئـەو هادییـە بـۆ ئـەهلی زەلالـەت
شـاهێکە کـە رسـکاوە لەبوسـتانی ریسالەت
ئیمـڕۆ کـە لەسـەر پایـەیی عولیایـە موحەممـەد

سەيری بكە ئەم حورمەتەلای خاليقی باقی
جبريلی كەوا كردە جلەوكێشی بوراقی
فەرمو وەرە بو كەوسەر و تۆ بوويەتە ساقی
قەوسەينی دو ئەبرۆتە لە سەر رێتە بەتاقی
كورسی شەرفی ساحەيی ئەدنايە موحەممەد
(شەوی)[1] لێ بووردنە دەروازەيی رەحمەت بلەقێنن
نێزيكە موحەممەد هاتووە رەف رەف بوەسێنن
حازربن و بەيداغی مەحەببەت بچەقێنن
بۆ حورمەتی ئەو گەردن و سەر دابنەوێنن
ميوانی خوداوەندی تەعالايە موحەممەد
قورئانی قەديمە بووە بورهانی بەقووەت
يەك ئايەتی خوا كافييە بۆ ئەهلی مورووەت
مەعلومە لە لای عالەم وهەم ئەهلی فوتووەت
سەر دەفتەرە بۆ دائيرەيی ئەهلی نوبووەت
رۆژێكی زيابەخشە هووەيدايە موحەممەد
مەعلومە موبەلليغ ئەوە بۆ ئەمرو مەناهی
خالّی لە كەلامی بەشەرە صيدق و گەواهی
موستەغنييە عەبدی دەری بۆ مەسنەدی شاهی
دانێكە لە بەحری كەرەمی لوتفی ئيلاهی
دوررِی سەدەفی ئادەم وحەووايە موحەممەد

---

(١) ئەم وشەيە لە رووی كێشەوە زيادە. ئەمەپێی دەگوترێ (خزم).

گـەر تـاڵیبی ئـەلتافی حـەق و خولـدی جینـانی
سـابیت بـە لەسـەر دینـی ئـەوی شـاهی جیهـانی
مـەفهوومی کـەلامی حەقـە جـاری لـە زبـانی
بـاوەڕ بکـە شـاهێکـە بەبـێ ئـەووەل و سـانی
مـەحبووبی دەری حـەزرەتی مەولایـە موحـەممەد
تاکـەی لەجـەدەل مـالومی بـێ هـوش و خـەجلل[1]
ئـەی موفـسیدی دینـی حـەق و بـە دگـۆو مـوضـلل
بـۆ رەمـزی کـەلامی حەقـە کەشـشافی موحیـلل
بـۆ خـەتمی نوبـووەت هـەموو قورئانـە مودیـلل
خـاڵی وەکـوو مووسـا یـەدی بەیزایـە موحەممـەد
ئـەو رۆژە لەسـەر بـورجی نوبـووەت کەهـەڵات[2]
(والـشمس)لەسـەر وەسـفی جـەمالی کـەدەهات
لـەو شـوعلەیە زەڕڕێکـی بـەرۆژ دا بـە خـەڵات
بـێ شـك ئـەوە سـەرمایەیی ئومێـدی نـەجات
فـەخری شـەرەفی یەسـریب و بەتحایـە موحەممـەد

---

(١)چوار لەتی پێشەوەی ئەم پێنجینەیە لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی ئەهتەمە.

(١) چوار لەتی پێشەوەی ئەم پێنجینەیە لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی ئەهتەمە.

سـوره‌تی سـبحان الـذی کردوویـه بـه‌یان
بۆ مه‌قـده‌می ئـه‌و حه‌زره‌تـه وه‌ك فه‌رشـی لـه دیـوان
عـه‌رش و قه‌لـه‌م و کورسـی یـو ئاسمـان[1]
ئـه‌ی مـونکری میعراجـی نـه‌بی سـه‌یری لـه قورئـان
چـون شـاهیدی ئـه‌و سـووره‌یی ئیـسرایه موحه‌ممـه‌د
تـیٚ بفکـره لـه‌م ره‌مـزه تـو ئـه‌ی ئـه‌هلی ضـه‌لالـه‌ت
ئه‌و رۆژه که پێش که‌وت له هه‌موو سـه‌ف به‌ئه‌مانـه‌ت
ئه‌و نوێژه لـه سـه‌ر فـه‌زلی ئـه‌وی بـوو بـه عه‌لامـه‌ت
سـه‌رحه‌لقه‌یی دیـوانی جـه‌زا رۆژی قیامـه‌ت
سـه‌رداری هـه‌موو سـاحیبی ئالایـه موحه‌ممـه‌د
سه‌رگه‌شـته لـه دیـوانی خـودا مـونکیری ئه‌حمـه‌ق
واز بێنـه لـه جـه‌هل و جـه‌ده‌ل و مـادده‌یی موغلـه‌ق
تـیٚ بفکره‌تـو چـۆن به‌غـه‌زه‌ب خـۆت کـردووه مولحـه‌ق
مه‌علوومـه لـه ئینجیـل و زه‌بـوور کـافری موتلـه‌ق
ئـه‌و تـاجی سـه‌ری حـه‌زره‌تی عیـسایه موحه‌ممـه‌د
ئـه‌م به‌نده‌یـه لـه‌م وه‌سـفه زبـانی کـه گـه‌ڕاوه
ئـه‌و سـافی ره‌سـوولحه‌قه بـه‌و نه‌زمـه‌کراوه
هاونـاوی ئه‌ویمـه لـه تـه‌ره‌ف فـه‌زلی خـوداوه
باکـی نییـه (عاصـی) به‌هـه‌موو جـورم و خـه‌تاوه
کڕیـاری هـه‌موو ئایـه‌غی عوقبـایه موحه‌ممـه‌د

* * *

---

(٢) ئەم لەتە کێشەکەی تەواو نییە.

(٣)

بەموناسەبەتی حەفلەی شەوی میعراج
لە ٢٧ ی رەجەبی ١٣٩٢ لە کۆیسنجق
نووسیم و خوێندرایەوە

بیٚ شك بە شەرێکە کە موسەففایە موحەممەد[١]
خاکی قەدەمی جوملە موسەللایە موحەممەد
فەخری بەشەرو عالەمی باڵایە موحەممەد
نووری شەرەفی عەرشی موعەللایە موحەممەد
سەرداری سەری عەرسەیی عوقبایە موحەممەد

مانگی رەجەبە هەم شەوی میعراجە بە قوربان
لەو کاتە بەسەر کەوتی لە سەر جوملەیی ئاسمان
ئەسنافی مەلەك هاتنەوە جونبوش و جەولان
سەف سەف هەمو هاتن بە ئەدەب گشتی دەوەستان
ئیمشەو کەلەسەر دەعوەتی مەولایە موحەممەد

(١)ئەم پێنجینە بەندە دووبار نووسراوەتەوە. لەزۆر جێگادا جیاوازی گەورەی لەگەڵ ئەوەی پێشوو هەیە، بۆیە دووبارەمان کردەوە و هەر بە ئاماژەی پەراوێز نەوەستاین.

سـەیری بکـە لـەم حورمەتـە لای خـالیقی بـاقی
جبریلـــی کـــەوا کـــردە جلەوکێـــشی بـــوراقی
فـــەرموو وەرە بـــۆ کەوســـەرو تـــۆ بوویەتـــە ســـاقی
قەوســـەینی دوئەبرۆتـــە لـــە ســـەر رێتـــە بـــە تـــاقی
بـــەرزی شـــەرەفی ئایـــەتی ئەدنایـــە موحەممـــەد
لێ بوردنـــــە دەروازەیـــــی رەحمـــــەت بلـــــەرێنن
تەشـــریفی موحەممـــەد هـــاتووە رەف رەف بوەســـێنن
حـــازر بـــن و بەیـــداغی مەحەببـــەت بـــچەقێنن
بـــۆ حورمـــەتی ئـــەو گەردنـــە ســـەر دابنـــەوێنن
میـــوانی خوداوەنـــدی تەعالایـــە موحەممـــەد
هەر کەس دەیەوێ جەننەتی بێ عـەجز و مـەلالـەت
بابێتـــە دەری حـــەزرەتی ســـولتانی جەلالـــەت
مەعلوومە کە ئەو هادییـە بـۆ ئـەهلی ضـەلالـەت
شـــاهێکە کەرســـکاوە لـــە بوســـتانی ریـــسالەت
ئیمڕۆکـە لـە سـەر پایـەیی عولیایـە موحەممـەد
قورئـــانی قەدیمـــە بـــووە بورهـــانی بـــە قـــووەت
یـەك ئایـەتی خـوا کافییـە بـۆ ئـەهلی فوتـووەت
مەعلوومە لە لای عالەم و هـەم ئـەهلی مـورووەت
ســـەردەفتەرە بـــۆ دائیرەیـــی ئـــەهلی نوبـــووەت
ڕۆژێکـــی زیابـــەخش و هووەیدایـــە موحەممـــەد

مەعلوومــە موبــەللیغ ئــەوە بــۆ ئــەمر و مــەناهی
خــاڵی لــە کــەلامی بەشــەرە ســیدقی گــەواهی
موستەغنییە عەبـدی دەری بـۆ مەسـنەدی شـاهی
دانێکـــە لـــە بـــەحری کـــەرەمی لـــوتفی ئیلاهـــی
دوڕڕی ســـــەدەفی ئـــادەم و حەووایـــە موحەممـــەد

گــەر تــالیبی ئــەلتافی حــەق و خولـدی جینـانی
سـابیت بـە لـە سـەردینی ئـەوی شـاهی جیهـانی
مــەفهوومی کــەلامی حەقــە جــاری لــە زبــانی
بـــاوەڕ بکـــە شـــاهێکە بـــەبێ ئـــەووەڵ وســـانی
مـــەحبووبی دەری حـــەزرەتی مەولایـــە موحەممـــەد

تاکــەی لــە جــەدەل مــالومی بــێ هــۆش وخجــڵ
ئــەی دوژمنـــی دینـــی حـــەق وبـــەدگۆ و مـــضلّ
بـۆ رەمـــزی کــەلامی حەقــە کەشــشافی موحیــلّ
بـــۆ خـــەتمی نـــەبووەت شـــاهید ئایـــاتی مـــودلّ
خــاڵی وەکـــوو مووســـا یـــەدی بەیزایـــە موحەممـــەد

ئــەو رۆژە لەســەر بــورجی نوبــووەت کــە هــەلات
وەشـــشەمس ولەســـەر وەســـفی جــەمالی کەنــەهات
لـــەو شـــوعلەیە زەڕڕێکـــی بــە رۆژدایــە خــەلات
بـــێ شـــك ئـــەوە ســـەرمایەیی ئومێـــدی نـــەجات
فـــەخری شـــەرەفی یەســـریب و بەتحایـــە محەممـــەد

سـووره‌تی(سـبحان الـذی) کردوویـه بـه‌یان
بۆ مه‌قده‌می ئـه‌و حه‌زره‌تـه وه‌ك فه‌رشـه لـه دیـوان
عـه‌رش وقه‌ڵـه‌م کورسـی یـو ئاسمـان
ئـه‌ی مـونکیری میعراجـی نـه‌بی سـه‌یری لـه قورئـان
شاهیدی[1] فه‌زل وشه‌ره‌فی سـووره‌یی ئیـسرایه محه‌مـه‌د
تیَ بفکره له‌م زه‌مزه‌مه تو ئـه‌ی ئـه‌هلی ضـه‌لالـه‌ت
ئه‌و شه‌وه پێش که‌وت له هه‌مـوو سه‌ف به ئیمامـه‌ت
ئه‌و نوێژه له سه‌ر فه‌زلی ئـه‌وی بـوو بـه عه‌لامـه‌ت
سـه‌رحه‌ڵقه‌یی دیـوانی جـه‌زا ڕۆژی قیامـه‌ت
سـه‌رداری هـه‌موو سـاحیبی ئالآیـه موحه‌مـه‌د
سه‌رگه‌شـته لـه دیـوانی خـودا مـونکیری ئه‌حمـه‌ق
وازبێنه لـه جـه‌هل و جـه‌ده‌ل و مـادده‌یی موغڵـه‌ق
سه‌یری بکه چـۆن تـۆ به‌غـه‌زه‌ب بوویه‌تـه مولحـه‌ق
مه‌علوومـه لـه ئینجیـل و زه‌بـوور کـافری موتڵـه‌ق
تـاجێ لـه سـه‌ری حـه‌زره‌تی عیـسایه موحه‌مـه‌د
ئـه‌م به‌نده‌یـه لـه‌م مه‌دحـه زبـانی کـه گـه‌ڕاوه
ئه‌وسـافی ڕه‌سـوولی حه‌قـه بـه‌م نه‌زمـه کـراوه
هاونـاوی ئه‌وێـه لـه تـه‌ره‌ف فـه‌زڵی خـوداوه
بـاکی نییـه (عاصـی) بـه هـه‌موو جـورم و خـه‌تاوه
کـرِیـاری هـه‌مو ئـایه‌غی عوقبایـه موحه‌مـه‌د
١٨/ شعبان/ ١٣٩٢

---

[1] وشه‌ی (شاهید) له‌سه‌ره‌تاوه زیاده، ئه‌مه له عه‌رووزدا (خزم)ه.

(٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

هاواربردن بۆ خزمەتی پێغەمبەر
هەتا رجامان بۆ بکات
(صلی الله علیه وسلم تسلیما ...)

یــا رەســوولەللا چ قــەوما ئــاگری بــوغزو حەســەد
کەوتە ناو ئیسلام بەجارێ گشتی سووتاند نیــك و بــەد
غولغولەی فیتنــە و فەســادی هاتــە دنیــا بــێ عــەدەد
زەهــــری میقرۆبــی نیفاقــە لێکــی کــرد بــاب و وەلــەد
ئەلئــەمان ئــەی فــەخری عالــەم یارەســوولەللا مــەدەد
سەیری جەرگی ئەهلی مەعنا چۆن بەجارێ بوو بەخوێن
دووکەڵی سۆزی هەناسەی چەند هــەتیوانیش کــە دێــن
ئاهی سینەی گەرمی مەزلووم وا لە کووچەو شارو دێــن
خوێن لەدیدەی ئەهلی سەفوەت دێتەخوارێ وەك (دەڵێن)[(١)]
وەختــی ئیمــدادە دەلیلــە یــا ڕەســوولەللا مــەدەد

---

[١] جۆگایەکە لە لای ئەلەبجە. (عاصی)

بـەزمی راكێـشان وكوشـتن وا لـەناومان بـوو بـە بـاو
ناڵـە نـاڵی بـاب كـوژاو و ئاخـەئاخی كـوڕ كـوژاو
ژن لە سەر جادەی دەسـووڕێ بـێ نیقـاب روو هـەڵكراو
قـەومی ئیـسلام لێـك تـرازا بـوو بەسـەد فیرقـەی تـەواو
ئـەی سـوپەه سـالاری عالـەم یارەسـوولەللا مـەدەد

ئیعتیبـاری هـیچ نـەماوە قـەت حەدیـسی ئـەنبیا
گاڵتەچـی ئـەهلی عـەوامن ئـەهلی عـیلم و ئـەولیا
خـوارو مـەهتووك و رەزیلـن قـسمی پـاكی ئـەتقیا
حورمـەتی قورئـان نـەماوە بـوو غەلـەت ریـێ ئیهتیـدا
سـەییدی ئـەولادی ئـادەم یارەسـوولەللا مـەدەد

دین لە ناو عالەم بە جارێ وەك هـەتیو بـێ داك وبـاب
مەسئەلەی ماددەی حەیامان سەد ئەسەف نەیما غیتاب
بۆ تە عـەیب و لۆمـەكاری پێـچەوو پـەردەو وحیجـاب
لای درۆیـە یایـە خـانم قیامـەت و حەشـرو حیـساب
مەتلـەعی نـووری نوبـووەت یارەسـوولەللا مـەدەد

گـەر نەیـە ئیمـدادی ئیـسلام حـاڵی كەوتۆتـە شـڕی
هـەر بزانـە نـووری ئیمـان وا لـە نـاو دڵ هـەڵفری
هەڵپـەڕین و چـەپڵە لێـدان زوو حـەیایان سـەربڕی
بەحـسی مزگـەوت و جەماعـەت گـەروەها بـێ تێپـەڕی
بـەدری ئاسـمانی ریسالەت یا رەسـوولەللا مـەدەد

ئــاگری ئینکــاری دینـــی وا بــنه شــیددەت هــەڵگرا
دینـــی ئیــسلام چــووە پــەناوەو حــوکمی قــانوون دەربــڕا
بۆیــه چــەند منــداڵی ســاوا بــێ گونــاه بــوو ســەر بــڕا
چەنـــــد مــەلای حــەقگۆ بەناهــیەق گــشتی بێقــەی دادڕا
ئــەی خەزێنــەی گــەنجی ئیعجــاز یــا رەســوولەڵلا مــەدەد

بوونـــه مفتـــی حـــاڵی حـــازر جــاهیلی ناخوێنـــدەوار
زەهری دینــه گفتوگۆیــان پیــسترن ســەت قــات لــەمار
هەرچــی دەیڵــێن هــەر درۆیــه حیلــه بــاز و دەم بــەهار.
دوژمنـــی شـــەرع وحەدیـــسن بـــێ وەفـــاو و بـــێ ویقـــار
واســـیتەی کارگـــاهی ئیجـــاد یارەســـووڵەڵلا مـــەدەد

ئەی حەبیبی زاتی بێ چوون هاتــه فــەوتان ئومــەتت
هیچ پەناو مەلجــەء نــەماوە غــەیری قــاپی غیرەتــت
(رحمــة للعـــالمین)ی تـــۆ بـــە روتبـــە و شـــەوکەتت
بێـــژە یــاڕەب بێتــە جونبــوش مــەوجی دەریــای رەحمــەتت
جەرگی (عاصی) پــڕ لــە خۆینــە یــا رەسووڵەڵلا مــەدەد

* * *

(٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

مــن گــەدایی دەرکــی خــۆتم پادشــاهی ئەرجومەنــد
رووت و قووت و بــێ نــەواوو بــێ شــعوورو موســتەمەند
کــوێرە چــاوی دەرکــی مــەعنام ئینتیــزارم بــۆ مــەدەد
کەوتمەداوی نەفس وشــەیتان تــۆوی چــاکەم قــەت نەچــەند
شـــاهی شاهان مورشــیدی خــۆم یــا عەلائــەددین مــەدەد

چوو لەدەستم عومری گەنجیم رووم لە تاعەت قەت نەکرد
سەد ئەسەف بۆ ڕۆژی قیامەت هیچ لیباسم قەت نــەکرد
حەسرەتا چۆن بچمە مەحــشەر چــاکەیێکم قــەت نــەکرد
غەیــری قاپـــی غیرەتـــی تــۆ چــارەیێکم قــەت نــەکرد
شــاهی شــاهان مورشــیدی خــۆم یــا عەلائــەددین مــەدەد

چــونکە ژیــانم گەییــە ئــاخیر خــەم بــووە مــن قامــەتم
شــاهی مــن تــەدبیری دەرمــان بــێ زەخــیرەی قیامــەتم
ئیـــستەکەش پیروزەعیـــف و عـــاجزو بـــێ تاقـــەتم
بــۆتــە پـــەردە وا لەســـەر دڵ قەســوەتی بــێ غایــەتم
شــاهی شــاهان مورشــیدی خــۆم یــا عەلائــەددین مــەدەد

وا لەناو بەحری قەساوەت کەوتمە سەر مەوجی خەتا
گەر سەفینەی نووحی لوتفت بێ نەجاتی دڵ بدا
تا لەدەستم دەر نەچێتن سیلسیلەی ڕێگەی خودا
هیچ پەنا و مەلجەء نەماوە هەر دەڵێم یا شاه عەلا
شاهی شاهان مورشیدی خۆم یا عەلائەددین مەدەد
موددەتی ژیانم تەواوە هاتە سەر ڕۆژ و سەعات
یا دەقیقە و زەڕڕە ماوە یا نەفەس دەرچوو نەهات
وا لە هەنگاوی سەفەردام ڕێگەشم هات و نەهات
نەفس وشەیتان بوونە جەردە وان لە سەر جادەی نەجات
شاهی شاهان مورشیدی خۆم یا عەلائەددین مەدەد
چیم لە ژیانی عەسری ئێستا وەختە شێت بم بێ ڕیا
تێ دەفکرم هەر بە جارێ پەردەیی عیسمەت دڕا
بۆتە عەنقا ناوی ماوە جەوهەری ماددەی حەیا
دین و تەقوا بوونە گاڵتە حورمەتیان لای کەس نەما
شاهی شاهان مورشیدی خۆم یا عەلائەددین مەدەد
دەستی من دامێنی تۆ بێ تۆی کە سوڵتانی جیهان
بمخە ژێر قەبزەی ئەمانەت ئەی ڕەئیسی عارفان
من نەخۆش و دەردەدارو تۆش تەبیبی حاڵ زان
سەد دەخالەت ئەی حەکیمی دەردی زومرەی (عاصی)یان
شاهی شاهان مورشیدی خۆم یا عەلائەددین مەدەد

(٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

یا ئیلاهــی عەبـدی (عاصــی) وا لــەقاپیت بـۆ ســوئال
چــەرخی قــودرەت وا دەســووڕێ هاتــە ســەرپایەی مــەلال
میللــەتی ئیــسلامی تێکــدا دائــیرەی ئــەهلی ضــەلال
هەر خــەریکی دینــی حــەققن تــاکو بیکــەن پایــەماڵ
ئـــــەی خــودایی بــێ شــەریك و پادشــاهی زولجــەلال
چــی بەســەرهات دینــی پــاکی حــەزرەتی فەخرولئــەنام
شەرع وئایات و حەدیسیان خسته پشت گوێ بیتتــەمام
چــوونه ســەر خــوو ورەوشــتی مولحیــدی بــێ ئینتیــزام
غــەیری تــۆ کێیــە بپرســێ دادی مــەزلووم و عــەوام
چـــــاوەڕێی لوتــف وعــیلاجین پادشــاهی زولجــەلال
قەتره ئاوێـك بـوو حـەیامان سـەد ئەسـەف ڕۆیـی تکـا
شیشەیی سەفوەت بەبـەردی میحنـەت وقەسـوەت شـکا
وا پــەنامان بــردە بــەر فــەخری ریــسالەت بــۆ تکــا
کــێ هەیـە یــارەب عیلاجــی ئـەم قەزییــەی تــا بکــا
ئـــەی خــودایی بـــێ شــەریك و پادشــاهی زولجــەلال

تابەکـــەی گریـــان و شـــیوەن یائیلاهەلعالـــەمین
تا بەکـەی هـەروا برێـژم مـن لـە دیـدە ئەشـکی خـوین
غەیری قـاپی رەحمـەتی تـۆ ئـەی خـودا بـۆ کـوێ بـچین
روو لـە کـێ کـەین یـا ئیلاهـی ئەنتـە خـەیرورراحمین
ئـــەی خـــودایی بـــێ شـــەریك و پادشـــاهی زولجـــەلال

بەسـیە بـا بـەس بـێ خودایـا دیـن رەواجێکـی نـەما
عـــاجزە لێمـــان دەخیلـــە شـــاهی خەتمولئـــەنبیا
عالەمیش لێك بۆتە دوژمن کەس بە کەس رەحمـی نـەما
وا لـــە گـــریان و فغـــانن قیـــسمی زومـــرەی ئـــەولیا
ئـــەی خـــودایی بـــێ شـــەریك و پادشـــاهی زولجـــەلال

چارەســازی ئـــەم برینـــە و دەردی بـــێ دەرمـــان ئـــەتۆی
ســـاحیبی ئـــەرزو ســـەماوو راحـــیم و رەحمـــان ئـــەتۆی
بێ کەس و بێ ماڵ و بـێ جـێ خـالیقی سـوبحان ئـەتۆی
خاوەنی کورسی وو عەرش ولەوح وهـەم ئاسمـان ئـەتۆی
بێنـە جونبـوش بەحری رەحمـەت پادشـاهی زولجـەلال

بۆتـە ئـاگر چـۆل و سـەحرا هـەم جیبـال و کۆلـە شـیو
عالـەمی سـووتاند بـە جـارێ ئـەم بەڵایـە نیـو بـەنیو
چەند منـاڵی جـوان و ناسـك بوونـە بـێ بـاب و هـەتیو
ئەی پـەناهی بـێ پـەنایان حـازرو هـەم کـەس نـەدیو
ئـــەی خـودایـــی لامـــەکان و پادشـــاهی زولجـــەلال

تـۆ لــە بــەر خــاتری جــەنابی حــەزرەتی فەخرولئــەنام
هــەر بــە ملــوێن کــافرت هێنایــە بــن ئــاڵای ســەلام
ئێمە خۆ هــەر ئومــەتی ویــن بــێ شــعوور و هــەم نــەفام
ڕەببی ئیسلامان بفــەرموو تێـك نەچــێ بــا ئینتیــزام
ئــەی خــودایــی بــێ شــەریك و پادشــاهی زولجــەلال

سەد ئەسەف ڕۆیی لە دەستمان جەهەوری عیلم و ئەدەب
قیمــەتێکی وای نــەماوە حورمــەتی ئەســڵ و نەســەب
بوونە دوژمــن وا لەگــەڵ یــەك فــارس و کــوردو عــەرەب
قەت لە هیچ ترسیان نەماوە سەدهەزاران ئەی عەجەب
ئــەی خــودایی بــێ شــەریك و پادشــاهی زولجــەلال

مــن کــە عەبــدێکم خودایــا ڕووســیا هــەم زۆر دەنــی
شەرمەســارو پــڕ گونــاه ومــن فــەقیر و تــۆ غــەنی
(لا تــردوا الــسائلین) م مــن کەبیــست دڵ پێکــەنی
ئایــەتی (لاتقنطــوا) شــم هاتــە یــادو بــووم خــەنی
ئــەی خــودای عــەفوو کونەنــدە پادشــاهی زولجــەلال

بەشــقی شــەوخیزانی ســادق دائــیرەی ئــەهلی ســەفا
هەم بە حــەققی ڕەوزەیــی پــڕ نــووری ئەحمــەد موســتەفا
ڕەحم فەرموو بــا خــەلاس بــێ ئەزیــەت و جــەورو جــەفا
ئــولفــەتێکمان بێنــە نــاوا عــالیمی ســڕڕو خــەفا
ئــەی خــودایی بــێ شــەریك و پادشــاهی زولجــەلال

من كه (عاصی)م ئەی خودایا تۆش غەفوور و هەم رەحیم
لێم قبــوولْ كـه ئـەم دوعـایـه یـا موجیـب و یـا حـەلیم
بــا لەگــەلْ مــالوم نەچــینه دۆزەخ و نــاری جــەحیم
بـا نـەرەنجێ شـاهی لـەولاك یـا رەئـووف و یـا رەحـیم
ئــەی خـــودایی بـێ شــەریك وپادشـاهی زولجـەلال

* * *

(٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

پێ لە حەلقەی داوی نەفسم بێ شعوور بووم بوومە دیـل
وا لەناو زیندانی شەهوەت دەست و پـێ بەستەو زەلیـل
حەسحەسـم شـەیتانە دائـم حـوببی دونیاشـم دەلیـل
سـەد دەخالـەت یـا موحەممـەد پێشـەوایی جبرەئیـل
ئەی چـرای ئـەرزو سـەماوات یارەسـوولەللا دەخیـل

دەوری داوە وا لـە قـەلبم جونـدی شـەیتانی لـەعین
خاسـسەتەن خەنناسـی پیـسی کردەیـارو هەمنـشین
هـەر خەریکـە دایبپۆشـێ تـا بـە پـەردەی کفـروکین
تـۆی پەنـاهی بێ نەوایـان (یا شفیع المذنبين)
کۆڵەگەی کەعبەی هیدایەت یا رەسـوولەللا دەخیـل

چـونکە نـاوم مـستەفایە یـەك لـە زومـرەی ئوممـەتم
هـەر لـە ئـەووەل تـاکو ئیمـڕۆ دینـی تۆیـە ئولفـەتم
حەیفـە وا بـێ کـەس ئەسـیرو بەنـدیواری نەکبـەتم
سەد دەخیل ئەی شاهی لەولاك رووکە دەرد و زیللـەتم
دەوڕی تـاجـی مورسـەلینان یارەسوولەللا دەخیل

هەڵکرووزا باغی عومرم زۆر بە غەفڵـەت بـێ سـەمەر
دەفتــەرم گــشتی گوناهــە ئەحمــەدی خێرولبەشــەر
رووت و بێ مایەو خەجاڵەت دەستە ئـەژنۆ قوڕبەسـەر
بۆ دەخالەت هاتمـە قاپیـت ئـەی شـەفیعی نامـەوەر
شەهـسواری دەشـتی مەحـشەر یارەسـولەللاّ دەخیـل

تـۆ هـەتیوێك بـی بـە تـەنها ئیـستیلای میللـەت بکـەی
چەند هەزاران ئەهلی شەوکەت فەتح و بێ عیـززەت بکـەی
یا بەیەك ئەنگوست لە ئاسمان جورمی مانگ دوولەت بکەی
دیارە دەتوانی بە لەحزێك دێوی نەفـسم پـەت بکـەی
مەزهــەری نووری تەجەللا یـا رەسـولەللاّ دەخیـل

کێوی توور بوو بۆ موناجات خاسـی موسـایی کـەلیم
خاتەمی خەتمی نوبـووەت تـووری تـۆ عەرشـی عـەزیم
وەك شــەوی میعــراج کرایــە شـافیعی زومــرەی ئەسـیم
چۆن بترسێم من لە دۆزەخ تۆ شـەفیع و خـودا رەحـیم
ئــەی مەقامت قابە قەوسین یارەسـوولەللاّ دەخیـل

قاســیرە فیکــرم لــە وەســفت ئــەی حــەبیبی لایــەزال
نایەتە بەر حـەددی زیهـنم زیـاد لەمـە فـەزل وجـەلال
وەك لە دنیا بـەینی پەنجـەت بـوو بـە سەرچـاوەی زولال
وا لە سەر بەحری شەفاعەت هاتمە دەرگەت بۆ سوئال
تاقــەســواری دەشـــتی ئەدنا یارەسوولەللاّ دەخیل

مشتەری هەرتۆی لـە قیامـەت بـۆ ئـەیاغی ئومـەتت
دەوڵەمەنـدو پایـە بـەرزی هەربـە مایـەی حورمـەتت
کـەمترینی ئومـەتی تـۆم بمخـە قـەبزەی عیـسمەتت
مەزهــــەری لوتفی ئەتۆ بێ بەنـدەیی بـێ مروەتـت
کەعبەیی مەقسوودی عالـەم یارەسـوولەللا دەخیـل
ئایــەتی (لاتقربــوا) بــۆ عالــەمی وا تێگەیانــد
خوا لە گـوڵزاری نوبـووەت تـۆی بـە خاتـەم پێگەیانـد
بۆیە دەرکەی ئەو مەقامە هیچ کەسێ قـەت نەیلەقانـد
نـاوی نای خەیرولخەلایق زۆر بە عیززەت تـۆی ژیانـد
ئەی تەبیبی دەردی (عاصی) یارەسـوولەللا دەخیـل

❋ ❋ ❋

(٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

وەك تەماشای سەروی قەددی دڵبەری جانانەکەم
یانە مەیلی وەسلی لەیل و غونچەیی خەندانەکەم
هەروەکوو مەجنوون لە داخا روو لە سەر هەردانەکەم
ئەی موسڵمانان بزانن رۆژو شەو گریانەکەم
ئاگری دووری کە کەوتە سینەیی بریانەکەم

پادشاهی عیشق هات و لە شکری هێنامە سەر
جەزبی مەقناتیسی حوسنی جەرگی وا هێنامەدەر
بۆیە وا بێدڵ دەسوورێم بێ نەواوو دەربەدر
بێکەسم کەوتوومە داوی دڵرفێنی قورِ بەسەر
بۆیە ئیستیعفا لەدونیاو دەوڵەت و هەم ژیانەکەم

من کە سەرگەشتەم لە دونیا وا مەزانن بێ دڵم
دائیما غەرقی خەیاڵی مەوسیمی وەسڵی گوڵم
عالەم ئەیزانێ لە دەورەی لێوی غونچەی بولبولم
وەك بە ئومێدی تەماشای لالەزارو سونبولم
روو لە ئەگریجە و دو زوڵف و پەرچەمی رەیحانەکەم

بۆیــه بــازارِم لــه بــاغ و گوڵــشەن ولالــەو چــەمەن
دەردی دووری هاتـــە نـــاودڵ کردییـــە داروئـــەزەن
نامەویَ ژیــانی لــه دووری دەوڵــەت ومــاڵ و وەتــەن
قـــەت بـــەیارنابن لــه جــوانی ســەرووڵالەو یاســەمەن
لــەعلی کــوڵمی وەك دەبیــنم غەیبــەتی مەرجانەکــەم
من له مەستی چاوی مەستت مەستی بادەی دڵبەریم
ســاحیبی نــەزمی رەوان و شــعری دورڕوگەوهــەریم
جەوهەر ئەفرۆشم به قوربــان وا مەزانــه سەرسەریم
زوهـــرەڕوو هـــاتوومه ســەودا بۆویســـالت مــشتەریم
مامڵەتیش قوربان به عەقڵ و رووح و قەلب و جانەکــەم
وشــکه ســۆفی بۆیــه دائــیم دڵــرەقن هــەم دڵڕەشــن
جوملەیان لەم عیلمی عیشقه زۆر نەفام و بیَ بەشــن
قەلبی قەلبیان بیَ رەواجه چونکه گشتیان رووکەشن
سەیری کەن عاشق له حوســنا وەك گــوڵێکی رووگەشــن
بۆیـــه تەحســـینی وەزیفەی عاشـــــق و رەندانــه کــەم
بۆیه لەم بەحره به دائــیم گێــژ دەخــوا وەك ماســییه
عیــشقبازی رێــی نــەجات و جــادەیی خــوا ناســییه
زاهیدی خود بین که چونکه دیلــی نەفــسی قاســییه
رۆژو شەو غەرقی خەیاڵی عەیب و عاری (عاصی) یــه
خـــۆ منیـــش تەحسیلی عیشق و خزمەتی خووبانەکــەم

(٨)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

حەمـــدی زاتـــی بـــێ شـــەریك و خـــالیق وســـوبحانەکەم
شـــوکری نیعمـــەت بـــۆ تەماشـــای ئایـــەتی قورئانەکـــەم
ئیقتیدای قەولی ســـەحیحی فـــەخری ئیـــنس و جانەکـــەم
ڕوو لە بەیتـــوڵلاوو شـــەرعی ناسخی دونیا نەکەم
پێڕەوی بووبەکرو فاروق هـــەم عـــەلی وعوسمانەکـــەم

شـــوکرولیللا دڵ کـــە کەوتـــە حەڵقـــەیی داوی کەمەنـــد
بۆتـــە ســـەیدی شـــاهبازی پادشـــاهی ئەرجومەنـــد
حەزرەتی عـــەتتاری ســـانی خواجـــەیی هیممـــەت بڵەنـد
بوو بە دەستگیرم لـــە عوقبـــا جێنـــشینی نەقـــشبەند
فەخـــرە بەو کـــەمتر غولامـــە بازەکـــەی گەیلانەکـــەم

بـــێ نـــەواوو دەردمەنـــد و بـــێ مـــوعین و بـــێ کەسـم
وا بـــەبێ ئـــاگر دەســـووتێم ســـینەریش وقاقنەســـم
عاشـــقی زیبـــا ڕوحێکـــی ســـوخمە زەردی ئەتڵەســـم
وەك عـــەلائـــەددینی سانی بۆتـــە شـــای فریادرەســـم
ڕوویی ئیستیمداد لە قوتب و پـــیری هەورامانەکـــەم

بۆتـــەواوی دڵ تـــەبیبی وەك ســـیراجەددین ببـــێ
رۆژی قیامـــەت پـــشتیوانی وەك بەهائـــەددین ببـــێ
بـۆ شـەوی غەفڵـەت سـورەییای وەك زیائـەددین ببـێ
بـۆ نەجاتیمان لە شەیتان شاهی نەجمەددین ببـێ
روو بە مەجبووری لە قـاپی حـەزرەتی سـولتانەکەم
تۆی کە غەوسولموستەمیددین فەرقی چییە نێزیك و دوور
ئەم دڵەی پـەت کـە بـە جـارێ بیخـە رێگـای شـارەزوور
تانەبۆتە حەپـسی خـاك و لوقمـەیی چـەند مـارو مـوور
بێ ویسالت لێم حەرامە جەننەت و حوورو قوسـوور
ئـارەزووی دیـداری تـۆوو خالیـد و عوســمانەکەم
گەر ئەتۆ لوتفـت هـەبێتن نامـەوێ قـەت قـەوم وقیـل
ئاگری لوتفت کە هەڵکـەی هیممەتیـشت بـووە دەلیـل
کافییـە گـەر تـۆ نەزەرکـەی تـەن دەبێتـە ئوتمۆبیـل
جێژنی قوربان گەرچی رۆیی ئەی شەهی مەولا دەلیل
مـن لە ژێـر دامێنی پاکت رووح و سەر قوربانە کەم
رۆژو شـــەو شـــادیم نـــەماوە عـــاجز و وێرانـــە مـــاڵ
وا لەدەست غەم دەربەدەر بووم سـینە رێش و دڵ بـەتاڵ
بوومە جێی لۆمەی هەمووکەس بێکەس و ئاشفتە حـاڵ
وەختی ئیستیمدادە ئەمجا چونکە مـاوم بـێ مـەجال
بـۆ دڵـی خـۆمی برینـدار ئیلتیجـای دەرمانەکـەم

وەك (فلاتنهـر) کـە هـاتووە بـۆ ئیجابـەی سـائیلان
سـائیلێکی بـێ نـەوام ئـەی پادشـاهی عـادیلان
هاتمە ژێر دامێنـی عـەفوت مـن بـە وێنـەی قـاتیلان
گـەرنەکەی رەحمێ بە حاڵم دەچمە ریـزی موفلیـسان
دائیما دڵ پڕ لە شەڕو فیکری چەند عیسیانە کـەم
نـا ئومێـد رۆیـن لـە قاپیـت لام مەحاڵـە بـێ درۆ
بێ حـەیا و شـەرم و شـەکیبی پـێم دەنووسـێ گفتگـۆ
سـەد دەرم کـەی نـاعیلاجم دێمـەوە خزمـەت ئـەتۆ
لوتف فەرموو بەڵکو (عاصی) رێی ببێ بۆ ئاموشۆ
خـاکـی بەرپێـت بۆ تـەداوی من لە سەرچاوانەکەم

* * *

(٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلى هەشتى مەحزووف)

سەيرى تەييارەى ئەجەل كەن هاتووە بۆ غارەتم
دايە بەر سارووخى عيللەت ناو دەروون و قامەتم
چەند بيناى تێك دا لە جيسمم ، مەركەزى سەد ئافەتم
هەندە مەحزوون و رەزيل و غەمزەدەو بێ تاقەتم
بۆيە دائيم رووت و قووت و بێ زەخيرەى قيامەتم

عومرى گەنجيم چوو لەدەست و جوست و جۆيێكم نەكرد
قەت لە بۆ سولحانى نەفسم گفتۆگۆيێكم نەكرد
بۆ تەداوى لاى حەكيمان ئاموشۆيێكم نەكرد
هيچ لە بازاڕى شەبابى گردوكۆيێكم نەكرد
چونكە بێ مايەم ئەوێستا سەيرى چەند بێ بابەتم

رووم بە جارێ كردە نووستن وا لە لێفەى غەفڵەتا
وام دەزانى دين و دونيا وا لە قەبزەى سەروەتا
تا ئەسير بووم وا بە جارێ من لە داوى نەكبەتا
دڵ بە سەرما هەردەگريا چت لە من كرد حەسرەتا
من مەكينەى زيكرو فيكرم بۆ شكاندت ئالەتم

کۆششم زۆر کرد لە دونیا تاکو مەقسەد چوو لە دەست
دائیما وەك وێڵ و وەحشی بێ شعوور و شێوە مەست
دێوی نەفسم بووە رەئیسم مەرکەزی دڵمی دەبەست
هێند نەفام بوم دەفعەییێکی بۆ دیفاع پشتم نەبەست
تازە فیکرم کرد و زانیم زالم و بێ مروەتم

حاڵی حازر وەك قەدیمم هەر ئەسیری دەست هەوام
ڕاستە عومرم گەییە ئاخیر زیاد لە جاران بێ حەیام
هەند حەریس و بێ دەماغم غەرقی ناوگێژی ریام
واکەمەر بەستەی ئیتاعەی نەفس و شەیتان بووم مودام
بۆیە ئێستاش وەك منالێم غەفڵەتە هەر عادەتم

یەك بەیەك گۆڕاوە رەنگی حوسنی سەر لەوحەی جەماڵ
بەسیە غەفڵەت وابەجێ مای تابەکەی ئەی بێ کەماڵ
بابە قەسوەت رەش نەبێتن رەنگی سوورت وەك زوخاڵ
عومرەکەم گەییە نیهایەت بێ ئۆمید ماوم لە ساڵ
رۆژ بە رۆژ هەرچاوە نۆڕی چەند دەقیقەو ساعەتم

یا ئیلاهی نەبووە نابێ غەیری تۆ بە خودا خودا
هەم لە سایەی فەخری عالەم وام لە سەرجادەی هودا
ئایەتی (لاتقنطوا) شم بۆ نەجات بۆتە پەنا
ئیلتجاشم بردە قاپی حەزرەتی شاهی عەلا
مین بەعد هەر ئینتیزاری مەوجی دەریای رەحمەتم

حەمـــدولیللا نەقـــدی ئیمـــان بـــۆ قیامـــەت مایەمـــە
خـــۆم بـــە شاهنـــشا دەزانم ئومـــەتی ئـــەو شـــایەمە
چیم لـــە دارایـــی جیهانـــە عەبـــدی ئـــەو جێگایـــە مـــە
نامەوێ ناوبانگ و شوهرەت حیفزی ئیمان غایەمـــە
شـــــاهی من وەختی سەفەرمە بۆ حیسابی قیامەتم
مـــن بـــە پـــیری هاتمـــە دەرگـــەت پـــیری پیرانـــی جیهـــان
چـــونکە مەعلوومـــــە دەزانم ئێرەیـــــە دارولئـــــەمان
دەستی من دامانی تـــۆ بـــێ ئـــەی شەهنـــشاهی جیهـــان
نـــائیبـــی فەخـــری ریسالەت جێ نیشی قوتبەکان
گەر نییە ئیمدادی (عـاصی) زۆر شڕە من حاڵەتم

* * *

(١٠)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

غـەم هـات و فـەرەح رۆیـی وو ئێـستاكە حـەزینم
بـاوەڕ مەكـە بـەو ژیانـە كـە ئـەو یـارە نـەبینم
تەئـسیری شـەڕی كـردووە هیجرانـی لـە دینم
مەشـهوورە لـە ئافـاقی جیهـان ئـاهویی چـینم
تـەعقیبی دڵـی كـردووە وەك دوژمنـی خـوینم
بـێ هوودەیـە وا دەرچـو كـە ئـەم جارە لـە چارە
ئەگریجـە لـە گـەڵ پەرچـەمی وا بوونـە سـەیارە
رەشمـاری دوزوڵفـی وەكـو سـێدارە لـە دارە
مەقسوودی لە سـەر كوشـتنی مـن بـوو بـە قـەنارە
فەوتـی سـەرە ئـەم دەفعـە وەكـوو چـاوی دەبیـنم
تەقدیری ئـەزەل وایـە كـە لـەم رووحـەی بـەری بم
خـوێنم بـڕژێ شـاهیدە بـۆ رۆژی حەسـیبم
هەرچـەندە كـە بێـچارەوو دامـاوو غـەریبم
فەخرێكـە لـە ئـەم جێژنـە كـە قوربـانی سـەری بم
ئـەو خـوێنـە بڕێـژێ بـە دڵ و جـەرگ و بـرینم

وەك وەعـــدی ویـــسالی لـــە ئـــەمن كـــردووە تـــەئخیر
تـــەحریكی رەقیبـــی ســـەگە لێـــی كـــردووە تەئـــسیر
چەند دەفعە كە عـــەیبی منـــی بـــۆ كـــردووە تـــەقریر
شمـــشیری بـــرۆی عالـــەمی پـــێ كـــردووە تەســـخیر
رەحمـــی نییـــە یـــــەك جـــاری بـــە گریـــان و گـــرینم

ســـەد نـــاوی خـــودا بـــێ لـــە قـــەدو ســـینەیی باغـــت
مەفتوونـــە لـــە گـــوڵزار و چـــەمەن لالـــە لـــە داغـــت
یـــارەببی نەشـــێوێ هـــــەوەس و زەوق و دەمـاغـــــت
جـــارێكی بـــە لەنجـــە وەرە بـــۆ ســـەیری نەســـاغت
تـــــا ســـــەروی قەدوگوڵـــشەن وگـــوڵزاری ببیـــنم

وەك زوهـــرە لـــە مەتلـــەع ســـەری هێناوەتـــە دەر[1]
وا مـــــشتەری دڵ قیمــــەتی خـــۆی ناوەتـــــە ســـــەر
رووحـــــی وەكـــــوو دەســـــتمایە ئـــــەوا نـــــاوە تەبـــــەر
چەند كەس لە سەر ئەم رێیە دەبینم كە بە بـێ سـەر
مەعلـــوومە كـــە ئەو دەردە منیـــش وەختـــە ببیـــنم

---

(١) ئەم لەتە و دوو لەتی دوای ئەمە،تەفعیلەی كۆتاییان لە كێشەكە جیایـە.لـەباتی(فعـولن) بۆتـە (فعل).واتە تەفعیلەی كۆتاییان لەباتی (مـەحزووف)،(مـەجبووب)ـە.

دێوانــەیی دڵ دەســتی کــە کــردووە بەرەقاســی
لام شــێتییە لــەم بەزمــە چــە ئومێــدی خەلاســی
هاتۆتــە ســەر ئــەم گێــژە بــە عینــوانی غەواســی
ئەم بەندەیە لەم عەسرە کە مەشهوورە بە (عاصــی)
بێهــۆشــە دڵــی مــن لــە جەفــای وەســڵی ئــەمینم

* * *

(١١)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولان
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولان
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەقسوور)

ئـــاوارە لـــە ســـەحرایی غـــەم و بـــێ ســـەروپا خـــۆم
ســـەرتا بـــە قـــەدەم غەرقـــە لـــە تۆفـــانی بـــەلا خـــۆم
مەبغووزی موحیبب و هـەموو ئـەرباب و بـرا خـۆم
لـەم عەسـرە کە خنکاوی غـەم و بەختی سیا خـۆم
بێ بەش لە هەموو شادی یو هەم سەیرو سەفا خـۆم

حـــەیرانم و سەرئاســـیمە بـــێ هـــۆش وحەواســـم
دائـــیم غەمـــە خـــۆراکم و خوونینـــە لیباســـم
بـــێ ئـــاگرە ســـووتانی دڵ وجـــەرگی پەلاســـم
رووزەردو سـەرەفکەنـــدەیی دیـــداری خەواســـم
ئەی تـابیعی ئـەفعالی شـەڕو نـەفس و هـەوا خـۆم

مـــەنعم مەکـــەن ئیمڕۆکـــە لـــە نـــاڵان و گـــرینم
بـــێ فیکـــری عیلاجـــە جگـــەرو ئێـــشی بـــرینم
لام پەشـــە ئەرەســـتۆ ئەگـــەر ئـــەو یـــارە نـــەبینم
موشـــتاقی دەری حـەزرتی شـەهـسواری ئـەمینم
بێگانە لە عەقڵ و شـەرەف و هـۆش و بـەها خـۆم

بێهوودەیــە بــۆ دەردی ئــەمن فیکــری تــەبیبان
لەتلــەت بــووە جــەرگم بــە جــەفای تــیری رەقیبــان
چــارەی نییــە گریــانی دڵ و چــاوی غــەریبان
دڵ رۆیــوە لۆمــەم مەکــەن ئــەی یــارو حــەبیبان
دووچــاری غــەم و غوربــەت وگریــان و جــەفا خــۆم

کون کون بووە جەرگم بــە جــەفای تــیری مەلامــەت
کەوتوومەتــە گێــژاوی غــەم و بــەحری نەدامــەت
لوتفیێ بکە لەم مەوجــە کــە دەرچــم بــە ســەلامەت
رســـواوو پەرێشـــانم و تـــا رۆژی قیامـــەت
بەدناوی رەقیبی ســەگ و بــیێ شــەرت و وەفــا خــۆم

گرتوویــە تــەمی حەســرەت و دڵ بۆتــە دەماوەنــد
بەحــسی منــە بــۆ خــاس و عــەوام بۆتــە زەماوەنــد
میحنــەت دڵــی داگــرتم ولێــی بۆتــە قەڵابەنــد
شادی لە منی خەستە بــەبیێ فلــس و بــەها ســەند
بیێ عەقڵ وشــعوور دەربــەدەری دەشــت و چیا خــۆم

رەحمــیێ بکــە توخــدا بــە منــی خەســتەوو بریــان
دیــدەم هــەمو فــەوتاوە لەبــەر جۆشــشی گریــان
مەئویــسە لــە لــوتفی هــەمو ئــەرباب و رەفیقــان
(عـــاصی) م و پەراگەنــدەوو دڵــزار و پەرێــشان
شەرمەندەوو دامــاوو غــەریب غــەرقی خــەتا خــۆم

❊ ❊ ❊

(١٢)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەقسوور)

وەك خوێنە سرشکم لە غەم و میحنەت و هیجران
بۆ شەمعی جەمالت وەکو پەروانە لە سووتان
پەروام نییە باوەڕ بکە ئەم جارە بە قوربان
لوتفێ بکە بەم حاڵەتە ئەی حەزرەتی سولتان
سندووقی سەری خۆشت و هەم خالیدو عوسمان
سەرگەشتە لە دونیا وەکو سەرخۆش و نەخۆشم
بێگانە لە عەقڵ و شەرەف و شادی یو هۆشم
خوێناوی جگەرمە بەدڵی خەستە دەنۆشم
هەرچەندە هەتیونیم و وەلێ سینە بە جۆشم
قورئانە دەفەرموێ مەکە قەت قەهری یەتیمان
مەعلووم بووە قوربان لە خەواس و لە عەواما
کەمتر نییە لەم دەرگەیە هەرگیز لە غولاما
شادی بکە ئەم بەندەیە جارێ لە پەیا ما
دڵ ساییتە لەم قاپییە قوربان لە دەواما
ساتۆش بکە رەحمێ بە دڵ و دیدەیی گریان

لەم قاپییە دەست کەوتووە وا جەوهەری تەسکین
مومکین نییە بڕوا لە دەرت عاجز و غەمگین
فەزل و شەرەف و عەقڵی ئەتۆ نایەتە تەخمین
لوتفی حەقە لەم رەمزە کە تۆی کردووە تەحسین
سەرداری هەموو مورشید و هەم غەوسی مریدان
گەرتالیبی رێگایی حەق و دەرکی سەوابی
یا نائیلی ئەلتافی حەق و رەحمی خودا بی
یا ئەهلی نەجاتی غەم و هەم رۆژی جەزابی
مەحسووبی دەری حەزرەتی سولتانی عەلابی
مەحفووزی لە نەفس و شەڕ و هەم ئافەتی شەیتان
هەرکەس دەیەوێ جەننەت و هەم خولدی موعەتتەر
دەست ناکەوێ بیللاهی بە بێ شەرعی موتەههەر
کردوویەتە خادیم لە ئەزەل سەبقی موقەددەر
باوەڕبکە ئەم شاهە کە قوتبێکە مونەووەر
پشتێنی بە دەست بگرەو و دامانی بەدندان
ئەم پیرە کە دەستگیرە بەرەفتاری شەریعەت
لێی دەست دەکەوێ نیعمەت و ئەسراری تەریقەت
ئەو جێگەیی پڕنوورە بە ئەنواری حەقیقەت
سەرفی بکە لەم وەسفە تو ئەفکاری عەمیقەت
مەشهوورە کە (عاصی) بووە شاگردی ئەدیبان

(١٣)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەقسوور)

هەرکەس دەیەوێ عیززەت و هەم عیسمەتی ئیمان
یا تالیبە بۆ پەیڕەوی سەر جوملەیی قورئان
یا مەقسەدی حیفزی دڵە ئیمڕۆکە لە شەیتان
یا شەوقی دڵی غالیبە بۆ حۆری یو غیلمان
با بگری بە دەست دامەنی پاکی شەهی عوسمان

خۆش تەبع و دەلیلێکە لە مەیدانی نەجاتا
چەند موشفیقە ئەو زاتە لەهەنگامی حەیاتا
سەر دەفتەری ئەو سەبتە لە دیوانی سەباتا
لات حازرە بۆ حیفزی لە جەولانی مەماتا
تۆش بگرە بە دەست دامەنی پاکی شەهی عوسمان

زاتێکە کە سەرحەڵقەیی پیرانی زەمانە
دوڕڕێکە لە سەرگەنجی شەهنشاهی جیهانە
مەئزوونە لەلای زاتێ کە سوڵتانی جیهانە
یەعنی لە تەرەف شاهی عەلا غەوسی زەمانە
زوو بگرە بە دەست دامەنی پاکی شەهی عوسمان

شـــۆخێکه کـه هاونـــاوی شەهنـــشاهی ســـیراجدین
نووریکـــه لـــه ئاســـاری فیـــووزاتی بـــەهادین
غونـــچێکه لـــه گـــوڵزاری کـــه رامـــاتی زیـــادین
ســــەروێکه لــه ژێــر تەربییـەتی شـاهی عــەلادین
بێ بگـره بەدەسـت دامـەنی پـاکی شـەهی عوسمـان
(عاصـــی) م وپەراگەنـــدەوو مـــەحزوون و غـــەریبم
بـێ عیـــزەت و بـێ بـەهرەوو بـێ فـەیزو نەسـیبم
لـــەم زوڵمـــەتی دووری کـــه بـــەبێ نـــوورو شـــەکیبم
رەحمــێ بکــه ئــەی رۆشـــنی دیـــوانی حەسـیبم
دڵ بگری به دەست دامـەنی پـاکی شـەهی عوسمـان

*　　*　　*

(١٤)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفوفی مەحزووف)

مـــەحوی ســـتەمی جـــەوری رەقیبانـــە دڵـــی مـــن
مـــەجنوونی پەراگەنـــدەیی هەردانـــە دڵـــی مـــن
ســـەرفی گوهـــەری عـــومری لـــە گریانـــە دڵـــی مـــن
ئامـــاجی مـــوژەی تیـــری جەوانانـــە دڵـــی مـــن
حەبـــسی چـــەمەنی چـــاهی زەنەخدانـــە دڵـــی مـــن
پابەســـتە بـــەدوو زوڵفـــی رەشـــی شـــێوە فـــەرەنگم
کـــوژراوو جگـــەر پـــارەیی پـــەیکانی خـــەدەنگم
نێـــچیری کەمەنـــدی شـــەهی جەمـــشید و پەشـــەنگم
هـــاوارە کـــە شـــەیتانی حەســـوود هاتـــەوە جـــەنگم
تـــرســـم زەرەری مایـــەیی ئیمانـــە دڵـــی مـــن[1]
بێ مەی یو مەیخانـــە بـــە دائـــیم وەکـــو ســـەرخۆش
کەوتوومەتە بن کێوی مـــەراق بـــێ دڵ و بـــێ هـــۆش
داماوو ســـەرئەفگەندەو و هـــەم ســـینەمە پـــڕ جـــۆش
دوو دیـــدەیی مەســـتی ئـــەوە کردوومییـــە مـــەینۆش
خنکـــاوی شـــەپۆلی یـــەمی عوممانـــە دڵـــی مـــن

---

[1] لە دەستنووسییێکی دیکەدا نووسراوە: (ترسی).

بــێ حــەللی قەزييــەی لــە ميــسال عــاجزە تووســی
لاری غەلــەتی حاشــيە لــە قــازی کــە دەنووســی
پەروانە بە شــەمعی روخــی ئــەوبوو بــە مەجووســی
تـــالآنی ســـەرومالّمە ئـــەم جـــارە بـــە لووســـی
فيکـــری عەبەســـی قازييـــە حەيرانـــە دڵـــی مـــن

نەققاشــی ئــەزەل نەقــشی بــرۆی کــردووە تــەرجيح
حەل نابی بەســەدمانی يــو هــەم جــەدوەلی تەشــريح
گوێ بگرە لە ئەم فيکــرە تــو ئــەی تــاليبی تــەوزيح
حاشـــا لەجبـــە وخەرقـــە وو ســـەددانەيی تەســـبيح
تاليـــب بەمـــەی وبـــادەيی مەســـتانە دڵـــی مـــن

مەجنوونــە دڵــی خەســتە لەســەرکێوی جەفايــە
بــۆ خــاڵی وەکــوو لەيلــە کــەبێ زەوق و ســەفاييە
کوژراوی گوڵەی عيــشقە کــە دووچــاری هەوايــە[1]
لــەم دەرگەيــە چــەند ســاڵە کــە پابەنــدی وەفايــە
دائــيم بــە تــەمای هــاتنی دەرمانــە دڵــی مــن

[1] لە دەستنووسێکی ديکەدا لە جياتی (گولەی)، نووسراوە (غـەمی).

وا گۆشەنشینی قەفەسی سینەمە بێ کەس
زامارە بە پەیکانی دو ئەبرۆیی موقەووەس
لێی ناگەڕێ بەدبەختی ڕەقیبم وەکو حەسحەس[1]
خۆراکی لە خوێنی جگەری (عاصی) یە خۆ بەس
لەو حوجرە کە پڕ میحنەتە پەنهانە دڵی من

* * *

[1] لە دوا دەستنووسدا لە جیاتی: (وەکوو حەسحەس) کە لە دەستنووسەکانی دیکەدا هاتووە، نووسراوە (بەهەوەس)، بەڵام لە بەرئەوەی بە گوێرەی کێشەکە (وەکوو حەسحەس) ڕاسترە ئەوەمان دانا.

(١٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

عاسـیمەی سـولّتانی زەوقـە شـاری کـۆ بۆهەمنـشین
بۆ عولووم وعـەقلّ و عیرفـان بۆتـە یەککـەم شانـشین
حەمـدو شـوکری پـێ دەوێـتن لازمـە غافـلّ نـەبین
شوکری لوتفی خوا بکەین و قەت لە ئەمری دەرنەچـین
ئـەم مەقـامەی دابە ئێمە گولّشـەنە بۆ عیلم ودیـن
ئـاوی وەك ئـاوی حەیاتـە وەك بەهەشـتە بـۆ حـەیات
هـەر وەکـوو شـاران زەمانـە خزمـەتێکی گـەر بکـات
تـاجی فـەخرە شـاری کۆیـە بـۆ جنـوب و رۆژهـەلاّت
باغ و میوەی شوبهی جەننەت گیایەکانی بـۆن ئـەدات
نێرگس و لالەو بنەوشە سەف بەسـەف هەم چین بە چین
زۆر مەراقمـە تـاکو مـاوم سـەیری ئـەورووپیا بکـەم
تا لەخۆشـی و وەزعـی شـاران دیققـەتێکی چـا بکـەم
ئایـا وەك کۆیـە دەبیـنم تـا ئـەویش ئیفـشا بکـەم
گـەر بـە چـاوی خـۆم نـەبینم زەحمەتـە بـڕوا بکـەم
وەسـفی جـوغرافی دەلیلـە شـاری کۆیـە یەککـەمین

هــەر فنــوونیٚ لیٚــی دەپرســی ئــەهلی ئــەو لیٚبوونــەوە
یەك بەیەك لەم شوومی جەهلە خاس و عام جویٚ بوونــەوە
وەك قــەدیم گــولٚزاری عیلمــی زۆرگــوڵی گرتوونــەوە
هــەروەکوو غیلمــان و حــووری نەوجــەوان کۆبوونــەوە
وا لــەناو باغــاتی عیرفــان بــوو عولــووم وگولٚــچنین
شــوکرولیللا ئــەهلی کۆیــە بوونــە یەککــەم بــەهرەوەر
لایــەقی هەرنەوعــە مــەدحن شــارو چیاوودەشــت ودەر
ئەهلی فەزل و ئەهلی غیرەت حەقپەرست و بــا خەبــەر
شیٚری مەستن بۆ شــوجاعەت چــاونەترس و پــڕ هونــەر
مەزرەعـــەی ئەوسافی زەوقیان لایقــە بــۆ خۆشەچــین
گەرنیهایــەت خــواهی وەســفی زەحمەتــە قــەت نــادریٚ
چونکە مەدحی شاروئەهلی قەت بــەهیچ کــەس نــاکریٚ
ئــەهلی دیققــەت بیٚتــە کۆیــە فیکــری خــۆی بــاراگریٚ
تا بەچەرخی حیرەت و غــەم جــەرگ و ریــشەی بــا دریٚ
جیٚــی وەهای چونکە نەدیوە قەت لــە ئــەقتاری زەمــین
گــەر جەبــەل لبنــان ببیــنم بــیٚ شــك ئایــاغی دەکــەم
هەر بەسەرچاوەی حەمامۆك جەرگی ئەو مــن داغەکــەم
سوبح وشام بۆ کەیف و شادی ســەیری ناوبــاغی دەکــەم
زۆر بــە مــەدحی لیٚوەشــاوە بــەرزو پــەڕ لاغــی دەکــەم
لایقە بۆ شاری کۆیــە پیٚــی بلیٚـــن خولـــدی بــەرین

من کە کۆیەم سەیری من کەن قەسرو باغ و پەنجەرەم
سەیری کەن لەم لالەزارو ئەم هەوا رووحپەروەرەم
بێت و لبنان من ببینێ بێ شکە دەگرێ وەرەم
من موغازەی زەوق و شادیم ئەو دەبێتە دێوەرەم
بابەتی زەوقی دەوێتن تاکو بفرۆشێ لە چین

فەسڵی زستان کۆچی کردو خیوەتی هەڵدا بەهار
مەنزەرەی شادی و سروورە دەشت و چیاوو دێمەکار
وەك بەهەشت رازانەوە هەرچار تەرەفمان لالەزار
(عاصی) یا بێرە تەماشا و نووکی خامەت بێنەکار
هەر لە سەد یەك وەسفی دەرخە بێ وەفا با دەرنەچین

* * *

پێنج خشتەکی

(١)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تەخمیسی غەزەلی ئەحمەد ئاژگەیی
لە مەدحی جەنابی مەلا محەممەد جەلیزادە

ببینە مەزهەری حیکمەت لە عەرسەی دیققەتا سوارە
لە بەرقی تیژی فیکری ئەو مەسائیل جوملە وا دیارە
سەفایی سینەیی شەرحی مەقامی سرڕوئەسرارە
لە تەعقیبی حەقیقەتداکەسیٚ دانایی ئەسرارە
لە ناحەق لا بە حەق مولحەق حەقایق بین و بیٚدارە

تە ماشای لەوحی قەلبی کەن بیحەمدیللا کە مەشغووفە
لە گەڵ ئەسراری قورئانی بە دائیم فکری مەئلووفە
بیحەمدیللا لە ئەفلاکا وەها مەعرووف و مەوسووفە
لەواقیفدا کە تەوقیفە بە وەقفی وەقفە مەوقووفە
قەفایی قیف قیفی قافی بە قافی قووە دەووارە

بەبێ جوهد و مەشەققەت بوو وسوولی عیلمی مەئموولی
ئەوا سەبتە خەتی قودرەت لە ناو دیوانی مەقبوولی
موتەههەر تاهیرو ئەتهەر لە ژەنگ و تۆزی مەشغوولی
بە جوهدی حاسیل و تەحسیل و ئیستیحسالی مەحسوولی
حوسوولی حەوسەلەی حاسیل بە ئەسلی ماحەسەل دیارە
لەیومنی مەقدەمی ئەودا زەمین حەقیەکە مننەت کا
بە سەر ئاسمانی هەفتەمدا ئەویش ئیقراری عیززەت کا
چەجیگای حیرەتە زاهید کە کەسبی عەقڵ و هیممەت کا
مودەققیق با لە دارولیفکری دەقوولبابی دیققەت کا
بە تەدقیقی دەقایق دەق دەزانێ کۆیە ئەم شارە
خەزێنەی عیلمە خۆسینەی هووەیدایە موفیداتی
لەبەحری عیلمی وا دیارە وەکوو گەوهەر کەلیماتی
درەخشانی لەبەر مەعنا خوتووتی سەرسەحیفاتی
دەفینەی نەقدە نەقدینەی نەقیداتی نەقیزاتی
مەلامەوسوومی مەرسوومە لە سەر ڕێی فەخری موختارە
لە مەعنادا کەلامی ئەو هەموو تەلتیف و هەم میلقە
یەقینە پەیڕەوی قەولی بەجارێ مووجیبی عیتقە
بە قووەی عیلمی فارووقە موقیتی باتیل و فیسقە

به تەسدیقاتی سددیقی سەداقەت مەسدەقی سیدقە
خەتیبی خوتبە خیتابی خەتیبی ئەمری غەففارە
چووە ناو بەحری عیلم و دوڕڕی مەعنایی دەرێناوە
هەیولای فیکری خۆدیارە ئیحاتەی عیلمی واداوە
سیراجی مەزهەبی ئیسلام جەلیزادە ئەواماوە
لە زینوورەوینەوە نووری حەیا چاوەی ئەوا ماوە
چرای مەجموعی جەمعانە جەماعەت نەقشی پەرگارە
لە ولکەی میللەتی ئیسلام قبووڵیان کرد بە مەخدوومی
ئیمامی ئەهلی عیلمە ئەو هەموو رازین بە مەئموومی
لە فەهمی جارییە رەمزی هەموو عیلمێك بە مەنزوومی
لە عیلمی حەزرەتی عەلیە ویلایاتی بە مەعلوومی
شەرایع شاریع و مەشرووع شرووعی روزی ئیزهارە
ئیلاهی ئەم جەلیزادە دڵی دوور بێ لە گەردی غەم
تەلەب دەکرێ تەسیحەی حەق بە مەعلوومی ئەوێستا لەم
قراری حەققی هەرچاری لە فەهمی بوون ئەوێستاجەم
ئەئیممەی ئەربەعە هەریەك لە سەر روبعی ئەوێستا ئەم
وەلی عەهدی هەموویانە محەممەد یاری هەرچارە

له گەردوونی حەقیقەتدا وەکـوو کـەو مەرکـەبی رانـی
خـەیاڵاتی موفیـدو هـەم فونـوونی مەزهـەبی زانـی
جودای حەققی له باتیل کـرد مـەفادو مەتڵـەبی زانـی
له کـۆکـۆکـۆن وەکوو کۆنه کەواکیب مـەوکیبی زانـی
به تـوولی عـومری عەمروزەیـد شـوکرگفتاری ئـەخباره
حەتا ئاسمان له دەورا بێ ئیلاهـی هـەر عەلامـەت بـێ
له تاریکی شەوی جـەهلا چـرای دەفعـی زەلامـەت بـێ
موقەووی دینی ئیسلام و شەهی ئەهلی عەمامەت بـێ
ئیلاهـــی تا له دونیا زەید و عەمری بێ سەلامەت بـێ
ئەیا مەسعوودی ئیبن ولحاج که بۆ دین مەرجـەعی کـاره
ئیلاهی عەفوو فەرموو تـۆ کـه ئێمـه ئـەهلی ئیمـانین
له سەر وەعدەی حەقی خۆته به هیـوای حوورغیلمـانین
هەزار (عاصی) وەکوو من بێ له سایەی رەحمی رەحمانین
به حوکمی عیلم و حیلمی سەبرو شوکری ئەو موسلمانین
وەئیللا جاهیـلی وەك (ئاشـــگەیی) گومرایه بێـچاره

❊ ❊ ❊

(٢)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەكفووفی مەحزووف)

(تەخمیسی غەزەلی وەفایی)

یاران چە عەجەب دەوری قەمەر وەك شەوی تارە
وامەوسیمی گولزارو گولّ و گەشتی مەزارە
وەختی هەوەسی بولبولە وا بەختی بەكارە
رۆژی تەرەب و فەسلی گولّ و روویی بەهارە
یاران گولّەكەم كوا كەدەمی بۆس و كەنارە

نەشئێكە لە جلوەی روخی تۆ حوسنی زولێخا
شەیدا سیفەتی عیشوەیی تۆن وامیق و عەزرا
وارەونەقی بەخشیوە بە گولّ قامەتی رەعنا
گولّ نارە بەدەم سوورەتی غیلمان قەدی توبا
گۆشەی چەمەن و روویی گولّ و پایی چنارە

زاهیدە ئەگەر وەربگەڕیّ قەت مەكە لۆمەی
تاوس نییە نەقشی چ لە راست گولّگولّی سوخمەی
وەك زولمەتە دونیا كە لە داخستنی دوگمەی
بنوارە لە ناو حەلّقەیی زولّفی سەری كولّمەی
دوو رۆژی درەخشانە لە ناو دووشەوی تارە

دەڕوا لـــە دڵـــم خەســـرەوی شـــیرینی چـــەلەنگم
بێ باکە لـەمن ئـەو کـە دەڵێـی قـەومی فـەڕەنگم
بـــەرتیری مـــوژەی داوە دڵـــم ، دڵبـــەری شـــەنگم
بۆچی نـەگریم کوشـتەیی سـەد غـەمزە خـەدەنگم
مـــن ئێـــك و نیـــزامی حەبەشـــی زادە هـــەزارە

مـــەمکوژە بـــە ئـــەم دەردەوە هـــەردەم بـــە نـــەوایێ
پێوەنـد مەکـە ئـەم بەندەیـە هـەردەم بـە هـەوایێ
فتـــوا مـــەدە بـــۆ کوشـــتنی هـــەردەم بـــە خـــەتاییێ
بەو زولف و موژە مـەمکوژە هـەردەم بـە جـەفاییێ
جارێـــك لە تەنـافم مـەدە جـارێـــك لـــە قنـــارە

تەشبیه بکەن ئەرقامـەتی تـۆ بـە حـەنەسـەهوون
شـــەیدایی ئـــەتۆ کـــەبکی خـــەرامان و تـــەزەڕڕوون
سەرئاسیمە لەو قامەتـە سـەد عەرعـەرو سـەروون
زولـف و روخ وپوسـتانی قـەدی نەوبـەری سـەروون
ئـــەو عەترە بـەزاهیـــر گـــوڵ و نـارنـج وئـەنارە

بـــۆ وەســـڵی جـــەمالی تـــووە لـــەم میحنەتـــە ئـــالام
مـــەجنوونم و سەرئاســـیمەوو کوشـــتەیی لـــەیلام
لەو گوڵـشەنە عاشـیق بـە گـوڵ و سـونبول و لالام
بـــەو قامەتـــە رەعنایـــە شـــکۆفەی قـــەدوبالام
قـــەد نـــارەوەن و بـــاغی گـــولان بـــاغی ئـــەنارە

هەردەم بــە تــەمای رەونــەقی ســونبول كــە دەنــاڵێ
وەك بولبــولی شــەیدا بــە هــەوای گــوڵ كــە دەنــاڵێ
لۆمەی مەكە (عاصی) بە هەموو دەم كە دەناڵێ

هــەر لــەحزە وەفــایی وەكــو بولبــول كــە دەنــاڵێ
كــەس مــەنعی نــەكا عاشــقی گــوڵزاری بــەهارە

❊ ❊ ❊

(٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

تەخمیسی عاصی لە سەر غەزەلی سەید ئەحمەدی مولەققەب بە حوسێنی

بۆتـــەداوی ئێـــشی جـــەرگت فورســـەتە (عاصـــی) وەرە
وا تـــەبیبی دەردی بـــاتین ئیمـــڕۆ بـــۆ خـــۆی دوختـــەرە
حاڵی خـۆتی بـۆ بـەیان کـە پێـی بڵـێ بـەو کیـشوەرە
وا بە غـــەمزەی جـــەرگی پـــڕ خـــوێن کـــردووم ئـــەم دڵبـــەرە
نـــووکی مـــژگـــانـــی لـــە بـــۆ دڵ پـــارە کـــردن خەنجـــەرە
ســـەددی کـــردووە ڕێـــی ویـــسالی دڵ ڕفێنـــی مەستەچـــەم
خواردنەوەم خوێناوی مەرگـە ، خواردنیشم بۆتـە غـەم
مـــن ســـەرم دەرناچـــی یـــاران ڕوو لـــە قـــاپی کـــێ بکـــەم
تیری غەمزەی هەند بە تاوبۆم دێ لە دوویـەك دەم بـە دەم
ســـەیری ســـینەم کـــەن لە هەرلا کـــون کونە وەك پەنجـــەرە

تۆ لە گوڵزاری جەمالی (عاصی) سەیری چی دەکەی
یادی وەختی نەوجەوانی و سەردەمی گەنجی دەکەی
بۆیە سککەی شاهی حوسنی دائیما تەرویجەکەی
بۆ موسەخخەرکردنی دڵ پەرچەم و ئەگریجەکەی
هێرشی هێنا دەڵێی تابوورو تیپی عەسکەرە

موبتەلای دەردی فیراقی دڵبەری شیرین زبان
ئێش ونێشی هەندە زۆرە جەرگ و دڵ هاتۆتەژان
ئاگرێ بەربووە دەروونم هەر دەسووتێ بێ وچان
دووکەڵی ئاهم دەچێتن دەم بە دەم بۆ ئاسمان
ئاگری دڵ زۆر بە تاوە سینە عەینی مەجمەرە

خەو لە چاوم ناکەویتن بەو شەوی دوورو درێژ
ئەشکی حەسرەت هەڵدەڕێژێ دائما وەك ئاوەڕێژ
من لە سەحرای دەردی دووری هەڵدەسووڕێم گێژ و وێژ
وا لە دەریای عیشقیا کەشتی وجودم کەوتە گێژ
دڵ لەناو ئەمواجی ئەم بەحرە میسالی لەنگەرە

هەندە بێ لوتفە لە گەڵ من مەیلی بۆ وەسڵی نییە
چاو دەگریە چارەیەك بۆ ئەشکی وەك سەیلی نییە
پێم دەڵێ ئەو هەرزەگۆیە هیممەتی قەوڵی نییە
هەندە مەغروورە بە لای من موتلەقا مەیلی نییە
من فەقیر و بێکەسم ئەو پادشاه وسەرورەرە

من كه (عاصی) م حەمدولیللا پاك نیازو خۆش دڵـم
وا لــەناو باغــاتی نــەزما بولبــولێكی سەرچــڵم
هــەم لــە سـایەی شـیعرەكانم خـاوەنی چـەپكە گـوڵم
ئەی (حوسێنی) قەت مەپرسـە ماجـەرای دەردی دڵـم [1]
گەر بە ئـەژماری[2] بنووسـی[3] سـەد هـەزاران دەفتـەرە

(١٣٩٥)

* * *

(١) لە دەستنووسێكی دیكەدا نووسراوە: (ماجەرایی دەردی دڵ).
(٢)لە دەستنووسێكی دیكەدا نووسراوە: (گەر بە تەعدادی) .
(٣)لە دەستنووسێكی دیكەدا نووسراوە: (بنووسرێ).

(٤)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

تەخمیسی غەزەلی وەفایی

ئـــەی قـــووەتی نوتقـــت هـــەمو تـــەبلیغ و بەلاغـــە
ئەی شەوقی دو چـــەهرەت نـــە موشـــابیهـ بـــە چـــراغە
ئـــەی ســـێوی دوکوڵمـــت نەمناســـب بـــە مەراغـــە[1]
ئـــەی پرتـــەوی حوســـنت هەمـــەرەنگی گوڵەباغـــە
نەشـــئەو نـــەزەرت شـــەوقی دڵ و زەوقـــی دەماغـــە

حوببـــت لـــە دڵـــم ســـابیته مەڕوانـــە وجـــوودم
بـــۆ روتبـــەیی خاســـانی[2] دەرت نیمـــە وجـــودم
بەو لوتفـــە کـــە کـــردت هەمـــە دەم وا لـــە ســـجوودم
ئەســـماء و ســـیفاتت بـــە تەجـــەللی لـــە وجـــودم
شەو بـــوو کـــە توهـــاتی لـــە منـــت کـــردووە چـــراغە

([1]) لە دەستنووسێکی دیکەدا لەباتی(بە مەراغە) نووسراوە (بە چەباغە).
([2])لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (چاکانی).

وەك هاتە تەماشام و کە هەستی ئەلەمی کرد[1]
دەر لەحزە بەسەد نەشئە کە سەوقی حەرەمی کرد
نەبزی دڵی وا گرتم و فیکری وەرەمی کرد
چەند نەشتەری غەمزەی لە دڵم داوو دەری کرد
قانوونی حەکیمانە بپرسین لەنەساغە

وەك هاتییە ناو دڵ دڵە سووتاوە لە تاوت
عالەم هەمو حەیرانەوو پابەستە بە داوت
بۆ روویی جیهان کافییە یەك نەشئە لە چاوت
تۆ هاتییە گوڵشەن لە بەرئەم زولفی بڵاوت
زۆر پێ نەچوو رۆیی لە چەمەن لالە لە داغە

تەسدیقە کە عالەم هەمو حەیرانە لە رازت
مەحموودە لە غەزنەینی جیهان مولکی حیجازت
چەند خۆشە کە دیار[2]بم لە نەزەر لوتفی ئەیازت
زولفت بە هەناسەم کە نەیا سینەیی بازت
زستانە گوڵستانەوو پابەستەیی زاغە

---

(١)لە دەستنووسێکی دیکەدا سێ لەتەکەی پێشەوەی ئەم پێنجینەیەی بەم جۆرە هێناوە:
بەو ئەمرە کە شمشێری برۆی هات و شەڕی کرد
سوڵتانی روخت بۆ منی بێچارە سەری کرد
چەند تیری موژەی بوو لە دوو قەوسەینی دەری کرد
(٢)لە پەراوێزدا لە جیاتی (دیار). نووسراوە (سەگ) .

ڕەحمێ بکە بەم خەستەوو بڕوانە گوڵی من
وەك بولبولی پڕزارە دەناڵێنی دڵی من
بۆ لوتفی ئەتۆیە کە سەفا خواهە دڵی من[1]

لەم ڕاستە کە بازاڕ چەنادەن بە دڵی من
هەر مەرحەمەتی تۆیە خەریداری ئەیاغە

دوو لەعلی دوڕئەفشانی[2] لەناو دوو سەفی زۆلفە
تەشبیهی بکەی بەدرە ، نەقانوونە ، نەعورفە
جلوەی نەزەری تۆیە لە ڕۆژابووە توحفە

ئەم کولمە کە ئارایشە سەد دائیرە زولفە
گوڵ شەوقی بە شەو داوە چراخانە لە باغە

شێواوو زەبوونم بێ مەی[2] و موتریب و ساقی
بێ هۆش و جنوونم وەرە ئەی ئولفەتی باقی [4]
بێ عەقڵ و فنونم وەرن ئەی موتریب وساقی

سووتاوە دەروونم وەرن ئەی موتریب و ساقی
بۆم لێدە لە تەمبوورەوو بۆم پڕکە ئەیاغە

---

(١) لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (بۆ لوتفی ئەتۆیە کە دەناڵێنێ دڵی من).
(٢)لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (دوو کولمی درەخشانی) .
(٣) لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (شێواوو زەبونم وەرن ئەی ...).
(٤) لە دەستنووسێکی دیکەدا نووسراوە: (... وەرن ئەی موتریب و ساقی).

(عاصی) چییە تالیب بەنەی و زەوق و سەفایی
وا حازرە باجگر لە دەری عومری فەنایی
لەم خانە رەواجەکە دەڵێن روح بە هەوایی
چارەی نییە دێوانەیی رووی تۆیە (وەفایی)
سەد دەفعە ئەگەر بیبەنە سەر پیرو وجاغە

* * *

(٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رەمەلی هەشتی مەحزووف)

تەخمیسی عاصی
لە سەر غەزەلی عەلی تەهرانی

یــار ئــەوا هاتــە تەبەســسوم غونــچەیەکی نەودەمــە
دڵ بــە تــالآن چــووی ســوپاهی پەرچــەم وئەگریجەمــە
پێت بڵێم جانا لە سەرچــی مــن کــە حــاڵ ئاشــوفتەمە
حەلقە حەلقەی زولفی یاری من هەمووی پێچ وخەمــە
تــا خــەم و پێچــی دەبینم خواردنــم پیــێچ و خەمــە

ڕۆژی ئەووەل بوو کە زانــیم مــن بــە غــەم تێکــەڵ ئــەبم
موبتەلای دەردی گــران و عیــشقی بــێ مەحــسەل ئــەبم
هــەروەکوو پەروانــە تووشــی ســووتنی مەشــعەل ئــەبم
وەك چــرای کــوڵمەی دەبینــم من ســـەراپا هــەڵ ئــەبم
شوعلەیی رووت کەم کە جانا بانەسووتێم بەو شــەمە

دەفعــەیێ لــوتفێ بفــەرموو لابــە بەنــدی دوگمەکــەت
بۆ تەماشای بــاغی ســینەت بۆتــە پــەردە ســوخمەکەت
دڵ فیــدایی لێــوی ئــاڵ و چــاوەکەی پــڕ ســورمەکەت
زولفەکـــانت لادە بـــا دڵ بێتــە بــاغی کوڵمەکــەت
ئــاهویی وەحــشی کــە داوی دیــت خــەیالآتی رەمــە

وەك لە دڵما غـەم بـە جـاریٚ بۆتـە هـەم دەم تـازە مـن
نامەویٚ تەختی فەرەیدوون جـام و هـەم جـەم تـازە مـن
چەم لە مەوجی بەحری بەسرابوویە لـەم لـەم تـازە مـن
نامـەویٚ ریگـای حیجازو چـاهی زەمـزەم تـازە مـن
لە علی نابت زەمزەمی مـن تـاقی ئـەبرۆت قیبلەمـە
عیلمی عیشقت گـەر مەراقـە بێـرە سـەیری جـەدوەلی
سەرفی رووحە بۆ ویـسالت چـاوەکەم خـۆ مەحـسـەلی
شەرتی عیشقت پیٚ نیشان دەم (عـاصی)یا هەر مەحمەلی
دین و دونیای خۆت لـە پێنـاو پێیەکـەی تـۆ ناعـەلی
هەرسەری هـەڵ نایـە ئێـستاکەش ئەوانـەی لا کەمـە

*　　*　　*

(٦)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تەخمیسی غەزەلی حەزرەتی زیائەدین (قدس سره العزین) لە وەختی وەفاتی فەرموویەتی و نووسرایەوە

غـولام و دەولـەتم نـاوێ کـە مایـەی زەوقـی لەززەتمـە
شـەباب و شـەوکەتم نـاوێ کـە مـردن بـاری حەسـرەتمە
رەبـابی عوشـرەتم نـاوێ کـە وەختـی کووسـی رەحلەتمـە
کـولاهی سیـحەتم نـاوێ کە عیللـەت تاجی زیللەتمـە
کە وای عیززەت لە بەرناکەم کە قیللەت بەرگی رەحمەتمـە

لە شەوقی عـشقی سـولتانی بیحەمـدیللا سـەنا خـوانم
لـە رەمـزی ئـەمری سـوبحانی ئـەمن شـێواوو حـەیرانم
بـە حـوکمی زاتـی یـەزدانی پڕئێـشان و پەرێـشـانم
لە عەیش و نۆشی حەیوانی ئـەمن چبکەم کـە ئینـسانم
خەیـاڵی بێ بەقا بۆ چـی کـە زیکـری نـارو جەننەتمـە

له پێش خەلقی هەموو عالەم فەلەك ماوای نەبوو قەتعا
لە ژێرباری زەمین یاران سەمەك جێگەی نەبوو قەتعا
لە ناو خانەی عەدەمدا بوو مەلەك جێگەی نەبوو قەتعا
بەشەر ئەسلا نەبوو ناوی مەلەك ڕێگەی نەبوو قەتعا
لە عەرشی وەحدەتا وا بوو کە ڕەحمەت جێی مەحەببەتمە

عیبادەت بۆ کەسێ چاکە خەبەرداری شەریعەت بێ
سەعادەت بۆ کەسێ چاکە تەریقداری حەقیقەت بێ
نەدامەت بۆ کەسێ چاکە گرانباری زەمیمەت بێ
عەیادەت بۆ کەسێ چاکە گرفتاری تەبیعەت بێ
کەمن مەفتوونی جانانم چە باکم دەرد وعیللەتمە

ئەگەر مەعشوقە ساقی بێ بلێ زەهراوە بینۆشە
بە یادی وەسلی دلدارت وەری بگرە تو بینۆشە
نەبێ باکت لە هیچ عالەم بلێن مەدهۆش و سەرخۆشە
ئەگەر دلبەر بلاوێنێ هەموو دەردو بەلا خۆشە
خودا ناکردە مەیلی نا چە فەرقی سەقم و سیحەتمە

لە پاییینم ئەجەل هات و دلی گەزتم وەکوو وەیباب
لە دیدەی عومر جاری بوو سرشکی خوێن وەکوو سەیلاب
ڕژاندی پیالەیی ژینم بەسەر جەرگا وەکوو زەهراب
کە دیم خوێن جارییە ئیمڕۆ لە جەرگ و دڵ وەکوو سەیلاب
گوتم ئەم شاهیدەم کافیە حیساباتی قیامەتمە

وەرە (عاصی) بە عەقڵی خۆت مەدە فتوای بەتاڵ هەرگیز
لە بــۆ باری هەموو عالەم مەبە چارپای حەماڵ هەرگیز
خەریکی سیرەتی خۆت بە مەبە سەودای جەمال هەرگیز
وەرە (فەوزی) لەفەهمی خۆت مەکە فیکری بەتاڵ هەرگیز
ئەوەی تۆ تێدەگەی قوربان ئیشاراتی لە خیللەتمە

* * *

(٧)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تەخمیسی حاجی مەلا زاهیر
لە سەر غەزەلی مە لا عاصی

عەدالەت پیشە بوو شامیل لە بۆ هەرکاری مەردانە
لە بەرچاپووك و چالاکی فڕاندنی گۆی لە مەیدانا
خەسارەت بوو ئەوا ڕۆیی بووە حەسرەت لە دڵمانا
لە دەنگی ئەلویداعی دڵ هەموو عالەم پەرێشانە
لە هەر لایێ تەماشاکەی سەدای ناڵین وگریانە

چە راحەت بوو لە سایەی ئەو نەبوو ئەنواعی ئاشووبی
نەبوو خەوفت لە هەر وەقتێ لە بۆ هەر کاری تۆ چووبی
لەپێ وو پایی میرانی مساواتی بەدی و خووبی
هەموو عالەم لە ناڵینە وەکوو ناڵینی یەعقووبی
دەڵێن وا یووسفی ئێمە ئیرادەی دەشتی کەنعانە

ئەوە مەحموودی هەمتایان خەجالەت ما لە (واحمرّت)
تەغیر بووە دەنگی بێ سایان لە تاوان گشتی (واصفرّت)

له وەختی کۆچ و ڕەحلەتدا وجوهيان گشتی (واسودّت)
دەڵێی چاوم لەتاوی ئەو گەیشتە حاڵی (وابيضّت)
بەتاوی ئاگری دووری هەموو هەرسینە بریانە

ئەوا مەخلووق هەموو وێستان دەکەن داستان ئەڵێن کوو بوو
تەحەممول پیشەوو موشفیق خیلافی وانی پێشوو بوو
قەبیلە و ئەهلی شارستان بەجوود و نیعمەتی پڕ بوو
عەجەب ئەخلاق و لوتفی ئەو بە عالەمدا کە شامیل بوو
لە ژێر سایەی ئەوا گشت کەس شموولی لوتف و ئیحسانە

حەبیب وخۆشەویستی مە لە ئێمە دابڕاوی تۆ
مەڵێن ڕۆیی بە یەکجاری بە یەکجاری لە هەر کوێی تۆ
لە هەرشوێنێ کە تۆی لێ بێ هەموو عالەم موتیعی تۆ
عەزیزی ئێمە بوو قوربان عەزیزێ بوو مەقامی تۆ
موبارەك بێ خودا حافیز ئەوەش هەر لوتفی ڕەحمانە

لە دەست مەدحی تووە خامە شەقی برد ئەلئەمان ئیمڕۆ
هەموو مەدداح و هەم شاعیر تەحەییورمان ئەڵێن هەیڕۆ
رجایە (الحذر) (ظاهر) لە پێشی وەی بڵێی وەیڕۆ
لە ئەوسافی ئەوا(عاصی) کە فیکری قاسیرە ئیمڕۆ
زبانی لەنگ و ڕاوەستا خەریکی دەردی هیجرانە

❊ ❊ ❊

(٨)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی
مەکفووفی مەحزووف)

(تەخمیسی غەزەلی سافی)

سەیری کە لە ئەبرۆی چە عەجەب نەقشی کشایە
ئەم جەدوەلە بێ وێنە لە کرداری خودایە
چەند عاشیقی بێچارە کە بەوشیرە کوژایە
ئەی پرتەوی ڕەنگت بە مەسەل عەینی چرایە
وەی حەلقەیی زولفت شەبەهی داوی بەڵایە

هەر سینەمە بێستون و بە شمشادی کوڵنگت
مولکی دڵە وێرانە لە بەر وەسڵی درەنگت
تابووری موژەهات و لە گەڵ زوڵفی فەڕەنگت
کردیانە نیشانەی سەری مژگانی خەدەنگت
بۆیە دڵەکەم بێ کەسە لەم گۆشە خزایە

ئەوماره لە گەڵ گەنجی جەمالت ئەبەدی بێ
زولمەت لە گەڵ ئەو ڕۆژەکە هەروا ئەبەدی بێ
لەو عاریزە وا پەرچەم و گیسوو ئەبەدی بێ
چۆن باوەڕە کافر لە جەهەننەم ئەبەدی بێ
وەك جەننەتی روخساری بە ئەو زوڵفە درایە

گـەر تـاڵیبی ژینـی مەچـوبەر شـەوقی جـەوانان
بێ شـەرت و وەفـابی مەچـو بـەر زەوقـی جـەوانان
بێ نەقـد و بـەهابی مەچـو بـەر عیـشقی جـەوانان
بـێ یـار و دەلیـل پامەنـە بـەر عیـشقی جـەوانان
چەنـد سەر لە سەر ئـەم ڕێیـە لـە سـێدارە درایـە
مە شهوورە لـە ئافـاقی جیهـان زاهیـدی خـود بـین
جێی سەجدەیە میحرابـی بـرۆ و عاشـقی غـەمگین
گەر تاڵیبی بۆ زوڵفـی ڕەش و پەرچـەمی چـین چـین
بـڕوا نییـە ئەسـلا لەقـسەی زاهیـدی خـودبین
مەعلوومـە حـەیای عاشـقی بێـچارە ڕژایـە
ڕۆژێکـی دەگریـام و بـە عینـوانی وەفـایی
پـێم گـوت وەرە ئـەی شـۆخی جوانـانی هومـایی
دەرم کـە لەئـەم سـێبەرە دڵ کـانی عـەتایی
سـەوداسەری تـۆم مەحـەرە زینـدانی جـودایی
سـندووقی سـەرت دەفعـەیی مـەیلم کـە وەلایـە
مـانی دڵەکـەم ڕەسمـی هـیلالی تـو دەکێـشێ
تا چـەرخی فەلـەك نەقـشی ویسالی تـو دەکێـشێ
(عاصـی) بـە جـەفا جـەورو مـەلالی تـو دەکێـشێ
خـوونم بـڕژێ عەکـسی جـەمالی تـۆ دەکێـشێ
تـا نـەمکوژی نـازانی کـە (سـافی) بـە وەفایـە

(٩)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

تەخمیسی غەزەلی حەزرەتی مەولانا خالید (قدس سره) بە موناسەبەتی ئەوەی لەگەڵ قەزیەی کوردی پێك دەچن چونکە ئەویش ناڕەزایی دەربڕیوە بەرامبەر مەقسوودی خۆی منیش بەو نەوعە تەخمیسم کرد

یـــازدەمینی مـــانگی ئـــازار نۆســـەدو حـــەفتاو چـــوار
چەرخی هیوا کەوتــە چــەپگەرددەرحەقی ئێمــەی هــەژار
ئەشکی حەسرەت وا لە چاومـان بۆتە خوێن و دێتە خوار
موســـم عید اســـت مـــا نومیـــد از دیـدار یـــار
عـــالمی درعـــیش و نـــوش و مـــاو چـــشم اشـــکبار
شان بە شانی یارە عالەم وا لە گوڵـشەن تـەن بـە تـەن
مـــن دەگریـــەم زۆر بـــە ناســـۆر داخەکـــەم بۆتـــۆ وەتـــەن
کەوتنە بەر پێی ناحەزی خۆت سونبول و لالــەو چــەمەن
هرکســـی بایـــار در گشت گلستان است و مـــن
زشکی سرخم شد کنار از داغی هجـران لالـــەزار

نیـــشتمان داخـــی گـــرانم هاتـــه ســـەرتۆ هـــەوری غـــەم
بۆ هەموو قەومی عەزیزت هەر ئەتۆ بووی جامی جەم
چۆن نەگریەم قورِ بەسەر کەم کەوتیە ژێرباری ستەم
جـــان نشـــار مقـــدم جانـــان نکـــردم دم بـــدم
چیـــست بهـــره از تفرجگـــاهی تخـــت جـــان نشـــار
حەقمە گـەر مـن زوو بـسووتێم دائیمـا هـەروەك سپەند
بـــێ شـــعوورو دڵ بــه ئــێش و دەردەدارو موســـتەمەند
سەدئەسەف رۆیی لەدەستمان هیچ کەسێك تۆڵەی نەسەند
بـــی نـــواو دل پـــر از خـــارو غریـــب و دردمنـــد
دســـت بـــردل ســـر بزانـــو چـــشم در ره دل فگـــار
بێ کەسە ئـەم نیـشتمانە چـۆن هجـوومی کـردە سـەر
هێزی بێگانە لـە دوور هـات گـشتی کـردن دەربـەدەر
کەس نەبوو وەك شێری مەست بێ روو لەمەیدان بێتەدەر
ســینه ســوزان دل فــروزان کوچەکوچـه در بـدر
کـــس مبـــادا هـــم چـــومن اواره از یـــارو دیـــار
سەیری کەن منداڵـەکانمان چـۆن دەگریـەن وا بـە کـوڵ
حەســرەتا بــۆ ناســکەکانی غونــچە لێــوو کوڵمــە گــوڵ
هــەروەکوو بولبــول بــەزاری وا دەســوورێن چــل بــە چــل
بکــره جــویی شــد زهــر چــشم روان از خــون دل
عـــاقبـــت کـــردم دوا داغ فـــراق سرچـــنار

(عاصی) گەر هۆشت لە خۆیە موبتەلانی تۆ بەدەرد
پیاو بە تەسلیمی قەزا بە روومەکە ناو دار و بەرد
رووبکە دەرگاهی لوتف و رەحمەتی یەزدانی فەرد
خالدا گرنیستی دیوانە و صحرا نورد
تو کجا کابل کجا و غزنین و خاك قندهار

* * *

(١٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

تەخمیسی قەسیدەی حەزرەتی ئەبووبەکری سدیق بە کوردی

پـــیرو ئوفتـــادەو زەعـــیفم ناتـــەوان و هـــەم عـــەلیل
بـــێ زەخـــیرەی زادی تـــەقوا بـــێ نـــەواوو هـــەم ڕەزیـــل
بەشقی ڕووحی فـەخری عالـەم حورمـەتی زاتـی خـەلیل
جـــد بلطفـــك يـــا الهـــى مـــن لـــه زاد قليـــل
مفلـس بالـصدق يـأتى عنـد بابـك يـا جليـل

گەرچی مـن بـەدکارو بـەدخووم تـۆی خوداوەنـدی ڕەحـیم
ئیلتیجـــام هێنایـــە قاپیـــت یـــا غـــەفوورو یـــا ڕەحـــیم
ســائیلم هاتوومـــە دەرگـــەت یـــا غـــەنیی و یـــا کـــەریم
ذنبـــه ذنـــب عظـــيم فـــاغفر الـــذنب العظـــيم
انـــى شخـــص غريـــب مـــذنب عبـــد ذليـــل

بێکەس و مــەفتوون و عــاجز وا لــە حــوجرەی پــڕ غــەما
رووم لــە ســفرەی رەحمــەتت کــرد هــیچ ئومێــدێکم نــەما
دەســت و چــاوم وا بلّنــد کــرد یــا ئیلاهــی بــۆ ســەما

قــل لنــاری ابــردی یــارب فــی حقــی کمــا
قلت قل یــا نــار کــونی انــت فــی حــق الخلیــل

وا دلّــی گرتــووم بــە جــارێ قەســوەتی بــوغزو حەســەد
گەرنــەکا مــەحوی لــە ســەردلّ (قــل هــو الله احــد)
هەر دەبێ غــەرقی عــەزاب بم مــن لــە دۆزەخ تــا ئەبــەد

قــال یــا رب ذنـــــوبی مثــل رمــل لایعــد
فاعف عنی کــل ذنــب فاصــفح الــصفح الجمیــل

لەشــکری غــــەم دەوری داوم رێ نـــەماوە بـــۆ ســـروور
زولمــەتی غەفلّــەت بــە جــارێ لای نەهێــشتم زەڕڕە نــوور
هەر ئەتۆی شافی حەقیقی و عالیمی (مافی الــصدور)

انــت شــافی انــت کــافی فــی مهمــات الامــور
انــت ربــی انــت حــسبی انــت لی نعــم الوکیــل

مــن کــە هەرچــەند رووســیاهم پــڕ گونــاه و هــەم لــەئیم
خۆت بە خۆت فەرمووە لــە قورئــان (اننــی رب رحــیم)
وا لـــــەتۆم داوایـــــە یـــــارەب حـــــوورو جەنناتونــــــەعیم

رب هــب لی کنــف فــضل انــت وهــاب کــریم
اعطنــی مــا فــی ضــمیری دلنــی خــیر الــدلیل

پێقـــەگیرم بــوون بـــە جـــارێ پــیری یــو بــێ تاقــەتی
بووە نەنتیجەی عومری گەنجیم سستی یـو بـێ تاعـەتی
ئــەی خودایــا تــۆی تــەبیب و دافیعــی هــەر ئافــەتی
عــافنی مــن کــل داء واقــض عنــی حــاجتی
ان لی قلبــا ســقیما انــت مــن تــشفی العلیــل

موبتەلا بوو دڵ بـە غەفڵـەت پـڕ شـیقاق و پـڕ خـیلاف
تەوبــە بــێ ئــەم جــا ئیلاهــی بــێ درۆ و لاف و گــەزاف
ڕێـم بـدە تـا بێمـە ماڵـت یـەعنی کەعبـە بـۆ تـەواف
هـــب لنـــا ملکـــاً کـــبیرا نجنـــا ممـــا نخـــاف
ربنـــــا اذ انـــــت قـــــاض والمنـــــادی جبرئیـــــل

قــەلبی داگــرتم بــە جــارێ زولمــەتی تــوولی ئەمــەل
بێ حەیا بووم قـەت نەترسـام هـیچ لـە شمـشیری ئەجـەل
ڕووم نــەکردە ڕێــی ســەعادەت بیکەمــە (نعـم البـدل)
کیــف حــالی یــا الهــی لــیس لی خــیر العمــل
ســـــوء اعمـــــالی کـــثیر زاد طاعـــاتی قلیـــل

حەزرەتی قابیز ئەوا هات (عاصی) یا بـۆ قـەبزی ڕووح
چی بە سەرهات ئەهلی شەوکەت ساحیبی فەتح و فوتووح
کــوا فوحــوولی عیلمــی دینــی دانــەری مــەتن و شــرووح
این موسی؟ این عیسی ؟ این آدم ؟ ایــن نــوح ؟
انت یـــا (صدیق) عاص تب الی مـــولی الجلیـــل

(١١)

مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

تەخميسی غەزەلی حافيزی شيرازی
لە لايەن مە لا مستەفا (عاصی)
لە شاری كۆيە ، لە سالْی١٣٩٢

هەموو عالەم بزانن من بە شوێن چيدا كە ئاوارەم
ئەمن قيتميری ئەسحابورڕەقيمی مورشيدی بيارەم
لە شوكری نيعمەتی لوتفی هەموو كاتیٚ لە دەربا رەم
مرا عهديست باجانان كه تاجان در بدن دارم
هوا داران كويش را چو جان خويشتن دارم
زەمانێكە بە شەوقی دڵ خەريكی فيكری ئەم هۆيەم
قوماشێكی غەزەل دەركەم بە ئەم تان و بە ئەم پۆيەم
بە كوردی وفارسيم نووسی بە ناو و شوهرەتی كۆيەم[1]
صفای خلوت خاطر از آن شمع چگل جويەم
فروغ چشم و نوردل از آن ماه ختن دارم

---

(١)لە دەستنوسێكی ديكەدا ئەمانەی هيلْيان بە ژێردا كيشراوە لەم دوو لەتەدا پاش و پێش كراون.

بيحــــەمديللا نەجاتمان بوو لە ڕێگەی ناحــەق و باتيــل
ئيتــــر تا ماوی خۆت لادە لە حيلەی ڕێگــری جاهيــــل
نەكەی دەستت ئەتۆ بەردەی لە دامێن مورشيدی كاميل
بــه كـــام آرزوی دل چــو دارم خلــوتی حاصــل
چــه فكــر ازخبــث بــدگويان ميــان انجمــن دارم
لە ســنفی دائيرەی سەفوەت دەزانم يــەككەم و تــــاقی
ئەمن مەينۆش و بێ پەروام ئەتۆش لەم مەجليسە ساقی
منيــش بۆيــە گرفتــارم لە دەست چاوت بە مــشتاقی
شراب خوش گوارم هست و يار مهرەبان ساقی[1]
نــدارد هــيچ كــس يــاری كــه مــن دارم
لە دەست سولتانی عيشقايە دڵی عالــەم منــی بەنــدەش
دڵی كردمە ئەسيری خۆی لە ئەم سينە و قــەڵا بەنــدەش
سكەندەر تووشی داوی بوو بەخۆی و حيشمەت و سەددەش
مرا در خانه سروی هست كاندر سايەی قــدش
فراغ از ســروی بــستانیّ و شمــشاد و چــمن دارم

---

(۱) ئەم دێڕە لەديوانە فارسييەكەی(حافظ)دا نييــە. بڕوانــە حــافظ نامــە ج۲، نوشــتەی بهاالــدين خرمشاهی، تهران ۱۳۸۰/ص ۹٤٥.

به راستی هەرچی عاشق بێ دروست بێ عەهد و پەیمانی
ویسالی دڵبەری نادا بە تەخت و تاجی سولتانی
تەماشای گفتوگۆی ناکەی لە مەعنا و لەهجەیی جوانی
سزد کز خاتم لعلش زنم لاف سلیمانی
چو اسم أعظم باشد چه باك از اهرمن دارم
حەسوودی بەدرەوشت بەسیە ئیتر مۆرێك لە سەردەم نێ
دەبا ساتێك لە ترسی تۆ دڵم بێ گەرد و بێ غەم بێ
ئەتۆش ماندوو مەبە چیتر دەمێك چاوت لە سەریەك نێ
خدارا ای رقیب امشب زمانی دیده برهم نه
که من بالعل خاموشش نهانی صد سخن دارم
بە چاوی حەق تەماشا کەن وەرن ئەی یارو بێگانە
ببینن چەهرەیی یارم کە چەندە نازك و جوانە
منیش هەربۆیە سەرخۆشم بە ئەو دووچاوە مەستانە
الا ای پیر فرزانه مکن عیبم زمیخانه
کەمن در ترك پیمانه دلی پیمان شکن دارم
زخم (عاصـی) نـیش دارد تـیر عـصیان بـر جگـر
بس تـو دارد در قیامـت هـم طبیـب و هـم دلیـل

❋ ❋ ❋

(٥٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هزج مثمن سالم)

منـــال ای ادل ز درد خـــود طبیـــب بـــی جفـــا دارم
بخـــواه از وی عـــلاج خـــود حکـــیم پـــر شـــفا دارم
بهـــــــر دردی دوا دارد جراحـــــــت را نیـــــــازارد
کـــه کـــام تـــو بجـــا آرد چـــو شـــاهی پـــر عطـــادارم
دلا گـــر کـــوری از دیـــدن ببرحاجـــت بـــشاه مـــن
بلـــور عهـــد او مـــشکن چـــراغ خـــوش ضـــیا دارم
بنامش شد علاء الـدین بـه اوصـافش عمادالـدین
زگلـــزار ضـــیاء الـــدین مـــن آن ســـروی وفـــا دارم
بصورت یوسـف یعقـوب زگـنج صـبر چـون ایـوب
بلطـــف حـــق شـــده مجـــذوب زفـــیض او صـــفادارم
بیـــا (عاصـــی) اگـــر خـــواهی مقـــام عـــزت شـــاهی
بـــشو دربـــان درگـــاهی از آنجـــا التجـــا دارم

❊ ❊ ❊

(٥٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رمل مثمن محذوف)

شورشـــم در سرچـــنان اســـت دفـــتری انـــشا کـــنم
راز دل عـــالم بگـــویم فکـــری خـــود افـــشا کـــنم
همچو مجنون کوه وصحرا طی کـنم بـر خیـل عـشق
دل فـــدای شـــوخ ســـروی شـــیوهء لـــیلا کـــنم
ســـرنهم در زیـــر کـــویش فخـــر برگـــردون کـــنم
بعـد از آن در شـکر نعمـت سـجده بـر مـولا کـنم
دل چـو صـید از دام عـشقش حـبس چـاه غبغـبش
در فـضای هجـر خـواهم جـان و دل یغمـا کـنم
کوه طور است کـوی یـارم در اجابـت ریـب نیـست
ار مناجـــات وصـــال ســـرور موســـی کـــنم
روضه اش را سجده‌گاهی جن وانـس اسـت از دوعـا
قبلـــهء مقـــصود خـــود را ســـرور بطحـــا کـــنم
گرچـــه درحـــد میگـــذارد جـــرم وعـــصیانم ولی
رو بمحـــراب دوعـــای زمـــزم ومینـــا کـــنم

گــر زاعجــاز چــو دریــا قطــره‌ای ریــزد بخــاك
مرده‌هــا را بــانگ آرنــد بــوی از عیــسا کــنم
در جمــالش نــور وحــدت ار ببخــشد بــر زمــین
بــدر گویــد از خجالــت خــود شــب یلــدا کــنم
گرچــه از رنــگ گنــاهم چــون حــبش شــد چــهره‌ام
بــس کــه روی لــوح دل را بــر رســول الله کــنم
دولــت وصــلش الهــی از خــزان لطــف خــود
بخــش بــر مــا زیــن جهــان و بوســه‌ء زانجــا کــنم
ســرمه خــاك زیــر پــای پاســبان درگهــش
مــی کــشم بــر نــور دیــده چــشم و دل بینــاکنم
(عاصــی)ا وقــت ســحرها کــن دعــای وصــل یــار
تاچــو ســگ در خــان جــودش لقمــه‌ای پیــداکنم

* * *

(٥٤)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هزج مثمن سالم)

نـه در حـد زبـان ومـن نـه در افکـار مـی بیـنم
همـه اوصـاف و اخلاقـش نـه در اقـرار مـی بیـنم
چه گویم بیشتر زانکه چـونامش شـد عـلاء الـدین
از آن روزی کـه سـلطان تـرا عطّـار مـی بیـنم
زبـاغ نقـشبندیها گـل بـی خـار مـی بـودی
که بوی گـل روخـت جانـا نـه از گلـزار مـی بیـنم
زآبـی چـشمهء رحمـت تنـت سـیراب وپـر بـر شـد
بهر کـس سـایه افگنـدی دلـش بیـدار مـی بیـنم
چه بـاك ازمنکـری بـدگو اگـر صـدبار بـد گویـد
که من با فخر عالم چـند کـسی انکـار مـی بیـنم
بـدرگاهت کمـر بـستم تهـی دسـت از همـه چـیزم
بیك رمـزی چـو اکـسیرت گـدا سـردار مـی بیـنم
بکـوی لطـف ایـستادم تـرحّم وقـت امـداد اسـت
زدیـری غـربتم شـاها خـودم غمبـار مـی بیـنم
درین سهوم بکن عفوم منم (عاصی) از ایـن سـودا
دل و دیـنم بـشد یغمـا تـرا مـن یـار مـی بیـنم

(٥٥)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رمل مثمن مقصور)

چـــشم ای دل برگـــشا و رحمـــت مـــولا بـــبین
خلعـــت لـــولاك احمـــد وســـعت بطحـــا بـــبین
رو بروضـــه بـــاد کـــردی گرتـــو خـــواهی عزتـــی
خـــان و مـــان روضـــه بـــین و عـــزت آنهـــا بـــبین
قبلـــهء مقـــصود عـــالم جلـــوه بخـــش انبیـــاء
بـــردر محبـــوب یـــزدان حرمـــت بـــی پـــا بـــبین
در ســـرای حـــشر بینـــی شه‌ســـوار مرســـلان
بنگـــر از روی شـــفاعت شـــوکت طـــه بـــبین
فکـــر در معـــراج ذاتـــش کافیـــه اســـت از قـــدر او
جملـــهء قـــرآن تماشـــا عـــزت اســـری بـــبین
فخر بـــر گـــردون نمایـــد نـــام (عاصـــی) امـــت اســـت
ای دل ازبـــیم قیامـــت رأفـــت لـــولا بـــبین

❊ ❊ ❊

(٥٦)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رمل مثمن مقصور)

آه گــــربینم هـــــوای روضـــــهء رضـــــوان تـــــو
مــــن نخـــواهم در قیامـــت جـــز وصـــال صـــدردین
دوســـت داری کـــی شـــود بـــا ملـــك دنیـــا وصـــل او
گـــر کنـــد لطـــف بـــسوی آن ســـفیه دل حـــزین
فــــاتح بــــاب هـــــدایت شهـــــسوار أنبیـــــا
ســــرور اولاد آدم هـــــم (شـــــفیع المــــذنبین)
(عاصی)م ای انکه (عاصی) در پنـاه لطـف تـو
دارد امّیـــــدی نجـــــاتش از عـــــذاب عاصـــــیین

* * *

(٥٧)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(رمل مثمن محذوف)

ای ضـــــــیای ظلمـــــــت دل همـــچو ع م ر
وی ولی عهـــــد خلافـــــت تاجـــــدار ش ه
نونهـــــال بـــــاغ عثمـــــان در گلـــــستان وفـــــا
ســـــــروی رعنـــــا منفعـــــل از ق ا م ت
کـــوی سـلطان زمانـــه چـــون بدیـدم زان میـــان
دل بـــــسوزد در فـــــراقش همـــــچوف ن ر
گوهراســـت در بحـر عرفـان شـب چـراغ مرشـدان
اوســـــت از بحـــــر حقیقـــــت س ا ق ی
شمـع بـزم ارای دیـن اسـت عـالمش پروانـه شـد
در سمـــــوات حقیقـــــت همـــــچو ق م ر
پادشـاهی چـون تـو شـاها بـا جـلال وسـلطنت
در جهـــــان هرگـــــز نیـــــارد م ا د ر
بـردر سـلطان لطفـت همـچو سـائل چـشم دار
ریـــز خـــواهی خـــوانی جـــودت (ع ا ص ی)

❊ ❊ ❊

(۵۸)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هزج مثمن سالم)

بحمـــدالله موحدشـــد دلم از فـــضل ربـــانی
دگـــر کـــاری نمیـــدانم بجـــز راه مـــسلمانی
ســراپا راه دیــن حــق بلــوح دل نقــش مــی بــست
بــدل تــصدیق مــی کــردم همــه اوصــاف رحمــانی
زهــر عــضوی نظــر کــردم بــر اقــرار ره توحیــد
نمــی بینــد بهــر فکــری خداونــدی دگــر ثــانی
همــه خــشنود برشــاهی کــه نــامش احمــد مختــار
گــواهی خــاتمی دادنــد پــس از توحیــد ربــانی
چــنان داننــد مقــام او نــه درحــد کــسی باشــد
نبیننـــد جایگـــاه او کـــسی از نـــوع انـــسانی
مقـــام انبیاهـــا را چـــنان بـــاور نمایـــد دل
همــه پیغمــبری دارنــد زگــنج لطــف ســبحانی
الهــی برهمــان دعــوی رجــا را مــی کــنم مــردن
زوقــت نــزع مــی خــواهم نجــات از کیــد شــیطانی

خــدا از خــوانی احــسانت مــن بــی زاد تقــوی را
کــرم کــن لقمــه‌ای یــا رب بــر ایــن نــادان حیرانــی
نوشتن نام خود (عاصی) همان اقرار عصیان اســت
امید است عفو عصیانم مــنْ از معبــود بــی ثــانی

ته‌واو بوو به‌شی فارسی له رۆژی ۲۲ جمادالاول ۱۳۹۰ به‌رابه‌ر ۲۵ ی تموزی ۱۹۷۰ .
الکاتب ملا مصطفی عاصی، دانه‌ری دیوانه‌که به فارسی وکوردی

* * *

القسم العربى

(١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(الرمل الثمانی المقصور)

صــرت غرقــاً في الخطايــا ذاب قلبــى بالــذنوب
راجيــا جئــت ببابــك انــت ســتار العيــوب
روســـياه روى نيكـــان در ســـراى محـــشرم
ربنـــا تبـــت اليــك انــت غفــار الــذنوب
در گذار از جرم و عــصيان نيــست ملجــأ غــير تــو
فــاعف عنــى يــا الهــى انــت فتــاح القلــوب
زانــدمى گــشتم مكلــف در گنــاهم هــر دمــى
ربنــا اذ انــت تــدرى انــت عــلام الغيــوب
(عاصــى)ا عــارى نــدارد بــاز آي بــر دعــا
راجيــا جئــت ببابــك انــت ســتار العيــوب

* * *

(٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(الرمل الثمانى المحذوف)

يـا حبيبـي حيـث وصـلك فـي الفؤادقـد عـرض
نورحبـك في البـساط مثـل شمـس قـد فـيض
فـي صـدور العاشـقين نـار حبـك سـاطع
هـا أنـا كنـت بـذاك كـل جـسمى قـد رمـض
كنـت في بعـد الوصـال كالـسقيم النـافض
ارجـو منـك للـدواء ان روحـى قـد مـرض
صـرت في قلبـى حبيبـا ثابتـاً في لوحهـا
لايـزول بـالملام لـيس شـىء قـد قـرض
كنـت (عـاص) صـار عمـرى في الظـلام[1]
جـاء مـصباح الحبيـب مثـل فجـر قـد بـيض

❊ ❊ ❊

[1] ئەم لەتە سێ تەفعیلەیە.

(٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(الرمل السداسي المحذوف)

يـــا حبيبـــى وصـــلك لى ان حـــصل
نيـــست بـــاكم نـــيش شمـــشير اجـــل
بـــر جگـــر تـــيرم زنـــى ايـــستاده ام
فهـــو بـــاب للنجـــاة ان وصـــل
زهـــر مـــى نوشـــم ز دســـتت يـــا حبيـــب
لـــيس لـــي ســـم شـــفاء كالعـــسل
بـــر همـــان عهـــدى تـــو گفتـــى مانـــده‌ام
ان قلبـــى في الـــوداد مانقـــل
(عاصـــي)م عبـــد تـــوم اى جـــان مـــن
فـــارحم العبـــد الـــضعيف في الامـــل

* * *

فەرهەنگۆك

ئەو وشانەی لەم فەرهەنگۆکەدا هاتوون، بە پێی چۆنیەتی هاتنیان لە دیوانەکەدا مانایان لیٚ دراوەتەوە. جگە لەوەی هەندیٚ دەستەواژە و ڕستەیشمان وەکو خۆی نووسیوەتەوە و مانامان لیٚ داوەتەوە.

((ء))

ئاخیر(آخر): دواین، دوا شت یان دوا کەس.
ئاسار(آ ثار): کۆی (أثر)ە: پاشماوە، شوێنەوار.
آستانە: دەرگا، بەردەرگا، کەوشکەن، دەربار، بارەگا.
ئاشووب: ئاژاوە، فتنە، پشێوی، گێلەوێژە.
ئاشفتە: تێکەڵ و پێکەڵ، شێواو، سەرگەردان.
ئافاق (آفاق): کۆی (افق)ـە: ئاسۆ، سووگە، ئاسووگە.
ئامانج: مەبەست، نیشانە.
ئاموشۆ(آمد و شد): هات و چۆ، وەرە و بڕۆ.
ئاوەردە: هاوردە، هێنراو.
ئاور: ئاگر.
ئاورین: ئاگرین.
ئاهوو: ئاسك، مامز، ڕوال، جەیران.
ئایینە: ئاوێنە، نەینۆك، قودیلك، جامەك.
ئەب (أب): باو، باوك، باب.
ئەبەد(أبد): هەمیشە، دایم، تم و تم، کاتی بیٚ کۆتایی، ڕۆژگار.

ئەبتەر(أبتر): کلکبڕاو، ناتەواو، وجاغ کوێر.
ئەبرار (أبرار): کۆی (بار)ە: چاکەکار، خێرخواز، خێرەومەند.
ئەبلەه(أبله): گێل، گەمژە، هێڕ، کەودەن، لێوە، دەبەنگ، گەوج.
ئەبی وەردی (أبي وردي): ناوی (محمد أبو المظفر)ە. لە (کوفان)ی نزیك أبیورد لە(خوراسان) لەدایك بووە. شاعیر و ڕەچەڵەکناسێکی سەردەمی ئومەوی بوو. ساڵی(١٨٦٠) هەندێ لە شیعرەکانی لە دیوانێکدا لە میسر بڵاو کرایەوە. ساڵی (١١٣) لە ئەسفەهان ژەهرخوارد کرا.
ئەتباع (أتباع): کۆی (تابع)ـە: شوێنهەڵگر، سەر بە یەکێ یان بە ڕێبازێ، پەیڕەوکەر.
ئەتوار(أطوار): کۆی (طور)ـە: جۆر، حاڵەت، رادە، ئەندازە، قۆناغ.
ئەجەل (أجل): کۆتایی ژیان، ماوە، ساتی مەرگ و مردن.
ئەجر (أجر): کرێ، دەستهەق، مز.
ئەجزاخانە: دەرمانخانە.
ئەجنەبی (أجنبی): بێگانە، غەوارە، لایدە.
ئەحەد(أحد): تاك و تەنیا.
ئەحباب(أحباب): کۆی(حبیب)ـە: خۆشەویست، ئازیز، دۆست، یار.
ئەخ(أخ): برا.
ئەختەر: ئەستێرە، بەخت، ئالا، گیایەکە گەڵاکانی درێژو گەورەن، گوڵی وردی سوور یان زەرد دەدا وەکوو هێشوو بەسەر چلەکانەوەن. تا(٢ م) بڵند دەبێ.
ئەدا(أداء): جێ بە جێ کردن، ئەنجام دان.
ئەدیر(أدر): بگێڕە، تێ کە.
ئەدنا(أدنی): هەرە نزیك، هەرە نزم.
ئەرباب(أرباب): کۆی(رب)ـە: خودا، خاوەن، ماخۆ.بە فارسی مانای ئاغایە.
ئەرجومەند: خاوەن قەدر، ڕێزدار، پیاوی گەورە، هێژا، بەهادار.
ئەرز(أرض): عەرز، عەرد، زەوی، زەمین.
ئەرزەلونناس(أرذل الناس): پەست و نـزمترین کەس، کەمترین کەس، چرووکترین کەس.
ئەرغەنوون: جۆرە ئامێرێکی مۆسیقییە وەکوو پیانۆ وایە، گوایە ئەفلاتون دایهێناوە.
ئەز: من، (بە فارسی یانی: لە).
ئەزەل(أزل): هەمیشە، دێرین، ئەوەی سەرەتا و بنەتای نەبێ، رۆژی بەرێ.

ئەژدەها: ماری زۆر گەورە.لە ئەفسانەی کۆن بەو مارە گەورەیە دەڵێن کە ئاگری لەدەم دێتە دەرەوە و زۆر جار سێ سەر یان حەفت سەریشە.

ئەسرار(**أسرار**)، کۆی(سر)ە: نهێنی، راز، نەپەنی، شاراوە.

ئەسرین: فرمێسك، سرشك، رۆندك، ئەشك.

ئەسل(**أصل**): بنچینە، بنەچەکە، بنیاد.

ئەسیر(**أسیر**): دیل، یەخسیر، گیراوی شەڕ.

ئەشعار(**أشعار**)، کۆی(شعر)ـە: هەڵبەست، هۆنراوە.

ئەشك: فرمێسك، سرشك، رۆندك، ئەشك.

ئەژنۆ: چۆك، زرانی.

ئەعرەزەت(**أعرضت=اعرض + ت**): خۆی لێ لادا، خۆی لێ کەلی کرد.

ئەغنام(**أغنام**)، کۆی(غنم)ـە: مەڕ، پەز، مێ، مە.

ئەغیار(**أغیار**)، کۆی(غیر)ـە: ئەوەی تر، نەناسیاو، بێگانە.

ئەقتار(**أقطار**)، کۆی(قطر)ـە: وڵات.

ئەقریبا(**أقرباء**)، کۆی(قریب)ـە: خزم، قەوم و قیلە، نزیك.

ئەلئەمان(**الامان**): دەخیلە!، چەپاڵەم بدەن، بمپارێزن.

ئەلەم(**ألم**): ژان، ئێش، ئازار، دەرد.

ئەلبورز: کێوێکی گەورەیە.

ئەمارەت(**أمارة**): میرنشینی، میرایەتی.

ئەمەل(**أمل**): هیوا، ئومێد، ئاوات.

ئەمما(**أمّا**): بەڵام، کەچی.

ئەنبیا(**أنبیاء**)، کۆی(نبی)ـە: پێغەمبەر.

ئەوج(**أوج**): ترۆپك، قۆتك، چلەپۆپە، تۆقەڵە، تۆپکە، تەپك.

ئەیاغ: کاسە، جام، بادە.

ئەینەلمەفەڕ(**این المفر**): بۆ کوێ هەڵێین؟، راکەینە کوێ؟.

ئوتلوبوو(**أطلبوا**): داوا بکەن، بخوازن.

ئوتمۆبیل(automobile): ترۆمبێل، ماشین، خۆشبەزۆك.

ئوفتادە: کەوتوو، کەترە، لەپێ کوتوو، زەبوون، کەسیرە.

ئولفەت(**ألفة**): هۆگریی.

ئۆلمش: مردوو.
ئیبیەززەت(ابیضت): سپی بوو.
ئیحاتە(احاطة): دەورەدان، تۆق کردن، گرتنە خۆ.
ئیحسان(احسان): چاکە، خێر.
ئیحمەڕڕەت(احمرّت): سوور بوو.
ئیجابە(اجابة): وەڵام دانەوە، باوەگۆ.
ئیدراك(ادراك): دەرك کردن، تێگەیشتن.
ئیزکار(اذکار): ناو هێنان، دوعا، ویرد.
ئیزمار(اضمار): شاردنەوە.
ئیستیعفا(استعفاء): داوای بوردن، داوای خانەنشین کردن.
ئیستیقرار(استقرار): سەقام گرتن، جێگیر بوون، دامەزران.
ئیستیك: وەستانێکی کەم لە ئەنجامی سەرسامی، سەنگرانەوە.
ئیستیلا(استیلا): دەست بەسەردا گرتن.
ئیستیمداد(استمداد): هانا بردنە بەر، داوای یارمەتی کردن.
ئیستینتاق(استنطاق): بە قسە هێنان، ئاخێوان.
ئەسرا(أسری): شەوڕۆ.
ئیسفەڕڕەت(اصفرّت): زەرد بوو.
ئیسوەددەت(اسودّت): رەش بوو.
ئیشتیاق(اشتیاق): پەرۆشی، غەریبی کردن.
ئیشگوزار: سەرکار، نوێنەر، ئیش پەیداکەر.
ئیعتیبار(اعتبار): متمانە، بڕوا.
ئیفلیج: شەپلە، شەلەل.
ئیقبال(اقبال): بەخت، یەغباڵ.
ئیقتیدا(اقتداء): شوێن کەوتن، پەیڕەوکردن، لە دوو رۆیشتن.
ئیکسیر: ماددەیەکە گوایە کرۆکی شت دەگۆڕێ.بۆ نموونە جیوە دەکا بە قەڵایی و مس دەکا بە زێڕ.ئەم ماددەیە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە.بە شتی زۆر دەگمەن و بەسوود دەگوترێ.ئەو پیرەی سروشت و خووی کەسێ بگۆڕێ.
ئیکلیل(اکلیل): تاج.

ئیلاهی(الهی): خودایە!
ئیلتیجا(التجاء): پەنا بردنە بەر، هانا وەبەر بردن، خۆ دەخیل کردن.
ئیلحاح(الحاح): سوور بوون، جەخت کردن، پێ لەسەر داگرتن.
ئیمشی(امشِ): برۆ، هەرە، بچۆ.
ئینتیزار(انتظار): چاوەڕوانی، لە هیڤی بوون.
ئینتیزام(انتظام): رێك و پێکی، هەماهەنگی.
بوزرگ: گەورە، مەزن.
بوراق: ناوی ئەو ئەسپەیە کە پێغەمبەرپێی چووە ئەسرا و میعراج.
بورهان: بەڵگە.
بیسمیل کردن: پاك کردنەوەی شتی پیس لە رووی ئایینییەوە و ناوی خوا هێنان لە کاتی پاك کردنەوەکەدا.
بێداری: هوشیاریی، بە ئاگایی.
بیلعوموم(بالعموم): بە تێکڕایی، بە گشتی، هەموو لە هەموو.
بیللا(باللە): بەخوا، بخودێ.

((پ))

پابەستە: پێ بەسراو.
پابووس: پێ ماچ کردن، درکەیە لە چوونە خزمەت پیاوی گەورە.
پەرتوو: تیشك، نوور.
پەرگار: ئامێرێکی دووفلیقانەیە لەسەرێکەوە هەردوو لقی بەجۆرێ بەیەکەوە بەسراوە کە بواری سووڕانیان هەیە، بۆ کێشانی بازنە و ئەندازە گرتنی هێلی راست بەکار دێ.
پەروین: چەند ئەستێرەیەکی وردن وەکو تۆپ کۆبوونەتەوە سەریەك، پێروو.
پەشەنگ: شیشە ئاسنێکە زەوی یان دیواری پێ کون دەکەن.
پەشم: خوری، پەشمە: خراپە، هیچە، بێنرخە.
پەلاس: بەرگی خوری ئەستوور و دڕ، دەروێش و بێنەوایان لەبەری دەکەن.
پەیکان: تیر، سەرە نێزە، پارچە ئاسنێکی تیژە بەسەری تیر و نێزەوە.
پوستان: مەمك، مەم.

پیر: مرۆڤ و گیانداری بە ساڵدا چوو، ئیختیار، رابەری ئایینی.

((ب))

بایزاغە: گەڕەکێکە لە شاری کۆیە.
بەتحا(بطحاء): دۆڵی مەککەی پیرۆز، ڕێرەوی گەورەی ئاو، رووبار، خوڕێکی بە زیخ و چەو.
بەدەخشان: ناوچەیەکە لە تورکستانی ئەفغان بە لەعل بەناوبانگە.لەعلی بەدەخشان زۆر لە شیعری کلاسیکی **کوردیدا** هاتووە.
بەدخواە: خراپەکار، بەدنیاز، بەدکار.
بەدر(بدر): مانگی پڕ، مانگی چواردە.
بەدگۆ: ئەوەی قسەی خراپ و تێکدەرانە دەکا.
بەرات: کرێی وەرزی رەنجبەر، جیرەی هەمیشەیی. رزق و روزی بەش کردن، نیوەی مانگی شابان:

شەوی جەژنی بەراتێ
لەخوا دەکەم تەلەبێ
بەشکو چاوجوانێم داتێ

بەرق(برق): برووسکە، چەخماخە، (بە فارسی واتە: کارەبا).
بەرگەشتە: سەرەنگون، بەجێماو، هەڵگەڕاوە، بەرەواژی، ئاوەژوو.
بەسیت(بسیط): سادە، ساکار.
بەست(بسط): کردەوە بنچینەییەکانی بیرکاری وەکوو کۆکردنەوە و دەرکردن و لێکدان و دابەش کردن.
بەسیر(بصیر): بینا، بە پیاوی نابیناش دەگوترێ.
بەقا(بقاء): مانەوە، وەفا.
بەلدەت: ناوچەیەکی چۆڵ و بێبن و نادیارە لە گەردوون بە چاوی ئاسایی ئەستێرەی تێدا نابینرێ.
بەندە: کۆیلە، عەبد.
بریان: برژاو، بۆدراو.
بزەن: (ب + زەن = رەگی(زدن)ی فارسی): لێدە، بکوتە.

بوختان: قسە پێ هەڵبەستن.

((ت))

تاجی: تانجی، تاژی، سەگی ڕاو.
تاعات(طاعات)، کۆی(طاعة)یە: خواپەرستی، بەجێ هێنانی ئەرکی ئایینی.
تەبەسسوم(تبسم): گرنژین، گرژینەوە، زەردەخەنە هاتن، خنینەوە.
تەبیب(طبیب): دختۆر، پزیشك.
تەحدیس(تحدیث): باس کردن.
تەرجیح(ترجیح): پەسەند کردن.
تەحریر(تحریر): نووسین، تۆمار کردن، ئازاد کردن.
تەحسین(تحسین): ئافەرین کردن، بە چاك زانین.
تەرەققی(ترقی): چونە پێش، بەرز بوونەوە.
تەرویج(ترویج): برەو پێدان، ڕەواج پێدان.
تەزەروو: کەڵەشێری لێڕەوار.
تەسەللا: دڵدانەوە، دڵخۆش کردن.
تەسبیح(تسبیح): پاکانە بژێری بۆ خوا.
تەسخیر(تسخیر): خستنە بەردەست، خستنە ژێربار.
تەشەببوس(تشبث): دەست پێوە گرتن، دەخیل بوون.
تەشەککی(تشکی): گازاندەکردن، سکاڵاکردن.
تەشریح(تشریح): توێ توێ کردن، پارچە پارچە کردن.
تەعام(طعام): خۆراك، خواردن، زاد.
تەعقیب(تعقیب): بەدوادا چوون، شوێن هەڵگرتن.
تەعمیر(تعمیر): ئاوەدان کردنەوە، نووژەن کردنەوە.
تەفەککور(تفکر): بیر کردنەوە.
تەقوا(تقوی): خواپەرستی، خۆ دوور خستنەوە لە گوناه و شتی خراپ.
تەکەببور(تکبر): لووتبەرزی، دەعیە، روحگەورەیی، تڕزلی.
تەکەللوم(تکلم): قسە کردن، ئاخاوتن، دوان.

تەکسیر(تکسیر): شکاندن.
تەلەف(تلف): چواندن، لەنێو بردن، نەهێشتن.
تەمەننا(تمنی): ئارەزوو کردن، خۆزگە خواستن.
تەناب(طناب): پەت، رستەکە، گوریس.
تەوازوع(تواضع): بێ دەعیەیی، خاکەڕایی.
تەواف(طواف): سووڕانەوە بە دەوری شتدا.
تەوزیم: بە خورتی، بەکوتەکی، بەزۆری.
تەوەللا(تولّی): ڕوولێ وەرگێڕان، لێ دوورکەوتنەوە.
تەنهەر(تنهر): تێی ڕادەخوڕی، لێ دەخوڕیتەوە، خۆی لێ تووڕە دەکا.
تەی(طی): پێچانەوە، بڕینی ڕێگا.
تەهی دەست: دەست بەتاڵ.
ترخێنە: جۆرە خواردنێکی میللی کۆنە.لە بڕووشی درشت و شێلم دروست دەکرێ. شێلمەکە بە گەلاوە ئەنجن ئەنجن دەکرێ و لە بڕووشەکە دەکرێ و هەندێ خوێی پێوە دەکرێ و بۆ ماوەی حەفت تا دە ڕۆژ هەل دەگیرێ و ناو بە ناو تێك وەردەدرێ.پاشان دەردەهێنرێ. ئاوا بە تەڕی دەخورێ یان دەکرێتە چێشت، یان بە شێوەی تۆپەڵ تۆپەڵ وشك دەکرێتەوە بۆ کاتی پێویست.
توووبا(طوبی): پاکی، خێر و خۆشی، ناوی درەختێکە لە بەهەشت.
تووتیا: سورمە، ئۆکسیدێکی مسە لەناو کوورەی تواندنەوەی مس و قەلایی پەیدا دەبێ. ئەو دووکەڵەیە لە کاتی تواندنەوەی مس لەسەر کوورە کۆ دەبێتەوە.
توحفە: دیاری، شتی دەگمەن و گرانبەها.
توور(طور): چیایەکە لە (سینا).حەزرەتی مووسا دەچووەسەر ئەو چیا و قسەی لەگەڵ باری تەعالا دەکرد.
تووڕە(طرة): مۆری شا و قراڵەکان بوو، بە پەرچەمی ئافرەتیش دەگوترێ. توڕڕەدار: خاوەنی توڕڕە.
توول(طول): درێژیی.
تولووع(طلوع): هەڵاتن، دەرکەوتن.

((ج))

جامی جەمشید: جەمشید: کوڕی تەهمورس بوو. چوارەم شای پیشدادییەکان بوو. بە گوێرەی شانامە حەفت ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.گوایە ئەو بووە جەژنی نەورۆزی داهێناوە (جەمشاسپ)یشی پێ دەڵێن. (جام)ێکی ئەفسانەیی هەبووە دونیای تێدا دەدەی.

جاویدان: نەمر، هەمیشەیی.

جەبهە: نێو چەوان، تەوێل، تەبەش، هەنیە.

جەحیم(جحیم): دۆژە، دۆزەخ.

جەدوەل(جدول): خشتە، هێلی لێك تێپەڕیوی ستوونی و ئاسۆیی.

جەدی(جدی): ئەستێرەیەکی گەشە لە وڵاتی ئێمەدا بەرامبەر قیبلە دەوەستێ.

جەزب(جذب): راکێشان، حاڵ گرتن.

جەسوور(جسور): ئازا، بوێر، رەشید، عەگید، چاونەترس.

جەفا: دەردەسەری، ناخۆشی، ئازارو ئەشکەنجە.

جەفادیدە: جەفادراو.

جەفر: زانستی ژمارە(chiffre). جەفرناس وا تێ دەگا دەتوانێ بەم زانستە هەموو رووداوێکی دونیا بزانێ.

جەلال: شکۆمەند.

جەمال: جوانی، سپەهی.

جەللاد: کوژەك، پیاو کوژ، میرغەزەب، ئەوەی جەلدە لە گوناهکاران دەدا.

جەنبە: لایەن.

جەننەت(جنة): بە هەشت، باخچەو بەراو.

جەور: ستەم، زۆرداری.

جەولانگاە: جێی گەڕان و سووڕان.

جەیش: سوپا، لەشکر.

جیبال، کۆی(جبل)ـە: چیا، کێو، شاخ، کەژ.

جورعە(جرعة): قوم، فڕ.

جوملە: گشتی.

جنبش: جووله، وەرار، بزاڤ.
جوهد(جهد): تەقەللا، هەوڵ.
جیسم: لەش، تەن.
جیفە: لاك، کەلاك، کەلەش، لاشەی ولاّغی مردار.

((چ))

چاك: باش، دراو، هەلّزڕاو.
چاکەر: نۆکەر، خزمەتکار.
چاه: چاڵ، بیر، قۆرت.
چەتفە: تیلاك، پۆتەلاك، چەفیەی زل.
چەپگەرد: ئەوەی بە پێچەوانەی مرادی مرۆ دەسووڕێ.
چەلیپا: سەلیب.
چەهرە: چارە، روخسار، دەم و چاو.
چراغ: چرا.
چەنگ: جۆرە ئامێرێکی مۆسیقی ژێدارە، چەپۆك.

((ح))

حازیق(حاذق): وریاو شارەزا، لێزان.
حاشیە: پەراوێز.
حەچی(حکی): قسە.(خۆش حەچی: قسەی چاکە)
حەزەر(حذر): وریایی، ئاگاداری.
حەسحەس: نۆبەتداری شەو.
حەسرەت: داخ، کەیبەر، کوڤان.
حەقارەت: پەستی، نزمی، چرووکی، بێقیمەتی.
حەمامۆك: سەرچاوەیەکە دەکەوێتە بناری باواجی و باکووری رۆژئاوای شاری کۆیە.

حەڵقە لە گۆش: حەڵقە لە گوێ، بەندە، کۆیلە.کاتی خۆی بەندە(عەبد) حەڵقەی لە گوێ دەکرا بۆ ئەوەی پێ بناسرێتەوە.
حەلیم: نەرم و لەسەرە خۆ، بێ وەی.
حەمال: حەمباڵ، باربەر، کۆڵهەڵگر.
حەوادیس(حوادث)، کۆی(حادثە)یە: رووداو، بوویەر، بەسەرهات.
حەواس(حواس):، کۆی(حاسة)یە: هەست.
حەی(حیّ): زیندوو، خێڵی مەجنوون.
حوور: پەری.
حوسن: جوانی، چاکی.
حیرقەت: سووتانەوە.
حیرەت: واق و ڕمان، سەرسوڕمان، حەپەسان، مەندەهۆشی.
حیشمەت: شەرم، حەیا، گەورەیی.

((خ))

خائین: ناپاك.
خاترجەم: دڵنیا، ئارخەیان، بێخەم.
خاتیمە: کۆتایی، دوایی.
خار: دڕك، چقڵ، ستری.
خاکستەر: مشکی، خۆڵەمێش، بووڵێ.
خاڵخاڵان: چیایەکە لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی تەق تەق، لەوبەری رووبارەکە. گوندێکیش لە بناری چیاکە هەیە هەر بەو ناوەوەیە.
خامە: قەلەم، پێنووس.
خەتا: تاوان، سووچ. شاری خەتا کە لەگەڵ خوتەن هەمیشە بە یەکەوە دێن(خەتا و خوتەن) کەوتۆتە تورکستانی ئەفغانستان.
خەتەر: مەترسی.
خەجاڵەت: شەرمەزاری، تەریقبوونەوە.
خەدەنگ: تیر.

خەرابات: مەیخانە، وێرانە، کاول، شوێنی ئافرەتی خراپ، شوێنی گرتنی شیلەی تریاك، لای سۆفییەکان شوێن و پلەی گوێ نەدانە بە نەریت و ڕەوشتی باوی کۆمەڵ.
خەرقە: یان غەرقە، غەرگە: سەربەرگێکی دەروێشانەیە، بێ قۆڵە، تا کەمەر دێ، پینە پینەیە.
خەرامان: لەنجەو لار.خەریدار: کڕیار.
خەستە: نەخۆش(خەستەخانە: نەخۆشخانە)، شەکەت و ماندوو.
خەلیل: هاوڕێ، برادەر.
خەواس(خواص): سەردەستە، تاقمی پایە بەرزو دیار.
خەیرولئەنام(خیرالانام): باشترینی خەڵك، مەبەست پێغەمبەرە.
خەیرولبەشەر(خیرالبشر): باشترین مرۆڤ، مەبەست پێغەمبەرە.
خەیلێ: زۆر، گەلەك، زەحف.
خەییات(خیّاط): بەرگدروو، دروومانکەر.
خومار: سستی و خاوی دوای ڕەها بوون لە کاریگەری خواردنەوەی شەراب.واتە حاڵەتی پاش مەستییە.
خوب: چاك، باش.
خودبین: خۆپەرست.
خولد: بەهەشت.
خویش: خزم.
خیتاب(خطاب): گوتار.
خیلعەت(خِلعة): بەرگێکی درواوە پیاوێکی گەورەی دینی یان دنیایی وەکو ڕێز لێنان دەیکاتە دیاری بۆ کەسێ و لەبەری دەکات، خەڵات.

((د))

دارولحەزەن(دارالحزن): غەمخانە، خەفەتخانە، ئاماژەیە بۆ ژوورەکەی حەزرەتی یەعقووب.
دەر: دەرگا، دەرگە، دەرکە.
دەعبا: ئاژەڵی دڕندە.
دەغەڵ: لەڕ و لاواز.

دەفعە: جار، چەل، تاو، هەل.
دەققولباب(دق الباب): لە دەرگەدان، دەرگە قوتان.
درەخشان: بریقەدار، ترووسکەدار، درەوشانەوە.
دوختەر: دختۆر، پزیشك، (بە فارسی واتە: کچ).
دوڕ: مرواری درشت، دوڕی یەتیم: مرواریەکی گەورەیە بە تەنیا لەناو یەك قەپێلك دا دەبێ. مرواری بێ وێنە.
دوڕدانە: دانە مرواری.
دوڕئەفشان: بڵاو کردنەوەی مرواری، درکەیە لە گریان کە فرمێسکەکەی وەکوو مرواری روون و پاکە.
دوعا گۆ: ئەوەی دوعای خێرو چاکە بۆ خەڵك دەکا.
دڵارا: مایەی شادی و کرانەوەی دڵ، دڵخواز، دڵبەری جوان، خۆشەویست.
دڵفڕێن: دڵبەر، دڵکێش، جوان و نازدار.
دڵنەواز: دڵخۆشکەر، دڵپەسند، دلگر.
دۆشکە: چەکێکی شەڕە بە شێلکە دەهاوێژرێ. گوللەی لە گوللەی تفەنگ گەورەترە.
دیرایەت(دراية): تێگەیشتن.
دیعایە: بانگەشە، پڕوپاگەندە.
رابیتە: هات و چۆ.
رایحە(رائحة): بۆن.
رەئووف: میهرەبان، بە بەزەیی.
رەب: خودان، خودا، ماخۆ.
رەباب: ئامێرێکی مۆسیقی کۆنە، وەکوو تار وایە بەڵام کاسەکەی بچووکترە، تەنیا دوو ژێی هەبووە(دوو تار).
رەخشان: درەخشان، روناك، گەش و ترووسکەدار.
رەزیل: چرووك، بەخیل، رژد، چاوتەنگ، خنس.
رەعنا: کچی خۆپەرست و خۆ ویست و نەزان، بەمانای خۆش قەد و قامەتیش هاتووە.
رەعیەت: رەشەوەندی خەڵك.
رەغم: رەفتار کردن دژی مەیلی کەسێ.
رەفرەف: بەرگ و رایەخی نازك و جوان، فەرش، رایەخ. پەیکی رەفرەف: نامەبەری خۆشڕۆ.

رەقس(رقص): سەما، هەڵپەڕکێ، داوەت، سوور.
رەقیب: چاودێر، پاسەوان، دووکەس کە عاشق و ئارەزوومەندی یەك کەس یان یەك شت بن، هەریەکە رەقیبی ئەوی دیکەیە، چونکە هەمیشە چاودێری دەکا بزانێ چ دەکا و چ ناکا.
رەقیم: [illegible] نووسراو.
رەمل: قو[illegible] زانستێکە بۆ زانینی شتی نەپەنی بە هۆی کێشانی هێڵی جۆراوجۆرلە سەر قوم.
روئیەت: دیتن.
روحپەروەر: ئەوەی گیان پەروەردە دەکا و پێی دەگەیەنێ.
روخ: روو.
ریاسەت: سەرۆکایەتی.
ریحلەت: کۆچ، مشەخت.
ریش: برین، زام.

((ز))

زال(ضالّ): گومڕا، وێل، سەرگەردان.
زاهید: خواپەرست، ئەوەی دونیا تەرك دەکا لە پێناوی قیامەت.
زایرجە: (زایجە)شی پێ دەگوترێ تابلۆیەکی چوارگۆشە یان بازنەییە بۆ پێشاندانی شوێنی ئەستێرەکان لە گەردوون دروست دەکرێ و بۆ وەرگرتنی بەختی لەدایکبوون (زایش)و شتی تر سەیری دەکەن. زایجە لە زایشەوە هاتووە.
زەبیال: زبڵڕێژ.
زەبت(ضبط): بەرزەفت کردن، دەسەڵات بەسەردا گرتن.
زەبوون: عاجز و مەلوول، کلۆڵ، کەسیرە، عەبایەکی تەنکە بەسەرشانی دادەدەن.
زەجر: شکاندنەوە، بەسەردا ڕۆیشتن.
زەخم: برین، زام.
زەخیرە: ئازووقە، بەرەم.
زەدە: پێکراو، ئەنگێوراو.
زەلامەت(ظلامت): تاریکی، تاریی.

زەللە(ضلّ): ڕێی گوم کرد، وێل بوو.
زەمزەمە: دوعای خۆشووشتن و نان خواردنی زەردەشتیانە.
زەمیمەت(ضمیمە): پاشکۆ.
زەنەخ: چەناگە.
زەهرا(فاطمة الزهراء): کچی پێغەمبەر و خێزانی عەلی و دایکی حەسەن و حوسێنە.
زەهراب: ژەهراو.
زولجەناحەین(ذوالجناحین): دووباڵی.
زولفەقار(ذوالفقار): ناوی شمشێری ئیمامی عەلییە، کە سەری دووفلیقانە بوو.
زولقوربا(ذوالقربی): خزم.
زومرە: تاقم، گرۆ.
زولال: سازگار، ڕوون.
زیا(ضیاء): ڕوناکی.
زیبا: جوان، سپەهی.
زیج: خشتەیەکە جوولانەوەی هەسارەکان پێشان دەدا.
زیدد(ضدّ): دژ، پێچەوانە.
زیندەگانی: ژیان.

((س))

ساحیب: خودان، خاوەن، ماخۆ، خێو.
سادیرە: (صادرة): دەرکردە.
ساقی: مەیگێڕ.
سامری: کابرایەکی خەڵکی(سامرە)بوو، جادووگەر بوو، لە سەردەمی حەزرەتی مووسا بوو، کە داوای کرد گوێرەکە بپەرستن.
سەبا(سبأ): شاری(سەبا) لە یەمەن.لە زەمانی حەزرەتی سلێمان بەلقیس پاشایەتی دەکردن. چیرۆکی حەزرەتی سلێمان و پەپو سلێمانەو بەلقیس لە قورئاندا هاتووە.
سەبا(صبا): کزەبا، شنەبا، شیبا، بایەکە لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دێ بایەکی خۆش و فێنکە، یەکێکە لە (٢٤)بەشی مۆسیقای ئێرانی(٥) ئاوازە.

سەبات(ثبات): جێگری، خۆڕاگری، سەقامگیری.
سەتوەت(سطوة): باڵادەستی، دەستدرێژی.
سەجدەکونان(سەجدە + کون + ان): بە کڕنۆش بردنەوە(ظرف حالت).
سەح(صح): ڕاست، دروست.
سەحەرخیز: ئەوەی بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستێ.
سەحرا(صحراء): بیابان.
سەدارەت(صدارت): پێشەنگی.
سەدەف(صدف): گیان لەبەرێکی بچووکە لە ئاودا دەژی، لەشی دەچێتەوە ناو قەپێلك، پێی دەگوترێ(صدف). چەند جۆرێکی هەیە.لە هەموویان بەناوبانگتر سەدەفی مرواربییە کە ماددەیەك لەناو خۆیەوە دروست دەکا وردە وردە وەکوو بەردی لێ دێ و دەبێتە مرواری.
سەرەفگەندە: سەرشۆڕ، چاو بەرەژێر، شەرمەزار.
سەعدوسسعوود(سعد السعود): بەختی بەختان، دوو ئەستێرەن لە یەك ڕووناکترن. بەرەبەری بەیانی هەڵدێن مژدەی هاتنی بەهارو خۆش بوونی هەواو شین بوونی رووەکن.
سەعی: هەوڵ و تێکۆشان.
سەفا(صفاء): پاکی، روونی، رەونەق، خۆشی و شادی، شوێنێکە لە مەککە لەگەڵ (مەروە) ئەوەندە لێك دوور نین، سەفاو مەروەکردن یەکێکە لە دابەکانی حەج.
سەفاخواە: خۆشی خواز.
سەحفە(صەحیفە): لاپەڕە.
سەفشکێن: ئەوەی سەفی دوژمن دەشکێنێ، ئازاو چاونەترس و نەگەڕاوە.
سەما: هەڵپەڕکێ، داوەت، گۆوەند.
سەما(سماء): ئاسمان.
سەمیع: بیسا، بیسەك، ئەوەی زۆر و باش شت دەبیسێ.
سەمیی(سمّی): هاوناو، بەرشی.
سەناخوان(ثنا + خوان): پیا هەڵدەر.
سەنعەت: پیشە.
سەواب(ثواب): پاداشت.
سەواب(صواب): راست و دروست.

سەیل: لەهی، لێمشت، لافاو.
سەیلاب: سێلاو، لافاو.
سەییاد(صیّاد): راوکەر، راوچی، نێچیروان.
سەلیم: ساخ، زۆرجار لەگەڵ (ساغ) بەیەکەوە دێن(ساخ و سەلیمە).
سەییاح(سیّاح): گەڕیدە، گەڕاڵ، گەڕۆك.
ستەم: زوڵم و زۆر، بێدادی، غەدر.
ستەمدیدە: ئەوەی زۆرو ستەمی بەسەرهاتووە، زۆر لێ کراو، زوڵم لێ کراو، ستەم لێ کراو.
سپەند(اسپند، اسفند): گیایەکی خۆڕسکە دانەکەی وردو رەشە بۆ چاکردنەوەی برینی چاو دەیخەنە ناو ئاگر. بۆنێکی تایبەتی هەیە لای هەندێ کەس خۆش و پەسەندە.
ستران: گۆرانی.
سرشك: فرمێسك، رۆندك، ئەسرین.
سفرە: خوان.
سکتر: بێدەنگی.
سککە: پارەی ئاسن، دراو.
سن : جۆرە گیاندارێکی بچووکە لەکاتی پێگەیشتنی گەنم دا پەیدا دەبێ و ساڵی وا هەیە زۆرەو گەنم ناهێڵێ.
سوبح(صبح): بەیانی، سپێدە.
سوپەر: قەڵغان، مەتاڵ.سپێر، چەپەر، سەنگەر.
سۆجەر(soldier): سەرباز.
سورەییا(ثریّا): پێروو، کۆمەڵە ئەستێرەیەکن بە دەوری یەکەوە.
سوزان: لە سووتان.
سۆفار: پەڕی سەری تیر.
سوڵح(صلح): ئاشتی، تەبایی، پێك هاتنەوە.
سیاە: رەش.
سیەھ چارە: چارە ڕەش، بەدبەخت، بێ ئیغباڵ.
سیرات(صراط): ڕێگا.
سیراج: چرا، مەشعەل، مەشخەڵ.
سیك: سەربازی هیندی.

سونبول: هێشووی گەنم و جۆ.گیایەکە لە شوێنی تەڕ دەڕوێ گەڵای درێژ و گوڵی بچووك و بۆنخۆشە، تا مەترو نیوێك بڵند دەبێ.

((ش))

شاتری: شاگردی.
شافی: چارەساز.
شام: ئێوارە، نانی ئێوارە، وڵاتی شام(سوریا).
شاه و فەرزین: شاو سەرباز(مەلیك و جوندی) لە یاری شەترەنجدا.
شەئن: کاروبار، نرخ و پایە، بێ شەئنی، بێ نرخی.
شەباب: گەنج، لاو، تولاز، خورت.
شەرحی سینە: توێ توێ کردنی سینگ، ئاماژەیە بە ئایەتی (ألم نشرح لك صدرك).
شەرع: ڕێباز و ڕەوشتی ئایینی کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی دیاری کردووە.
شەفاعەتخوان: ئەوەی بۆ خەڵك دەپاڕێتەوە، دوعاکەر، دوعاگۆ.
شەفیع: شەفاعەتخوان، دوعاکەر، دوعاگۆ.
شەرمەسار: شەرمەزار، سەرشۆڕ.
شەرمەندە: شەرمەزار.
شەمس: ڕۆژ، خۆر.
شەوخیز: ئەوەی شەو بۆ خوا پەرستی هەڵدەستێ(قائم الليل) .
شەوکەت: دەسەڵات، شان و شکۆ.
شەهد: هەنگوین.
شەهسوار: شاسوار، شۆڕەسوار، سواری عەگید.
شتاب: پەلە، بەلەز.
شترید(ای + شیء + ترید): چت دەوێ؟
شتگول(ای + شیء + تقول): چ دەڵێی؟چ دبێژی؟
شروح، کۆی(شرح)ـە: ڕاڤە، لێکدانەوە، ڕوون کردنەوە.
شرینقە: دەرزی دەرمان لێدان.
شکارەنداز: ڕاوچی، ڕاوکەر.

شمقارِ: باڵندەیەکی لەش باریکەڵەو باڵ درێژو کوورِەکەیە، کلك و لاقی درێژە، دندووکی زۆر ئەستوور نییە. بەنزمی دەفرِێو لەکاتی فرِیندا باڵی نەختێ قیت دەکاتەوە، نێرو مێی رِەنگیان جودایە، بە زۆری نێرەکە لە مێیەکە بچوکترە. هێلانە لەسەر زەوی و لەناو قامیشەڵان دەکا. جۆری زۆرە وەکو:

شمقارِی بۆر، شمقارِی سپی، شمقارِی زەلان، شمقارِی گەنمان.

شوعبە: لق، تا، چڵ.

شوهرەت: ناوبانگ.

شیرك: هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا.

شیشە: شووشە، شیشەی ئاسن.

شیعار: دروشم.

شیقاق: دووبەرەکی، ناکۆکی.

((ع))

عار: شورەیی، فهێتی، شەرمەزاریی.

عاسیمە(عاصمة): پێتەخت.

عەتتار(عطّار): وردەواڵە فرۆش، لە بنچینەدا بە بۆن و بەرامە فرۆش هاتووە.

عەتیق: دێرین، کۆن، کەونارا.

عەجز: پەك کەوتن، لەکار کەوتن.

عەدوو: دوژمن، نەیار، ناحەز.

عەرش: تەختی حوکمرِانی.

عەزم: ئیرادە، ویست.

عەقرەب: دووپشك.

عەقیق: بەردێکی گرانبەهایە رەنگی جیا جیای هەیە.هەرە باوو پەسەندەکەیان رەنگی سوورە. جۆرێکی بە عەقیقی یەمەنی یان یەمانی ناسراوە. عەقیق بە زۆری دەکرێ بە نگینی ئەنگوستیلە.

عەلامەت: نیشانە.

عەلیل(علیل): نەساخ، نەخۆش، دەردەدار.

عەمامە: مەندیل.
عەمیق: قووڵ، کویر.
عیناد: لامل، کەللە ڕەق، کەللەشەق، رقەستوور، کانێسەستوور.
عەوام: رەشەوەندی خەڵك.
عەوداڵ: هەڵوەدا.
عەون: یارمەتی، هاوکاری، باروبوو.
عەیش: ژیان.
عەییار: زۆر هات و چۆکەر، بەرەللا، تەڕدەست، زرنگ، مرۆڤی چالاك و بەبەز، زۆرزان.
عوبوودییەت(عبودیة): بەندایەتی، کۆیلایەتی.
عوجب: لووتبەرزی، خۆپەرستی، دەعیە گەورەیی.
عوود: داری وشك، ئامێرێکی مۆسیقی پێنج ژێیە.
عورف: نەریت، رەوشت.
عوززا(عزّا): بتێکی قورەیشیان بوو پێش هاتنی ئیسلام.
عوسر(عُسر): تەنگانە، ناخۆشی.
عوقبا: پایان و کۆتایی، ئاخیرەت، ڕۆژی پەسلان.
عولیا: بەرز، بڵند.
عومر: تەمەن، ژی.
عیشرەت: دۆستێنی، برادەراتی، تێکەڵی، هاوڕێتی، خوشگوزەرانی.
عیشوە: نازوکریشمە.

((غ))

غارەت: پەلامار، هێرش، هەڵکوتانە سەر.
غەرقە: خەرقە، غەرگە.
غەریق: خنکاو، لە ئاو نقووم بوو.
غەزەلخوان: غەزەلبێژ، غەزەلگۆ، غەزەلنووس. غەزەل: شـیعرێکە بە ئافرەت هەڵدەڵێ و هەست و سۆزو خۆشەویستی شاعیر بەرامبەر گراوییەکەی دەردەبڕێ.
غەمزە: نازو کریشمە، چاوو برۆ هەڵتەکاندن.

غەمزەدە: غەمگین، غەموون، غەمناك، خەفەتیار، پێکراوی غەم.
غەنی: دەوڵەمەند، ساماندار، هەبووە.
غەوواس(غوّاص): ئەوەی دەچێتە ژێر ئاو.

بەحری غەزەلم پڕ لە دورِ و گەوهەرە ئەمما
(غەوواسی)دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
(نالی)

غەوغا: ئاژاوە، گێرەشێوێنی، پشێوی.
غوسسە(غصّة): غەم و خەفەت، مەینەت.
غوفران: لێ بوردن، لێ خۆش بوون.
غیلمان، کۆی(غلام)ـە: رواڵ، مندالّی لووسکە.

((ف))

فائیدە: سوود، مفا، قازانج، کەلك.
فاروق: جیاکەرەوەی هەق و ناهەق، نازناوی عومەری کوڕی خەتتابە.
فەتح: کردنەوە، رزگارکردنی شارێك یان ولاّتێك لە نەیاران.
فەتل: بادان، لوولدان.
فەخرولئەنام: جێی شانازی خەڵك، مەبەست پێغەمبەرە.
فەرەح: شادی، خۆشی.
فەرقەدان(فرقدان_تاکەکەی: فرقد): ناوی دوو ئەستێرەی نزیك تەوەری باکوورە.
فەرش: رایەخ.
فەریاد: هاوار.
فەزل(فضل): چاکە.
فەزەع: ترس، بیم، هەراسانی، تۆقان.
فەساد: گەندەڵی.
فەسحەت(فصحة): زمانپاراوی.
فەغان: هاوار، بانگ و فریاد، ناڵە.
فەنتازی: خەیاڵاوی، ئەندێشەیی.

فەوتی بکا: لە ناوی بەرێ، بیفەوتێنێ.
فتوا: حوکم و رای پسپۆری ئایینی بە پێی دەستووری ئیسلام.
فدیٰ: قوربانی.
فروزان(دلفروزان): روشنکەرەوە، درەخشان، تیشکدەر.
فرمێسک: سرشك، رۆندك، ئەسرین.
فریب: فریو، تەفرە، خاپاندن، لەخشتە بردن، هەڵخەڵەتاندن.
فنیش(finish): لەکاردەرکردن.
خەجوول: شەرمن.
فورسەت(فرصة): هەل، دەرفەت.
فیسق: دەرچوون لە فەرمانی خودا، لادان لە رێی حەق و چاکە، کاری پیس و نارەوا.
فیلحەقیقە(في الحقيقة): لە راستیدا، راستییەکەی، بەراستی.
فیلمەسەل(في المثل): بە نموونە، میناك.

((ق))

قابەقەوسەین(قاب قوسين): بەقەدەر دووکەوان.
قابیز(قابض): چنگ لێ گیرکەر، عزرائیل، پێمێرد.
قاتیل: کوژەك، بکوژ، پیاوکوژ، خوێنرێژ.
قازی(قاضی): دادوەریی ئایینی.جێ بە جێ کەر(قاضی الحاجات: ئەوەی پێویستی خەڵك جێ بە جێ دەکا، واتە خوا).
قاسیر(قاصر): بێ توانا، کەم دەسەڵات، ئەو منداڵەی نەگەیشبێتە تەمەنی بالق بوون.
قاقنەس یان قەقنەس: تەیرێکە گوایە کە کاتی مردنی دێ هەندێ پووش و پەڵاش کۆدەکاتەوە سەریەك و جۆش و خرۆشێك دەیگرێ و دەکەوێتە حاڵ و لە عیشقی خۆی ئاگر لە پووش و پەلاشەکە بەردەدا و هەر بەو ئاگرەش دەسووتێ و پاشان لە ناو خۆڵەمێشی ئاگرەکە ئێسك و پرووسکی سووتاوی دووبارە زیندوو دەبێتەوە و دەبێ بە قەقنەسێکی تازە.ئەمە نوێ کردنەوەی دەورەی ژیانی ئەم باڵندەیەیە کە رەمزی نەسووتانە بە ئاگر.
قامك: پەنجە، ئەنگوست، تلك، تلی، تبل.

قاوەڵتی: خواردنێکی سووکە پێش جەم، بە تایبەتیش بەو شتە دەگوترێ کە بەیانی لە خورینی و پێش ئامادە بوونی تێشت دەخورێ.
قەتل: کوشتن.
قەپات کردن: داخستن، پێوەدان، گرتن.
قەدەح: پەرداخ.
قەدر: نرخ، توانا، فەرمانی خوایی، چارەنووس.شەوی قەدر کە یەکەم جار قورئانی تێدا هاتۆتە خوارێ.
قەزا(قضاء): حوکم کردن، تەقدیری خودا دەرحەق بەندەکانی خۆی، مردن، وەکوو زاراوەیەکی ئایینی نوێژێك یان رۆژوویەك یا هەر واجیبێکی دیکەیە کە لەکاتی دیکەدا بکرێ.
قەزبین(قەزوێن): ئەو شمشێرە بوو کە لە شاری قەزوین دروست دەکرا.
قەسوەت: توندوتیژی.
قەڵا(قلعة): کەلا، کەلھە، کەلات.
قەلغان: ئامێرێك بوو وەکو سێڵ خڕو ناوەندی بەگۆ بوو و دەسکی پێوە بوو، لە پۆڵا دروست دەکرا، شەڕکەر لە مەیدانی شەڕلەشی خۆی پێ لە زەبری تیر و شمشێر و گورزی نەیارەکەی دەپاراست.
قەڵفەت: قوڵفە: ئەڵقەیەکی خڕە لەپەت، مەودای فراوان بوون و تەسك بوونەوەی هەیە. قەڵفەت بە مانای قەڵافەتیش هاتووە، واتە قەدو قامەت.
قەناعەت: رازی بوون بە بەشی خۆ، رازی بوون بە شتی کەم، قنیات.
قەوم و قیل: خزم و خویش.
قەیسەر(قیصر): نازناوی پاشاکانی رۆم بوو، قڕاڵ.
قەیسەران: ناوی ئاوازێکی مۆسیقی کۆن بووە.
قوباد: پاشایەکی ئیرانی بوو.
قوببە: گومەز، گومبەت.
قولاب: چەنگاڵ.
قوتب: تەوەرە، پستەی ئاش، هەردوو جەمسەری گۆی زەوی (باکوور و باشوور)، پیرو ڕێبەری ئایینی کە پەیڕەوکەری خۆی هەبێ.
قودرەت: توانا و دەسەڵات، قەزاوقەدەری خوا(ئاگری قودرەت).

قوماندان(commander): سەرکردە، فەرماندە.
قوون تلوور: قوون خڕ کە لە هیچ شوێنێ تۆتکە نەگرێ.
قیتال: شەڕ، جەنگ.
قیتمیر(قطمیر): پەردەیەکی ناسکە لە بەینی خورما و ناوکەکەی، درکەیە لە شتی کەم و بێ‌نرخ، سەگی یاوەرانی ئەشکەوت(اصحاب الکهف).

((ك))

کائینات، کۆی(کائن)ـە: بوونەوەر، ئەوەی کە هەیە.
کاسب: ئیشکەر.
کافر: ئەوەی نکوولی خوا دەکا.
کەپتان(captain): سەردەستە.
کەبك: کەو.
کەدەر: شلوێ، شێلو، تاریکی، ڕەنگی تار، تاری و ناخۆشی ژیان.
کەریم: بەخشندە، دەست و دڵ کراوە.
کەرامات، کۆی(کرامة)یە: قسەو کردەوەی نائاسایی کە لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نەبێ و تەنیا بە پیاوی دیندار بکرێ.
کەسکوون: تیژ.
کەساد: بێ‌ڕەواجی، بێ‌بازاڕی.
کەسیرە: زەبوون، زۆر کەشەنگ و ماندوو.
کەششاف: دۆزەرەوە، ناوی تەفسیرە بەناوبانگەکەی(زمخشری)یە.
کەشکۆل: دەفرێکە دەروێشی ماڵانگەڕ بە ملی وە دەکا، یان بەسەر باسکی دادەدا و لە تفری میوەیەکی وەکوو(نارگیل) دروست دەکرێ کە لە هیندستان هەیە، لە ئاسن و سوالەتیش دروست دەکرێ. ئەو شتانەی لە ماڵان وەری دەگرێ هەمووی بە تێکەڵ و پێکەڵی لەو کەشکۆڵە دەکا.
کەللە: کاپێل، جوجومە.
کەمەربەستە: ئەوەی دامێنی لەبەر کەمەری راکردبێ و ئامادەی کارو خزمەت بێ. درکەیە لە نۆکەری ئامادەی خزمەت.

کەمەند: پەتێکی درێژە بۆ گرتنی کەسێ یان گیانداریێ بە کاردێ، بۆ بەسەر دیوارو خانوو هەڵگەڕانیشدا بەکاردێ.کاتی خۆی پاڵەوانەکان لەشەڕدا بەکاریان دەهێنا بۆ گرتن و ڕاکێشانی ناحەزەکەیان.
کەلیم: پڕبێژ، ئاودەنگ، هەمنشین، قسەکەر، درکەیە لە حەزرەتی مووسا کە هەموو ڕۆژێ دەچووە سەر کێوی توورو قسەی لەگەڵ باری تەعالا دەکرد.
کەنناس: گەسکدەر.
کەوە: ئاماڵ شین، (کەوە ڕۆژ) ئەو ڕۆژەیە کە هەورێکی تەنکی لەبەرە و دونیا مەیلەو شین دەچێتەوە، چیوەی بێژینگ و سەرەند و هێڵەگ.
کەوکەب: ئەستێرە.
کەید: فێڵ، حیلە، دەك و دەهۆ، مەکرو دۆلاب.
کۆ: کۆمەڵە ئەستێرەیەکی وردە وەکوو تۆپ خڕ بوونەتەوە سەر یەك.
کوس: تەپڵ:

پوس کوس گوش نم کێشا کەم کەم
ئەم سەر ئەو سەرەن دووربینەکەی چەم

(مەولەوی)

کلوور: سەدهەزار.
کوند: کوندە بۆ، پەپوو.
کیسەڵە: گیاندارێکی بچووکە لەکاتی پێ ڕاگەیشتنی گەنم پەیدا دەبێ و لەسەر شیلەی گەنم دەژی. (سن و کیسەڵە) بەزۆری بەیەکەوە دێن.
کێشکە: چۆلەکە، پاساری، سواندووکە، مەلووچك.
کینەوەر: زگڕەش، خەشمانکێش، کانێسە ستوور.

((گ))

گەنج: لاو، خورت، تولاز، گەنجینە.
گوزەرگا: ڕێڕەو.
گوش: گوێ، گوێچکە، گوە.
گوشاد: کراوە، والا.
گوشوارە: گوارە.

گوڵشەن: گوڵزار.
گوڵعوزار: رووگوڵ.
گوڵاڵە: لاڵە، گوڵێکی چوار پەلکەیە، رەنگی پەلکەکانی سوورە و ناوەڕاستیان رەشە لە مانگی نیسان دەڕوێ.
گومڕاە: گومڕا، وێڵ و سەرگەردان، هەڵەتە.
گومگومە: دەفرێکی ئاسنینی مل درێژە ئاوی تێدەکرێ، بە مەتاڵەش دەگوترێ.
گوێزەبانە: ئاهەنگی خۆشی لە دایکبوونی کوڕ.
جیٔت(جئتُ): هاتم.
گێج: گێژو وێژ، وڕوکاس.

((ل))

لات: هەژار، نەبووە، زۆر دەستکورت.ناوی بتێك بوو پێش ئیسلام(لات و عزّا).
لاتەقرەبوو(لاتقربوا): نزیك مەبنەوە، تخوون مەکەون.
لاتەقنوتوو(لاتقنطوا): نائومێد مەبن، هەناسەسارد مەبن.
لاف: خۆ هەڵکێشان، خۆ بە زلزانین، بە خۆدا هەڵگوتن.
لایەزال(لایزال): ئەوەی هەر دەمێنێ و لە ناو ناچێ، مەبەست خوایە.
لایق: شیاو، شایەن.
لامەکان(لامکان): بەبێ‌جێ، مەبەست خوایە.
لەئیم: ناکەس بەچە، نزم و پەست، قین لە دڵ.
لەبالەب: لێواو لێو، لێوڕێژ.
لەززەت: چێژ، تام و بۆ.
لەعل: بەردێکی بەهادارە رەنگی سوورە وەکوو یاقووت وایە.لەعلی بەدەخشان زۆر بەناوبانگە. لەعلی موزاب درکەیە لە شەرابی سوور.
لەعین: نەفرەت لێ کراو، تووك لێ باریو، تڕۆ کراو.
لەن تەرانی(لن تراني): قەت نامبینی.
لەولاك (لولاك): ئەگەر تۆ نەبای. (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك).

لیوا: بەشێکی دابەش بوونی سەربازی سەردەمی عوسمانی بوو، ژمارەی سەربازەکانی بە(١٠٠٠) کەس داندرا بوو. پارێزگا.

((م))

ماچین: کورت و سووك کراوەی(مەهاچین)ـە واتە چینی گەورە، چینی ڕەسەن، چینی تایبەتی. لە ڕۆژگاری کۆن چین بە شارەکانی نزیك کاشگەرو خوتەن دەگوترا.
مادون: نزمتر، کەمتر.
ماسەلەف: ئەوەی ڕۆیشت، تێپەڕیو.
مانی: لەسەردەمی شاپووری یەکەم بووە، داوای پێغەمبەرایەتی کردووە، کتێبێکی هەیە بە ناوی (ئەرژەنگ)، ئایینەکەی لە زەردەشتی و جوولەکەیی و دیانی تێکەڵ بوو.
ماه: مانگ، هەیف. ماهی کەنعانی: درکەیە لە یووسفی کوڕی یەعقووب کە نموونەی هەرەجوانی مرۆڤە.
مەئلووف: باو.
مەئموول: بە هیوا، ئومێدەوار.
مەئویس(مەئیوس): نائومێد، هیوا بڕاو، ئەم پاش و پێش کردنی (و، ی)یە لە کوردیدا لە زۆر وشەی دیکەدا دەردەکەوێ وەکوو:
ملیۆن --> ملوێن، رادیۆن--> رادوێن.
مەتن: دەق.
مەجلیس: کۆڕی دانیشتن.
مەحز(محض): شتی خوڕ و پاك و بێ تێکەڵی هیچ شتی دیکە، تایبەتی،
بەمەحزی: هەرلەگەڵ ئەوەی کە...
مەحسەل(محصل): دەستکەوت.
مەحشەر(محشر): ڕۆژی زیندوو کردنەوە و حیساب کردن لەگەڵ خەڵك.
مەحفوور: مافوور.
مەحوو: لەناو چوون، مەحف(مەحف بووەوە).
مەخدووم: خزمەتکراو، پیاوی گەورەی خاوەن نۆکەر.
مەد: درێژکردنەوە، لێك کێشانەوە.

مەدداح(مدّاح): پێ هەڵگۆ.
مەرتەبە: پایە.
مەرجان: گیائلەبەرێکی دەریاییە وەکوو گیاوایە بە زەوییەوە دەنووسێ.لە زەمانی کۆن نەیاندەزانی ئەمە گیانلەبەرە، هەروایان دەزانی گیای دەریاییە. جۆرێکی هەیە سوورە وەکوو گوڵ وایە لەسەر قاتۆر وەستاوە. مەرجان لە گەوهەرکاریدا بەکاردێ. خشل و شتی گرانبەهای لێ دروست دەکەن. هەندێ جار مەرجان بە ئەندازەیەکی زۆر لە یەك شوێن کۆ دەبنەوە و بە جۆرێ بە یەکەوە دەنووسێن وەکوو دوورگەیەکی گەورەی ناو ئۆقیانووسیان لێ دێ و بەمە دەڵێن(دوورگەی مەرجانی).لە عەرەبیدا، مەرجان بە مانای مرواری وردیش هاتووە.
مەرکەب: وڵاغی سواری.
مەزات(مزاد): لەسەریەك زیاد کردن لە کاتی کڕینی شتی هەڕاجکراو.
مەزار: شوێنی سەردان، زیارەتگا، گۆڕ، قسن.
مەزبەلە: گووفەك، سەرەنوێلك، زبڵدان.
مەزرەعە: شینایی، شوێنی داچێنراو بە تایبەتی بە شتی ئاوییە.
مەزلووم(مظلوم): زوڵم لێ کراو.
مەسائیل(مسائل)، کۆی(مسألة)یە: پرس، ئیش و کار.
مەسروور: شاد و بەکەیف.
مەشغووف(مەشغوف): بەمەراق.
مەعرەکە: شەڕ.
مەعسییەت(معصیة): تاوان، گوناه.
مەغشووش: شتی قەڵپ و ساختە، شتی ناتەواو.
مەغزووب(مغضوب): رق لێ هەستاو.
مەفاد(مفاد): کرۆك و ناوەرۆك، سوود.
مەفتوون: شەیدا.
مەقناتیس(المغناطیس): جۆرە ماددەیەکە کە دوو جەمسەری(+، -)ی هەیە، توانای راکێشانی ئاسنی هەیە.
مەککار(**مکّار**): ئۆینباز، فێڵباز، حیلەباز.
مەلالەت: بێزاری، دڵتەنگی، وەڕسی، خەمۆکی، سەخڵەتی.

مەلجەء: دالّدە، پەناگە، حەشارگە.
مەلق: ریایی، چاپلووسی.
مەمات: مردن، مەرگ.
مەنات(مناة): بتێ بوو، هەندێ تایفەی عەرەب پێش ئیسلام دەیانپەرست. (ومناة الثالثة الکبری).
مەندەل: شارێکە لە هیند، عوودی زۆرە، عوودەکە بە ناوی شارەکە کراوە. عوودەکە خۆی لەسەر خاکی هیند نارِوێ، لە دوورگەیەکی ئەولای هێلی ناوەڕاست دەڕوێ و ئاو دەیهێنێ.ئەگەر بەتەڕی بیبڕنەوە پێی دەگوترێ(قامروونی) و ئەگەر بە وشکی لێی بکەنەوە پێی دەگوترێ(مەندەلی).
مەودا: رادە، سنوور، دەمی تیغ و شیر.
مەوسووف(موصوف): وەسفکراو.
مەوسیم: وەرز.
مەولا(مولی): خاوەن، سەروەر، دۆست، مەولانا: خاوەن و گەورە و سەروەری ئێمە. زۆرجار وەکو نازناو بەکاردێ: (مەولانا خالید، مەولانا جەلالەدینی رۆمی...).
موەززین(مؤذن): بانگدەر.
موبتەلا: گرفتار، تووشهاتوو.
موبین: ئاشکرا.
موتەنەففیس: هەناسەدەر، درکەیە لە مرۆڤ و گیانداری دی بەرامبەر بە خوا کە موتەنەففیس نییە.
((ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە))(نالی).
موتەهەهر(مطهّر): پاك.
موتریب: بەجۆشخەر، سازندە و گۆرانیبێژو سەماکەر.
موتلەق: رەها.
موجیب: پێویست.
موخلیس(مخلص): دڵسۆز، دڵشەوتی، دڵپاك.
مورسەل: ناردراو، رەوانە کراو، شاند.
مورشید: رێبەر، پێشەوا.
موزنیب(مذنب): گوناهبار، کەتنکەر، تاوانبار.

موژە: برژانگ، بژانگ، مژۆل، مژگان.

مژگان: موژە.

موسەخخەر(مسخّر): رام، تەسخیر کراو((سبحان الذی سخّرلنا هذا و ما کنا له مقرنین)).

موسەللا(مصلّی): جیٚنویٚژ، نویٚژگا.

موستەمەند: بیٚنەوا، بیٚچارە، لیٚقەوماو.

موشتاق: پەرۆش.

موعەتتەر(معطر): بۆندار، بۆنخۆش.

موعەللا(معلّی): هەلٚکراو، بەرزکراوە، بلٚندکراو.

موعتەبەر: بەمتمانە، جیٚبڕوا.

موعجیزە: پەرچۆ، کاریٚکی نائاساییە لە دەستووری بە ڕیٚوە چوونی گەردوون بەدەرە. لە پیٚغەمبەرو ئەولیایان روو دەدا تا خەلٚك بڕوایان پیٚ بکا.

موغازە(magazine): دوکان، فرۆشگا.

موغلەق: داخراو، پیٚوەدراو، قەپاتکراو.

موفتەخیر(مفتخر): شانازی بەخۆکەر.

موفتی: فتوادەر، ئەوەی حوکم لەسەر مەسەلەیەکی ئایینی دەدا.

موقەددەر(مقدّر): تەقدیرکراو، چارەنووس.

موقەووەس(مقوّس): کەوانەیی، کەوەیی، کووڕ، چەماوە.

موقەووی(مقوّی): بەهیٚزکەر، وەجدەر، وزەبەخش.

موقتەبەس(مقتبس): شتی وەرگیراو، رۆشنایی وەرگیراو.

موقتەزا(مقتضی): پیٚویست.

موقیت(مقیت): جیٚی رق لیٚ بوونەوە.

مونەووەر(منوّر): نوورانی، روناك کراوە.

مونکیر: کاری پیس و ناشیرین و ناشەرعی، ناپەسەند، ناڕەوا.ناوی یەکیٚکە لەو دوو فریشتەی دوای مردن و ناشتنی مرۆڤ لەناو گۆڕ دیٚنە سەری و پرسیاری بیرو باوەڕی ئایینی لیٚ دەکەن(نکیر و منکر).

موهەییا: ئامادە، تەیار.

میحنەت: مەینەت، ئازار، ناخۆشی، دەردەدەسەری.

میسال(مثال): نموونە، میناك.

میشکات: دەلاقەی چرا، هەر شتێ کە چرای لە ناو یان لەسەر دابنرێ.
میقرۆب(microbe): زیندەیەکی زۆر زۆر وردە بە چاو نابینرێ، لە هەوادا دەژی و ئەگەر بچێتە ناو لەشی مرۆڤـ تووشی نەخۆشی دەکا.هەرجۆرە میکرۆبێك مرۆڤـ تووشی جۆرە نەخۆشییەك دەکا.
میهتەر: مەیتەر، سەیس، ئەوەی لە ناو تەویلە خزمەتی ئەسپ دەکا.
میهنە: پیشە، کارو کاسبی.

((ن))

نارین: جوان، قشت، شەپاڵ.
ناسیخ: پووکێنەرەوە، ئەوەی شتی پێش خۆی دەپووکێنێتەوە.ئەو ئایەتەیە لە قورئان کە حوکمی ئایەتێکی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە.
نەبات: گیا، جۆرو شیرینییەکە وەکوو شووشە گەلاڵە دەکرێ، لەشیلەی شەکر دەردەهێنرێ.
نەبز (نبض): لێدانی دڵ، سووسەی دڵ.
نەجابەت: نەجیبی، رەسەن و نەژاد پاکی، گەورەیی و پایەداری.
نەدامەت: پەشێمانی، پاشگەز بوونەوە.
نەزارەت (نظارة): چاودێری، چاو لەرێ بوون، روانین، زیرەکی.
نەزەرگا: جێگای سەیرو تەماشا، دیمەن.
نەزع: هەڵکەندن، گیاندان، گیانەلا.
نەزم (نظم): هۆنراو، رێك و پێك.
نەسرەت (نصرة): سەرکەوتن.
نەسس (نص): دەق.
نەسیب (نصیب): بەش، بەهر.
نەسل: نەوە، وەچە، تۆرەمە، زاروزیچ.
نەسیم: کزەبا، شنەبا.
نەشئە: مەستی، جوانی و ناسکی.
نەشتەر: چەقۆی نووك تیژی خوێن بەردان، چەقۆی توێکاری پزیشك.

نەعلەین(نعلین): جووتە پێڵاو، جۆرە پێڵاوێکی بێ پاژنە و سەرکورتە بە زۆری پیاوی ئایینی لە پێی دەکەن.
نەفام: نەزان، تێنەگەیشتوو.
نەققاشی ئەزەل: نیگارکێشی ڕۆژی بەرێ، مەبەست خوایە.
نەکبەت: کارەسات.
نەکیر: نکوولی، کاری سەخت و دژوار، (نکیر و منکر) دوو فریشتەن دوای مردن و ناشتنی مرۆڤ لەناو گۆڕ دەچنە سەری و پرسیاری بیروباوەڕی ئایینی لێ دەکەن.
نەودەم: تازەدەم، تازە وەخت، تازەپێ ڕاگەیشتوو.
نەورەسیدە: نەودەم، تازەپێ ڕاگەیشتوو.
نوشوور (نشور): بڵاوکردنەوە، زیندوو کردنەوەی دوای مردن.
نوبووەت (نبوّت): پێغەمبەراتی.
نۆت(bank_note): پارەی کاغەز، بەنقەنۆت.
نوتفە (نطفة): ئاوی پاك و ساف. ئەو ئاوە کەمەی لە بنی دەولك یان کوندە دەمێنێتەوە، ئاوی پیاو یان ژن، ئەو زیندە هەرە وردیلەی لە ناو تۆوی پیاودا هەیە و ئاوڵەمەی لێ دروست دەبێ.
نوتق (نطق): قسە.
نووح: لە تەفسیر و مێژووی ئیسلامدا هاتووە: نووح کوڕی (لمك) کوڕی (متوشلخ) کوڕی (اخنوخ) کوڕی (ادریس) کوڕی (مارد) کوڕی (مهلائیل) کوڕی (قینان) کوڕی (انوش) کوڕی (ثبت) کوڕی ئادەمە. لەتەمەنی (٩٥٠)ساڵیدا و دوای ماوەیەکی زۆر بانگ کردنی خەڵك و خواپەرستی، (٨٠) کەس زیاتر بڕوای پێ نەهێنا، کافرەکان کەڵەوەکێشیان لەگەڵ کرد، خودا تۆفانی ناردە سەریان.حەزرەتی نووح کەشتییەکی دروست کردو یاوەرەکانی خۆی و گیان لەبەر و پەلەوەڕی سوارکردن. کە تۆفان نیشتەوە کەشتییەکەی لەسەر چیای(جودی) لەنگەری گرت (واستوت علی الجودی).
نووح سێ کوڕی هەبوو، پاش تۆفان دونیایان ئاوەدان کردەوە:
حام: زەوی ڕەشی بەرکەوت:زنج و حەبەشەو بەربەر.
سام: عیراق و خوراسان و حیجاز و یەمەن و شام و ئیران.
یافث: ترك و سقلاب و یاجوج و ماجوج و هەتا چین.
نیسار(نثار): پەخش، پەرت، بڵاو.

نیعمه(نِعْمَ): وای باشه!! بۆ پیاهه‌ڵدانه، پێچه‌وانه‌ی (بئس)ه‌یه. (نعم الولد: کوڕی باشه!).
نیفاق: دووروویی، دووفاقی.
نیقاب: رووبه‌ند، په‌چه، رووپۆش.
نیهایه‌ت: کۆتایی، دیماهی.
واعیز(واعظ): مۆچیار، ئامۆژگاریکه‌ر. له شیعری کلاسیکی کوردیدا وه‌کوو پیاوێکی ناپه‌سه‌ند باسی کراوه چونکه ئامۆژگاری شاعیر ده‌کا ده‌ست له یاره‌که‌ی هه‌ڵگرێ.
وه‌ه: هۆ، سۆنگه، سه‌باره‌ت، ئه‌گه‌ر.
وه‌حده‌ت: تاکێتی، یه‌کبوون.
وه‌حشه‌تکه‌ش: ئه‌وه‌ی ده‌ردی ته‌نیایی و ترس و دڵته‌نگی ده‌کێشێ.
وه‌ره‌ع: خواپه‌رستی.
وه‌ره‌م: نه‌خۆشی سیل، دیق، ئاوسان.
وه‌رته: فه‌رشی گه‌وره و ئه‌ستوور و چاك و به‌نرخ.
وه‌زیفه(وظیفة): پیشه، ئه‌رك.
وه‌له‌د(ولد): کوڕ.
وه‌له‌ك: به‌عه‌ره‌بی عامی به مانای(کوره) دێ.
ولکه: زه‌وی، نیشتمان، خاك، کیشوه‌ر.
ویفق: له گۆر، به‌گوێره‌ی، به پێی.
وێڵ: گومڕا، سه‌رگه‌ردان.

((هـ))

هه‌مجه‌لیس: هه‌منشین.
هومایی: خۆشبه‌ختی، نیسبه‌ته بۆ (هوما) که باڵنده‌یه‌که سێبه‌ری بکه‌وێته سه‌ر هه‌رکه‌سێ به‌خته‌وه‌ری ده‌کا.
هوه‌یدا: ئاشکرا، به‌رچاو.
هیجر: کۆچ، مشه‌خت.

((ی))

یاساغ: قەدەغە.
یەدی بەیزا(الید البیضاء): دەستی سپی. یەکێ بووە لە موعجیزەکانی حەزرەتی مووسا کە دەستی لە گیرفانی دەنا و دەری دەهێنا سپی دەینواند. درکەیە لە هێزو توانا.
یەسریب (یثرب): ناوی کۆنی شاری (مەدینە) بووە.
یەغما: تالان، چەپاو.
یەکدانە: دوڕی یەکدانە دوڕێکی گەورەیە بەتەنیا لەناو یەك قەپێك (صدف)دا پەیدا دەبێ.
یەم: دەریا.
یوسر(یسر): فەرەحنایی، خۆشی.
یومن: خۆشبەختی، بەرەکەت.
یێقەگیر: یاخەگر، بە رۆکگیر.

پێڕست